عەزیز نەسین

گیانەوەران بەکەم مەگرن

وەرگێڕانی: غەریب پشدەری

@Muhammad N Hassan

238
posts
19.2k
followers
7
following
کتێبی
PDF
Ktebi_PDF
Promote
Edit Profile
پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVsIbo_
Ktebi_PDF
ناوی کتێب : با لێبوردە بێت
ناوی کتێب : سەحەر
ناوی کتێب : ژیانی پێغەمبەران
ناوی کتێب : بۆ کوڕان و کچانم 50 هۆم بۆ ڕوشنکردنەوەی ڕێگاکان
ناوی کتێب : گوڕزەیەک بۆ یادگردنەوەی ڕابردوو
ناوی نوسەر : نیکۆلاس سپارکس
ناوی نوسەر : د. عبدالکریم بکار
ڕۆمان
چیرۆک
ئاینی

گیانلەبەران بەکەم مەگرن

@Muhammad N Hassan

عەزیز نەسین

وەرگێڕانی
غەریب پشدەری

بۆ /

زەردە خەنە پاییزییەکانی سەردوو لێوی ((شەرا)) خان

دیارییە

- غەریب -

پێڕست

- سەگە بەرەڵڵای میهرەبان ١١
- رێکەوتێکی سەیر ١٣
- پشیلەی رێبوار ١٤
- ئەم کابرایە شایانی گازلێگرتنیش نییە ١٥
- لە دایك میهرەبانتر ١٧
- ئەو سەگەی خراپ سوودی لە متمانەی من وەرگرت ١٨
- ئەو مشکانەی بوونە دڕندە ٢١
- تیپی ئاژەڵان ٢٣
- گەمەی ورچ و بەراز ٢٥
- ئیدۆڵ برانسکی ٢٧
- ئەو مشکانەی راوی ماسی دەکەن ٢٩
- سەگی فریادڕەس ٣١
- زیندەوەری دڕندە و مێروولەکان ٣٤
- ئەو سەگانەی قەدبڕ رێگا دەبڕن ٣٦
- مریشکانی خوێن خۆر ٣٧
- راوە پاساری ٤٠
- ئازایی و بوێری دایکان ٤٢
- ئەو ورچەی رێوییەکی راوکرد ٤٤
- شەڕە کەڵەباب ٤٦
- پشیلە بۆ ئادەمیزادە یا ئادەمیزاد بۆ پشیلە؟ ٥١
- تاوان ٥٢
- ئەو وانەی کە دەبێ لە ورچەوە فێربین ٥٤

- پشیلەی هونەرمەند ٥٥
- پێشبڕکێی ئەسپێ ٥٦
- ستوونی تەلەفۆن ٥٧
- بووبیك ٥٨
- زەردە و خاتوون ٦١
- پەروەردەی دایکانە ٦٢
- دادوەرێکی بەتوانا ٦٣
- ئێستری شەیدا ٦٥
- دیاری ورچ ٦٧
- خیانەتی لەك لەکی مێ ٦٨
- ئەو قازانەی دەفڕن ٧٠
- سپیلکە ٧٢
- سزای خراپە ٧٤
- بزنی هونەرمەند ٧٦
- ماری ئاشق ٧٨
- راوچی کۆتر ٨٠
- قەدرزانیی سەگ ٨٣
- بەزۆر کورك بوون ٨٤
- فشفشە ٨٦
- مشك، پشیلە، ئادەمیزاد ٨٨
- چکەی دەستەوکەر ٩٠
- پشیلەی زیندانی سیاسی ٩١
- سەگی وێڵ ٩٢
- هەمووان جوانیان خۆش دەوێ ٩٥
- مشکانی خۆشەویست ٩٦
- ئاگاتان لە رەنگی سوور بێ ٩٧

- ئەو سەگەی حەزی لە کالْباس بوو ٩٨
- ئەندامانی ئەنجومەنی ئاژەڵپارێزی ١٠٠
- ئەریتی باڵندان ١٠٣
- برادەرانی زیندان ١٠٥
- ئەو دزەی دەبێ بچێتە ناو مێژووەوە ١٠٧
- ئەو پشیلەی نێرەیی بە کەروێشك دەبرد ١٠٩
- پیناو هەشت پای دەریایی ١١٠
- ئازادی ناوەخت ١١٢
- دیموکراسی دە ژیانی قازە کێوییاندا ١١٤
- کەری بادار ١١٥
- سەلیم شەیتان ١١٦
- هێلانەیەکی خاوێن ١١٩
- ئەو پشیلانەی دوورگەیەکیان لە مشکان رزگار کرد ١٢٠
- بخۆ گیانەکەم بخۆ ١٢٣
- گوێدرێژی بەرێز ١٢٤
- مراوی فریادڕەس ١٢٦
- دایکایەتی ١٢٧
- ئەو سەگەی خۆی کردە قوربانی خاوەنەکەی ١٢٨
- تۆڵەی قەلەڕەشەکان ١٢٩
- کۆتر ١٣٠
- شێوازی بەرگری بۆق لەبەرامبەر سەگدا ١٣٢
- چونکە بێ تاوان بوو هەڵنەهات ١٣٣
- گۆڕەپانی خوێناوی ١٣٤
- گێلە ئەسپ ١٣٧
- ژیشکی دایك ١٣٨
- گەمە لەگەڵ کوێدرێژ ١٣٩

- ئەو گچکەی لەخۆی گەورەتر بەزاند و خواردی ١٤٠
- ڕێنوێنی گوێدرێژان ١٤٢
- شارەزایی سەگی ڕاوچی ١٤٣
- سەگی لانەساز ١٤٤
- شەیدای بێچارە ١٤٥
- ئەو ئازایەتییەی لە ترسەوە پەیدا دەبێ ١٤٦
- فیلی ماکەو ١٤٧
- قەرقاوڵ، مەلی عیشق، مەیموون ١٤٩
- فریادڕەسی من ١٥١
- مارو باڵندەی زەردەواڵەخۆر ١٥٢
- دەڵێن گورگ ١٥٣
- ئەسپی شارەزا ١٥٥
- بزنەکێوی کاراداغ ١٥٧
- تا شێر بخوا ١٥٨
- گاوگۆلی ئاشق ١٥٩
- شەڕی کۆتر و قەلەڕەشە ١٦٠
- ئاوبژی ١٦١
- لە سوێی بێچوو و لانە ١٦٢
- ئەو ئەسپەی سوارەکەی ڕزگار کرد ١٦٣
- ئەو ئەربابەی چاوی بڕیبۆ بەرانی کەسانی تر ١٦٥
- ورچی چاو لەدەر ١٦٧
- یەکەمین هێلانە ١٦٨
- ئەوە چ خزمەتێك بوو؟ ١٦٩
- مانۆش ١٧٠
- نێریش، ڕاوچی ڕێوی شین ١٧١
- دایك و جوجیلەکەی ١٧٢

- شەڕی هێلانە ١٧٣
- تەنیا تارەتی نەدەکرد ١٧٤
- بێچووە ورچەکان ١٧٥
- سەگی خوێندەوار ١٧٦
- سەگی شارەزا ١٧٧
- ئەو غەریبەی سەرتاشەکەی دەناسی ١٧٨
- ئەو ورچەی وانەی مرۆڤایەتی دادا ١٨٠
- بەزمی کولی ١٨١
- قوربانی غەریب بم ١٨٢
- ئاوازی شادی ١٨٣
- مەنجوق ١٨٤
- ئەو بەرازانەی چاوەڕێی یارمەتی ئادەمیزاد بوون ١٨٦
- دوو گاجووتی ئاشنا ١٨٨
- چاکە بە چاکە ١٨٩
- تووڕەیی ورچ ١٩٠
- کینەی وشتر ١٩٢
- سەگیش مەرد و نامەردی هەیە ١٩٣
- ئەو سەگەی گوێلکەکەی رزگار کرد ١٩٤
- ئەو سەگەی دزێکی پێشینەداری هێنایەوە سەر ڕێ ١٩٦
- داوی پشیلە بۆ مار ١٩٩
- لە چاوەڕێی خاوەندا ٢٠٠
- فێڵی ورچ ٢٠١
- ئەو پشیلەی بکوژەکەی پێوەکرد ٢٠٢
- توندترین سزا ٢٠٤
- خۆشەویستی دایکان ٢٠٥
- تۆمبیك ٢٠٦
- دیسان قەدر زانیی سەگ ٢٠٨

سەگە بەرەڵڵای میهرەبان

چواردە ساڵانە بـووم. قوتـابی قوتابخانـەی ناوەنـدی نیـزام بـووم. رۆژێکیـان مامۆسـتای زانیاریمان دوو ڕووداوی لە بارەی گیانلەبەران بۆ گێڕاینەوە کە ئێستاش هەر لەبیرمن. ئەمنیش ئەو دوو ڕووداوەتان وەك خۆی بۆ دەگێڕمـەوە. مامۆسـتاکەمان دەیگـوت: رۆژێکـی سـاردی زستانێ بوو. لەنهۆمی دووەمی ئاپارتمانێکیدا بووین. لەبەر پەنجەرەی دانیشتبووم و خەریکی قاوەخواردنەوێ بووم و رۆژنامەشم دەخوێندەوە.دەنگـی حەپـەی وەڕینـی سـەگێکی دەهـات و هەدادانیشی نەبوو. ئەو بەسـتەزمانە وا دەوەڕی مەپرسـە، خـۆم پـێ ڕانـەگیرا، پەنجەرەکـەم کردەوەو سەیرێکی کۆڵانێم کرد سەگێکی بچکۆلەی بەرەڵڵا بوو. چوومە خوارێ چغەی لێبکەم و دەریکەم، دەرگاکەم کردەوە. ئەو بەستەزمانە هەرکە چاوی بـەمن کـەوت دەسـتی کـرد بـە قرووسکاندنێ. دیار بوو جێیەکی دێشێ. قەپۆزی هاویشتبووە سەر سەکۆیەکە و چاوەکانیـشی دەمنەوە بڕیبوون. کە هەڵمگرت و بەرزم کردەوە زانیم قاچێکی شکاوە. برینەکەیم پاك کردەوە و دەرمانم کرد و بۆم- هەڵبەستەوە. ماوەیەکی قرووسکاندو ناڵاندی، دوایەش بێدەنگ بوو.

ئەوجا تێرم کرد، هەرکە تێریش بوو وەرکەوت و نووست.

دوای پازدە رۆژان برینەکەیم کردەوە.برینەکەی چاك بۆوە،

بەڵام دەشەلی. دوای دە پازدە رۆژی دیش بە تەواوی چـاك ببـۆوە، ئیـدی نەشـدە شـەلی. سەگێکی خۆش وقومارباز بوو، بەڵام فایدەی چی بەرەڵڵا بوو، بـەماڵێوە نەدەنووسـا، هەرکـە

دەرگا کرابایەوە، دەردەپەڕیە کۆڵانێ. وە دوای دەکەوتین و دەمانگرتەوەو دەمانهێنایەوە ماڵێ. تا ڕۆژێکیان چۆوە کۆڵانێ، بەڵام ئەمجارەیان چەندی بەدوایدا گەڕاین و سووڕاین نەماندیتـەوە، زۆرمان پەرۆش بوو، بەڵام زۆری نەبرد لە بیرمان چۆوە.

زستانی پاشتر، هەمدیس لەبەر پەنجـەرەی دانیـشتبوومەوە و خـەریکی قـاوە خواردنـەوێ بووم. دەنگی وەڕینی سەگێك کە دڵی دەتواندەوە لە کۆڵانێـوە بـەرز بـۆوە. زۆر بـەدەنگی وی دەچوو. چوومە خوارێ و دەرگاکەم کردەوە، بەڵێ، خۆی بوو. هەرکە چاوی بەمن کـەوت، لـە خۆشیان دەستی بەکلکە سووتێ کرد. خۆی هەڵدەدایە بەرو باوەشـم و ئامبـازم دەبـوو، بـەڵام ئەمجارەیان تەنیا نەبوو. سەگێکی زەردی کەتەی زل و تووکنی دەگەڵـدابوو. ئـەو سـەگە زەردو زلەش دەیقرووسکاند و گینگڵـی دەدا، کەسـەیرم کـرد، دیـتم ئـەو بەسـتەزمانەش قاچـێکی شکاوە. سەگە بچکۆلە و بەرەڵڵایەکە، دوای یەك ساڵ، ئاواڵە برینداره‌کەی هێنابووە لای مـن بۆی چارەسەرکەم.

رێکەوتێکی سەیر

ڕووداوی دووەم کە مامۆستاکەمان بۆی گێڕابووینەوە، پەنجا ساڵە هێشتا هەر لەبیرم ماوە، ئەمەیە:

لەهەرا و هوریای شەڕی جیهانی یەکەم، یەکێك لە برادەرەکانی مامۆستاکەمان کە ئەفسەری سوپا بووە، لەبەرەی بیابانی سینادا شەڕی کردووە، ئەو ئەفسەرە بۆ مامۆستاکەمانی گێڕاوەتەوە کە:

- ڕۆژێکیان لەسەر ڕێیە، بەسەر شەڕی ژیشکێك و مارێکی گەورەدا کەوتم،ژیشکەکە پەی دەرپەی هێرشی بۆ مارەکە دەبردو بەدڕکەکانی مارەکەی بریندار دەکرد.مارەکە دەیویست رزگاربێ، بەڵام ژیشکەکە ڕێی هەڵاتنێی لێ بڕیبۆوەو هەر پەلاماریشی دەدا... تا دوایە مارەکە وا بریندار بوو هێندەی نەمابوو بمرێ. برادەرەکەم بەو دارەی بەدەستیەوە دەبێ تا دەستی دێنێ دارێکی لە پشتی ژیشکەکەی دەدا.دارەکەی دەستی دەشکێ و ژیشکەکەش دەستبەجێ هەر لەوێ دەمرێ. برادەرەکەشم هەر بەو پارچە دارە شکاوەی دەستیەوە دەکەوێتەوە ڕێ و بەبیابانێدا مل دەنێ و دێتەوە چادرەکەی خۆیان.دوای ماوەیەك کە دەچادرەکەیدا دەحەسێتەوە،دێتەوە دەرێ. بەڵام سەیرە.سەیر دەکا هەمان ئەو مارە گەورەی لەچنگ ژیشکەکەی رزگار کردووە، لەپەناچادرەکەوە پەپکەی کردووە ومردووە، هەمان ئەو پارچە دارەی لەپشتی ژیشکەکەشدا شکابوو ئەوە لەولای مارەکەوە لەسەر عەردی کەوتووە.

مامۆستاکەمان دوای گێڕانەوەی ئەم ڕووداوە گوتبووی:

- هەرچەندە ئەوە جێی باوەڕێ نییە کەمارێکی بریندار بۆ سوپاس گوزاریە ئەو پیاوەی کە گیانی وی رزگار کردووە بێت و پارچە دارێکی شکاوی بۆ بێنێتەوە پەنا چادرەکەی، بەڵام ئەم ڕووداوە بووە، لەوانەشە هەر ڕێکەوتێکی سەیریش بێت.

پشیلەی ڕێبوار

ئەنیس ئۆلجایتۆی برادەرم، لەیەکێك لە خانووەکانی کۆزگۆناوکدا دەژیا

ئەنیس ئینهاپشیلەیەکی زەردیان هەبوو نـاوی سـارمان بـوو. ئـەنیس ئینهـا بـەنیازبوون مانگێگی بچنە سەفەرێ، ئەنیس پشیلەکەی دەسەبەتێکی دەنێ و بـۆ ماڵـێ برادەرەکەی،لـە شاری ئەمینی — شوێنێکی دووری ئەوبەری تەنگەی بۆ سفۆر-دەبات و بەوانی دەسپێرێ.

ماوەیەکی زۆر تێپەڕی، ڕۆژێکیان چوومە لای ئەنیس ئینها بۆ سەردانێ. پـشیلە زەردلـە ماڵێ بوو.پرسیم:

ئەرێ ئەوە پشیلەکەی خۆتان نییە؟

گوتی:

با... خۆیەتی.سارمانەکەی خۆمانە.

لەشاری ئەمینیت هێنایەوە؟

- ڕەنگە باوەڕنەکەی بەڵام بۆ خۆی بەپێی خۆی هاتۆتەوە.نزیکەی دوومانگان دوای ئەوەی کەبردمـە شـاری ئـەمینی، ڕۆژێکیـان لـە حەوشـێ بـووم کـەدەنگی بـەرز بۆوە،سـەیرێکی ئەملاولامکرد، دەبینم خۆیەتی، لەسەر دیواری بوو...بەمیاوە میاوەوە بازیدایە خوارێ وخۆی دەباوەشێ هاویشتم

- باشە دەی جاچۆنی توانیبوو لە شاری (ئەمینی) یە ڕا تاتێرە بۆ خۆی بێتەوە؟...

بانێستا لە درێژییە ڕێیە گەڕێن، ئەدی چۆن لەتەنگەی بۆ سفۆرەوە دەربازبووە؟

بەڵێ، سارمان بیست ڕۆژ لەمەوپێش لە ماڵێ برادەرەکەی ئەنیسی وندەبێ، بۆیە لە شاری ئەمینییەوە تاتێرە بیست ڕۆژ بەڕێوە بووە. دیارە ئەو ڕێیە ئی بیـست ڕۆژە ڕێیەنییەوکـەمترە وهێندەی نابا،بەڵام دەربـازبوون و پەڕینـەوە لـە تەنگـەی بۆسـفۆری کـارێکی هـەروا ئاسـان نەبووە.بۆ سارمانی.مەگەر هەر خودا بۆ خۆی بزانێ چەند جاران وەبن دەست وپێی ڕێبـوارانی ناو کەشتییەکە کەوتووە چەند جارانیشیان لەنێو کەشتییە وەدەرناوە، هەر خوا دەزانێ چەند جار. بەڵام لەدواییدا هەر سەر دەکەوێ ودێتەوە.کاتێکیش گەیبۆوە ماڵێ کزولاوازو باریکەلە هاتبۆوە، بۆ مەگەر بیست ڕۆژ بەرێی وشکاویدا ڕۆیشتن کارێکی هێندە ئاسانە؟

ئەم کابرایە شایانی گاز لێگرتنێش نییە

بۆفیلم دەرکردنێ بە ئوتومبیلی بەرەو لای ئاواییەکانی کنیا- قۆنییە — وە دەچووین بەرە بەری ئێوارێ تا دەهات هەوا تاریکتر دەبوو، ئوتومبێلەکەمان خراپ بوو پەکی کەوت. ئاواییەکە زۆر دوور نەبوو. چەند ژنە هونەرمەندێك دەئوتومبێلەکەیدا مانەوەو منیش بە پێیان بەرەو لای ئاواییەکەوە کەوتمەرێ، بڕیار بوو لە ئاواییەکە ئوتۆمبێلێکی پەیداکەم و بگەڕێمەوەو ژنەکان دەگەڵە خۆمدا بەرم.

نزیکەی پێنج سەد شەش سەد مەترێك زیاتر لە ئوتۆمبێلەکەی دوور نەکەوتبوومەوە کە دەنگی سەگوەڕی سەگەلێکی بەرزبۆوە،؟ دەمتوانی هەڵێم وخۆم بگەیەنمەوە ئوتۆمبێلەکە. هەر هێندەم زانی دەورەیان لێدام. چوار سەگی زۆر دڕ... یەکێکیان لە هەمووان زەبەللاحتر بوو. بۆ باسکردنێ زەبەللاحیە سەی دەڵێن ((هێندەی جاشە کەرێکی)) بەڵام ئەوەیان لە جاشەکەرێکیش گەورەتر بوو.سەگێکی کەللە سپی و دەموقەپۆز ڕەشی مەرێ.. ئەو چوار سەیە هەریەکە و لەبەر خۆیەوە بۆ پارچە پارچە کردنێ منیان پێشبڕکێ بوو، بەڵام ئەو سەیەی لە هەمووان زەبەللاحتربوو،؟ بۆ ئەوەی بۆ خۆی لە هەمووان زووتر بمگاتێ و بمدڕێ، هەر سەگێکی گەیبایە تەنیشتێ خۆی پێدا دەدان ودەعەردی دەکوتان. زانیم کە ئەجەڵم بەدەستی ئەو سەیەی لەهەمووان زەبەللاحتر هاتووە.

بیستبووم ئەگەر سەگ بۆ ئادەمیزادی هاتن، دەبێ دەستبەجێ لەسەر چیچکان دانیشێ و هەستێ لەخۆ ببڕێ و نەجووڵێ، بیستبووشم ئەگەر ئادەمیزاد وابکا. ئەوا سەگەکان خۆی تێ ناگەیەنن و هەقیان بەسەریەوە نییە. منیش هاتم وام کرد. هەر لەجێی خۆمەوە لەسەر چیچکان بێ جووڵە دانیشتم. ڕاستییەکەی لەترسان ئەژنۆم شکابوون ونەمدەتوانی هیچ بکەم. هەروا لەجێی خۆمەوە لەسەر چیچکان بێ هەست و خوست وبێ جووڵە دانیشتبووم.

سەگەکان بە هەناسەبڕکێوە گەینە لای من، هەموو زمانیان دەرێنابوو و هانکەهانکیان بوو. سەگە زەبەللاحە کەللە سپی و دەموقەپۆز ڕەشەکە هەر لە پێش هەموانەوە بوو... بەمراندن و پەلامار و قەپ گرتنێوە ئەوانیدیکەی بۆ دواوە دەکشاندەوە. ئەو سێیانەی دی بەولاوە چوون. ئەو یەکەیانم لێ نزیك بۆوە. من بچووکترین جووڵەم نەکرد. ئەویش هەر وەك چۆنم بیستبوو ئاوا، خۆی تێ نەگەیاندم و هیچ کاریکی بەسەرمەوە نەبوو.یەك دوو جارانم بەدەوردا گەڕاو بۆنی پێوە کردم. دوایەش قاچی دواوەی بلند کرد و ڕاست بەسەر و چاومدا هەڵمیزت. تا لێبۆوە لە ترسان جووڵەم نەکرد، ڕاست وەك پەیکەرێکی...

دوایەش کە ئیشی تەواو ولێبۆوە، ملی ڕێیەی گرت و لێیدا ڕۆیی، ئەوانی دیشی بەدوو کەوتن.

کێ چوو زانێ؟... ڕەنگە هەر ئەو سەگە زەبەللاحە کەللە سپییە دەموقەپۆز ڕەشە، کاتێ دیبووی کەمن لەترسان وەك (بی) ناو ئاوێ دەلەرزم، دەدڵی خۆیدا گوتبێتی کە ((ئەو یارۆیە قەپ لێگرتنێك چییە نایهێنی.)) و هەر بۆیەش بەسەر و چاومدا هەڵمیزت.

لەدایك میهرەبانتر

چووبوومە سەردانی برادەرێکم. لە باغچەی ماڵێیانمان ڕاوێچکە دەکردن. دەنگی خشەخشێکیم لەبن دیواریەوە هاتە گوێ سەیرم کرد، خشەخشی بێچووە ژیشکێکی زۆر بچکۆلانەیە. ژیشکۆکەکەم دەمستە خۆم گرت و بردمەوە ماڵێ. بێچووە ژیشکەکە ماوەیەکی ئەوئەم لا ولاکرد و بێرەوبەوێدا هات و چوو.

دوای ماوەیەکی زۆر، بێچووە ژیشکەکەم دەمستێ گرتەوە و بردمەوە جێیەکەی هەوەڵێی، کاتێ دەمهەویست بێچووە ژیشکەکە دانێمەوە عەردی سەیرم کرد ئەوە ژیشکێکی یەکجار زلە، ڕاست هەر لەو جێیەی کەمن بێچووە ژیشکەکەم لێ هەڵگرتبۆوە، ئەوە هەروا خەریکە بەچوار دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوەو لەشتێکی دەگەڕێ. گومانم نەبوو کە ژیشکە دایکانەکە بوو. دایکە وبێچووەکەی ون کردووە. ئەو جا شوێنی بێچووە ونبووەکەی دیتەوە و هەر بە بۆنێ تانێرە هاتبوو، هەر ڕاست ئەو جێیەی من بێچووەکەیم لێ هەڵگرتبۆوە و بردبووم و هەر دەخولایەوەو بەدوای بێچووەکەیدا دەگەڕا، وتەنانەت قولانجێکیشی ئەو جێیە بەجێ نەدەهێشت و بەولاوەترەوە نەدەچوو.

ئەو سەگەی خراپ سوودی لەمتمانەی من وەرگرت

هەر دەبێ دیبێتتان کە هەندێ سەگ، جانتا و سەبەتە و ئەو جۆرە شتانەی خاوەنـەکانیان بەددانی هەڵدەگرن و بەدوای خاوەنەکانیان دەکەون. من بە منداڵی زۆرم حەزم دەکرد سەگێکی وام هەبایە.

بریکاری ئەفسەری سوپا بووم، لە ئۆردوگاوە تا گۆڕەپانی مەشقکردنێ نیو سەعاتەڕێ بوو. بـەیانیان کەســەربازەکانم ڕیــز دەکــردن و بــەرەو گۆڕەپــانی مەشــقکردنێ وەڕێ دەکــەوتین، سەگەلێکیشمان بە دواوە دەگەڵ دەهاتن. من زەبەللاحترینی ئەو سەگانەم هەڵبــژاردو هێنــام دەستەمۆی خۆمم کرد.تووکەکەی ڕەنگ خەنەیی و زۆر بریقەدار بوو. وردەوردە ڕامدێنا. زۆری پێوە خەریك بووم، ڕەنجێکی زۆرم دەگەڵ دا، بـەڵام دوای مانگێـك مەشـقنامە سـوپاییەکەی بەددانییەوە دەگرت و بەدوام دەکەوت.

کاتێ سەگەکە مەشقنامەکەی بە دەمیەوە دەگرت و وەدوام دەکەوت، بەخۆم دەنازی و خۆم بەسەر هەمواندا بادەدا.

ڕۆژێکیان بڕیار بوو چەند سەرپەرشتیارێك بێن و پەلەکەی ئێمە بپشکنن.

ئێمە پەلەکەی خۆمانمان زۆرباش ئامادەکردبوو، بەڵام شتێکمان لە بیرچوو بوو:

هەمان ئەو سەگەلەی هەموو ڕۆژێ دەگەڵ کـەڕی بەیانییـە دەگەڵەمـەدا وەڕێ دەکـەوتن، هەق بوو ئەو ڕۆژە، هەر چۆنێك بووە، ئەوانە لەو دەورو بەرانە دوورخەینەوە.

کاتێ کە پەلەکـەمان لەبـەردەمی ئۆردوگـای ڕیزبـوو تـا بـەرەو گۆڕەپـانی مەشـقکردنێ بجوولێن، سەگەکان وەك هەموو ڕۆژەکانی دی پەیدا بوونەوە و دەستیان بە قەترەسە و ڕاکردنێ کرد. ڕاستییەکەی ئەو ڕۆژە لە ڕۆژەکانی دیش کەیف خۆشتربوون. تەپوتۆزێکیان بەرپا کرد بوو هەردەبوو سەیری کەی. بەڵام سەگە خەناوی من یـەکجار زور پیاوانـە بـوو. لـە تەنیـشتمەوە ڕاوەستابوو تا وەکو هەموو ڕۆژەکانی دی مەشقنامەکەی بەدەمیەوە بـدەم. هـەرگیز تێکـەڵ سەگەکانی دیکە نەدەبوو، چاوەڕێ بوو تا وەکو هەموو ڕۆژەکانی دیکە ئەرکەکەی ئەنجام بدا. بەڵام دوو دڵ بووم. بـیرم کـردەوە کـە ڕەنگـە شـتێکی جـوان نـەبێ لەبـەر چـاوی کۆمەڵـە پشکێنەرێکی سەربازی مەشقنامەی بەدەمی سـەیەوە دەم، نەشمـدەزانی داخـوا پێیـان خـۆش

دەبوو یا نەنا. لەوانەشە چونکە من توانیومە سەگێك وا ڕابێنم، زۆریشیان پێ خۆش بێ. بیرم دەکردەوە واچاکترە مەشقنامە سەربازییەکە بەدەمی سەگەکەوە بدەم و خۆی پێوە بادەم و خۆ بنوێنم، بەڵام دەشترسام ئەوانە پێیان ناخۆش بێ و تووڕە بن. دواییەکەی بڕیارم دا کاری وانەکەم. کاتێ پەلەکە دەستی بە هەنگاونان کرد بەرەو گۆڕەپانی مەشقکردنێ، سەگەکەی منیش، وەك خووی هەموو ڕۆژێی، بۆ بەدەمەوە گرتنی مەشقنامەکەی دەستی کرد بەغاردانێ بەدوامدا و کەوتە ئامبازی خۆهەڵدانە سەر شان و کۆڵم، بەستەزمانە نەیدەزانی بۆ ئەو ڕۆژە ناتوانم مەشقنامەکەی بەدەمیەوە بدەم. ئەو هەر دەیهەویست ئەرکی ڕۆژانەی وەك هەموو ڕۆژەکانی دی ئەنجام بدا. هەموو ئەفسەرەکان چاویان دەمنەوە بوو. من لە پێشەوەی ڕیزەکەوە دەڕۆیشتم، و بەو حاڵەوەش سەگێك بەو کلکە لەقێو جرت وفرت وئامباز بوونەوە و وەدواکەوتنەیەوە، شتێکی جوان و دڵپەسەند نەبوو. منیش بۆ ئەوەی سەگەکە مەشقنامەکەم لەدەستی نەفڕێنێ، دەستم بڵند دەکرد، بەڵام تامن دەستم بەرزتر دەکردەوە سەگەکە کەیف خۆشتر بوو و پێیوابوو حەزم لەگەمەو گاڵتەو جەفەنگانە هەر گوڕی دەبەستەوەو خۆی هەڵدەدایە سەر شان وکۆڵم و دەیهەویست هەر چۆنێك بووە مەشقنامەکەم لەدەستی بقۆزێتەوە و بیفڕێنێ.

ڕەنگە ئەو وەزعەی من بەلای هەندێکانەوە جێی پێکەنین بێ، بەڵام بەلای خۆمەوە دەبێ ئەوەی هەر بڵێم کە ئەوە چ وەزعێك نەبوو ئەمنی تێدا بووم. سەیرم کرد هیچ چارەیەکم نییە، ناچارگوتم هەرچی دەبێ بابێ و مەشقنامەکەم بەدەمەوە دایەوە، ئەوەندە ئومێدەشم هەبوو کە لەوانەیە پشکێنەرەکانیش بەلایانەوە خراپ نەبێ کە منێك توانیومە بەم شێوەیە سەگێك ئاوا پەروەردەکەم و ڕابێنم.

بەڵام هەرکە مەشقنامەکەم بەدەمیەوە دایەوە، ڕەفتارێکی نواند کە هەرگیز چاوەڕێی ئەوەم لێ نەدەکرد. ئەو سەیەی کە هەموو ڕۆژێ مەشقنامەکەی بەدەمەوە دەگرت و بەحەیا و بە ئەدەبەوە وەدوام دەکەوت، ئەوڕۆ لێیداو هەڵات، بەڵام چ هەڵاتنێك. نازانم لەبەر وەی بوو کەمەشقنامەکەم زوو نەدا بوویە وا تووڕە ببوو و وای دەکردیا پێیوابوو ئەوڕۆ من حەزم لەگەمەوگاڵتەو جەفەنگانە – چەندەی زیاترگاڵتەوگەمەو یاری و ڕاکەڕاکە بکردبایە، هێندەی دیکەی زیاتر کەیف ساز دەبوو و مەشقنامەکەی بە نینۆك و ددان زیاتر پارچە پارچە دەکرد و دەیدڕاند – منیش بۆ ئەوەی مەشقنامەکەی لەبەر چنگ و نینۆك و ددانان دەربێنمەوە کەوتمە دوای، بەڵام نەیگەیشتمێ، چونکە ئەو خێراتری رادەکرد و زیاتریشی مەشقنامەکە

دەدڕاند و پارچە پارچەی دەکرد و هەڵدەهات و ڕایدەکرد، هەر کەلێم دوور دەکەوتەوە، مەشقنامەکەی لەسەر عەردی دادەنا، بەڵام هەرکە من دەستم دەدایە ڕاکردنێ بەدوایدا تا مەشقنامەکەی لێ بستێنمەوە، ئەو پەلاماری دەداو مەشقنامەکەی بەددانی هەڵدەگرتەوە و تێی دەتەقاندەوەو هەڵدەهاتەوە. بەڕێکەوت ئەو ڕۆژەش ڕەشەبایەك بوو مەپرسە و ئەو پەڕانەی بێرەوبەوێدا دەبرد. ئەو پارچە و پووچەی ئەو پەڕە دڕاوانەی وەك ڕەوە پەپوولەی سپی بەهەوایدا دەفڕاند. مەشقنامەی دوو سەد — سێ سەد لاپەڕەیی ببووە هەزاران پارچە. ئاسمان پڕبوو لە پەڕەکاغەزی شڕو وڕ و دڕاو و (با) بێرەو بەوێیدا دەدان و دەیبردن.

ئەوسەیەی چوارمانگان هەموو ڕۆژێ مەشقنامە بەدەمیەوە دەگرت و بەحەیاو بەئەدەبەوە وەڕێ دەکەوت، ئەورۆ بۆ وای لێهاتبوو؟ ئەو ڕۆژە کەیفی بزوتبوو، یا یەکێك لەسەگەکانی دی بزاوتبووی و بەڵێنی شتێکی دابوویە؟

ئێستاش هەر نەمزانی چ مەرگێکی بوو. پێویست ناکا بڵێم داخوا پشکنینەکەی ئەو ڕۆژە بەکوێ گەیی. بۆ خۆتان دەتوانن مەزەندەی بکەن !

ئەو مشکانەی بوونە دڕندە

ئەفسەر بووم، لەئەرزەڕۆمێم خزمەت دەکرد. ئەفسەرێکی نووسینگەیی بەرپرسی عەمباری ئازووقەی مەبوو. مشکەکانی نێو عەمبارێ هێندە زۆر ببوون کـە ئـەو ئەفـسەرە نەیـدەزانی چبکا. هەموو جۆرە مەرگەمووشـێك و دەرمـانی ژەهـراوی و کوشـندەیان بـۆ بەعـەمبارێوە وەردەکردن، کەچی هەر بێسوود بوو.

مشکەکان ئەو شتە ژەهراوییانەیان هـەموو دەخـوارد، بـەڵام هیچیـشیان لێ نـەدەهات و ڕۆژیش تا دەهات هارتر دەبوون.

پشیلەش دەروەستیان نەدەهاتن، هـەموو شەوێـشیان تەڵـە بـۆ دادەنانـەوەو ڕۆژانـە سـێ چوارێکیان پێوە دەبوون، بەڵام تۆرەمە وبن وبنەچەی مشکان بەوەی نەدەبڕایەوە.

ئەفسەری عەمبارێ زۆری بیر لێ کردبۆوە و ڕێیـەکی بەخەیاڵـدا هـاتبوو. رایـسپارد بـوو قەفەزێکی تۆڕیی گەورەیان بۆ دروست کردبوو. ئەو مشکانەی بەتەڵەیەوە دەبوون، دەیهێنان و دەیهاویشتنە ئەو قەفەزەوە.

نزیکەی پازدە مشکی دەو قەفەزە گەورەیدا خڕکردنـەوە. ئـەو مـشکانەی هـەموو تـەواو برسی کردن. مشکەکان تا ماوەیەکیان خۆ ڕاگرت،بەڵام دوایـە کەوتنـە پڕدانـێ یـەکتری. دەو پێکداهاتنانەدا مشکێکیان لە پێ کەوت. ئەوانیدی خنکاندیان و خواردیان. ڕۆژی دواترێش، هەمدیس یەکێکی دیکەی خۆیانیان خنکاندو کـەت و پارچـەیان کـرد و زگـی خۆیانیـان پـێ تێرکرد.

ئەوجا هەموو ڕۆژێ ئەو شەڕو هـەراو زەنایـە درێـژەی پەیـداکرد، تـا وای لێهـات چـەند دانەیەکیان مانەوەو بەس. ئەڵبەتە ئەو چەند دانانە ملەسـتوورترین و بـەهێزترینی هـەموان بوون، هەر بۆیەش شەڕی نێوان ئەمانە ترسناکترین شەڕبوو. پاشان لە پانزدە دانە مشکی نـاو

قەفەزەکە، تەنیا سێیان مانەوە.ئەوسێ دانە مشکەش بوونە سێ دانە جانـەوەری یـەکجار زۆر درِندە و حیسابی و هەرخوا بۆ خۆی دەیزانی بەیانی سەرەی کامیانە ببنە خۆراکی ئەو دووانەی دی...

ئەفسەری عەمبارێ، دەرکی قەفەزێی کردەوەو ئەو سێ مشکەی کە ببوونە جانەوەرانێکی درِندە بەر هەڵدای ناو عەمبارێی کردن، ولە رۆژەش بەدواوە، رۆژ بە رۆژ تا دەهـات ژمـارەی مشکەکان کەمتر دەبۆوە.

ئـەو سـێ مـشکانەی کەببوونـە جانـەوەرانێکی درِنـدە، خنکانـدن و درِیـن و خـواردنی مشکەکانی دییان لێ ببوو بە خوو، دەستیان کردبوو بە خنکاندن و درِینی هـەموو ئـەوەکانی دیکە. ئەڵبەتە نەك هەر لەبەر خواردنێ، بەڵکە هەر خوویان بە خنکاندن و درِینێوە گرتبوو.

تیپی ئاژەڵان

لەساڵەکانی ١٩٣٠، لە گەڕەکێکی نێوان مەولاناکاپۆ و شاری ئەمینیدا ئـاکنجی بـووین ماڵەکەمان دەباغێکیـدا بـوو، سـەگێك و پـشیلەیەکمان هـەبوون، چـونکە هـەر پێکـەوەش گەورەببوون، ئاواڵی یـەکبوون. لایـەکی باغیمـان دەکـردە سـەوزەوات. لەتـەك کەرتەکانـەوە قەفەزێکمان بۆ پەلەوەرەکان دروست کردبوو. کەرێکیشمان هەبوو. من ناوم لە کەرەکەی نابوو چەلەبی.

چەلەبی لە کەرە خۆشەویستەکان بوو. زۆر جاران سەگ و پشیلەکەمان خۆیـان هەڵدەدایـە سەر شان و کۆڵی چەلەبی و لەوێیان جێ خۆش دەکرد و دەکەوتنە وەنـەوزدان و خەوبردنـەوێ. بەتایبەتیش سەگەکەمان سەرکردنە سەر چەلەبی زۆر پێخۆش بوو. وەك بڵێـی پریـشی داتـێ، ئامبازی دەبوو و دەوەڕی و دەیڕاند، بەڵام چەلەبی هەر گوێشی پێنەدە بزووت. هەر بەسـەر خۆشی نەدەهێنا کە مریشکە کورکە کانیشمان دەنانەوەو جووجکەکان لە هێلکەی دەترووکـان و دەهاتنە دەرێ، هەڵۆ دەکەوتنە ئاسمـانی بـاغی و دەسـتیان دەکـرد بـە چـەرخدانێ، کاتـێ هەڵۆیەك بۆ فڕاندنێ جـوجکێکی بـەرەو بـاغی خـۆی شـۆڕدەکردەوە، مریـشکەکە بـۆ وریـا کردنەوەی جووجکەکانی دەکەوتە قتەقت و گارەگارێ و وەك هەمووشمان دەزانین هەر بەوقتەقتو گارەگارەش جووجکەکان لەهەر جێیەکی بانایە خۆیـان دەگەیانـدە جێیـەکی ئـەمین و خۆیـان دەشاردەوە.

کاتێ کە گارەگاری مریشکە داکانەکە بەرز دەبۆوە، سەگ و پشیلەکە لـە هـەر جێیـەکی بانایە، بە پەلە خۆیان دەگەیاندەوە لای مریشکەکە. جگە لەوەش ئەو سەگ و پـشیلەیەش بـۆ خۆیان، هیچ خۆیان لە جووجکەکان نەدەگەیاند و بەلایاندا نەدەچوون، هەر کە هات و هـاواری مریشکەکە بەرز بایەوە، خۆیان دەگەیاندەوە لای تا لە بەرگری و رزگار کردنێ جووجکـەکان و دوورخستنەوەی هەڵۆیان بەهانایەوە بچن و یارمەتی بدەن. هەرکاتێ کە مریشکەکە پـەڕوباڵی خۆی گیف دەکردەوە و بەگارەگارەوە بە هەوای هەڵـدەپڕژی تـا هەڵۆیەکـە بترسـێنێ و دووری خاتەوە سـەگ و پشیلەکەش لەولاوە دەستیان دەکرد بە وەڕین ومیاوە میاوێ. مریشك و سەگ وپشیلەکە وەك ئەوەی بڵێی ئەوە خەریکن سروودێکی یەکیـەتی و هاریکـاری پێکـەوە دەڵـێن

وابوو. بۆ ئەوەی هەلۆیەکە بترسێنن و دووری خەنەوە. بەلاّم مەسەلەکە لێرە کۆتـایی نایـەت. دێرەدا چەلەبی هەم هەوڵی دەدا خۆی لـە داوی ئـەو مێخـەی رزگارکـا کـە لـە سووچـێکی تەویلەکەوە داکوترابوو، هەر واش کە هەوڵی پسانی پەتەکـەی بـوو، لـە لایـەکی دیکەشـەوە دەستی دەکرد بە زەرە زەڕێ و هاوبەشیە گوتنەوەی سروودی یەکیەتییە. چەلەبی لـە قتـەقتی مریشك و حەپەحەپی سەگ و میاوە میاوی پشیلەکەوە دەیزانـی مەترسـیەك خەریکـە نزیـك بێتەوە، بەلاّم نەیدەتوانی بەهانایانەوە بچێ، چـونکە بەسـترابۆوە و دەسـینگێکی داکـوتراوی ژووری تەویلەکەی خرابوو.

رۆژێکیان هەمدیس قتەقتی مریشکەکە و حەپەحەپی سـەگەکەو میاوەمیـاوی پـشیلەکە بەرز بۆوە. چەلەبیش زەڕینی تێ هەلکردبوو کە لەپڕ سەیرمان کـرد چـەلەبی توانیویـەتی بـە زۆرەملێ سینگەکە لە عەردی هەلکەنێ و بەهانای هاوڕێیەکانییەوە بچێ وبیانگاتێ. چەلەبی رایدەکردو پەت و گوریس و مێخ زنجیریش بە دواوە.

بەڵێ، چەلەبی بەهەر کوێرەوەرییەك بوو مێخەکەی لە زەوی دەرکێشایەوە، کاتێ چـەلەبی گەییە لای هاورێکانی، گوێی لـە مووچـەوە بـردن و وەك برادەرەکـانی سـەری بـەرزکردەوە و بەرامبەربە هەلۆیەکە دەستی بە زەرە زەڕێ کرد، بەلاّم چ زەڕینێك. زەڕینـێ ئـەو جارەیـانی زۆر لە زەڕینەکانی جاران پیاوانەتربوو.

گەمەی ورچ و بەراز

بوونی ورچێ لە ژیانی خەڵکی دێهاتەکانی دەوربەری دەریاچەی واندا شتێکی زۆر سادەیە و پەیوەندییە ورچ و بەرازیش مایەی خۆشی و پێکەنین و رابواردنێ خەڵکی ئەو ناوچانەیە. خەڵکی ئێرە زۆر شتان لە گەمەی ورچ و بەرازی دەگێڕنەوە و پێدەکەنن.

دەیانگوت ورچ وەك سەی لەبەرازی دەترسی، دەگەڵ ئەوەشدا ناتوانێ چاو لە گەمەی دەگەڵ بەرازیدا بپۆشی.یەکێك دەیگێڕایەوە کە:

- رۆژێکیان لە دێی هیرواتا وەڕی کەوتبووم و دەچوومە دێی کولورت.دەنیوەی رێیەدا چاوم بە ورچێکی کەوت. ورچە خۆی پەنا دابوو و سەیری جێیەکی دەکرد.منیش خۆم پەنا دا و دانیشتمە سەیرکردنێ. دەزانن چیم دیت؟..

ورچە خۆی لە بەرازێکی مەڵاس دابوو. بەرازەش پێنج دانە کوودەڵەی لەبەربوون. ورچە، بەسینگەخشکێ و هێواش هێواش لە بەرازەکان نزیك بۆوە و لەناکاو پڕیدایە یەکێك لە کوودەڵە بەرازەکان و بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە درەختێکی. ورچە لە پێشدا بەردی وەك پلیکانان لەبن دارەکەی لەسەریەك کەڵەکە کردبوون و هەر کە گەییە درەختەکە، کوودەڵە بەراز بەباوەشێوە، بەبەردەکاندا چووە سەر درەختەکە و دانیشت بە دوای ویشدا ماڵۆسەکە بەهەڵەداوان خۆی گەیاندە درەختەکە. بەڵام خۆ بەراز ناتوانێ بە درەختیدا هەڵگەڕێ. ورچە کوودەڵە بەرازەکەی کە هەر زاق وزیق و فیشکەی بوو، پارچە پارچە کردو هەڵیدایەوە بەردەمی دایکەکەی. ماڵۆسە دایکانەکەش یەك دوو جاران بە مرقەمرقەوە بە دەوری کوودەڵەکەیدا خولایەوە... دوایەش بەجێی هێشت و چۆوە لای ئەوانیدیکە. دوای ماوەیەك ورچە دووبارە لە درەختەکە هاتەوە خوارێ و بەسینگەخشکێ و هێواش هێواش بەرەو لای بەرازەکانەوە چۆوە. منیش لە سەرخۆ چووم ئەو بەردانەی کە وەك پلیکانەی لەسەریەك بەبن درەختەکەوە کەڵەکە

کردبوون و هەڵی چنیبوون هەمووم تێکدان و گەڕامەوە جێیەکەی هەوەڵێم و خۆم شاردەوە. ورچە هەمدیس کارەکەی کردەوە.

دیسانەوە پڕیدایەوە کوودەڵەیەکی دیکەو بەهەڵە داوان و ڕاکردنەوە خۆی گەیاندەوە درەختەکە. بەڵام کەدیتی ئەو پلیکانەو کەڵەکەی هەڵێنابوو نەماوە، لەترسان زەندەقی چوو و زارەترەك بوو بە هۆڕە هۆڕەوە خۆی بە درەختەکەوە نووساند. بەرازەشی گەییە — سەرێ و بەشفرە درێژە وەك شاخەکانی، خالیگەی ورچەی داقەڵاشت... دوایەش من میلم هێنایەوە و فیشەکێکم لە تەنکەی زگی بەرازەی ئاگردا !

ئیدۆڵ برانسکی

لە ئەورووپاوە بە ئوتومبێلێ دەهاتینەوە تورکیای.ڕێگامان بە یۆگۆسلاڤیایدابوو. لەنزیك بەلەگرادێ چاومان بە پەروەرشگایەکی سەگان کەوت، باغێك بوو بەناوی باغی ڕاشید پاشای، کەلە عوسمانییەکانەوە مابۆوە. چوینە ناو باغەکەوە. ڕاهێنەری سەگەکان پیاوێکی یۆکوسلاڤی بوو.

هەرجۆرە سەگێکت ویستبایە دەو باغەیدا هەبوو. ئێمە دڵمان چووە سەر تولە سەگێکی زۆر بچکۆلانە. ویستمان ئەو تولە سەیەی بکڕین. ڕاهێنەری سەگەکان گوتی کەناوی ئەم تولە سەیە ئیدۆڵ برانسکی سێهەمە. ئەوجا مەسەلەکەی بۆ گێڕاینەوە. گوتی کە باپیری ئەم تولەیە هەمان ئیدۆڵ برانسکی یەکەمە کەلە پێشبڕکێی نێو میللەتانی لەندەندا پلەی یەکەمی وەدەست هێنابوو. ئێمەش هاتین ئیدۆڵ برانسکی دووەممان کڕی و هێنامانە ئێرە. ئەوەش تولەی وییە. هەرکە تولەکەشمان کڕی درەختنامەی گەواهی ئەو بنەچەکەشیان لەگەڵ داینێ.

تولە بچکۆلەمان هێنایەوە ماڵێ. بەلاّم دایکم بەهیچ شێوەیەك نەیدەهێشت تولەکە بەرینە ژووری. لە سووچێکی حەوشەکەدا کولانەیەکمان بۆ دروست کرد. بەلاّم هەرکە لێی دوور دەکەوتینەوە، دەستی دەکرد بەقرووسکە قرووسکێ. ئەوە شەوی یەکەم هەر هیچ کەلەبەر وەڕین و قرووسکان و گریانێ نەخۆی هەدای دا و نەهێشتیشی ئێمە و دراوسێکان چاولێك نێین. بەیانی هەمووومان دەبیرو خەیالی ئەوە دا بووین چ لەو تولە بچکۆلانەیە بکەین. بەرۆژ چونکە بەدەوروخولیدا دەهاتین و دەچووین هێندەی هات و هاوار و حەپەحەپ نەدەکرد، بەلاّم کەشەو دادەهات، هەمدیس دەستی دەکردەوە بە وەڕین و قرووسکە قرووسکێ. یەکێك لە ناسیاوەکانمان ڕایسپاردینێ کە:

- ((شەوانە سەعاتێکی سەرمێزێ لە گونییەیەکیەوە بپێچن و بۆی بخەنە کولانەکەیەوە. ناوەڕێت و ناشقرووسکێنێ.))

هاتین وامان کرد. هەر لەسەرەتاوە کە سەعاتە سەرمیزیەکەمان دەگونییەکەوە پێچاو لەناو کولانەکەمان دانا، ئیدی نە وەڕین ما و نەقرووسکە. تا بەیانی دەنگی لێنە هاتەوە. کە

بەیانیش لە خەو ڕابووین، گوتمان نەکا ئەو بەستەزمانە مردبێ، بە هێواشی دەرگای کولانەکەمان کردەوە. سەری بە گونییەکەی سەعاتەکەی تێدابوو، کردبوو و خەوی لێ کەوتبوو.

هەموو شەوێمان هەروا دەکردەوە، سەعاتە سەرمێزیەکەمان دەگونییەی وەردەپێچاو بۆمان دەخستەوە کولانەکەی. ئەویش سەری پێ دەکردەوەو خەوی لێدەکەوت. بەیانیانیش کە هەڵدەستا، گونییەکەی بە ددانی وڕجرونجر دەکرد.

ئیدۆڵ برانسکی گەورە بوو ئیدی ڕاهاتبوو کە بەبێ سەعاتیش بنوێ. ڕۆژێکیان هەر لەو هەمان دۆستەمان پرسی کە گوتبووی سەعاتێکی سەر — مێزی بۆ دەگونییەیەوە بپیچین و بۆی بخەینە کولانەکەوە، داخوا بۆ چی کە ئەو کارەمان کرد ئیدۆڵ برانسکی حەپە و قرووسکەی بڕا؟...

((ناسیاوەکەمان گوتی کەبۆخۆشی تاقی نەکردۆتەوە، بەلاّم ئەم باسەی لە یەکێك لەوکتێبانەدا خوێندۆتەوە کە لەربارەی گیانلەبەرانن.بەبڕوای نووسەری ئەو کتێبە، تولەی گچکەلە، تکەتکی سەعاتە کەبە دەنگی ترپەی لێدانی دڵی دایکیان تێدەگەن.

هەروەك چۆن تولە شیرەخۆرەکان، سەریان بە سینگی دایکیان دەکەن و دەنوون، ئیدۆڵ برانسکیەکەی مەش سەری بەگونییەکەی کە سەعاتەکەی تێدابوو دەکردو بەهەوای ئەوەی کە ئەو تکەتکەی سەعاتە دەنگی ترپە و لێدانی دڵی دایکیەتی، خەو دەیبردەوە و دەنووست.

ئەو مشکانەی راوی ماسی دەکەن

ساڵی ١٩٥٨ چوومە بوومە گیرسۆن. بۆ نیوەڕۆیە لە ماڵێ گیرسۆنییەکی میوان بووم.ئێمە لە ژووری دانیشتبووین. جاروبارە لەسەرەوەو لە خوارەوە دەنگ و هەراو تەپە تەپ دەهات کە دیار نەبوو چ بوو، دەنگە کە وەك دەنگی راکردنێ و دەنگی (با) ی دەچوو.جاری واشبوو ئەو دەنگ و هەرایە دەبڕا، بەڵام دیسانەوە لە نوێوە دەستی پێ دەکردەوە، چونکە میوانیش بووم نەمدەتوانی بپرسم کە ئەو دەنگ و هەرا و زەنایە چییە. بەڵام زۆریشم حەزدەکرد تێیبگەم و بزانم چییەو لە کوێرا دێت. راست وەك دوو منداڵی دە دوازدە ساڵانەی بزۆزو شەیتان خەریکی راوە دوونانی یەکتری بن و مستان لێکدەن.ئەو دەمەی نانمان دەخوارد دیسانەوە هەمان بەزموڕەزم بوو. دوای نانخواردنێش هەروەتر. ئیدی نەمتوانی چیدی خۆم راگرم و پرسیم.

خانە خوێکەم، زۆر بەکاوە خۆ و بەنەرمی گوتی:

- ئەوە بەزم و ڕەزم و زرمە زلێی مشکانە.

زیاتر حەپە سام. گوتم:

- ئەوانە چ جۆرە مشکێکن؟ ئەو زرمە زلێیە ئی مشکانە؟

خانە خوێیەکەم مەسەلەکەی روون کردەوە:

- ئەوەی دەزانن کە سەرانسەری گیرسۆن هەموو باغی فندەقە. هەر ماڵێکی بگری بای خۆیان فندەقیان هەیە. ئەوەش دەزانن کە مشك شێت و شەیدا و کۆڵای فندەقیە. مشکەکانی گیرسۆنیش لەبەر زۆریە ئەو هەموو نیعمەتە و زۆر خۆریە فندەقی هەموو هەڵاساون ولە ئەندازە

بەدەر گەورە بووون وهەروا زیاتر و قەڵەوترو بێ شەرمو ئابڕووتر دەبن. گوتم:

- باشە، ئەدی بۆ لە ماڵێ پشیلان ڕاناگرن؟

خانە خوێکەم پێکەنی و وەڵامی دایەوە کە:

- کام پشیله؟...هیچ پـشیلەیەك دەروەسـتی ئـەو مـشکانەی مـە نایـەت. ئەوانـە لـەو مشکانەنین کە دیتووتن و بیستووتن. ئەوانە مشکی گیرسـۆنن. ئەوانـە بـە فندەقـە چـەورەی گیرسۆن پێدەگەن و گەورە دەبن، پێتوایە چۆنن؟ ئەوانە هەریەکەیان لـە پـشیلێکی گـەورەترن. وای قوربەسەر ئەو پشیلەی بیرێکی خراپیـان لێ بکاتـەوە و نزیکیـان کەوێتـەوە، بـۆ پارچـە پارچەی ناکەن..!؟

دەیگوت،ئەم مشکانە، جاری وایە لەپشتەوە پڕدەدەنـە ئـەو کەسـانەی کـەخۆاردنیان بـە دەسـتەوەیە و بەکۆلانێـدا ڕەتـدەبن و لـە دەسـتیان دەفـڕێنن وهەڵـدێن. ئـەوجا رووداو و بەسەرهاتێکی کە دوو سێ ڕۆژ لەمەوپێش بە سەرخۆی هاتبوو بۆی گێڕامەوە. دەیگوت:

- هەروا دوو سێ ڕۆژ لەمەوپێش، بۆ خۆم ماسییەکی زلەم کڕیبوو و خەریکی بەرەو ماڵ بوونەوێ بووم. ماسییەکەم بە دەستەوە بوو ولەکلکێمڕا هەڵگرتبوو.لەپڕ مـشکێك لەپـشتەوە پڕی دامێ و ماسییەکەی لە دەستی فڕاندم و تێیتەقاند و هـەلآت.مـشکی ئێـرەش تـا بڵێـی حەزیان لە ماسییە، ئەڵبەتە کەمتەرخەمیە خۆشم بوو. مـن دەبـوو پـەتێکی قـایم دەکلکـی ماسییەکەی کەم و سەری پەتەکەم بە دەستەوەبێ تا هەروا بـە ئاسـانی دەدەسـتمدا نـەخزێ. بەڵێ، کەمتەرخەمیە خۆم بوو !

سەگی فریاد ڕەس

لەمۆسکۆ دەگەڵ ئیبراهیم ناوێکی کرێکار ببوومە برادەر. کەبۆ جاری دووەم چـووم‌ەوە مۆسکۆ، بیستم کەژنەکەی ئیبراهیم ئەژدەری. کەماڵیان لە داوێنی لێڕەواری بوو. هەفتەیەك بوو مردبوو.

دەنێو قساندا، ئیبراهیم ئەژدەر گوتی کەژنەکەی سمۆرەیەکی هەبووە. دەیگـوت هـەر لـەو ڕۆژەوەی ژنەکەی مردووە سمۆرەکەش دیارنەماوە، بەلاّم پێش ئەوە کەمتر وابووە لـەماڵێ دوور کەوێتەوە.

دەیگوت ئەڵبەتە جارجارە سەرێکی لەلێڕەوار- جەنگەڵ - ی هەڵـدێنا و دەچـووە ئـەوێ، بەلاّم لە سەعاتێکی زیاتر پێ نەدەچوو دەهاتەوە.

ئەو برادەرەی لەگەڵ من هاتبوو، پرسی:

- یانی دەتەوێ بڵێی سمۆرەکە زانیویەتی خاوەنەکەی مردووە؟

ئیبراهیم ئەژدەر وەلاّمی دایەوە:

- نازانم... یانی دڵنیانیم، بەلاّم کە ئەو ڕووداوەی ئەشقاباد قەوما و ئەوەی بیستم، باوەرم هات کەگیانلەبەران هەستێکی لە ڕادەبەر بەهێز و تایبەتیان هەیە، هەر بەو هەستەش دەزانن کەچ ڕوودەدا و یان ڕوویداوە.

گوتم:

- لەئەشقاباد چبووە؟

ئەو دەستی کرد بەگێڕانەوێ.منیش قسەکانی ئەوتان بۆ دەگێڕامەوە:

من خەڵکی ئەشقابادم. بۆ بەسەر بردنێ ڕۆژێکی پشووی هەفتانە، چووبوومە وێ. بیستم دوو ناسیاومان ناخۆشیان لێ پەیدابووە وکارەکەیان گەیوەتە دادگایـە. دەیـانگوت شەڕیـشیان بووە و یەکێکیان بە بەفرماڵی ڕادەماڵێتـە ئەویـدی، ئیـدی دەرو دراوسـێیان پێڕاگـەیبوون و لێکیان کردبوونەوە، بەلاّم کەسیش نەیدەزانی ناخۆشییەکەیان لەسەر چییە. کەمنیش چـووم‌ە

وێ کارلەکار ترازابوو وکێشەکەیان گەیبووە دادگایە. هەروا لـە ڕووی کونجکاوییـەوە چـوومە دادگایە تا بزانم چ باسە.

لێکۆڵەرەوە بە شکایەتکەری گوت:

- بۆ بە بەفرمالێت ڕێماشتووە؟

شکایەتکەر وەڵامی دایەوە:

- چونکە لەسەگەکەی دابووم و برینداریشی کردووە.

- جا باشە، ئادەمیزاد لەسەر سەی دەگەڵ دراوسێکەی بەشەڕ دێ؟

- سەگەکەی من لەو سەیانە نییە پێتوابێ...

- ئەدی سەگەکەتان چ جۆرە سەگێکە؟

شکایەتکەر دەستی بە باسکردنێ کرد:

منداڵی دووەمم هێشتا دوو مانگانە بوو. منداڵەکە دەلانکێدا دەنووست؟ ئەو سەگە لێـی دوور نەدەکەوتەوە. بەیانییـەکیان هـەر لەسـەر جێـی بـووم ڕۆژنامـەم دەخوێنـدەوە، ژنەکـەم بەگریانەوە هات و گوتی کە منداڵەکە بەلانکـەوە نـەماوە و دیارنییـە. هـەموو ژوورەکانمـان سەروبن کردن. بەڵام نەمنداڵە و نەلانکەکەی هیچیان هەر نەبوون، کاتێ کـە چـووینە بـاغی، دیتمان ئەوە لانکەکە لە لایەکی باغیەوە، وسەگەکەمان بە تەك لانکەکەوەیە، منداڵەکـەمان دەلانکیدا دەشیرین خەوێدایە.

لانکەکەمان هێنایەوە و هاتینەوە ژووری، بەڵام هەر ئەو شـەوەش، سـەیەکە لانکەکـەی بەمنداڵەکەوە بردەوە باغی. لەسەگەکەمانداو دەرمانکرد، و دەرکەمان لەسەر داخست، بـەڵام لەبەر وەی گەرما بوو پەنجەرەکانمان دانەخست. شەوێ سەرو سـەدایەك پەیـدابوو و لـە خـەوێ ڕاپەرین.

سەیەکە لە پەنجەرەیرا هاتبۆوە ژووری و هـەوڵی دەدا منداڵەکـەی بەلانکـەوە لـە ژووری بەرێتەوە دەرێ. دووبارە سەگەکەمان کوتایەوە و لە ماڵێمان وەدەرنا. بەرە بەری بەیانی دەنگ و هەرایەکی ترسناك بەرزبۆوە، وەك بڵێی عەرد و ئاسمان ژێرەو ژوور بووبن. من بێهۆش بـووم. نازانم چەندی پێچوو تا بەهۆش هاتمەوە. کە بەهۆش هاتمەوە دیتم ئەوە لەبن دارو پەردوویـدام. بریندار ببووم. چەند سەعاتێکان هەروا لەبن گڵ و خۆڵ و دار وپەردوویـدابووم.خـەریك بـود لەبێ هەناسەییان دەخنکام. دوایەش لە سەرەوەمرا گوێ لەداد و بڕۆ و هات وهاوارێکی بود. هەستم کرد کە ئەوە یەکێك خەریکە گڵ و خۆڵەکەم لەسەر لادەبا. ئەوجا گوێم لـە قرووسـکە

قرووسکی سەیەکەمان بوو، و ئینجا لە پڕ کونێکی بچکۆلانە کرایەوە. چاوم بە ڕووناکییە کەوت، لەتەنگەنەفەسیە بێ هەوابییەم رزگار بوو. پێی سەگەکەم لەکونەکەیرا دیت. بەیارمەتی و بەهانا هاتنەوەی وی لەبن گڵ و خۆڵێ هاتمەوە دەرێ و گیانم رزگار بوو و نەمردم. کەلەژێر گڵ و خۆڵەکەش هاتمە دەرێ، سەگەکە وازی لێ نەدەهێنام. شاقەلی پانتۆڵیی گرتبووم ومنی بۆ لایەکی دی ڕادەکێشا. کاتێ کەبردمیە سەر ئەو جێیەی دەیویست، دەستیکرد بەقرووسکە قرووسك و وەڕین وهەلکۆڵینێ. گڵ وخۆڵەکەی وێم لادا و دەستم کرد بە لێدانەوێ. کچەکەشم لەوێ لەبن ئەوگڵ و خۆڵەیدا بوو.کچەکەمم رزگار کرد. بوومەلەرزەیەکی کوشندە هاتبوو. بارودۆخ و وەزعەکە ئەوە نەبوو کەس بەهاوار و هانای کەسەوە بچێ. من بەیارمەتی سەگەکەم و ڕێنماییەکانی وی، دایکم وژنەکەشم لەبن گڵ وخۆڵێ هێنانەوە دەرێ و رزگارم کردن.

ئەوجا دەبوو منداڵەکەم بدۆزمەوە، بەڵام سەگەکەمان ون بۆوە. چووینەوە باغی، لانکەکە لە نێو باغی بوو. سەگەکەی بەلاوە ڕاوەستا بوو، بەلای لانکەکەوە چووین، منداڵەکەشمان دەلانکەکەیدا بوو. دیار بوو پێش ئەوەی بوومە لەرزەکە رووبدات منداڵەکەی بەلانکەوە برپۆوە باغی.

ئا ئەو سەگە بوو کەهەموو بنەماڵەو خاو وخێزانی مەی لەو بوومەلەرزە ترسناکە کوشندەیە رزگار کرد.

ئیدی لەوێ رۆژێوە سەگەکەمان لەسەر سفرەی دەگەڵە مەبوو. ئێستاش ئەو دراوسێیە دەیهەویست ئەو سەگەی بکوژێ. منیش بۆ رزگار کردن و بەهاناوە چوونێ سەگەکەی بە بەفرماڵێم ڕێماشتووە، بەڵام تا من گەیشتمێ سەگەکەی برینندار کردین.

دوای ئەوەی ئیبراهیم ئەژدەری کرێکار ڕووداوەکەی گێڕایەوە، گوتی: کە گیانلەبەرانیش هەستێکی لە ڕادەبەدەریان هەیە و هەر لە زووەوە بەرووداوان دەزانن و هەستی پێدەکەن.لەوانەیە سمۆرەکەی مەش هەر بەو هەستەوە زانیبێتی خاوەنەکەی کە هێندەی دەگەڵ میهرەبان بووە، مردووە... بەڵێ، دوای ئەوەی ژنەکەم مرد سمۆرەکەش لێیدا چۆوە نێو لێرەواری، ئیدی وەك رۆیی ئێستاش هەر نەهاتەوە.

زیندەوەری دڕندە و مێرووڵەکان

نووسەر و دانیشمەند و شانۆنووسی فەرەنسی ((مارسێل پانیۆل)) لـە کتێبێکـدا بـەناوی ((بیرەوەرییـەکانی منـداڵی)) ڕووداوی شـەڕی سیـسرکەی دڕنـدە بـەناوی (سیـسرکەی ڕەبـەن)) ومێرووڵەکان، ئاوا باس دەکا:

- هێشتا نەچوو بوومە قوتابخانـە. بـابم گوتبـووی: ((ئـەو سیـسرکەی خـەڵك پێیوایـە دینـدار وخواناس و خواترسە و بۆیە ناویشیان لێ ناوە سیسرکەی ڕەبەن، لە ڕاستیدا جانەوەرێکی لە ڕادەبـەدەر دڕندە وبێ بەزەییە))هەر بۆیەش کێچم دەکەوڵی کەوتبوو و حەزم دەکرد ئـەو جانـەوەرەی بناسـم. سیسرکە ڕەبەنێکم گرت و خستمە شووشەیەکی بەتاڵەوە. بڕیارم دا ئـەو سیـسرکە ڕەبەنـەی دەگیـانی مێرووڵان بەردەم، بزانم چدەکا. شووشەکەم بردە سەر شارە مێرووڵێکـی و بەسـەر کونـە مێرووڵەکانـدا هەڵگێڕایەوەو لێی گەڕام. بەڵام درێژییە سیسرکەکەی لە پانایییە شووشەکەی زیـاتر بـوو. بۆیـە دەنـاو شووشەکەیدا قیت ڕاوەستاو زۆر بە کونجکاوییەوە سەیری ئەملاوئەولای دەکرد.

دەو نێوەیدا مێرووڵەکان لە کونێ هاتنە دەرێ و کەوتنە ڕێماشتنێ قـاچ و قـولی سیـسرکەی ڕەبەن، سیسرکەی ڕەبەنیش کەوتە چنگ و نینۆك) و شاخۆلە بادانێ ولار بوونەوە بەملاوئەولایانـدا و خۆهێنان و بردنێ و دەگەڵ هەر جووڵانەوەیەکیدا یەك کۆمەڵە مێرووڵەی بەچنگ و شـاخۆلەکانی لەت وپەت وکەت و پارچە دەکردن.

ئەو مێرووڵانەی کەلە نێو قەدێوە لەت ببوون، لەبەر دەست و پێ و چنگ و شاخۆلەکانی لەسەر عەردی دەکەوتن و هەڵدەڕژان. شووشەکە زۆر ئەستوور بوو و نەیدەهێشت دیمەنەکە بـاش ببیـنم. جگە لەوەش سیسرکە درێژەکە نەیدەتوانی دەو شووشە باریکەیدا بـەئارەزووی خـۆی هەڵـسووڕێ و شەڕێ بکا. شووشەکەم ڕاوەشاند. سیسرکەی دیندار کەوتـە سـەر عـەردی و بـاری ئاسـایی خـۆی وەرگرت.

چنگوڕکەکانی چەماندبوونەوە و هەر شەش پێیەکانیشی توند بە عەردیەوە چەقاندبوون - پێنج شەش مێرووڵە بەسەری هەر یەك لە قاچەکانییەوە نووسابوون. ئەو مێرووڵانەش بـە هـەموو هێـزو توانای خۆیانەوە بە دەست و شـەویلاکەیانەوە تونـدو تـۆڵ قاچـەکانی سیـسرکەیان گرتبـوو ولێـی نەدەبوونەوە. بەڵام هەرکە هەلێکی بـۆ هەڵدەکـەوت، هەمـدیس بەچـنگ و نینۆکـەکانی دەسـتە

مێروولەیەکی دیکەی کەلەپاچە دەکردن و بەگۆڕێی وەردەکردن. سیسرکەی ڕەبەن هەرچەندێکی لێ دەکوشتن بێ سوود بوو، چونکە مێروولەکان کۆتاییان نەدەهات، لەجێی ئەوانەی دەکوژران مێروولەی حەساوە و پشوو خۆشی تازە لە کونێ دەهاتنە دەرێ و دەچوونە مەیدانێ. زۆر کونجکاو ببووم. دەمهەویست بزانم کۆتایی کارەکە بە کوێ دەگا. ئیدی چنگوڕکەکانی سیسرکەی ڕەبەن وەك پێشان دەستوبردیان نەمابوو وکاریان نەدەکرد. پێیەکانی سست و شل ببوون وردە وردەش تا دەهات وورەی دادەبەزی و دەڕووخا.

دەو دەمەیدا مێروولەکان بەخێرایی سەروکەللە و لەشی سیسرکەی ڕەبەنیان بەجێ هێشت و لێی جودا بوونەوە. سیسرکەی ڕەبەن هەروا وەکو خۆی ڕاوەستابوو و نە دەجوولا . چنگەکانی، وەك بڵێی ئەوە نزایان دەکا، بەرەو ئاسمانی بەرزکردبوونەوە.

پاولی برام گوتی:

-ئەوە خەریکە بیر دەکاتەوە.

بیرکردنەوەی سیسرکەی ڕەبەن درێژەی کێشا. مێروولەکانیش هەموو ون ببوون و دیار نەمابوون. زۆر حەپەسام. مێروولەکان چیان لێهات. جابۆ ئەوەی سەر وبنی مەسەلەکە تاو توێ بکەم و تێیبگەم، لە پەوڕوو لەسەر زگ درێژ بووم و ئەوەدەمی زانیم مەسەلەکەچییە.

مێروولەکان کونی بن کلکی سیسرکە ڕەبەنێیان کۆلیبوو و چاڵێکی گەورەیان تێکردبوو. مێروولەکان دەستە دەستە بەو کونەیدا دەچوونە ناو زکی سیسرکە ڕەبەنێوە و هەر بەوێشدا دەهاتنەوە دەرێ. بەر کونێ بن کلکی سیسرکە ڕەبەنێ ببووە بەر دەرگای موغازێکی ڕۆژی جێژنێ. هەر مێروولەیەکی کە دەچووە ژوورێ، دەستکەوتێکی دێنایەوە و دەهاتەوە دەرێ. تەواوی جەرگ وناو ورێخۆڵەی سیسرکە ڕەبەنێیان زێواڵ زێواڵ کرد و هێنایانە دەرێ سیسرکەی ڕەبەنیش وەك بیەوێ بزانێ دڵ و ریخۆڵەکانی چیان بەسەر دێ بێ جووڵە ڕاوەستابوو و وەك بڵێی دەخەیاڵانەوە چووبوو و ڕامابوو! دوایەش هەر ئەو مێروولانەی بە قاچ وقولیەوە نووسابوون، خەریکی کەوڵ کردنی پێستەکەی بوون و وازیان لە لاق و لەتەری هێنابوو.

من تەنیا ئەو دەمیم زانی کە سیسرکەی ڕەبەن مردووە. مێروولەکان، ملی ئەو بێدەرەتانەیان بە پەنجەکانیان وەك بە مشاری بڕیبێتەوە وابوو. هەموو لەشیان بەشێوەیەکی ڕێك وپێك کردە پارچە پارچەی بچکۆلە و لێکیان هەڵوەشاند، هەر ڕاست وەك کابانی چاك و وریا کە قرژاڵی دەریایی پارچە پارچە دەکات — تەواوی ئەو دەستکەوتانەیان بردە ناو کونێوە و مەگەر هەر خوا بۆ خۆی بزانێ لە کام عەمبار و بە چ سەلیقەیەکەوە بۆ زستانی داهاتوویانی دادەکەن.

ئەو سەگانەی قەدبڕ ڕێگا دەبڕن

لە بورساوە بە ئوتومبێلێ دەچووینە یالووا. شوفێرەکە بەڕێی کۆنیدا بۆ یالووای داژوا. ئێمە درەنگمان پێزانی کە شوفێرەکە بەڕێی کۆنماندا دەبا، ئیدی تازە تێپەڕیبوو. واچاکە ئەو هەموو ڕێیەی نەپێوینەوە و نەگەڕێینەوە.

سەرو کەللەی دوو سەگی شوانان لەسەر گردیەوە پەیدابوو. هەر دووکیان دەستیان کردە راکردن و ڕێماشتنێ. خۆ ئەگەر دەئوتومبێلێدا نەبانینایە تیکە تیکەیان دەکردین. شوفێرەکە پێی لێنا. سەگەکان هەروا ماوەیەك بە وەڕینەوە بەدوای ئوتومبێلەکە کەوتن. بەڵام ئوتومبێلەکە هەروا گڤەی بوو و سەگەکان بەجێمان.

پێمانوابوو تازە لە دەست ئەو دوو سەیانەمان رزگار بوو.

بەلاّم دەپازدە کیلۆمەتر زیاتر نە ڕۆیشتبووین، کە هەر هەمان دووسەگەکان بە مڕەمڕو حەپەحەپی وەڕینێوە، پێشیان بە ئوتومبێلەکەمان گرتەوە. تێگەیشتین کە قەدبڕ لێیانداوە. هەمدیس شوفێرەکە پێی لێنایەوە و سەگەکان بە جێمانەوە. ئێمە دەگەڵ کابرای شوفێر خەریك بووین باسی ئەوەمان دەکرد کە ئەمانە چۆنیان ئەقل پێ شکاوە قەدبڕیە بکەن و پێشمان لێ بگرنەوە... کەلەپڕ سەیرمان کرد هەر هەمان دوو سەگەکان ئەوەتا لەسەر گردیەوە بەرامبەری مە خەریکن بە خێراییەکەوە بەرەو لای ئوتومبێلەکەی مەوە رادەکەن.

دیاربوو هەمدیس قەدبڕلێیاندا بوو و دەیانهەویست پێشمان پێ بگرن تا گەیشتینە یالوا، ئەو دوو دانە سەگە چوار جاران، هەر دەپازدە کیلۆمەترە جارێك، هاتنەوە پێش ئوتومبێلەکەمان وپێشیان لێ گرتین.

مریشكانی خوێن خۆر

دوای ئەوەی كە خانەنشین بووم، لە كێڵگە و مەزرایەكی تایبەتیدا، بەناوی بەڕێوەبەری كێڵگەوە دەست بەكاربووم. دەوكێڵگەیدا پەلەوەر داریشمان دەكرد. چوار پێنج قەفەزی تۆڕی – موشەبەك – یشی تێدابوو. لەهەر یەك دەو قەفەزانەدا چوار سەد دانە مریشكێكمان هەبوون. رۆژێكیان كرێكارێكی كێڵگەی بەدوامدا هات و گوتی:

- مریشكەكان رۆژ بە رۆژ تا دێن كەمتر دەبنەوە.

ژماردنی ئەو هەموو مریشكانەش هەروا ئاسان نەبوو گوتم:

- چۆنت زانی؟ گوتی:

- چونكە هەموو رۆژێ كە دەچم سەریان لێدەم، سەیر دەكەم ئێسك و پرووسك و پەڕوباڵی یەك دوو مریشكی مردارەوە بووش ئەوە لەناو قەفەزەكان لەسەر عەردی كەوتوون.

منیش چووم و سەرێكم لێدان. هەر چوار لای قەفەزەكان تۆڕی لێدرابوو. بەڵام لەبەر دەمی قەفەزەكانەوە ئێسك و پەڕوباڵ و مریشكی مردارەوە بوو هەڵڕژابوو، تەنانەت یەك زیواڵە گۆشت چییە بە ئێسكەكانەوە نەمابوو.

دوای ئەمەش هەر ئەم دیاردەیە كەوتە قەفەزەكانی دیكەشەوە.هەر چوار دەوری قەفەزەكان بە تەواوی تەل و تۆڕبەند كرابوون.دەگەڵ ئەوەشدا، دە هەموو قەفەزەكاندا ئەو پەڕو باڵ و ئێسكە مریشكانە كەوتبوون، ئێمە نەمانزانی ئەو بەڵایە لە كوێوە بەسەری ئەو مریشكانەدا دێ. هەموو تەڵبەندە تۆڕییەكان توند و تۆڵ و سەلامەت بوون. تۆڕی تەلبەندەكان تابڵێی بەكونی ورد چنرابوون، هیچ چەقەڵ و ڕێوی وگیانلەبەرێكی لەو بابەتانە نەیاندەتوانی بێنە ناوێ و لەقەفەزەكان نزیك ببنەوە.

خۆ ئەگەر بیانتوانیبایە تۆڕەکان بدڕێنن و بێنە ناوێ، ئەوە دیاربوو.
خۆ ئەگەر بشیانتوانیبایە فێڵێکی وابکەن بێ ئەوەی شوێن پێ و شوێنەوارێکی بە جێ بێڵن وبێنە ناو تەلبەند و قەفەزەکانەوە، خۆ دەبوو بەلایەنی کەمەوە زیوالە گۆشتێك بە ئێسکەکانەوە مابایەوە یان پەڵەخوێنێك بەعەردیەوە دیاربایە. بەلام ئەو مریشکانەی کە دەکوژران، لە پەڕو باڵ و ئێسك و نینۆك و پەنجەو دەندووکیان بەولاوە هیچیدیان نەدەمایەوە.
چەندین رۆژمان خۆمات کرد و ئیشکمان گرت، بەلام هەر نەمانزانی ئەو بەلایە لە کوێڕا بەسەر ئەو مریشکانەدا دێ و چۆن دەکوژرێن. دوای ئەوەی چەندین هەفتەمان خۆمەلاس داو ئێشکمان گرت، دواییەکەی نهێنی کوژرانی مریشکەکانمان هەر دۆزییەوە. مەسەلەکە بەم جۆرەبوو:
رۆژانە، مریشکەکان لەقەفەزەکانیان دەهاتنەدەرێ و دەچوونە ناو باغچە تەلبەندکراوەکەوە. مریشکەکان دەنێو خۆیاندا کزو لاوازترین مریشکیان هەڵدەبژاردو وە دووی دەکەوتن و دەستیان دەکرد بە دەندووك تاژنێ گۆشتە نەرمەی بن کلکی. مریشکە لاواز و بێ هێزەکەش کەناسکترین جێی لەشیان وەبەر دەندووکان دەدا، دەیقووچاندو هەڵدەهات و ئەوانیدیشی بەدواوە. هێندەیان والێدەکرد، توك و پەڕی بەبن کلکێوە نەدەما و دوای ئەوەش دەستیان دەکرد بە دەندووك تاژنێ گۆشتی بن کلکی کە بەیەکجاری تاوەڕووت ببۆوە. تا لە دواییدا مریشکێکیان بە دەندووکێ ڕێخۆڵەی مریشکە لاوازو بێدەرە تانەکەی دەگرت ولە بنەوەڕا، دەری — دەکێشاو دەیبردو هەڵدەهات. کاتێ کە ڕیخۆڵە باریکەی مریشکەکە وەك تاڵە دەزووی غەرغەرە لەبن کلکیەوە دەهاتە دەرێ و بەسەر عەردیدا دەخشا مریشکەکەی فراندبووی، نەیدەتوانی ڕاکا چونکە ڕیخۆڵەکەی لەلاقی دەئالاو بەردەبۆوە. مریشکەکانی دیش بە قەد قەدۆوە، وەك شایی ولۆغان بێ هەڵیان دەکوتایە سەر مریشکە ماندووە کەوتووە نیوە گیانەکەی سەر عەردی و وەریدەگەڕانێ بە دەندووکان، بەلام چۆن؟... و نیوسەعاتی نەدەبرد کە ئەو مرشکەش بێجگەلە پەڕوباڵ وپەنجەو نینۆك و دەندووکەکەی هیچی دیکەی لەسەر عەردی نەدەمایەوە. مریشکەکان ببوونە جانەوەری خوێنخۆر. ئێمە نەماندەزانی هۆی چییەو چیبکەین باشە. چوومەی لای بەیتاڵێك — پزیشکی تاژەلان — و مەسەلەکەم پێگوت. بەیتاڵەکە گوتی:
- هێندە گرینگ نییە. ئەو بارودۆخە درندەیی و خوینخۆریە زیاتر لەناو پەلەوەران دەردەکەوێت... شتێکی واننییە.

بەقسەی وی کە دەیگوت ئەوە Connilcalisme بوو، یانی نەخۆشیی خوێنخۆری و خوێنمژین. دەیگوت کە پەلەوەر خوێنی کەم بێتەوە، ئەم دیاردەیان لێ پەیدا دەبێ. دەیگوت ئەو پەلە وەرانەی دە دێهاتیدا دەباغ و دەرماڵ و دەشت و دەریدا بەرهەڵدان؟ کرم وجروجانەوەران دەبیننەوەو دەیانخۆن و بەم جۆرە تووشی کەم خوێنییە نابن. بەڵام ئەو پەلەوەرانەی دە قەفەزو شوێنە تایبەتییەکاندان و دەستیان بەکرم وجرو جانەوەران ڕاناگا، بۆیە ناچارن لەم ڕێیەوە کەم خوێنییە لەشیان قەرەبووکەنەوە. دەدێهاتیشدا بۆ ئەوەی بەر لەودیاردەیە بگرن، قەترانی لەبن کلکی مریشکەکان هەڵدەسوون.

بەیتاڵەکە گوتی:

- خوێنێکی زۆر بکەجێی ناو خواردنەوەی مریشکەکان با بیخۆنەوە...

لە قەسابخانەی بەرمیلێکمان خوێن کڕی و دە کۆلانمان کرد و لە حەسارێ مریشکانمان دانا.

مریشکەکان بەفڕکان و خۆشییەوە هەڵیانکوتایە سەر کۆلەکان و زۆر بەتاسەو ئارەزووەوە، خوێنەکەیان خواردەوە تا بە تەواوی تێربوون. لەو ڕۆژەش بەدواوە بەدوای لاوازترین مریشکی وەك خۆیان نەکەوتنەوە و نەیانکوشتن و خوێن و گوشتەکەشیان نەخواردنەوە.

راوه پاساری

برادەرەکەم گوتی:

- سەردەمانێك منیش نووسەر بووم.

گوتم:

- چۆن؟

ئاوای بۆ گێرامەوە:

- پێموابێ پۆلی سێهەمی سەرەتایی بووم. ماڵمان لە ((بیوك دەرە)) بوو. ڕۆژانی یەکشەممە دەچووینە دەشت و دەری دەوری ماڵان و لەوێ یاریمان دەکرد. خۆشترین یاریشمان بەرد هاویشتنی بەدارلاستیکێ بوو. ڕۆژێکیان دەگەڵ بورهانی برامدا چووینەوە دەشتێ و یاریمان دەکرد، بڕیارمان دا کێشکان بکوژین، بەڵام هەرچەندی نیشانەمان لێدەگرتن، نەماندەگاوتن و وێیان نە دەکەوت.جارێکیان ڕەوە کێشکەیەك لەسەر درەختێکی نزیك ئێمەوە فڕین. بورهان خێرا بەردێکی هاویشتە دارلاستیکەکەوەو نیشانەی لێ گرتن و هاویشتی. کێشکەکیان کەوت. هەم من و هەم بورهانیش مات بووین. هەروەك بڵێی هیچ چاوەڕێی ئەو ڕووداوە نەبوبین. ڕامان کردە سەر کێشکەکەی کەلە سەر عەردی باڵە فڕکەی بوو.

کاتێ کەدیتمان کێشکە بریندارەکەبەفڕکە فڕکێوە خۆ بێرەوبەوێدا دەدا، هەردووکمان گریانمان هاتێ. کێشکە بێدەرەتانەکە نەیدەتوانی بفڕێتەوە. دەیویست لەدەست مە هەڵێ، بەڵام نەیدەتوانی. هەروا هەر باڵە فڕەی بوو و خۆی بێرەوبەوێدا دەدا.

بێدەرەتانە نەشدەمرد تابحەسێتەوە.

وەك بلێی زەمانە وردە وردە لێك بكشێتەوە و درێژترببێ. ئەم ئازارو ژان و ئەشكەنجەیەش لەوانەیە لە دوو دەقیقانی زیاتر نەخایاندبێ، بەلاّم بەلای منەوە هێندەی وەخرانـد هـەر تـەواو نەدەبوو.

هەر كێشكەكە باڵە فڕەی دەكرد و ئێمەش پڕمەپڕم دەگریاین. دوایەش لە باڵەفڕو هـەوڵ و تەقەللا كەوت. مردبوو. بەلاّم ئێمە هـەر ژێـر نەدەبووینـەوە، دارلاسـتیكەكەمان كـەئابرازی تاوانەكەمان بوو، هێنام و تا دەستم تینـی تێـدابوو فـڕێم دا. بورهـان هـەر بەدەسـت بـەدەم گریانەوە چاڵێكی هەڵكەندو شاردمانەوە. بەچاوی تەڕو بەهەنیسكانەوە هاتینەوە ماڵـێ، بـێ ئەوەی لە ڕێیەش دەگەڵ یەكدا بدوێین.

ڕۆژی دوایی، لە قوتابخانە، لەوانەی دانان و ڕیكخستندا، مامۆستاكەمان داوای لێكـردین هەریەك لە قوتابییەكان ئەوەی حەزیان لێیەتی هەریەكـە بـۆ خـۆی دانانێـك و ڕێكخـستنێك بنووسێت. منیش هەمان ئەو باسەی دوێنێم كە هەرگیز لە بیرناچێتەوە، نووسی.

مامۆستاكەمان دانانەكەی منی زۆر پێخۆش بوو. لەبەر دەمی هـەمووان زۆری باسـكرد من لە تەواوی تەمەنی خۆمدا ئەو جارەم نووسەری كردووە.

ئازایی و بوێری دایکان

ئایدن ئینها باغێکی گەورەی هەیە. قەل لەسەر درەختەکانی باغەکەیانی هێلانە کردووە. زۆر جاران جووجکە قەلێك لەسەر درەختەکانەوە دەکەوێتە خوارێ. چونکە پەڕ و باڵیشی دەرنەکردوون ناتوانێ بفڕێ، بۆیە هەر دەناو چیمەنەکەیدا هەڵدەبەزێتەوەو خۆ دێرو دەوێ دەکوتێ ئەوجا قەلەداکانەکە دەکەوێتە هەلەکە سەماو باڵەفڕکە بە دەوروبەری جووجکەیداو قارەقارێ لێ هەڵدەستێ لەتاوانی، بەڵام چۆن قارە قارێك، قەلەکانی دیش لە هەر کوێیەك بن،خۆیان دەگەیەننەوە باغی و ئەوجا هەموو پێکەوە دەقارێنن و چوار دەورەی لە جووجکەکەی دەدەن،بەڵام هیچیشیان پێناکرێ.لەناکاو،کتکە پشیلەیەك پەیدا دەبێ و پڕدەداتە جووجکەکە و دەیبات ودەیخوا، کاتێ ئەو تاوانە روودەدات و دەقەومێ، تادێ دەنگی قارەقارو فڕکەفڕکێ باڵەکانیان شێلگیرتر دەبێ.

ئەمە رێکەوتێکە زۆرجاران دەباغی ئایدن ئینهایدا دەبیندرێ.من بۆ خۆشم چەند جارێکانم دیبوو، بەڵام ئەوشتەی کە ئایدن بۆی گێڕامەوە راستیەکەی هەموو مووی لەشم ڕاستبوونەوە، نێستاش من ئەو شتەی لەئایدینم بیستبوو، بۆتان دەگێڕمەوەو پێتان دەڵێم:

جووجکە قەلێکی دیکە لە هێلانەی بەر ببۆوە بن درەختەکە. قەلێکی زلەکەوتە قارەقارو هەڵبەزو دابەزێ بە دەوری جووجکەکەیدادیاربوو داکێ جووجکەکەی بوو. زۆری نەبرد کە قارەقارێ قەلەداکانەکەی پێنج شەش قەلی دی گەیشتنێ.

سەرو کەللەی کتکە پشیلەێکی لەسەربێ و وریاو ئامادە لەناو چیمەنی ژێر درەختەکانەوە پەیدابوو.لەپشت درەختەکانەوە خۆی مەڵاس دا و وردە وردە و لەسەرە خۆ بەرەولای جووجکە قەلەکەوە لەسەر زگ کەوتە خزینێ. ئەوجا کە گەییە نزیك جووجکە قەلەکەی، لەجێی خۆی،خۆی مات کردو پنجورکەکانی زۆر بەلەباری لە عەردی گیرکردن و دەستی کرد بە پاشەڵ بزاوتنێ. دەیهەویست یەکاندەر دوو خۆی باوێتە جووجکەقەلەکەی.

خوار لەشی لەسەر پاشووەکانی دوایەی یەك دووجاران وەك فەنەری بەرزو نزم کردەوە.

زۆری نەمابوو ئامبازی بێ. قەلێکیان پشیلەکەی دیبوو وکەیفی چوو بوویە. ئەویش هەر قەلە داکانەکە بوو. ڕاست وەك فڕۆکەیەکی جەنگی کە بەسەر سەنگەری دوژمندا گوڕ دەبەستێتەوە وخۆ لوول دەدا، بەرەو لای پشیلەکەوە سەرەو ژێر بۆوە. لە ولاشەوە چەند قەلێکی دیکە کەدەتگوت ئەوا کەوتنە خوارەوە، تا نزیکی عەردی خۆیان شل دەکردو دووبارە بە قارەقارێکی سامناك و ترسناکەوە هەڵدەستانەوە. پشیلە ترسا و هەڵات. بەڵام زۆر دوور نەکەوتەوە. دوو دانەپشیلەی دیش پەیدابوون.ئێستا سێ دانە پشیلە بۆ جووجکە قەلەکە دەبۆسەدان و هەروا ددانان دەسوونەوە. تا دەشهات وردە وردە ژمارەی قەلەکان بە ئاسمانێوە زیاتر دەبوو وقەلی دیکەش بەدەنگی ئەو قەلانەوە خۆیان دەگەیاندە باغی بۆ کۆمەك و هاریکارییەکی. پشیلەکان، کەلەسێ لاوە خۆیان بۆ جووجکە قەلێ مەلاس دابوو، پەلاماریان هێنا .قەلەکانیش بۆ ترساندن و ڕاونانی پشیلەکان خۆیان تێکردنەوەو دایان هاتنەوەێ... پشیلەکان ببوونە چوار،قەلەکانیش زۆرتر بوون.

شەڕی نێوان قەل وپشیلان تا دەهات گەرمتر دەبوو. پشیلەکان دەیانهەویست هەر چۆنێك بووە جووجکە قەلەکەی بفڕێنن و بیخۆن.

قەلەکانیش بڕیاریان وابوو بەهەر نرخێك بووە نەهێڵن جووجکە قەلەکە وەچنگ پشیلەکان بکەوێ. قارەقاری قەلەکان گوێی ئاسمانی کەڕ دەکرد و عەردو ئاسمانی پڕکرد بوو.

من دەمتوانی وەك جارەکانی پێشوو،خۆم بگەیەنمە جووجکە قەلەکەو ڕزگاری کەم، بەڵام دەمزانی پێم بەخێو نابێ. جارانی پێشووش چەند دانە جووچکە قەلم ڕزگار کردن، بەڵام نەمتوانی چاکیان بەخێوکەم و باشم ئاگالێیان بێ،هەموویان مردن.

زۆر بەکونجکاوییەوە دەستم کرد بەسەیرکردنی شەڕێ.دوو سەعاتی زیاتر خایاند، نە پشیلەکان چاوپۆشیان لە جووجکە قەلەکە دەکرد و نەقەلەکانیش ئامادەبوون جووجکەکەیان پشیلە بیخۆن. دوای چەند سەعاتان سروستیش بە هانای پشیلەکانەوە هات.

بووە عەسر، ئەوجا ئێوارە و هەوا تاریك بوو. هەرکە بووە شەو ئیدی قەلەکان چاویان نەدیدەدیت و ناچار بوون بە قارەقاری شیوەن ئاساییانە بەنائومێدی مەیدانی جەنگ چۆل کەن و بەجێی بێڵن. پشیلەیەکیان ئامبازی جووجکە قەلەکەی بوو. جووجکە قەلەی بەددانییەوە گرت ولێیدا هەڵات. چوار پێنج پشیلەی دیش وە دوای وی کەوتبوون.

ئەو ورچەی ڕێوییەکی ڕاوکرد

لە دێیەکەی مە، هەموو شەوێ ورچێك دەهات و لەمێگەلی مەڕی دەدا و چەند سەرێکی دەبردو دەیخوارد.

مەسەلەکە، مەسەلەی ڕۆژێك و دوو و سێیان نەبوو، ئەوە ئیشی هەموو شەوی ورچەی بوو.ئەلبەتە شوانەکان هەموو دەمێ هەر خەریکی دۆزینەوەی چارەیەکی بوون، بەلاّم بێ سوود بوو.

شەوێکیان هەمدیس شوانەکان دانیشتبوون و ئاگریان کردبۆوە ولە دەورەی دانیشتبوون وخەریکی دۆزینەوەی چارەیەکی بوون،کە چیبکەن باشە. تفەنگێکی حوسکەشیان لەلابوو.زۆر نەچوو سەرو سەکوتی ورچە پەیدابوو. شوانەکان دەستیان بەهات و هاوارو ودەنگە دەنگ و تێوە خوڕینێ ورچەی کرد تا بیترسێنن ودووری خەنەوەو بیرەتێنن. بەلاّم ورچە گوێی لەو هات و هاوارو زەنا و وەرەو بڕۆیە نەبوو.

یەکێ لە شوانەکان دەستی بۆ تفەنگێ بردو سێرەی لێ گرت و ماشەی ڕاکێشا، بەلاّم چرووکی کرد و بەڕێی نەکرد.ورچە هاتە پێشتر.شوانەکان لەترسان تفەنگەکەیان فڕێدا وهەلاّتن. ورچەش هات و تفەنگەکەی هەلگرتەوەو هەر بەئەژنۆی شکاندی. ئەوجا خۆی بەمێگەلێ دادا و مەڕێکی گرت و هەر لەوێ زگی دڕی و پارچە پارچەی کرد و دەستی بەخواردنێی کرد. ڕێویەکیش خۆی هەلنابوو و هەموو شەوێ دەوەختدا دەگەییە سەرێ و بەرماوەکەی دەخوارد. ئەو شەوەش هەرکەورچە کارەکەی کرد ڕێوییەکەی گەیشتێ و هاتەوە.

ورچە چاوی بە ڕێوییە کەوت کە لە دوورەوە چاوەڕێ بوو. پارچە گۆشتێکی لە مەڕەکە بچڕی و هەلیدایە پێشێی. ڕێوی لە سەر زگ بەخشکەیی هاتە پێشێ و پڕیدایە پارچە

گۆشتەکەو خواردی. ورچەکە پارچەگۆشتێکی دیکەشی بچڕی، بەڵام ئەمجارەیان کەمێك نزیکتری هەڵدا. ڕێوی بەترس ولەرزێکەوە نزیك بۆوە و ئەو پارچەشی خوارد. ورچە چەند جارێکی ئەو کارە دووپات کردەوە، بەڵام هەر جارەی گۆشتەکەی نزیکتر هەڵدەدا. جاری دوایە گۆشتەکەی هەروا دوو هەنگاوێك دوورتر لە خۆی بۆ هەڵدا. ڕێوییەکە زۆر بەترس و بەپارێزەوە بۆ پارچە گۆشتەکە لە ورچەنزیك بۆوە، بەڵام هێشتا قەپۆزی نەگەیبووە گۆشتەی کەورچە پەلاماری دا و گرتی، دوای گرتنی ڕێویەی ورچە شیشەی تفەنگەکەی دەرکێشا وچوو لەبەرچاوی شوانە حەپەساوەکان لەسەر ئاگرەکەی دانا و سووری کردەوە و چەند جارێکانی بن کلکی ڕێوییەی پێ داغ کرد و دووبارە چەند جارێکی دیشی والێکردەوە هەتا ڕێوییەکە مرد. ئەوجا ورچەکە ڕێوییەکەی هەڵدایە پێش شوانەکان و واشی تەماشاکردن کە هەروەك بڵێ:

– ئەوەش هەقی ئەو پاروە نانەی ئێوارێ کە خواردمان! ئیدی لەو شەوەوە ببڕای ببڕای ورچە بەو ناوەیدا نەهاتەوەو ون بوو.

شەڕە کەڵەباب

مامم چەند دانــە مریــشك و کەڵــەبابێکی هــەبوو. دراوسێیەکانیــشمان هــەر مریــشك و کەڵەبابیان هەبوون. هەموویان دەحەسارێدا و لەبەردەمی ماڵێ و مزگــەوتێ خــڕ دەبوونــەوە و چینەیان دەکــرد. کەڵــەبابی دراوســێ، بــەردەوام ڕاوی کەڵەبابەکــەی مــامی دەنــاو لێیــدەدا. ڕۆژێکیان مامم دیتی کە کەڵەبابەکەی لەبەر دەستی کەڵەبابی ماڵە دراوسێی چــەند زەلیلــەو چۆنی لێدەدا . زۆر پەست بوو، گوتی:

- ئەو کەڵەبابەی سەربڕن.

من زۆر پاڕامەوە و نەمهێشت کەڵەبابەی سەربڕن.

هەر ئەو ڕۆژە چوومەوە ماڵێ خۆمان. ماڵێ مــە لــە جزیــرەی بــوو. دەمەویــست بــچم و کەڵەبابەکەی خۆم بێنم و دە کەڵەبابی ماڵە دراوسێیەکەی بەردەم کە بەردەوام لە کەڵەبابەکەی مامی دەدا.

کەڵەبابەکەی من کەڵەبابێکی بەرچاو بوو. کەڵەبابییــەتی لەپــەڕو بــاڵ و پــۆپڕە و بــەڕێوە ڕۆیشتنی دەباری. کەڵەبابەکەی من کەڵەبابی شەڕێ نەبوو. هەروا کەڵەبابێکی جــوانی ماڵــێ بوو. بەڵام هێندەی پێوە بــووین و هێنــدەمان ئاگــالێیبوو کەڵــە هــەموو کەڵــەبابی گــەڕەکێ ملەستوورتر بوو. وە دوا هەمووان دەکەوت و لە هەموانیشی دەدا و ڕاوی هەموانیشی دەنا. هەر بۆیەش پێموابوو ئەو بەهەموو کەڵەبابێکان دەوێرێ.

ئەو شتەی کە لە هەموو شتێکیش زیاتر دەست و پێی شەڕێی دەگرت، ئەو پۆپڕە گەورە و جوانەی بوو. ئەو پۆپڕەی کە هەر وەك بڵێسەی ئاگری سوور بوو و شەپۆلی دەدا، هەمیشە لار دەبۆوە و دەکەوتە سەرچاوی چەپی. ئەوان نەزان و چەقۆ وەشێن و سەڵلاتیانەشتان دیــون چــۆن کڵاوێ بە لاتیلاکی سەریەوە دەنێن و خۆبادەدەن ئەویش ئاوابوو. ئێوە نــازانن کەڵەبابەکــەم چ

کەڵەبابێك بوو. بە کورتییەکەی هیچی لە کەڵەبابەییە کەموکورتی نەبوو. پەڕەکانی تێکەڵەی زەرد و قاوەییە بوو، هەموو ڕەنگەکانی تێدابوو.

کلکی یەك کەوانەی شەپۆلدار و بریسکەداری ڕەش و شین تێکەڵاوبوو پەڕەکانی بەرگەردەنێی دە زەرد و سووری و خەنەیی و هەموو ڕەنگەکانی دیدا هەروا بریسکەی بوو و هەر دەبوو تەماشای کەی. کەڵەبابەکەم دوو ساڵی بوو. کەڵەبابەکەمم دەبن هەنگڵێ نا و سواری کەشتییەبووم. یەکێك لەسەرنشینەکانی کەشتییەکە گوتی:

- کوڕەکەم ! ئەوە ئەو کەڵەبابە جوانەی بۆ کوێ دەبەی؟

منیش بۆم گێڕایەوە. ئەو کابرایەش ئامۆژگاری کردم و گوتی: ((تا ئەو کاتەی کەڵەبابەکەت بەو جێیە ڕانەیە نەکەی دەکەڵەبابی دیکەی بەردەی و شەڕی پێبکەی، دەنا دەبەزێ.)) دەیگوت: ((مەگەر نەتبیستووە کە گوتوویانە هەموو کەڵەبابێك لەسەربانی ماڵە خۆی چاك دەخوێنێ؟.. سەرەتا دەبێ دوو سێ ڕۆژانی باوێیە ناو کۆریتەی مریشکان، تا دەگەڵ جێیە تازەکەی ڕابێ، ئەو دەمی دەتوانی شەڕی پێبکەی.))

قسەکانی ئەو پیاوەم هێشتاش لەبیرە. دەیگوت: ((کەڵەباب بۆ دەگەڵ یەك بەشەڕ دێن؟. دەزانی بۆ؟... چونکە هەموو کەڵەبابێك دەیهەوێ لەسەر مریشك و کولانەو کۆریتی خۆی بکاتەوە و بیپارێزێ.. ئاخر ئەگەر کەڵەبابێك مریشك و کولانەو کۆریتی نەبێ لەسەرچی شەڕێ بکا؟.)) تا بەرلەوەی ئەو پیاوەی ببینم سەد دەرسەد لەو بڕوایەیدا بووم کە کەڵەبابەکەی من کەڵەبابی دراوسێیەکەی مامم دەبەزێنێ.

بەڵام کە گوێم لەقسەکانی ئەو کابرایەی بوو، دوو دڵ مام !... ئەگەر کەڵەبابەکەم بەزی چی؟...

کاتێ گەیمەوە ماڵێ مامم، بەقسەی ئەوکابرایەم کرد. کەڵەبابەکەم هاویشتە کۆریتێوە. چەند ڕۆژێکان لەگەڵ مریشکان بوو. دەگەڵ کۆریت و مریشکان ڕاهات. هەروا بەیەك دوو دەندووکان کەڵەبابە بەزیوەکەی مامی بەزاند و ڕاوی نا. ئیدی کۆریت ومریشکەکانی بەئی خۆی دەزانین. ڕۆژێکیان بەیانی، کەڵەباب ومریشکەکانم بەرهەڵدانە حەسارێ. کەڵەبابی دراوسییەکە دیار نەبوو. کەڵەبابەکەی مە باڵی لێکدەدان و پێپرکەی دەعەردیدا دەکرد و گڵ و خۆڵی هەڵدەدایەوەو دەیخوێند و کەڵەبابییە خۆی بەسەر مریشکەکاندا دەردەخست وخۆی بەسەر دا هەڵدەشەنگاندن. لەپڕ سەرو سەکوتی کەڵەبابی دراوسێی پەیدابوو. کاتێکیش کەچاوی بە کەڵەبابەکەی من کەوت، بەخۆیادان و فیزو ئیفادەیەکی زۆرەوە لێی هاتە پێشێ

ونزیك بۆوە لێی. سەرەتا چەند هەنگاوێكانی ڕاكرد. كەنزیكتربۆوە هەنگاوەكانی گرتنەوە. كەڵەبابەكەی منیش هەركە چاوی بەوی كەوت، خۆی خڕو ئامادە كردەوە.

دوو بەدوو بەرامبەر یەك ڕاوەستان. بەتەواوی بەرامبەر یەك نەبوون. لاو نیو بوون.

پەڕی ملی هەردووكان قرژببوون، هەردووكیان تا سەرعەردیان خۆ نەوی كردبوو و وردە وردە بەدەورو خولی یەكدا سووڕان. دیاربوو هەریەكەیان دەیهەویست ئەویدی غافلگیركا. هەردووكیان لەسەر هەست بوون.

كەڵەبابی دراوسێیەكە سپی بوو. پۆپڕەكەشی بچكۆلانە بوو. تۆزێكیش لە كەڵەبابەكەی من بەرزو باوەخۆشتربوو. كاتێ كەهەردووكیان ڕووبەڕووی یەكتری بوونەوە بەتەواوەتی دیار بوو كەكەڵەبابی دراوسێیەكە زاڵ وباوەخۆشترە. بەڵام كەڵەبابەكەی من جوانتربوو. جاباشە ئەگەر كەڵەبابەكەم بەزیبایە چم كردبایە؟

نەدەبوو بهێڵم كەڵەبابەكەم ببەزێ. ئەگەر كەڵەبابی دراوسێیەكە زۆریی بۆ ئەوەی من هێنابایە ڕاوم دەناو نەمدەهێشت.

كەڵەبابەكان هەر جارێكی پێك هەڵپڕژان و كشانەوە. وەك بڵێی هەریەكەیان پیاوەتی و ئازایەتی و لێهاتوویی ئەویدی تاقیكاتەوە. جارێكی دیش پێك هەڵپڕژانەوەو چەپۆكیان لێكدان. وردە وردە خەڵك كۆبۆوە و چواردەوری گۆڕەپانەكەیان گرت. هەر زۆر زوو حەساری مزگەوتێ پڕ بوو لە تەماشاچی. بەو هەموو حەشیمەتەوە كە دەورەی كەڵەبابەكانیان دابوو، چۆنم دەتوانی ئەگەر كەڵەبابەكەم هاتە بەزینێ بەهانایەوە بچم و دەفریای كەوم و ڕاوی كەڵەبابەكەی دی بنێم. خاوەنی كەڵەبابە سپییەكەش هاتبووە سەیرێ و بەردەوام هانی كەڵەبابەكەی خۆی دەدا. و غیرەتی وە بەر دەنا:

- ئافەرین... ماشەڵلا... ئافەرین... دەی بابزانم چدەكەی، دەستخۆش... شەڕەكە بەتەواوی گەرم داهاتبوو. من زۆرلەو بەشەڕدانەی كەڵەبابەكەم پەشێمان بووم، بەڵام تازە كارلەكار ترازا بوو.

چونكە پەیكەری كەڵەبابەكەی من چكۆلەتر بوو نەیدەتوانی پێی هەڵپڕژێ و دەندووكی بگەیەنێتە پۆپڕە خڕوپڕەكەی كەڵەبابی دراوسێیەكە. بەڵام چونكە كەڵەبابی دراوسێیەكە زلتر و باڵابەرزتر بوو، دەگەڵ هەر پێ هەڵپڕژانێكی دەندووكێكی توندی لە پۆپڕەی كەڵەبابەكەی من دەدا، كە وەك گوڵێكی گەورەو پەڕپەڕ بەسەر سەریەوە كرابۆوە، بەڵام چۆن لێدانێك. دەگەڵ هەر دەندووكێكیدا كە لێیدەدا برینێكی قوڵی لە پۆپڕەكەی دەكرد.

من چاوەڕێ بووم دەنێو ئەو هەموو تەماشاچیانەدا پیاوچاکێك پەیدابێ و بڵێ:
- ئیدی بەسە، لێکیان کەنەوە.

بەڵام پیاو چاکی وا کوا؟... دەنێو ئەو حەشیمەتە کونجکاوەیدا، من بەخۆڕایی لە پیاوێکی وا دەگەڕام. شەڕێکی بێ بەزەییانەو پەنجە دەپەنجەو دەندووك دە دەندووکدا بەرپا ببوو. کەڵەبابەکەی من زۆری وێدەکەوت، بەڵام مەیدانیشی هەرچۆڵ نەدەکرد و نەدەبەزی. لە ڕاستیدا هیچ کامێکیان تەواو بوونی شەڕەکەیان هەر بە خەیاڵیشدا نەدەهات.

ئەمجارەیان کەڵەبابە سپییەکە، دەندووکێکی زۆر بەقەوی هاویشت و پۆپڕەی کەڵەبابەکەی مەی گرت. چەند جارێکانی ئەو بەستە زمانە هێناو برد و لە عەردی کوتا. کەڵەبابەکەی من هەروا باڵەفڕکەی بوو، کەچی ئەو وازی هەر لێ نەدەهێنا.

کەڵەبابەکەم هێندەی نەمابوو هەناسەی لێ ببڕێ. کەڵەبابە ملە ستوورەکەی دراوسێش دەیهەویست دەبن چەپۆکانیدا بخنکێنێ و بیکوژێ. کەڵەبابەکەشم لە تاوی ئازاری خۆی، تەکانێکی یەکجار زۆر توندی دایەوە بەرخۆی و وای خۆ ڕاتەکاند مەپرسە وخۆی لەچنگان دەرێناو رزگاری بوو. بەڵام دیاربوو گێژ بووە، یەك دوو ڕەتی بردن و پاشەوپاش چۆوە، دەدڵی خۆمدا دەمگوت: ((خوا بکەم ببەزێ و رزگاری بێ...)) کەڵەبابەکەی من کەمێك چووە دواوە. دوایەش وەك بڵێی چۆن دانی هەڵدەگرێتەوە ئاوای سەر نەوی کرد، بەڵام دیاربوو بەو دەنگەی کە لەقوڕگیڕا دەهاتە دەرێ، شەڕەکەی هەر دەکات و مەیدانێ چۆڵ ناکا.

دیار بوو بەو فێڵەی پشووێکی دەداو خۆی دەحەسێنێتەوە. ئەمجارەیان کەڵەبابەکەی من ڕاپماشتێ وخۆی بە کەڵەبابی دراوسێیەکە دادا و ئیدی وەریگەڕایە...

هەر جارێکی کەڵەبابەکەی من پێی هەڵپڕژابایە کەڵەبابەکەی دراوسێش بەوی هەڵدەپڕژییەوە لە حەوایدا چنگیان لێك دەدان و دەکەوتنە شەڕە دەندووکان. پەڕی ملی کەڵەبابی دراوسێ دەتگوت پەپوولەن هەڵدەکەندران و بە هەوایدا بڵاو دەبوونەوە. پەڵە خوێنی سوور بەسەر باڵی ئەو پەڕە پەپوولانەوە دیاربوو. لەپڕشتێکی سامناکمان دیت:

جاری دوایە کەهەردوو کەڵەبابەکە خۆیان بۆ یەك هەڵداو دەهەوایدا تێکەوە گلان، کەڵەبابەکەی من قجەکەی سینگی کەڵەبابی دراوسێیەکەی شەق کرد و چیکڵدانەی کەڵەبابە سپییەکەی بەنووکی قجەکەیەوە دەرێنا.

کەڵەبابە سپییە بێ دەرەتانەکە بەلاداهات و کەوتە سەرعەردی و دەستی بەفرکەفرکێ کرد.دەنکە جۆ و زوڕات و گیاوگۆڵ و ئەوشڕوشاڵاتانەی دەچیکڵدانەیدا بوون هەمووی هاتنە دەرێ و هەڵمیان لێ هەڵدەستا.

کەڵەبابەکەی من کە لەو شەڕەیدا زۆر بێ بەزەییانە سەرکەوتبوو، وەك ئیزرائیلی سەر لە نوێ خۆی بەدوژمنەکەی دادایەوە کە دەخاك و خۆڵ و خوێنێ وەرچوو بوو و تێیدا دەگەوزی و خەریکی گیاندانێ بوو. خاوەنی کەڵەبابە سپییەکە هەڵیگرتەوە و لێیدا رۆیشت. ئەڵبەتە بۆیەی بردەوە تا پێش ئەوەی مردار بێتەوە سەری ببڕێ.

منیش کەڵەبابەکەی خۆمم هەڵگرتەوە. پۆپرە خوێناوییەکەیم شووشتەوەو دەرمانم کرد و بردمەوە ناو کۆریتێ.

نازانم هەفتەیەك یادوو هەفتەی پێچوو جارێکی دیش هاتمەوەماڵێ مامم. کەڵەبابەکەم دیار نەبوو. لەمامۆژنم پرسی. مامۆژنم گوتی:

- مامت بردی سەری بڕی.

- بۆ؟

- چونکە بەستەزمانە نەخۆش بوو و خەریك بوو بمرێ. مامت پێی حەیف بوو مرداربێتەوە.

پشیله بۆ ئادەمیزادە یا ئادەمیزاد بۆ پشیله؟

لە ئەمەریکا بووم. زگم هەبوو. ئێستا نازانم لە دووری وڵاتی بوو یا ئێش و ژانی ناوسیە بوو کە مێشکم زۆر ماندوو ببوو. لەیەکێك لەو شەوە ناخۆشانەدا وڕکم گرت کە:

- پشیلەیکم دەوێ.

حەزم لیبوو پشیلەیەکی بچکۆلانەم هەبێ و نەوازشی کەم و بی لاوێنمەوە. ئەڵبەتە هەستێکی سەیر بوو...

لەو شارەی لێی بووین موغازەیەکی گەورەی کۆنە فرۆشیشی لێبوو، خاوەنی موغازەکە کەژنێکی دەوڵەمەند بوو، دەستکەوتی ئەو موغازەیەی نابووە پێناوی ئاگاداری و بەخێوکردن و چاوەدیریە پشیلانەوە. ئەو دەولەمەندانەی دیکەش کە دۆستی پشیلان بوون و خۆشیان دەویستن، بە پارەو پول و دەست و دیارییەوە یارمەتییان دەدا و پشتیان دەگرت. هەر ئەو موغازەیەش پشیلەشی دەفرۆشتن.

بۆ رۆژی دوایی مێردەکەم بردمیە ئەو موغازەی کۆنە فرۆشیەیە. گوتمان نیازمان وایە پشیلەیکی بکڕین. بەرێوەبەری موغازەکە گوتی:

- ئێوە زگتان هەیە؟

پێوەمەوە دیاربوو کە زگم هەیە.

گوتم:

- بەڵێ.

گوتی:

- راستیەکەی ئێمە ناتوانین پشیلەتان دەینێ و پێتان بفرۆشین، کەی بەتاڵ بوون وەرنەوە. ئەو دەمی هەر پشیلەیەکتان ویست دەتوانن بیکڕن. گوتم:

- ئەدی ئێستا بۆ نایفرۆشن؟ وەڵامی دایەوە:

- چونکە ئەگەر ئێستا پشیلەکەتان پێ بفرۆشین، پشیلەکە ئۆگرتان دەبێ. دوایەش کەمنداڵتان بوو، حەسوودییە بەمنداڵەکەتان دەباو ئیرەییەی لێدەکا و غەمێی پێ دەخوا. بەلاّم ئەگەر دوای منداڵبوونێ بیکڕن، پشیلەکە هەر لە هەوەڵێوە ئۆگری هەردووکتان دەبێ پێکەوە. ئەو دەمی نەحەسوودی و نەئیرەییە دەباو نەخەفەتانیش دەخوا.

تاوان

ئەفسەری سوپا بووم، لەشاری قارس بووین، هەرلە منداڵیەوە مـرا حـەز لـە جووجکـە و مریشکان بوو، رامسپاردبوو لە خوار گردەکەی پشت ماڵێ خۆمانەوە قەفەزێکی مریشکانیان دروست کردبوو. دوو مریشکیان کورك بوون هێلکەم لەبن نان و نامنەوە بەهەردووکان بیـست دانە جووجکەیان هەڵێنان. هەموو رۆژێ بەیانیان و ئێواران سەرم لێدەدان، دانم بۆ جووجکەکان رۆدەکرد و ئاوەکەیانم پردەکردەوە. جووجکەکان باڵەفرەو فراژوو بوون.

رۆژێکیان جووجکێکیـان دیـار نـەما. رۆژانـی دواتـرێش هـەر رۆژەی یـەك دوو دانـەیان وندەبوون.

سەگێکی زلەی خوێڕیان لەگەڕەکێ بوو. بۆ خۆم بەسەر تاوانەکەیدا چووم. بەردبارانم کرد. هەڵات. رامسپارد هەر چوارلای کۆریتی مریشکەکانیان تۆڕبەند وتەلبەندکرد، بەڵام سـەگەکە هەر وازی نەدەهێنا. سەر لەنوێ دەهاتەوە گیانی مریشك و جووجکەکان و دەردی دەدیتن.

سەگەکە خراپی خوو بەگۆشتی جووجکەکانەوە گرتبوو. هەرچەندی کردم وکراندم نەمتوانی پێشی پێ بگرم. ئەوجا ئەوەندە جووجکەی مابوونەوە دەکۆریتێم کردن و دەرکەم لێ داخـستن. نەمهێشت هەنگاوێك بەولاتری کۆریتێوە بێن.تەنیا پێنج دانەیان مابوونەوە. جارجارە بۆ خـۆم لە کوریتێم بەرهەڵدەدان و هەر بۆخۆشم چاوەدێریم دەکـردن و ئاگـام لێـدەبوون تـا بگـەڕێن و چینەی بکەن و بای باڵی خۆیان بدەن، بەڵام کە بمویستبایە بچمەوە سەرکارەکەم، سـەرلە نـوێ هـەموم دەکۆریتـێ دەکردنـەوەو دەرگاکـەم دادەخـستەوەو دەرۆیـشتم، بـەڵام دیـسانەوەش دەروەستی ئەو سەیە جانەوەرەی هەر نەهاتم.

شەوێکیان دووبارە هاتبۆوە سۆراغی مریشکەکان و دەرکەی کۆریتەکەی کە هێندە تونـدو تۆڵ و قایم نەبوو، بەهەر فێڵێکـە کردبوویـەوە و مریـشکێکی دیکەشـی خواردبـوو. ئـەویش دەزانی کامەیان؟... ئەوەی کەلە هەمووانم خۆشتر دەویـست و هەمیـشە دەهاتـە سـەر شـانم هەڵدەنیشت. ئیدی من بوومە دوژمنی ئەو سەیەی و بڕیـارم دا لـە جیـاتی ئـەو جووجکـەی سەگەکەی بکوژم.

رۆژێکیان دیسانەوە سەرو سەکوتی سەیەی، لە تەنیشت کۆریتێ مریشکانەوە پەیـدابۆوە. چوومەوە سەربازخانەی — کە هەر لەو نزیکانەوە بوو وتفەنگەکەمم هێناو هاتمەوە. سێرەم لـە سەیەی گرت و پەنجەم لێ کێشا سەگەکە نە تۆپی. هەر بریندار بوو. رانی کون ببوو. ئەو سەگە بێدەرەتانـە بـە چـوار دەورەی خۆیـدا دەسـووڕایەوەو ئـەو خوێنـەی لـە رانەکەشـی دەهـات، دەیلستەوە. بۆ ئەوەی خوێنی برینەکەشی بلێسێتەوە، سـەری وەرسـووڕاندبۆوە و قـەپۆزی بـە رانییەوە نووساند بوو و بـەو حالـەوە بـەدەوری خۆیـدا دەسـووڕاو دەیقرووسـکاند. دیمـەنێکی دڵتەزێن بوو. ئیدی نەمزانی چبکەم. ئیـدی جووجکـەو مریـشك و بـێ بەزەییـە ئـەو سـەگە جانەوەرە سەیرەم هەموو لەبیر چوو بۆوە.

دەخەیاڵی ئەوەیدابووم کە ئەو بەسـتەزمانەی چـۆن چارەسـەرکەم. بـەرەو لای سـەگەکەوە چووم. بەقرووسکە قرووسکەوە هەڵات. دووبارە سێرەم لەسەگەی گرتەوە.

نەمدەتوانی ئاوای ببیـنم، پەنجـەم لێ کێـشایەوە. گوللـەی دووەم کاریگـەربوو. کـەلاکی سەیەی کەوتە سەر عەردی وتخێڵ بوو.

سی ساڵ بەسەر ئەو رۆژەیدا چوو، بەلام هێشتاش کە هێـشتایە، ئـەو دیمەنـە سـامناکەی دەخەوێدا هەر دەبینم و هەر چەندی دەکەم ئەو سەیەم لەبیر ناچـێتەوە کەبـەدەم قرووسـکانێوە بەدەوری خۆیدا دەسووڕاو برینەکەی دەلستەوە.

ئەو وانەی کە دەبێ لە ورچەوە فێریبین

پێش ئەوەی من بەسەر هاتەکە بگێرمەوە، دەبێ یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی ورچێتان بۆ باس بکەم: ورچ ڕاست وەك بنیادەمان دەتوانن تف و زللە باوێن.

یەکێك لە برادەرەکانم کە پەیامنێری ئاژانسی ئاناتۆلییە دەیگوت:

باپیرم کەلە دێهاتییەکانی دەوروبەری گدیزە، رۆژێکیان لە مەزرایە خەریکی کاربوو، کارە گەورەکەی (دەست بە ئاو) گەیاندن هەڵدەستێ و لە جێیەکی دەگەڕێ لێی دانیشێ: جێیەکی چۆڵ و داپۆشراو و نادیاری وا کە بۆ دەست بە ئاو گەیاندنێ بشێ و بشتوانی تارەتی لێبگرێ. دەچێتە لایەکی پڕدار و درەخت و نزیك کانییەکیەوە.

لەسەر ئاوەکە هەڵدەتووتەکێ.. پاش ماوەیەك خشەخشی پێیەك دەبیسێ. وەك بڵێی ئەوە یەکێك دەنێو قامیشەڵێنەکەی پشت درەختەکانەوە هەنگاوان باوێ.

ئەوجا دەبینێ کە قامیشەڵێنە چڕەکە دێن و دەچن و بەلاوە دەنرێن، دوایەش دەبینێ خۆ ئەوە لقە بییەکانیش لادەدرێن ولەپڕ چاوی بەکەتە ورچێکی زۆر زلە دەکەوێ لەقامیشەڵێنەکە هاتە دەرێ و بەنێودار بییەکاندا رابرد و خۆی گەیاندە سەر ئاوی کانییەکە کە دەبووە جۆگەلە و بەبن درەختەکاندا تێدەپەڕی. باپیرم لە ترسان هەناسەی لێدەبڕێ...

ورچە سەری بەسەر ئەو ئاوە زوڵاڵەیدا شۆڕ دەکاتەوە دەڕوا تا ئاوێ بخواتەوە، بەڵام هەرکە لێوی دەگاتە ئاوەکە، دەکشێتەوە و دەستدەکا بە بۆن کردنێ. هەروا کە ئەولاو لایان بۆن دەکا، کتوپڕ چاوی بە باپیرم دەکەوێ. هەر دووکیان چاوتێك دەبڕن. باپیرم کە هەلتووتەکاوە، دادێتەوە، بەڵام لەترسان ئەژنۆی شکابوون، نەیدەتوانی هەستێتەوە. هەروا بەنیوە لاریەوە وشك دەبێ. ورچە وردە وردە لە باپیرم نزیك دەبێتەوەو ئەوجا ڕاستدەبێتەوە سەرپێیان و وەك بنیادەمان ڕادەوەستێ. ماوەیەك هەروا لاونیو سەیری چاوی باپیرم دەکاو ئەوجا، لە پڕ دوو زللەی جانانەی ڕاست و چەپی لەبنا گوێی دەدا، دوایەش تا دەمی دەیهێنێ یەك چنگە تفی بە دەموچاویدا دەکات و بێ ئەوەی لێویشی تەڕکا، وەردەسووڕێتەوە و یەواش یەواش و ساڵدانە ساڵدانە ملی ڕێیە دەگرێت و دەڕوا.

پشیلەی هونەرمەند

ئەم رووداوە خانمە مامۆستایەك بۆی گێڕامەوە:

رۆژێکیان کە دەگەڵ ئاشنا و ڕۆشنایان لێـك خڕبووینـەوە و هەریەکـەش باسـی شـیرین کاریەکانی سەگ و پشیلەکانی خۆمانمان دەگێڕانەوە.

یەکێك دەیگوت: پشیلەکەی من دەمی وەبن شێرەی ئـاوێ دەدا کـە دەچـکێتەوە و ئـاوا ئاوێ دەخواتەوە... ئەویدیکەیان دەیگوت: پشیلەکەی من هـەر لـە ئاودەسـتێ دادەنیـشێ و کارەکـەی خـۆی دەکـا... یـەکی دیکـە دەیگـوت: ئۆگریـە سـەگ و پـشیلەی مـاڵی تەماشـاکردنێیە... ئەویـدی دەیگـوت کەنارییەکـەی مـن بەسـەر سـەری سـەگەکەمەوە دەنیشێتەوەو گەمەی دەگەڵ دەکا و ئیدی لەم بابەتانە.

یەکێ لە ژنەکان کە هەر بێدەنگ بوو و هیچ قسەیەکی نەدەکرد، هونەری پشیلەکەی خۆی دە تەنیا ڕستەیەکیدا چڕ کردەوە:

- پشیلەی من زەنگی دەرگا لێدەدا.

ئێمە وامانزانی هەروا بەگاڵتە وا دەڵێ. پێکەنین و گوێمان نەدایە، بەڵام من پاشـان بـۆ پشیلەکەخۆم شایەدی پشیلەی ئەو خانمە بووم کە زەنگی دەرگای دەرەوە لێدەدا تا دەرگـای لێ بکەنەوە.

ماڵەکەیان خانووێکی سێ نهۆمی کۆنی ئەستەمبوڵی بوو. لە تەنیـشت دەرگـای کۆڵانـێ پەنجەرەیەك هەبوو، بن پەنجەرەکە هەڵچنرابوو، پشیلەکە خۆی هەڵدەدایـە نـاو پەنجەرەکـەوە و دەستێکی درێژ دەکرد و پەنجەی دەنایە سەر زەنگەکەو دوگمەکەی پاڵ پێوە دەنـاو زەنگەکـەی لێدەدا. من ئەم رووداوەم بە چاوی خۆم دیت و حەپەسام.

خاوەن پشیلەکە دەیگوت:

- زەنگ لێدانەکەشی جۆرێکی تایبەتییە، کە هەرزەنگ لێدا دەنگـی زەنـگ لێدانەکـەی دەناسینەوە.

پێشبڕکێی ئەسپێ

زیندانەکانی بیست – بیست و پێنج ساڵپێش ئێستا، زۆر لە زیندانەکانی ئەم سەردەمە پیس وپۆخڵتربوون. منیش ماوەیەك گیرام. بیستم کە لە هەندێ لە ژوورەکانی زیندانێ پێشبڕکێی ئەسپێ غاردانێ دەکەن بەڵام چونکە بەچاوی خۆم نەمدیبوو، نەمدەزانی ئەو شتە ڕاستە یا درۆ، ئەگەر ڕاستە، چۆناوچۆنە.

برادەرە خوالێخۆشبووەکەم والانورەددین پێشبڕکێی ئەسپێ غاردانێی تاوا بۆ گێڕامەوە:

ئەسپێیەکانی پێشبڕکێ بەشیوەیەکی تایبەتی پەروەردە دەکرێن و ڕادەهێنرێن. گۆرەپانی پێشبڕکێیەکەش دەبێ زۆرلووس ولێك وتەختانی بێ. بۆ ئەوە، دێنن پێشبڕکێی ئەسپێ غاردانەکە لەسەر ئەو پارچە تەنەکەیە بە تەباشیر یا بە قەڵەم بازنەیەکی بچکۆلانە دەکێشن. ئەوجا هەر بە دەوری ئەو بازنە بچکۆلەیەدا، بازنەیەکی گەورەتر دەکێشن.

ئەوجا هەموو ئەسپێیەکان پێکەوە و لە یەك کاتدا داوێنە ناو بازنە بچکۆلەکەی ناوەڕاستێ. ئەسپێیەکان دەست بە جووڵە جووڵی دەکەن و وەڕێ دەکەون.

هەر ئەسپێیەك لەو ئەسپێیانە لە بازنەی دووەمی ڕەتکرد و چووە دەرێ ئەوا ئەو دەیباتەوە. هەر خاوەن ئەسپێیەکیش بەر لە دەستپێکردنی پێشبڕکێیە کە پارەیەك لە ناوەڕاستێدا دادەنێ. ئەوجا پارەکان هەموو خڕ دەکەنەوە. دوایەش پارەکە بەحیساب و بەکیتابێکی تایبەتی دەکەنە سێ بەش: زۆرەکەی بۆ یەکەمەکە، ئەوجا بەشەکەمترەکەی یەکەم بۆ دووەمەکەو ئەو پارەی لەوانیش کەمترە ئەوە بۆ سێهەمەکەیە.

پارەی خاوەن ئەسپێیەکانی دیش دەسووتێ، یانی دەدرێتە یەکەم و دووەم و سێهەمەکە.

خاوەن ئەسپێیە بێ پارەکانیش، هەر ڕاست وەك ئەو کەسانەی پێشبڕکێی ئەسپ غاردانێ کەلەسەر ئەسپی خەڵکی دی گرەو دەکەن، تاوا لەسەر نانی ژەمێکی زیندانێ یا لەسەر چەند جگەرەیەکی گرەویان لەسەر ئەسپێی ئەوانیدی دەکرد. ئەسپێی پێشبڕکێیەکانیشیان هەرگیزلێ تێك نەدەچوو و لێیان تێکەڵ و پێکەڵ نەدەبوو، چونکە هەریەکەو نیشانەی خۆیان هەبوو، بە جۆرێکی ئەوتۆ کە هەر خاوەن ئەسپێیەك، ئەوەی خۆی لەناو سەدان ئەسپێیاندا، دەدۆزیەوە.

ستوونی تەلەفۆن

دەگەڵ برادەرێکمدا کەبەیتاڵ — پزیشکی ئاژەڵان — بوو، دێیەکانی خوارووی رۆژهەڵاتی تورکیامان بست بە بست دەپێواو دەگەڕاین.

رۆژێکیان کەوتینە ناو جێیەکی پڕ داروبارى چڕەوە. داروبارەکان تا دەهات چڕوپڕتر دەبوون. جارجارەش دەنگ و هەرایەك بەرز دەبۆوە وتارماییيەکی رەشیش، وەك تیر بەبەردەماندا دەهات و تێدەپەڕی. دکتۆر دەیگوت:

- ورچ بوو.

بەئوتومبێلی جێبمان هاتوچۆ دەکرد. دوای چەند دەقیقێکان دکتۆر ئیستۆپێکی کرد. دەیویست شتێکم پێشان بدا. دابەزین. گوتی:

- ئەم دار بەڕووەی کە دەیبینی، دارتێلی تەلەفۆنە.

دەزوویەکی غەرغەرەیان بەسەردا رایەڵ کرد بوو و تەلی تەلەفۆنێشیان تێ ئاڵاندبوو. وایەری تەلەفۆنێ بەسەر ئەو دار بەڕووەیدا تێدەپەڕی.

دکتۆر گوتی

- پێت سەیر نەبێ ! لەو ناوە لەبەر ورچان ناتوانی سوود لە دارتێلی راستەقینە ببینی.

کە باسەکەی بۆ گێڕامەوە، لەبەر پێکەنینێ وەختە بوو بپسێم.

هەنگوینی ئەم ناوە زۆر بەناوبانگە دەشتوکێوی ئەم ناوە پڕیەتی لە جۆرەها هەنگوینی کێوی وماڵی. ورچیش شێت وشەیدای هەنگوینییە. دەشزانی کە دارتێلەکان هەمیشە هەر ژاوە ژاو و هاژەهاژو وزە وزیانە، ئەگەر گوێتان بەدارتێلی تەلەفۆنانەوە بنێن، ئەو دەنگانە دەبیسن.

ورچەکانی ئەم ناوەش وەك سەگە ماڵییەکانی ناوکوچەوکۆڵان و گەڕەکێ سەربەستانە دەخولێنەوە دێن و دەچن و دەگەڕێن. ئەو ورچانەش لەبەر ژاوەژاو و ویزە ویزی دارتێلەکان پێیان وایە ئەوە مێش هەنگوینەکان ئەوێیان کردۆتە خەڵێف و ئەوە دەوێدان. ورچەکان دێن گوێ بەو دارتێلانەوە دەنێن، هەرکە گوێیان لە ژاوە ژاوێ بوو پێیانوایە خەڵێفە مێشە، دەست دەکەن بەتەکاندان و ڕاوەشاندنێ دارتێلەکان. تا لە زەوییان هەڵدەکەنن و دەیانشکێنن تا بەڵکە تێ هەنگوینی تێدا وەبینن و بیخۆن ! بۆیە هێڵی تەلەفۆنی ئەم ناوە هەمیشە خراپەو بەردەوام تێکچووە.

بووبیك

پێموایە، سەگەکان ئەوانەی خۆشیاندەوێن هەر لە دوورەوە دەیانناسنەوە شەوێکیان بە درەنگەوە لە ماڵی برادەرێکیەوە دەهاتینەوە ماڵێ. سەگێکی بەرهەڵدای خوێڕی وە دووی ژنەکەم کەوت و بێ ئەوەی بانگی کردبێ و خۆی تێگەیانـدبێ لێـی نـە دەبـۆوە، گەڕامەوە چغەم لێکردو ڕاوم نا، بەڵام ئەو هەر نـەڕۆیی و هەڵنـەهات. لـەجێی خـۆی چەقیبوو، کەکەوتینەوە ڕێ دووبارە بەدوامان کەوتەوە. وەك بڵێی بۆ بەردی دابێمەوە و هەستمەوە و وام دەرخست کە بەردی پێدا دەدەم، بەڵام هەر بێ فایدە بوو و سەگە وازی نەدەهێنا. تا بەر دەرکێمان دەگەڵ هات.

ئێمە لە نهۆمی سێهەمی ئاپارتمانێکیدا بووین. بـۆ بـەیانی کـەدەرگامان کـردەوە بچینەدەرێ سەرکارەکانمان، دیتمان هەمان ئەو سەگەی دوێنێ شەوێ کەتا بەردەرکێمان وە دواکەوتبوو. لەپشت دەرکێوە لەسەر ئەو گونییەی بۆ پێڵاو سـڕینەوێمان دانـابوو، ئەوە لێی نوستووە. سەگێکی کەتە ی زلەی زەردی گـەورەی بەرهەڵـدابوو. ڕاومانـنـا، چـغاندمان، بـەڵام هەرچـییەکمان کردوکرانـد نەڕۆیـشت و نەڕۆیـشت. دەرگـاوانی ئاپارتمانەکەمان بانگ کرد بەویش هەر نـەڕۆیی. وەردەکـەوت و نـە دەجـوولا، ئـەوجا دەرگاوانەکە پەتێکی هێناو دەملی کرد و کێشەکێش لە دەرکێی دوورخستەوە.

سەگەکە لەو زەوییە چۆڵاییەی پشت ئاپارتمانەکەمانەوە دوور نەکەوتـەوە. ئێمـەش هەر لە پەنجەرەیڕا، نان و جارو بارەش ئێـسك وپاشمـاوەی خواردنێمـان بـۆ هەڵدەدایـە خوارێ. بێدەرەتانە وەك زۆر تینووی سۆز و خۆشەویستیەکی بێ، وابوو. ئێمەش ناومان لێنا بووبیك ئەوجا دراوسێکانیشمان پاشماوەی خواردن و ئەوجۆرەشتانەیان بـۆ دەبـردو بەتایبەتیش مندالانی گەڕەکێ زۆریان خۆشدەویست.

بووبیك دێڵ بوو، هەر شەش مانگان جارێك چـوار پێـنج دانـە تـووتکی دەبـوون. بووبیك هەر لەو شوێنە چـۆڵەی کـەببووە مـاڵ و حـاڵی، خـاو و خێزانێکـی گـەورەی

پێکەوەنا، جگەلەوەش هەرچی گۆڵە سەیەکانی گەڕەکێش بوو هەر هەموویان بە هەوای بووبیکیەوە، لەویٚ خڕدەبوونەوەو دەهاتنە وێندەرێ. ئەم وەزعە وایکرد بە خۆشی و ناخۆشیەوە بووە مایەی هەراسان و نارەحەت کردنێ هەندێ لە دراوسێیەکان، چوون لەشارەدارییەیان شکات کرد، دوای ئەم شکایەتە مەئمورانی شارەواری هاتن و ژەهریان بۆ بەخواردن و گۆشتی داکردو وەپێش بووبیکی بێدەرەتانیان نا. ئەو گۆشت و خواردنە ژەهراوییانە هەموو سەگەکانی دیکەی کوشتن، تەنیا بووبیك نەبێ، کە هەرچییەکیان دەگەڵ دەکرد نە دەتۆپی.

بەراستی سەیر بوو. ئەوە چبوو کە سەگەکانی دی هەموو دەتۆپین، بەڵام بووبیك هیچی لێنەدەهات. هەموومان حەپەسا بووین. نهێنی ئەوەی چبوو؟ بۆ سۆراغ و دۆزینەوەی ئەو نهێنییەی دەبوو لە نزیکەوە بووبیك و کەسایەتییە بووبیکی بناسین. ئەو سەگە بێدەرەتانە هەرچەندو هەر چییەکیان لەپێش رۆکردبایەو بیاندابایە، ئەگەر زۆریشی برسی بایە، تا تووتکەکانی نەیانخواردبایە وتێر نەبووبان لێوی لەهیچ نەدەدا، جا نەك هەر تووتکەکانی، تەنانەت ئەو گۆڵە سەیانەی هاتبوون و ببوونە میوانیشی، تەنیا ئەو پاشماوەیەی لەوان دەمایەوە ئەوجا دەیخوارد. خۆ ئەگەر شتێکیشی لە خۆی مابایەوە، ئەویشی بۆ دوایە دەچاڵێکیدا دەشاردەوە.

بووبیکی دڵ واڵاو بەرچاوتێر، لەبەروەی ئەوگۆشت و خوارنە ژەهراوییانەی کە بۆیان دێنا، لەپێشدا دەیدا بە تووتکەکانی و دوایەش بەمیوانەکانی، تووتك و میوانەکانی هەموو دەتۆپین، بەڵام ئەو هەر دەمایەوە.

چەند مانگێك دواتر دیسانەوە چوار پێنج دانە تووتکەی بوونەوەو زۆربەی گۆڵە سەیەکانی دیشی هێنابوونەوە ئەو ماڵ وحاڵەی پێشووی جاران. چوارپێنج ساڵان کارەکە بەردەوام بوو و درێژەی کێشا، بووبیك ژەهراوی هەر نەبوو. رۆژێکی دیتم سەری کلکێ بووبیکیان قرتاندووە. پرسیم چبووە. وەك دیاربوو خواردن و گۆشتی ژەهراوییان دابۆوە بووبیکی. بەڵام ئەمجارەیان خواردنە ژەهراوییەکە زۆر دەبێ و یا میوانەکانی کەمتر دەبن، و بووبیك زێدە خۆرییە دەکات و ژەهراوی دەبێ.

کەمنداڵی گەڕەکی دەزانن بووبیك ژەهراوی بووە، دەکەونە هەوڵی رزگارکردنێی و هەرچی لە توانایاندا دەبێ دەیکەن. منداڵەکان سیرو ماستی بۆ لێکدەدەن و دێن بەزاریدا دەکەن و سەری کلکیشی دەقرتێنن تا هێندێکی خوێن لەلەشی بێتە دەرێ، و

بەو جۆرە بووبیکی رزگار دەکەن. بووبیك کە ئەمجارەش لە مردنێ راست ببۆوە، ببووە یارو یاوەری منداڵانی گەڕەکێ.

بەڵام دواییەکەی هەر نەیتوانی دەربازبێ و لەو تەڵەزگەیە دووورکەوێتــەوە. بووبیك ئاوس بوو، بەڵام هێشتا زۆری مابوو بترەکێ. ئەو رۆژە میوانیشی نەبوو. یـەکجار زۆر برسیش بوو، هەرکە خواردن و گۆشتە ژەهراوییەکەی داوێنە بەرێ، هیچی گل نەداتەوە و هەمووی هەر دەخوا بێچارە بووبیك تۆپی. تۆپینێ وی هەمووی خەفەتبارکردین. بەڵام لە هەمووان زیاتر منداڵانی گەڕەکێی زیاتر تازیە بارکرد.

زەردە و خاتوون

باپیرم حەکیم بوو. کەپیربوو لە بوزویوك خانوویێکی کڕی و لەوێ دانیشت. بۆچارە سەریە نەخۆشییە لادێییەکانی دەوروبەری بوزویوك، زۆرجاران دەچووە ئەو دێیانە و داو دەرمانی بۆ دەبردن و چارەی دەکردن.بۆ چوونە ئەو دێیانەشی گالیسکەیەك و ماینێکی کڕیبوو. ناوی لە ماینەکەی نابوو ((خاتوون)) سەگێکیشی هەبوو. سەگێکی وانا زۆر ڕەسەن، هەروا سەگێکی خۆمانە. ناوی لە سەگەکەش نابوو((زەردە)).

زەردە و خاتوون یەکتریان زۆر خۆشدەویست. زۆریان سەر دەکردە سەری یەك. هەرکە باپیرم سواری گالیسکەکەی دەبوو و بەرەو گوندان دەبزۆوە، زەردەشیان وە دوو دەکەوت. کاتێکیش باپیرم بیویستبایە دوور ترەوە بچێ، بۆ ئەوەی زەردەنەچێت و ماندوو نەبێ، بەر لەوەی باپیرم وەڕێ کەوێ، زەردەمان دەتەویلەی دەکرد و لەوێمان دەبەستەوە. بەڵام دوای سێ چوار سەعاتان کە بەرهەڵدامان دەکرد، زەردە بەشوێن پێی خاتووندا و بەبۆنکردنێ خۆی دەگەیاندەوە گالیسکەکە. بۆیە چوویانە هەر جێیەك وهەرچەندەش دووربانایە زەردە هەر خۆی دەگەیاندەوە خاتوونێ و دوایەش پێکەوە دەهاتنەوە ماڵێ. تا باپیرم تەواو پیربوو. ئیدی نەیدەتوانی بچێتە ئەو جێیانە. خاتوون و گالیسکەکەی فرۆشت. ئەو پیاوەی کە خاتوونی کڕیبوو، بردیە ناوەندی دنیزلی، و لەوێوە بۆ بولدانێ. کاتێ خاتوونیان دەبرد، بۆ وەی زەردەی وە دوونەکەوێ بە درەختێمانەوە بەستەوە و تا سێ ڕۆژانمان لێ نەکردەوە، دوای سێ ڕۆژەی کەلێمان کردەوە، زەردە وێڵ و وەیلان وسەرگەردان لەخاتوونێ دەگەڕا. نزیکەی پازدە ڕۆژانی لێ گەڕا. زۆر جێی دوور دەچوو و دەهاتەوە، تا ئەوەی ڕۆژێکیان کە ڕۆیشت ئیدی نەهاتەوە، ئێمەش زۆری لێ گەڕاین، بەڵام هەر نەماندۆزییەوە. دوای چەند ماوەیەك هەواڵی زەردە لە بولدانێوەڕاهات.

زەردە هێندە گەڕابوو تا لە دواییدا شوێن پێی خاتوونێ دەدۆزێتەوە. ئەوجا هەر بە بۆنێوە شوێن پێیان هەڵدەگرێ و دوای مانگ و نیوێکی گەیبووە بولدانێ و خۆی گەیاند بووە ئەو باغەی خاتوونی لێبووە.

نێوانی بوزیوك و بولدانێ شەش سەد کیلۆمەترە. کاتێ زەردە دەچێتە نێوباغی، هێندە شەکەت و ماندوو و برسی و تینوو دەبێ هەر لەبەر دەست وپێی خاتوونێ وەردەکەوێ و هەڵ ناستێتەوە. زەردە هەر لەوێ لەو جێیەی دەتۆپێ.

پەروەردەی دایکانە

دەساڵە بووم. لەگەڕەکی سولەیمانییەی ئەستەمبولێ، لەیەکێك لە ژوورەکانی خانوویێکی دوو نهۆمیدا کرێچی بووین.

پشیلە مێیەکمان هەبوو. پشیلەکەمان زا. تەنیا هەر بیچوویێکیان مایەوە. پشیلەکەمان ئەگەر برسیش بایە، لەماڵێی دزی نەدەکرد، بەلاّم دەشمانزانی کەلە پشیلەهەرە دزەکانە. چونکە زۆربەی ئەوگۆشتانەی لەماڵانی دەدزی بە دەمیەوە دەگرت و دەیهێنایەوە ماڵێ.

ڕۆژێکیان دیمان ئەوە پارچە گۆشتێکی گەورەی بەدەمیەوەیەو خێشەخێش خەریکە لە پلیکانانەوە سەر دەکەوێ. گۆشتەکەی لەنێو دەرکێ لەسەر عەردی دانا ودەستی بەمیاوە میاوێ کرد. بێچووەکەی بانگ دەکرد، کە پێچووەکەی هات، گۆشتەکەی بەزاری هەڵگرتەوە وبردی لەناو ئەوقاپەی دانا کەخواردنمان بۆ تێدەکردن و شتمان تێدا دەدانێ. بێچووەکە رایکردە گۆشتەکەو دەستی بەخواردنێ کرد. بۆ خۆشی بە... ت بێچووەکەیەوە راکشاو کەوتە دەست لێستنەوەی خۆی. ئەو سەردەمی بۆ نانخواردنێ هەموو لەسەر عەردی دەورەمان لەسفرەی نانخواردنێ دەداو دادەنیشتین. ڕۆژێکیان، هەروا لە دەوری سفرەی خڕ ببووینەوە و چوار مەشقی دانیشتبووین و نانی نیوەڕۆیەمان دەخوارد.

پشیلەکەشمان هەروەك هەمیشە هاتە نێوان من و دایکم و لەتەنیشت سفرەکەوە جێی لێ خۆش کرد. دوای کەمێك بێچووەکەشی هات. بەلاّم ئەو وەك دایکی بەدەستنوێژ نەبوو. سەری هێنایە سەر سفرەکە و دەستی بەبۆنکردنێ کرد دوایەش دەستێکی هاویشتە سەرسفرەکەی.

داکیشی کە هەستیکرد بێچووەکەی خەریکی دزیەیە، ڕاست، ڕاستبۆوە، دەق وەك داکێکی کە منداڵەکەی تەمبێ کا، یەك چەپۆکی توندی بەسەری بێچووەکەی دادا و بەولاوەتری بردەوە و لەوێی دوورخستەوەو نەیهێشت لەجێی خۆی بجوولێ. لەو ڕۆژە بەدواوە ئیدی نەماندیتەوە بێچووەکە بێتەوە سەرسفرەی و دەمولووتی لە قاپ و قاچاغی سەر سفرەی وەرداتەوە.

دادوەرێکی بە توانا

برادەرێکم سەگێکی ڕەسەنی دابوومێ. دێڵە سەگ بوو. ناویشی دوورا بوو. کە برادەرەکەم سەگەکەی دامێ پێشی گوتم: ((دڵت ئاسوودەبێ.. نەزۆکە.)) بەڵام هەر ئەو سەیەی دەیانگوت نەزۆکە، هەرکە هاتە ماڵێ مە شەش دانە تووتکی پێکەوە بوو.

دراوسێی دوو ماڵ بەولاوە تریش سەگێکی مەڕی کەتەی زۆر زلەیان هەبوو، بەڵام کەتە: هێندەی جاشەکەرێکی. بەڵام قەت لە خۆوە نە دەوەڕی، خۆی بەم وبەودا نەدەدا و پەلاماری کەسیشی نەدەدا. سەری نەدەکردە سەر سەگەکانی گەڕەکێ و دەگەڵیان بەشەڕ نەدەهات. خۆی لەشتی پڕو پووچ نەدەگەیاند، ئەگەر بشێ باسی سەیان بکرێ، دەبێ بڵێم سەگێکی تا بڵێی زۆر سەنگین و بەویقار بوو.

ڕۆژێکیان لە نێو باغچەیەوە قرووسکە قرووسکێکی زۆر دڵتەزێن بەرزبۆوە. سەرەتا گوێم نەدایە، بەڵام دوایی سەیرم کرد قرووسکەکە نابڕێتەوەو هەر دێ. هەستام و لەپەنجەرەمڕا تەماشا کرد. دوورا لە باغچەکەدابوو. تووتکێکیان وەك هار بوویێ. خنخنۆکەی تووتکێکی دیکەی گرتبوو و دەیویست بیخنکێنێ.

تووتکەکانی دیش دەوەڕین، دووراش بەمڕەمڕەوە بە چوار دەوری خۆیدا دەخولایەوە، بەڵام نەشدەچوو لێکیان کاتەوە. هاوارم کرد. چەند کەسێکی دراوسێی دیش هاواریان کرد، بوو بە هەراو زەنا، بەڵام ئەو تووتکەی خنخنۆکەی برایەکەی گرتبوو، بەری نەدەدا و وازی نەدەهێنا. منداڵ خڕبوونەوە. ئەوانیش کردیانە هەرا تا تووتکە هارەکە ڕاونێن ودەریکەن. بەڵام نەبوو. ڕاست دەوودەمیدا سەگەکەی ماڵە دراوسێیەکەمان کەدەباغیدا سەری بەسەر دەستەکانی خۆی کرد بوو و ڕاکشابوو و دیارنەبوو داخوا نووستووە یا بەخەبەرە، لە پڕ هەستاو باوێشکێکی دا. وردە وردە بەرەو لای باغچەکەی مەوە هات. ئەوانەی کەلەو ناوە بوون، هەرکە سەروکەللەی

سەگە ملهوڕەکە وە دەرکەوت، تێیان تەقاندو هەلاٰ ن، سـەگە لـە دەرکـێ باغـچەکەی مـەڕا کەلەسەرپشتێ بوو، هاتە ژوورێ. تووتکەکەی برایەکەی گرتبـوو و خـەریك بـوو بیخنکێنـێ، قەپێکی پێدا کرد و هەڵیدا. وای هەڵدا بەسەر محەجەرەکانی دیواری باغەکەیدا رۆیی وکەوتـە کۆلاٰنێ. ئەوجا هاتەوە لای ئەویدیش. ئەویشی هەڵ‌گرت و بەرەولای ئەویدی، سێ چوار مـەتر بەولاوەتری وی هەڵداو وەعەردی کەوت. ئیدی دەنگ وبەنگ نەما. نەسەگەکان دەنگیان مـا، نە کەس وێرای هەناسەی بدا. کە سەگەکە هەرایەکەی بڕاندەوە، وەك هەر هیچ رووی نـەدابێ، لەسەر خۆو بە ویقارەوە، وردە وردە بەرێی خۆیدا چۆوە جێیەکەی جارانی خۆی و سـەر لـەنوێ لێی وەرکەوتەوە. وەك پێشان سەری هاویشتەوە سەر دەستەکانی. نازانم نووست یـا خـۆی لـە خەو کرد.

ئێستری شەیدا

دوای ئەوەی ناوەندیی نیزامیم تەواوکرد، پێش چوونە دانیشگای سەربازی، هەریەکە دەبایە خولێکی شەش مانگی لە یەکێك لەیەکەکانی سەربازیدا ببینێ و خزمەت بکا. یەکێ لە هاوخولەکانم دەیگوت:

کاتێ ناوەندیمان تەواو کرد، منیان ناردە یەکەیەکی سوارە. ئێسترێکی یەکجار زۆر چەمووش دەو یەکەیەیدا بوو. کەس نەیدەوێرا لێی بچێتە پێشێ و یالێی نزیك بێتەوە ئەوەی لەپێشەوە بۆی چووبایە قەپی لێدەگرت و ئەوەی لە دواوە بۆی چووبایە جووتکەی لێدەدا. هیچ لغاو وهەوسار و زنجیروشەیتان لغاوێکی بەخۆ نەدەگرت. نەیدەهێشت باری کەن. ئەگەر بە هەر فرتوفێلێکیشیان بارکردبایە، هێندەی هەڵداویشت تا بارەکەی دەخست، یا هەر بەبارەوە هەڵدەهات و ملی لە کێوو بەندەنان دەنا. بەڵام ڕۆژێکیان هەر ئەو ئێسترە چەمووشە ڕەمەکییە، نازانین چۆن بوو، بووە گیانلەبەرێکی زۆر ملکەچ و نەجیبزادە. ئەم مەسەلەیە بووە جێی سەرسامی هەمووان دوایەش کە پرسیمان، دەرکەوت کە سەربازی بەرپرسی تەویلێ، ماینێکی لە تەنیشت بەستۆتەوە، لەو ڕۆژەوەی ئەوکارەی کردووە، ئێسترە چەمووشی تاین نەتەنیا هەر لە جۆش و خرۆش کەوتووە و ڕام بووە، بەڵکە لەخەوو خۆراك و ئیشتیاش بووە. دەیانگوت تەواوی ئەو ئالیکەی کەبۆ یان دەئاخوڕێ دەکرد، دەمی بۆ نەدەبرد و هەروا وەك خۆی دەمایەوە، تا ماینەکە بیخوات و بە تەواوی تێربێ. تەنیا دوای وی دەستی دەکرد بەخواردنێ. دەیانگوت کاتێ دەیانبردنە ئاو خواردنەوێ، ئەو لە تەنیشت ماینەکەوە دەوەستا و تەماشای دەکرد، و تا ئەو تێرئاو نەبایە ونەکشابایەوە، ئەو لێوی بۆ ئاوێ نەدەبرد.

دەیانگێڕایەوە کە، ئەو ئێسترەی هەرگیز پشتی نەدەدا باریکەن، کە دەیدیت ماینەکەی بار دەکەن، ملی خۆی کەچ دەکرد و پشتی دەدا باری کەن، ئەوانە کە لەنزیکەوە ڕووداوەکەیان دیبوو، دەیانگوت ئێسترەکە بۆیە پشتی دەداو ڕادەوەستا چونکە پێیوابووە نیوەی باری ماینەکە ئەو لەجیاتیانی هەڵدەگرێت و باری لەسەر سووك دەکات. چەندی لێیان نابایە دەنگی

نەدەکرد. بەڵام کە ماینەکەیان بار نەکردبایە، کەس نەیدەتوانی دەستیشی بۆ پشتێ بەرێ نەك هەربار.

ئەوانەی کەلەنزیکەوە ئاگایان لەبەسەرهاتەکەبوو، لەهەموو ئەوانەوە گەیبوونە ئەو ئەنجامە کە ئێسترەکە شەیدای ماینەکە بووە و لەبەر ئەوەش کە ئێستر نێرەمووکە یانی نەنێرە و نەمێیە، بۆیە ئەوعیشقەی بۆ ماینەکە، پڕاوپڕو بەتەواوی و بێ ڕوتووش — عیشقێکی ئەفلاتونی — یە.

دوای ماوەیەك نازانم ئەو ماینەیان نارده یەکەبەکێ دیکە، یا مرد، یا فرۆشتیان، بەهەر حاڵ نازانم چۆن بوو ئێسترە لەجاران هاروهاج و چەمووشتر بۆوە. کەس نەیدەوێرا لێی نزیك بێتەوە و مەهاریکاو سواری بێ.

زۆر بەسەر ئەو دابڕان و جوداییەیدا نەڕۆیبوو کە ڕۆژێکیان ئەو ئێسترە کەوتە خەرەندێکیەوە و هەپروون بە هەپروون بوو.

ئەوانەی کەپێیان وابوو ئێسترەکە عاشق بووە، دوای هەڵدێرانێ و مردنێی، دەیانگوت کە ئەو بەستەزمانە بەرگەی ئەو دابڕان و جوداییەی نەگرتووە و خۆی کوشتووە.

ئەڵبەتە هەموو ئەمانە بیروباوەڕ و بۆچوونی ئەم و ئەوە. شەیدا بوونی ئێسترێ و دوایەش خۆکوشتنی جێی باوەڕێ نین. بەڵام ئەوانەی کە شارەزان، دەیانگوت: ئێستر هیچ کاتێك، دەباریکترین و سەختترین ڕێ وبانی کوێستانێ قەت پارسەنگی خۆی لەدەست نادات و هەڵنادێرێتە خەرەندەیوە.

دیاری ورچ

لەناوچە کوێستانییەکانی تۆرۆس، یەکێك لە داربڕە لادێییەکان دەچێتە لێڕەواری و دارێکی دەبڕێتەوە. دەو دەمیدا ورچێك دێت و لە بەردەمی داربڕەکەی دادەنیشێ و دەست دەکا بە تەماشاکردنێی، ئەو ناوەش ورچی زۆرە. بەڵام ورچەکان دڕنین. هەربۆیەش داربڕەکە بەسەرخۆی ناهێنی و گوێ ناداتێ.

داربڕەکە بۆ ئەوەی دارکاژەکە بەباری درێژییەدا بقەڵێشێ، هەموو جارێ هۆرە (پواز) ێك دەخاتە جێ دەمی بیورەکەوە تاقەڵشتەکە وێك نەیەتەوە. ماوەیەك ئاوا خەریك دەبێ و هەوڵدەدا دارکاژەکە لەناوەندێوە بە باری درێژییەدا بقەڵێشێ. بەرە بەری نیوەڕۆیە بۆ نانخواردنێ، دەست هەڵدەگرێ و دەچێتە لایەکی دیکە.

دەوودەمیدا ورچە بەسۆراغی دارکاژیەوە دێ. وەك منداڵێکی بزۆز، بەرەو لای ئەو هۆرەیەوە دەچێ کە داربڕەکە ناویەتە نێو قەڵشتی دارەکەوە. لەپڕ، بەدەم گەمەو یاری و لەقاندنی هۆرەکەوە، هۆرە لەقەڵشتەکەی دەردەپەڕێ و دێتە دەرێ لاقێکی ورچە دەکەوێتە قەڵشتە دارەکەوە. ورچە لە تاو ژان و ژوارو ئازارێ دەست دەکا بە هۆڕە هۆڕێ. داربڕەکە دەستبەجێ راست دەبێتەوە و هۆرەیەکی ئەستوورتر دێنێ و دەیخاتە سەر قەڵشتەکەو بە پشتە بیورانی وەردەگەڕێتێ بەلێدانێ. قەڵشتەکە لێك دەزەقێتەوەو ورچەش قاچەکەی دەردێنێتەوە. هەرکە ورچە رزگاری دەبێ بەشەلە شەل و ناڵەناڵەوە دوور دەکەوێتەوە.

ئەو رۆژە داربڕەکەکاری تەواو نابێ. رۆژی دواتر دێتەوە هەمان جێ تا کارەکەی تەواوکا دەبینێ ئەوە یەك کەندووە هەنگوینی پڕ لەسەر قەڵشتی دارەکە دانراوە.

داربڕەکە دەزانێ کە ئەو هەنگوینە ورچەکە بۆ سوپاس گوزاریە وی هێناوە، کە ئەو چاکەیەی دەگەڵ کردووە.

خیانەتی لەك لەكی مێ

هەرکاتێ لەك لەکەمێ کورك بێ و لەسەر هێلکان بکەوێ، لـەك لەکەنێرەکـەی بەتـەنێی بەجێ ناهێڵێ. کاتێکیش جووجکەکان تروکان لەهێلکەی هاتنە دەرێ، لەك لەکە نێرەکـە لـە بەخێوکردنێیان درێغی ناکات و زوریش یارمەتی مێیەکەی دەدات. زۆر جاران دیتراوە کەیـەك لەو هێلکانەی مێیەکەیان لەسەر کەوتووە، بێچووە واشەو داڵ و بەکورتییەکەی جووجکەیەکی دیکە جیا لە لەك لەکێی لێ هاتۆتە دەرێ دەڵێن ئەگەر شتی وا رووبدا، ئەوا لەك لەکە نێرەکە مێیەکەی پارچە پارچە دەکات و دەیکوژێ. لەمبارەیەوە زۆر داسـتانیان گێڕاونـەوە. هەنـدێ منداڵی بـزۆز و نەگریـسی لادێـی، وا بـووە بـە ئەنقەسـت هێلکەیـەکی باڵندەیـەکی دیـان هاویشتۆتە ناو هێلانە لەك لەکانەوە و بوونەتە هـۆی سـەرهەڵدان و بـەرپابوونی کووکەیـەکی گەورە وتێکچوونی ماڵ وحاڵ وخێزانی لەك لـەکان و چێژیـشیان لێ وەرگرتـووە هاوسـەرەکەم بەمنداڵی، بۆ خۆی ئەو جۆرە رووداوانەی بەچاوی خۆی دیوە، ئەو رووداوەی ئاوا بۆ گێڕامـەوە کە دیویەتی:

ماڵمان لە نازیلی بوو. مزگەوتێکمان بەرامبەر ماڵێ بوو. لەك لەکەکان هێلانـەی گـەورە گەورەیان لەسەر گومبەتەکەی کردبوو. لەك لەکە مێیەکیان هێلکەی کرد و لەسـەریان کـورك بوو.

رۆژێکیان هات و هاوارو زەنای لەك لەکەکان بڵند بوو. لە پەنجـەرەوە مـانرا روانـی، لـەك لەکـە نێرەکـەو لـەك لەکـە مێیەکـە وەك ژن ومێردێکـی دڵ کرمـێ و حەسـوود دەهێلانـەی سەرگومبەتێدا ئەوە خەریکی شەڕوهەرایەن.

بەدەم شەڕێوە، لەك لەكە نێرەكە جووجكەیەكی تازە trووكاوی ناوهێلكەی لەو بەرزییەوە فڕیدایە خوارێ. ئەم جووجكە، بێچووە قەل بوو.

چونكە گومبەتی مزگەوتەكە زۆر بەرز بوو، منداڵ نەیاندەتوانی هێلكە قەلێ باوێننە ناو هێلانەی لەك لەكەكانەوە. هەر دەبێ ئەوكاتەی لەك لەكە نێر و مێیەكە لەسەر هێلانەی نەبوو ون، قەلە داكانێك تەنگاوی هێلكە كردنێ بووە و هێلانەكەی خۆشیان دوور بووە و ئەویش خۆی پێ ڕانەگیراوە و هاتووە دەهێلانەكەی ئەوانیدا هێلكەكە كردووە.

لەك لەكە نێرەكە فڕی و ڕۆیی دوای كەمێك دەنگ وهەراو زەنای لەك لەكان ئاسمانی پڕكرد. لە پەنجەرێوە مانڕا روانی تا بزانین چ باسە.سەیرمان كرد ئاسمانی سەرگومبەتێ پڕە لە لەك لەك. لەك لەكە نێرەكە چوو بوو هەموو لەك لەكەكانی دیكەی لە خەیانەتی مێیەكەی ئاگادار كردبوونەوە. هەموو لەك لەكەكان وێكڕا داهاتنە ئەو لەك لەكە بێدەرەتانەی كە بێچووە قەلی لە هێلكەی هاتبووە دەرێ و پارچە پارچەیان كرد.

ئەوكارەساتە لەبەر چاوی خۆمان روویدا و لە پەنجەرەی ماڵێوەشمانڕا تەماشا دەكرد.

ئەو قازانەی دەفڕن

پێموابێ حەوت هەشت ساڵ زیاتر نەبووم. دەگەڵ دایکمدا چوو بووینە ((دوورگەی هیبەلی)). نزیکەی مانگێك لەماڵی برادەرێکی باوکم میوان بووین. ئەو ماڵە لەسەرگردێکی بوو. ماڵەکە باغێکی گەورەشیان هەبوو. بەرامبەرەکەشی دەشت بوو. خاوەن ماڵەکە نزیکەی پازدە قازێکیان هەبوو. هەر کە چاویان بەمن کەوت، زانیان غەوارەم و لەخۆیان نیم.ملیان لێ درێژکردم و کەوتنە فیسەفیسێ. بەڵام من چونکە لەخۆمەوە ئاژەڵ و پەلەوەر دۆستم، وبە تایبەتیش مێیە سەرەکانم زۆر خۆشدەوێن، بەسەرخۆمم نەهێنا و گوێم نەدایە. هەموو رۆژێ وردە نان و پاشماوەی خواردن و توێکڵە ناروێ وگندۆرە و شووتی و ئەو جۆرە شتانەم دەبرد و لە پێشم رۆدەکردن. قازەکان وردە وردە دەگەڵم ڕاهاتن و تۆگرم بوون و هێندەیان خوو پێوە گرتم کەچووبامایە هەر جێیەکی وەدوام دەکەوتن. رۆژێکیان بۆ شت کڕینێیان ناردمە دەرێ. بازاڕۆکەکەی دوورگەکە نزیکی دەریا و لەماڵێ دووربوو. دیسانەوە قازەکان دوام کەوتنەوە. بەکشەکشەوە لەخۆم تەکاندنەوە و بۆ خۆشم سەربەرەو ژێر بەگردیدا هەر بەغار داگەڕام بۆ ئەوەی قازەکانم وە دوانەکەون. لە پڕ دیتم ئەوە ئەو قازە زل و قەڵەوانە باڵان لێکدەدەن و تەکانان دەدەن.

لە پێشدا یەکێکیان باڵی لێکدان و تەکانی دا، دوایەش یەك بەدوای یەکێدا کەوتنە باڵە فڕێ و تەکاندانێ. سەیرم کرد ئەوە یەك رەوەقازم بەسەر سەریدا دەفڕێ. وا بەرز ببوونەوە کەپێموابوو تا کەناری دەریای بەرامبەرێ نانیشنەوە. قازەکان ون بوون.

بۆ ئەوەی زوو بگەمە دوکانی سەوزە فرۆشەکەی، بەسەر دیــواری کــەنار دەریاکــەدا ملــم لێنا. لەپڕ سەیرم کرد ئەوە قازەکان هەموو لەوێن. هەروا کە خۆیــان دێنــا و دەبــرد و خۆیــان بادەدا لە خۆشیان کەوتبوونــە فیسەفیــسێ و بــەرەولای منــەوە رایــان دەکــرد و دەهاتنــەوە. خەلکەکە پێیان سەیر بوو. سەوزەم لە کابرای کڕی و دەگەڵ قازەکاندا ملمان لە هەورازو ســەر بەرەو ژوورکەی گردە کەنایەوە. من لە پێشەوە و قازەکانیش لە دواوە هاتینەوە ماڵێ.

لەو رۆژە بەدواوە هەرکاتێ بمویستبایە بەرەو کەنار بۆ شــت کڕینــێ لــەماڵێ بێمــە دەرێ، قازەکان فڕکەیان دەکرد و سەرە و ژێر بەگردیدا تەکانیان دەدا و بەهەر شێوەیەك بایــە خۆیــان دەگەیاندە کەناری دەریا، یا دوکانێ سەوزە فرۆشی یا لەسەر کانییــەیان خــۆ دەگەیاندمــەوێ. هەرکە دەشمگەیشتنەوەێ ئیدی وە دوام دەکەوتن ولــێم نەدەبوونــەوەو لەخۆشــیانیش دەســتیان دەکردەوە بەفیسەفیسێ و لەچواردەورەم دەسووڕان و ڕاکــە ڕاکــەیان بــوو. کەدەشگەیــشتمەوە ماڵــێ، هەمــدیس لەســەرەو ژوورکــەی گردەکــەی ئــەمن لەپێــشەوەو ئــەوانیش بەدوامــدا سەردەکەوتین.

سپیلکە

زۆرجاران دیتراوە ئەو سەگ و پشیلانەی دەماڵێکیدا پێکەوە گەورەبن، ئۆگری یەکتری دەبن و دەبنە دۆست و ئاواڵ. بەڵام ئاشنایەتییە سەگ و پشیلەکەی مە لەو جۆرە ئاشنایەتییانە نەبوو.

پشیلەی برادەرێکم زا بوو. بێچووە پشیلەیەکمان هێنا. بێچووێکی سپی و موو کورت بوو. هەر بۆیەش ناومان لێنا ((سپیلکە)) لەو پشیلە درێژو لەسەر لۆقانە بوو. پاشووە درێژەکانی دەتگوت فەنەرن، هیچ لەو پشیلە جوانکیلە و خنجیلانانەی ناو کارت و پۆست کارتان نەدەچوو. کەلەسەر چیمەنە سەوزەکەی ماڵێ بەو پاشووە فەنەر ئاساییانەوەی خۆ هەڵدەدا و بەرز دەبۆوە، راست پێتوا بوو ئەوە وەشەکێکی بچکۆلەی سپییە و لەناو چیمەنێ رادەکا.

کتکە نێرهەر بەتەواوی دوژمنی بێچووە پشیلانن، هەر بیانبینن دەیانخنکێنن. بەڵام بازە رۆژانی ساردی زستانێ بێچووە پشیلەی شیرە خۆرەی بێ پەناو بێ جێ و رێی دێنانەوە ماڵێ زۆر جارانمان دەدیت بێچووە پشیلەیەکی شیرەخۆرەی لە پشتەملیەوە بەددانەوە گرتووە و دەیهێنێتەوە ماڵێ.

بازە ئەو بێچووە پشیلانەی دەلستەوەو پاکی دەکردنەوەو لەبن باڵی خۆی دەگرتن وگەرم و وشکی دەکردنەوە.

کە بازە بووە یەك ساڵە، تووتکە سەیەکیشمان ڕاگرت. لەبەر ئەوەی تووتکەکە زۆر بچکۆلە بوو، ناومان لێنابوو ((وردیل))

کە((وردیل)) مان هێنایەوە ماڵێ، چاك دیاربوو کە ((سپیلکە)) پێیی ناخۆشەو ڕشکێ دەبا و لەهەمووومان لالووتە، هەرچەندی بانگمان دەکرد، بەلامانەوە نەدەهات و هەرگیزیش

سەیری ((وردیل)) ی نەدەکرد، یانی هەر بەهیچی نـەدەزانی وگوێـشی نەدەدایـە. ئـەو ڕك و ژارەی ((سپیلکە))ی پازدە ڕۆژێکی خایاند. دوایەش وەك بزانێ کە ئەو ڕك و زیزبـوون و ئـەو نازو نووزو خۆبادانە سوودێکی نییە. وردە وردە دەگەڵ ((وردیل)) ی ئاشت بۆوە.

ئەو تووتکە ڕۆژ بەرۆژ گەورە وگەورەتر دەبوو، تا وای لێهات بووە سـەگێکی زۆر گـەورەو کەتەی زلە، بەڵام ناوەکەی هەر بە ((وردیل)) پێوە مایەوە.

ڕۆژێکیان بانیۆمـان پڕکـرد لـە ئـاو تـا ((وردیـل)) ی بـشۆین. دەرکـەی گـەرماوێمان داخستبوو. کاتێ وردیلمان خستە ناو ئاوە شـیرەتێنەکە و دەسـتمان بەسـابوون لێـدانێ کـرد. وردیل دەستی بەنووسکە نووسکێ کرد. ((سپیلکە)) کە نووسـکەی وردیلـی گـوێ لێ ببـوو، خۆی گەیاندبووە پشت دەرکی گەرماوەکە، هەم میاوە میاوی دەکـرد و هـەم بەدەسـتیش لـە دەرکی گەرماوەکەی دەدا تا بیکەینەوە. هێندەی میاواند و هێندەشی لە دەرکـەی دا، ناچـار بووین دەرکی گەرماوەکێ بکەینەوە. بازە هاتە ژوورێ. هـەر دوو دەسـتی بـەلێوی بانیۆکـەوە گرت و بە پێوە ڕاوەستا و کەوتە سەیرکردنێ وردیلی.

وردیلمان لە بانیۆکە هێنایـە دەرێ، وردیـل خـۆی ڕاوەشـاند و هـەڵات. ئـەوجا چـوو لـە پەنایەکی مات بوو. هەموو لەشی دەلەرزی بازە خۆی هەڵدایە سەر وردیلی و هەر لەسـەر وی لێی نووست و سەری وردیلیشی دەناو هەر دوو دەستی خۆی گرت. دەستی کـرد بەلـستنەوەی وردیلی، تا وردیل بەتەواوی وشك نەبۆوە، لێی دوور نەکەوتەوە. کە وردیل بە تەواوەتی وشـك بۆوە، هەر دووکیان پێکەوە دەستیان کردەوە بەڕاکە ڕاکە و گەمەو بازدانێ.

سزای خراپە

ئەو رووداوەی کە ئێستا بۆتان دەگێڕمەوە، دەتوانن باوەڕکەن و بـاوەڕیش نەکـەن. زۆرێـك لەوانەی ئەم ڕووداوەیان بیستووە، گوتوویانە ((ئەوە هەرگیز نابێ.)) بەڵام مـن ئـەم ڕووداوەم لە زمانی خانمێکی ئاشنای زۆرجێی متما:ی خۆمم بیستووە، منـیش قـسەکەی ئـەوتان وەك خۆی چۆنە ئاوا بۆ دەگێڕمەوە.

کاری مێردی خوشکەکەم ئامادەکردن و هێنانی گۆشـت بـوو بـۆ کارخانـەی قوتوبەنـدی. هەموو ساڵێ بە هەزاران گوێلکی لە ئـەرز ڕۆمـێ دەکـڕی. پـێش کوشـتنەوەیان، ماوەیـەکی چاکیان دەلەوەڕاندن و بەخێویان دەکـردن تـا خـۆ داڕێـژن. ئـەو ڕووداوەش خوارزایەکـەم - خوشکەزا — کە بۆ خۆی ئاگای لێبووە و بەچاوی خۆی دیویەتی ئاوای بۆ گێڕامەوە: ڕۆژێکی زستانێ، یەکێك لە گاوانەکان گوێلکەکان دەباتە گاڕانێ بۆ کێـوی، زریـانی لێ هەڵـدەکا. دەکەوێتە هەڵپەی دیتنەوەی پەناگایەکی خۆی تێدا پەنا دا. ئەشکەوتێکی دەدۆزێتەوە و خۆی تێداوێ. ئەشکەوتەکە تاریك بوو، کاتێ گـاوان بەرچـاوی روون دەبێتـەوە و دەوروبـەری خۆی دەبینێ، چاوی بەکەتە ورچێکی دەکەوێ ئەوە لە بنی ئەشکەوتێ دانیـشتووە. ئەگـەر بێتـەوە دەرێ ئەوە زریانە و تۆفی گیسکەڵی. ئەگەر لە ژووریش وەمێنـێ ئـەوە چ لـە ورچـەی بکـا؟ دەڵێن ورچ دە زستانێدا بەردەوام خەواڵوون. گاوانەش هەر بـەو هەوایـەوە بڕیـار دەدا هـەر دە ئەشکەوتەکەیدا بمێنێتەوە تا زریانەکە دەنیشێتەوە و تەواو دەبێت.

وەك بلێی ورچەكە هەستی بەوە كردبێ كە گاوانەكە لێی دەترسێ، چونكە ورچە شتێكی هەڵدەداتە بەردەمی گاوانەی. گاوان سەیر دەكا ئەوە ورچە كەوڵێكی بۆ هەڵداوە. دیارە ورچە ئەوەی بۆ دڵنیایی و هێوركردنەوەو متمانە و دڵ ناسوودەییە گاوانی كردبێ.

گاوان لەسەر كەوڵەكەی ڕادەكشێ و دەنوێ و ئەو شەوە ڕۆژ دەكاتەوە. بەیانی زریانەكە دەشكێ و هێور دەبێتەوە. گاوانیش دێتەوە نێو دێی و مەسەلەكە بۆ برادەر و ناشناو ناوالەكانی دەگێڕێتەوە و دەڵێ : ((هەستن بابچین و كونە ورچەكەتان پیشان بدەم و ورچە ڕاوكەین.))

حەوت هەشت لاوی تفەنگ بەدەست وەدوای گاوانی دەكەون و دەگەنە سەر كونێ. بەلآم هەر چییەكی دەكەن ورچە لە ئەشكەوتێ نایەتە دەرێ. ئەوجا دەست دەكەن بە ئاگردانێ ئەشكەوتەی، دار و پەردوو و كاغەزو شڕو شالآتی دنیایە خڕ دەكەنەوەو دەزالكی ئەشكەوتێی دەئاخنن و ئاوری دەدەن، ورچە خەریكە دەخنكێ، ناچار لە ئەشكەوتێ دەردەپەڕێتە دەرێ، كوڕەكان هەموو تێكڕا دەستڕێژی لێدەكەن. ورچی بریندار دەستدەكا بە هۆڕە هۆڕو ناڵە وكڕووزانەوەیەكی دڵتەزێن و خولانەوە بە دەوری خۆیداو گەڕان بەدوای یەكێكدا. كاتێ چاوی بەهەمان گاوانەی دەكەوێتەوە كە شەوێ لای ئەو و ماڵی ئەو ڕۆژی كردۆتەوە، هەروا بە دەم خوێن لەبەر چۆڕانێوە خۆی پێدا دەدا و ئەوانیدیش ورچەی دەدەنەوە بەر ڕێژنەی گوللە بارانێ. ورچە هەر تەنیا هەمان گاوانی نامەردو ناپیاو و بێ ئەمەك لەت و پەت و پارچەپارچە دەكات و ئەوجا هەر لەوێ بەلا دادێت و دەمرێ.

بزنی هونەرمەند

باس باسی شانۆ و ئەکتەری شانۆ بوو. کاتێ کەسەیری پەیوەندییەکانی ئەکتەرو هاندان و چەپڵە ڕێزانی بینەرانمان دەکرد، برادەرێکم کە بۆ خۆشی یەکێکە لە دەرهێنەرانی شانۆ ئەو رووداوەی خوارەوەی بۆ گێڕامەوە کەمنیش هەر وەك خۆیتان بۆ دەگێڕمەوە:

بۆپێشاندانی چەند شانۆگەرییەك بۆ تورکەکانی نیشتەجێی ئەمەریکا، چوو بوونە وێندەرێ. ڕۆژێکیان دەگەڵ برادەرێکمدا بە (برادوای) دا تێدەپەڕین. لەبەر دەرگای شانۆیەك بانگەوازێکیان هەڵواسیبوو: (بزن بۆفرۆشتنێ، زۆرمان بەلاوە سەیر بوو، کە دەشانۆیدا بزنێ بفرۆشن. چووینە ژوورێ. مەسەلەکەمان پرسی. بەڕێوەبەری شانۆ گوتی:

– بەرنامەی شانۆ نامەی یەکەمان ((قاوەخانە)) بوو. دەو شانۆنامەشدا بزنێکیش ڕۆڵی هەبوو. ئێمەش بۆ نواندنی شانۆنامەکە ناچار بووین ئەو بزنە بکڕین. ئیدی بەرنامەکە تەواو بوو و ئیشمان بە بزنێ نەما و ئەوە دەیفرۆشینەوە.))

ئێمە بزنە هونەرمەندەکەمان کڕیەوەو هێنامانەوە ماڵێ، بزنێکی جوان و ژیکەڵانە بوو. ئاگاشتان لێیە و دەشزانن کە بزن هەموو دەمێ سەرو چاو و روخسارێکی غەمبارو خەفەتباریان هەیە کە زۆر کار لە ئادەمیزاد دەکەن.

ئەگەر بچییە ناو ناخی بزنانیشەوەو شارەزایان بیت بێگومان دیوتە کە بزنیش وەك ئادەمیزادان حەز دەکا بگری. ئاو وئالیك و گیا و گوڵمان لە پێش دانا. هەرچییەکمان کرد وکراند ئەو بەستەزمانە دەمی بۆ نەبرد و نەیخوارد. هێندە کزو مات و مەلوول و توورەو ناقایل

بوو مەپرسە. زۆرمان بیرکردەوە. تا دوایە رازو نهێنییە ئەو کز و ماتی و مەلوولیەی بزنــەمان دیتەوە و هەرکە دۆزیشمانەوە، زۆر بەئاسانیمان لەو بــارودۆخی کــزی و مــاتی و مەلوولیــەی رزگار کرد.

شەوانە ڕاست دەو سەعاتەیدا کە بەرنامەی کاری شانۆ بەکۆتا دێ و تەواو دەبێ، بزنــەمان دێنایە پێشێ و (دە) دەقیقەی تەواومان زۆر بەگەرمییەوە چەپڵە بۆ لێدەدا، دیاربوو ئەو کزی و مــات و مــەلوولی و غــەم و خەفەتانــەی نــەدەمان و بەکــەیف دەهاتــەوەو ڕەنــگ و ڕوو و ڕوخساری گەش دەبۆوە. دەستی دەکردەوە بەجرت و فرت و خــۆ هەڵاویــشتن و بــاز بازێنــێ — تومەز لە شانۆگەری قاوەخانەدا هاوبەشی کردبوو و چەپڵەیان بۆ لێدابوو، ئیدی وا ڕاهاتبوو کە دەبوو چەپڵەی بۆ لێدەن. ئەگەر لەسەر وەخت و کات و دەمی خۆیدا چەپڵەمان بۆ لێ نەدابایە، هەمدیس کزو مات و مەلوول و غەمگین دەبۆوە ولووتی دادەژەنییەوە.

ماری ئاشق

لەربارەی ئاشق بوونی ((ڕەش ماران)) بەکیژوکاڵی جوانــەوە، زۆرمــان ئەفسانە هـەن، چیرۆکی شەیدایی رەش ماری بەکیـژی جوانــەوە، ئەڵبەتــە بـۆ ســەرەنجامێك. شــەیدایی رەش مارانیش، چۆتە ناو کولتوور و فەرهەنگ و ئەدەبیاتیشمانەوە. یاشار کـەمال، لـە کتێبـی ((ئەفسانەی هەزار ویەك گامێش)) دا، داستانی شەیداییە رەش مارێکی بەکیژۆڵەیەکی جوان و خنجیلە، ئاوا دەگێڕێتەوە:

خوا نەکا ڕەش مار عاشق بێ. ئاشق بوونێ رەش ماری لەو ئەشقانەیە کە مارەکە واسوور دەبێتەوە، وەك بڵێسەی ئاگری. مار ئاشقی کچان دەبێ. کـچە ڕوو لـە هەرجێیـەکی بکـات و بچێتە هەر شوێنێکی، ماری ئاشق وەك بڵێسەی سوور لە بەردەمی شین دەبـێ و هەڵـدەتۆقێ. سوور وەك مەرجانێ، سوور وەك گوڵناری، چۆن هەنار گوڵێ دەکا، ئاوا کەکچە لە رێیەیە، یـا لە پشت داردەوەن و تەڕاشانە، یا دەنێو رەشماڵێدایە، شیری دەدۆشێ و یـا منـداڵی دەنوێنـێ. ئەوە رەش ماری وەك بڵێـسەیەکی سـوور لەبـەر دەمـی شـین دەبێـت و هەڵـدەتۆقێ. دەنێو گژوگیایدا، لەبن ئاوی چاڵاوێ، دەنێو دارو بارو لێڕەواری چڕوپڕدا، لە هەر کوێیەکی بـێ، وەك بڵێسەیەکی سوور لەبەر دەمی شین دەبێ و هەڵدەتۆقێ.هیچ هەقی بەسەر کیژە شەوە نییە، لە پێشدا هەڵدەستێتە سەرکلکان. دوایەش سوور لەبەر دەمی کچەی لەسەر عـەردی درێـژدەبێ. ئەگەر لەدەستت دێ، و ئازای و دەوێری رەش مارەی ئاشق دەکوژی.

ڕەش مار رەنگی سوور و گوڵناری حەز لێیـە و ئاشـقی ئـەو کـچانەیە کراسـی سـوور و گوڵناری لەبەر دەکەن.

ڕەش مار ملی کەچ دەکا، ڕەش مار، ماری سارد، ماری یەك پارچە ئاگر ڕێی بۆ چۆڵ دەکا و لا دەچێ.

((وازم لێ بێنە ڕەش مارەکە))

ڕەنگە ئەو ئەشقەی ڕەش مارەش، هەر خەیاڵ و گومانی کچانەی خەیالاوی بێت کە حەزیان لە خەون و زیندەخەونانە. ئەو دەخەیاڵ چوونە کچانەیەش، هۆیەکی دەروونی خۆی هەر هەیە. ئەشقی ئەفسانەیی ڕەش ماران بەکچان، بۆ چوونێکە کە دەژیانی ڕۆژانەدا هەندێ کیژوکاڵ دووچاری دەبن. ئەو کچەی تووشی ئەو بۆ چوون و خەیالانە دەبێتەوە پێیوایە کە ئەوە سالانێکە ڕەش مارێك ئاشقی بووە. هەندێ جار هەواڵی لەم جۆرە دە ڕۆژنامانـدا دەخوێنینەوە. لە ڕۆژی ٢٩ ی سێپتامبەری ١٩٧٣ دا لەزۆربەی ڕۆژنامەکانی ئەستەمبوڵێدا ئەم هەواڵە بە چاپ گەیشت:

حەوت ساڵ لە مەوپێش، هەر دەو وەرزەیدا، کاتێ لەسەر بانی لەسەر جێیەکەم نوستبووم، ڕەش مارێك هاتە ناو جێگاکەم. سەرەتا زۆر ترسام. بەلام بەزوویی ترسەکەم ڕەویەوە. لەو شەوەوە ئیدی هەموو شەوێ ئەو مارە دەهاتە ناو جێیەکەمەوەو دەگەڵ کازیوەی بەیانیشدا ون دەبوو. ئەم وەزعە ئاوا حەوت سالانی درێژەکێشا. ئیدی لە خۆم وەڕەز بووم. دوایـیش سەریم بەقیمەکێشێ پەڕاند و کوشتم.

ڕاوچی کۆتر

من و سێ کەسی دیکە لە دوو ژووری لێك جیای زیندانی گتیدا گیرابووین. حەسارێکی بچووکیش بەبەر ئەو دوو ژوورانەوە بوو. هەموو رۆژێ کوتر دەهاتن و دەوحەسارەیدا دەنیشتنەوە. منیش وردەنانی ڕەقم بۆ نەرم دەکردنەوەو بۆم هەڵدەدانە بەردەمیان. یەکێك لە زیندانییەکان بەگرتنێیان فێرببوو. دەزووی غەرغەرەی لێك بادەدا و دەهات سنجاقێکی بەلایەکی دەزووەکەیەوە دەبەست و سەری سنجاقەکەی وەك قولاپەی ماسییان خواردەکردەوە و ئەوجا دەنکەگەنمە شامییەکی پێوە دەکرد و هەڵیدەدایە حەسارێ و سەرەکەی دیشی بەدەستەوە دەگرت، کاتێ کۆترێك ئەو دەنکە گەنمەشامییەی هەلگرتبایەوە و قوتی دابایە، قولاپەکەی لەگەروێ گیر دەبوو. ئەو دەمی راوچییەکە، دەزووەکەی ڕادەکێشایەوەو بەغەرغەرەکەیەوە هەڵدەکردەوە. کۆترەکەش بەدەم داوەکەوە تا دەهات نزیکتر دەبۆوەو دەگەیشتە دەستی و بەستە زمانەی دەگرت. ئەو کۆترەی ئاوا تووش دەبوو ئیدی دەنکە دانەکەی بۆ قووت نەدەچوو. راوچییەکە کۆترەکەی سەردەبڕی و دەنکە گەنمەکەی جارێکی دی دێنایەوەو بەسەری قولابەکەیەوە دەکردەوەو کۆتریکی دیکەی پێ دەگرت.

ئەو راوچییە رۆژێ دووسێ کۆتر و جاری وابوو زیاتریشی بەداوێوە دەکردن و دەیگرتن. خەلکی مە هەروا لە خۆوە گۆشت کۆتری ناخۆن. لای مە ڕاوەکۆتر هەر باویش نییە. گوناهە. ئەوە بوو کە ئێمەی یەکجار وازۆر نارەحەت دەکرد. زۆرم تکالێکرد واز لەگرتنێ ئەو کۆترانە بێنێ کەببوونە دۆست و ئاواڵ و ئاوەدەنگی ئێمە و ببوونە مایەی سەرگەرمییەمان.

ئەو بەرکەوە پرسی:

- بۆ؟

گوتم:

- بەستە زمانانە گوناهن.

- ئەدی ئەمن گوناه نیم؟.. بۆ مەگەر خوێنی کوتران لە گیانی من شیرینترە؟ مـن دەبـێ پێش کۆترەکان غەمی گیانی خۆمم بێ.

وەبیرم هێنایەوە کە ئێمە دەزیندانێدا برسی نین و خواردنێکی رۆژانەی بەخۆراییمان هەیـە. وەڵامی دایەوە:

- لەشی من پێویستی بە پرۆتینە، من دەبێ گۆشت بخۆم.

گوتم:

- من ئامادەم مریشکت بۆ بکڕم، بە مەرجێك تۆ واز لە گرتنی ئەو کۆترانە بێنی.

گوتی:

- باشە.

رەییسی زیندانێ پیاوێکی میهرەبان و دڵ نەرم بـوو. رێـی دایـن چـەند مریـشکێکان لـە حەساری زیندانێدا راگرین و بەخێویانکـەین. داوام لـە یـەکێك لـەو برادەرانـەی هاتبوونـە سەردانی زیندانێم، کرد، سێ مریشك و کـەڵبابێکم بـۆ بکـڕێ. کەمریـشك و کەڵەبابەکـەیان هێنان و لەحەسارێیان بەرهەڵدا کردن، ئێمـە لـە کۆترەکـان زیـاتر بـەلای وانـدا شـکاینەوە. سبەینان و ئێواران دان و ئاومان دەدانێ. ئەوان ئۆگری من ومنیش ئۆگری ئەوان ببووم.

بەیانیان کەلەخەوێ هەڵدەستام، پـێش هـەموو شـتێکی سـەرێکم لـەوان خـواردەکردەوە. مریشکەکانم بۆ سەر برینێ کڕیبوون، کەچی دڵیشم نەدەهات بیاندەم سەریان بڕن.

کابرای بێ پرۆتین کەزانی نایاندەم سەریان بڕن، کەوتەوە ڕاوەکۆتران. چۆنم دەتوانی بیانـدەم سەریان ببڕن؟ ئێمە ئـۆگری و دۆسـتایەتی و خوومـان پێکـەوە گرتبـوو. لەلایـەکی دیـشەوە هەرچەندە کۆترەکان بەرەوە دەهاتن کەچی وەك مریشکەکانم خوو پێوە نـەدەگرتن و هێنـدەیان ئۆگرو ئالوودە نەدەبووم. لەو لاشەوە دەگەڵ ئەو مریشکانەی ببوونە ئاشناو رۆشنام نەمدەزانی چبکەم. دڵم نەدەهات سەریان بڕن. بانەوەندەش هـەربڵێم، بـۆ خۆشـم زۆرم حـەز لـە گۆشـتی مریشکێیە. بـەڵام گۆشـتی ئـەو مریـشکانەی لەمـەوپێش خواردبـوومن هـیچ پەیوەنـدی و دۆستایەتییەکم دەگەڵدا نەبوون و نەمدەناسین.

بەڵام بۆ خۆم دانم بۆ ئـەم مریـشکانە ڕۆ دەکـردو ئـاوم لـەپێش دادەنـان. سـەرو سـەوداو پەیوەندییەکمان دەنێوانێدا پەیدا ببوو. وەکو ئەوان بەشێك بن لەمن ومنیش بەشێك بم لەوان. ئەگەر یەکێکیان سەربڕیبایە، وەك ئەوە وابوو شتێك لەمن بکەنەوە. بەڵام چبکەم چارەم نەبوو

١

هەردەبوایە ئەو بەڵێنەی دابووم بەجێی بێنم. خۆ تازە لەوەش دەرچوو بوو بتوانم حەسارەکەش بکەمە جێی مریشکان.

رامسپارد مریشکێکی سەربڕن و بۆ ئەوەی ئاگاشم لەپەلەقاژە و باڵە فڕکەو قاڕو قیڕی گیاندانێشی نەبێ، کە سەریان دەبڕی، من چوومە ژووری تەندروستییە زیندانێوە. هێندەی پەلەقاژە کردبوو عەردەکەی هەموو ماڵی بۆوە وتووك و پەڕی بەو ناوەیدا بڵاو ببۆوە، کەگەیەوە بەشەکەی خۆشمان دەمێك بوو تاوەڕووت کرابوو و دەمەنجەڵێدا دەکوڵا و قوڵپی دەدان. خوێنەکەی عەردەکەی سوور کردبوو. دەتگوت گوناهێکی گەورەم کردووە. قوربانی کردنێ مریشکان بۆ رزگارکردنێ کۆتران !... ئەوە چ سەرو سەودایەکە !... ئیدی نەمهێشت ئەو مریشك و کەڵەبابانەی دی سەربڕن. ڕاوچییە کۆتران بۆ دابینکردنێ کەم پرۆتینییەی دەستی کردەوە بەڕاوەکۆتران. پاش چەند ڕۆژێکان پۆپڕەی وەك گوڵی سووری کەڵەبابەکەم، شین و مۆر هەڵگەڕا. مریشکەکانیش هەروەتر. هەرسێکیان نەخۆش کەوتن و ئیدی دەندووکیان لەدان وئاوێ نەدا. لەماوەی دووسێ رۆژاندا یەك بەدوای یەکیاندا، بەنەخۆشییە مردن.

قەدر زانینی سەگ

ئەو ڕووداوەی خوارەوە ئاواڵی شانۆنامە نووسم لە بابیەوە بۆی گێڕامەوە کەمنیش ڕاست وەك خۆی دەیگێڕمەوە: باوکم لەشەڕی یەکەمی جیهانیدا سەرباز بوو وجێی سەربازییەکەشی لەئاناتۆلی ڕۆژهەلأت بوو. ڕۆژێکی چوو بووە دێیەکی. ئەو دێیە کە شوێنەکەی ناوەڕاستی گۆڕەپانی شەڕێ بوو، چۆڵ وهۆڵ بوو. زۆربەی خەلکەکەی یا وەبن دەست و پێی شەڕێ کەوتبوون یا هەلأتبوون و چووبوونە جێیەکی دیکە. کاتێ کە باوکم بەناو کوچەو کۆلأنەکانی ئەو دێیە کاوڵ و وێرانەیەدا دەگەڕێ کە گیانلەبەرێك و زیندەوەرێکی تێدانییەدا، لەپڕ سەگێکی کەتەی زۆر زلە لەبەردەمی قوتدەبێتەوە.

باوکم دەستبەجێ دەمانچەکەی هەلدەکێشێ و ئامادەی تەقە دەبێت و بەرامبەر سەگەی رادەوەستێ.

ئەسەگە دەجوولێ و ئەباوکیشم هەنگاوێك دەجوولێ. دوای ماوەیەك سەگەکە دەستدەکا بەکلکە سووتێ.

کاتێ باوکم دیبووی سەگەکە دڕنییە و ئایگرێ و کلکیشی بەنیشانەی ئاشتی و دۆستایەتیەوە ڕادەوەشێنێ، دەمانچەکەی داوێتەوە کیفەکەی و نانی بۆ لەکۆلەپشتەکەی دەردێنێ لە پێشی ڕۆدەکا. بەم جۆرە دەبنە دۆست و ئاشنای یەکتری.

ئەو سەگە کەتە زلە تەنیایەی ناو ئەو دێیە سەری لەلاق ولەتەری باوکم هەلدەسوێ و دەستەکانی دەلێسێتەوە. دوایەش سەگەکە لەپڕ دەردەپەڕێ و ڕادەکا و ون دەبێ.

باوکم سەری لەو کارەی سەگەکە دەرناکا. دوای تاوێك سەگەکە لە دوورەوە پەیدا دەبێتەوە. بەپەلە بۆ لای وی دێتەوە، بەلأم ئەمجارەیان کەروێشکێکی بەدەمەوەیە کە گرتوویەتی و لەبەرپێی باوکمی دادەنێ.

به زۆر کورك بوون

ئەو کاتەی لە دوورگەی هەیبەلی بووین، قەلەموون و جووجکە و مریـشکمان ڕادەگـرتن. دوا رۆژەکانی زستانێ بوو. ژنە لادێییەکمان میوان بوو. هەرکە چاوی بەقەلەموونەکان کـەوت پرسی:

- ئەوە بۆ ئەو قەلەموونانە نانێنەوەو هێلکانیان لەبن نانێن جووجکان هەلێنن؟

باوکم وەلامی دابۆوەکە:

- ئەمانە هێشتا بەکورك نەهاتوون. جارێ قەلەموون کورك نابێ.

پیرێژنە لادێیی گوتی:

- راست دەکەی مریشك وان، تا کورك نەبن لەسەر هێلکان ناکەون، بەلام قەلـەموون وەك مریشکێ نییە! هەرکاتێ بتەوێ بۆخۆت دەتوانی قەلەموونی کورك کەیت و لەسـەر هێلکـانی دانێی.

باوکم باوەڕی نەکرد بوو و گوتبووی:

- نا بابە... ئەوە هەر نابێ.

پیرێژنە لادێیی وەلامی دابۆوەکە:

- ئێمە هەرکاتێ بمانەوێ بۆ خۆمان قەلەموونان کورك دەکەین.

- چۆن؟

- پیرێژن روونی کردبۆوە:

- قەلەموونەکان دێنین و هەر دوو قاچیان دەگرین و سەرەوبن بلندیان دەکەین. ئـەوجا بـە دەوری خۆمانیاندا دەسووڕێنینەوە و هێندەیان خـول پێـدەدەین تـا قەلەموونەکـە گێـژو وێـژ دەبێت، ئەوجا دەیبەینە سەر ئەو هێلکانەی پێشتر بۆمان داناوەتـەوە و ئامادەمـان کـردووە. قەلەموونەکە کە گێژو وێژە لەسەر هێلکەکان دەکەوێ. دوایەش کـە هێلکـەکانی بنـی گـەرم

دەبن، بەستەزمانە پێیوایە هەر بەڕاستی کورك بووە و تا هێلکەکان هەڵنەهێنێ نیدی تازە بەجێیان ناهێڵێ.

دوای ئەو شتانە پیرێژن، یەکراست لە جێی خۆی راپەڕی و قەلەموونێکی گرت و گوتی:

- ئێوەش چەند هێلکێکان بخەنە نێو کۆریتێوە. ئێستا من بەزۆری بۆتان بەکورك دێنم و بۆشتان دەنێمەوە.

باوکم گوتی:

- ژنەکە راوەستە. ئەو قەلەموونەی گرتووتە، مێیە نییە، نێرە.

پیرێژنێ لادێیی وەڵامی دایەوە:

- نێر باشە... قەلەموونە نێرەکان لە مێیەکان هێزترن. ئێمە قەلەموونە نێرەکانیش هەر بەو فێڵەی کورك دەکەین و دەیاننێینەوە. ئەگەر زانیت ئەوە قەلەموونەکە خۆ دەبوێرێ و هەڵدەستێتەوە و نایهەوێ کورك بێت،

دەبێ بەر لەوەی سەرو بنی بکەیت و بیسووڕێنیتەوە، هێندێکی کۆنیاك بەزاری داکەن...

دوایە بیستمەوە کە ئەمە ڕاستە. لە زۆر لە دیهاتەکانی مە ئەو قەلەموونانەی کە کورك نابن، سەرەوبنیان دەگرن و دەیانسووڕێننەوە. هێندەیان دەسووڕێننەوە تا بەستەزمانە بەتەواوەتی گێژوێژ و هێڕ دەبێ، ئەوجا دەیانهێنن لەسەر هێلکانیان دادەنێن تا هەڵیان دێنن.

فشفشه

مالّم له دوورگەی هیبەلی بوو. ماسیم ده شووشەیەکی زۆر گەورەدا راگرتبوون و بەخێوم دەکردن. چوار لەو ماسییانه یەکجار زۆر جوان و پتەو و خۆڕاگربوون. سێیان سوور و یەکێکیان رەنگ زێوی بوو.

هەرچەند جارێکی بەرامبەریان دادەنیشتم و تەماشام دەکردن، ماندووەتیم دەحەسایەوە. هەر کاتێکیش له ئیشێ ماندوو بامایە، بەرامبەر بەو شووشەی ڕادەوەستام وتێکەڵەوان دەبووم. ماسییه سوورەکان قەڵەووخڕن بوون، بەلاّم ماسییەزێوییەکە درێژکۆڵه و باریکەڵەو لاوازبوو.

کاتێ کە خواردنم بۆ داویشتنه شووشەکەوه. لەپێش هەمووانی خۆ دەگەیاندێ و خواردنەکەی دەخوارد. ماسییەکی زبرو زرینگ و سووکەڵه و زیتەڵەو بزۆز بوو، یەك دەقیقەش لەجێیەکی ڕانەدەوەستا. هەمیشه هەر خۆی هەڵداویشت و دەردەپەڕی و خۆی هەڵدەگێڕایەوه و پێچ وپەنای دەکردن.

بەهەمولایانیدا مەلە دەکرد. چۆنی بلێی وابوو. بەلاّم بەو خۆ نواندنانەش هەر دانەدەکەوت. سەری دەکردە سەر ئەوانیدی. خۆی پێدا دەدان. کلك و پەڕەکانی لەسەرو ڕووی هەڵدەسوین. وەك بلێی سیخورمەیان لێدا دەیجوولاندن تا ئەوانیش بۆ گەمەو گاڵتەو یاری وگەنجەفان هاندا، لەبەر زۆر وریاییيه و زرنگی و بزۆزیەی ناوم لێنابوو ((فشفشه)) خۆ ئەگەر فشفشەنەبایە، ئەوانیدی بەکاوە خۆ وهێدی وهێور و ئارام و لەسەر خۆ دەجوولاّنەوەو مەلەیان دەکرد، بەلاّم فشفشه ئارام و ئۆقرەی لێ هەڵگیرابوو. و بە هەر کەڵەك و کوڵەکێك بایه وای لێدەکردن بەگورجی بێنه نێو گاڵتەو گەمەو یارییانەوه.

من شێت و شەیدای ئەو فشفشەی ببووم. ماسییەکی بێ ئارام و زرینگ و زیت و وریاو ژیکەڵەو بچکۆلانه بوو.

لە دوورگەی هیبەلیەوە چووینە خانوویێکی دیکەو گواستمانەوە ناو شاری هەرچوار ماسییەکانم کردنە ناو قوتوێکی گەورەی پڕئاوەوە و هێنامنە خانووە تازەکەمان.

لە ماڵە تازەکەدا یەکەمین شتێك کە کردبێتم، ئەوە بوو هێنام شووشەکەم پڕکردەوە لە ئاوو ماسییەکانم تێ هاویشتەوە. ئاوەکە تابلێی پاك و تەمیز و ڕوون و بێگەرد بوو.

لە خانووە تازەکەشمان، ماسییەکان هەمدیس چەند ڕۆژێکانیان وەك جاران گەمەوگاڵتە کردن. بەڵام هەر دوای ئەو چەند ڕۆژانە لە جموجۆڵ و هەوڵ وتەقەلاو گەمەو یاری کەوتن. فشفشەش وەك جاران بەکەیف نەبوو. وەك ئەوانیدی ئەویش بێ تاقەت ببوو. ڕۆژێکیان سەیرم کرد ئەوەیەك لەماسییە سوورەکان سەراو بووە بێدەرەتانە لەسەر پشتێ کەوتووە ومردووە.

ئەویەکە مردووەیانم لە ئاوەکەی دەرێنا. زۆری نەبرد سوورە ماسییەکی دیکەشیان سەراو بوو. ئەو دەمی زانیم ئەو ئاوەی کە بۆم دەشووشەکەی کردوون ئاوی بیرێیە. ئاوی گەچاوی بیرێ بە ماسییان ناکەوێ. من هۆشێکم هەر بەلای فشفشەی ئازیزمەوە بوو کە بەڕاستی لە هەموان زرینگ و زیتەڵەو زیندووتر بوو. نازانن لە تاو مردنێی چ دەکرد دەیویست جارێکی دی خۆ هەڵاوێ و خۆ هەڵگێڕێتەوە و باداتەوە بەڵام نەیدەتوانی.

سێهەمین سوورە ماسیش مرد، بۆ ئەوەی فشفشەش نەمرێ. هەموو دەمێم چاوەدێری دەکرد و چاوم لێ وەرنەدەگێڕا. هەرکاتێ سەیرم دەکرد، گریانم دەهاتێ. حەزم دەکرد ئەو فشفشەی کە ئەوچەند مانگانەی پێشوو هاو دەمی حەسانەوێم بوو نەمرێ و وەمێنێ. بەڵام دەمدیت ئەویش ئەوا وردە وردە خەریکە لە مردن نزیك دەبێتەوە.

بەتەواوەتی جووڵەی لێبڕا، تووشی بارو دۆخ و وەزعێکی هات کە بەڕاستی شایانی ئەوە نەبوو، وەك بپارێتەوە و بگریە، دەمی لێك دەکردەوەو پێکی دادەدایەوە. چەند ڕۆژێك دواتر لاشەی ئەویش سەراو بوو. تای سەیرکردنی مردنێ فشفشەم نەبوو.

سەری شووشەکەم کردەوە و فشفشەم هێنایە دەرێ و لە پەنجەرەمڕا هەڵدایە سەربانی ماڵەکەی بەرامبەرێ. ئەوجا لە ماڵێ هاتمە دەرێ و ماوەیەکی دوور و درێژ کەوتمە راوێچکە و قاڵدوان.

مشك، پشيله، ئادەميزاد

زيندانييەكان بۆ وەڕەزى شكانێ و سەرگەرمى و لابردنێ دڵتەنگييە خۆيان، هەميشە هەوڵ دەدەن بچووكترين وبێ بايەختزين هۆيەك بقۆزنەوە.

ڕۆژێكيان لە زيندانى حەربييە،؟ پيپيێكى نەوتێى بەسەر مشكێكيدا نخوون كردەوە، بەڵام چۆن مشكێك، تا بڵێى كەتە و زلە و قەڵەو و خەپە تۆرە و گرتى. هەرچى زيندانييەكانى ئەو ژوورانە بوون تێكڕا لە مشكەى خڕبوونەوە.

يەكێك لەزيندانييەكان پێشنيارى كرد كە:

- با قوتووێكى بەتاڵ بەكلكى ئەو مشكەيەوە خەين و تەنەكەيەكيش دەكلكێ پشيلەى ئەوجا هەردووكيان پێكڕا بەر هەڵداكەين و بزانين دەحەوشێدا چدەكەن.

ئەو پێشنيارە بەلاى هەمووانەوە زۆر خۆش بوو. بڕيار درا دەستبەكاربن. ئەو مشكەى قوتووەكەى دەكلكێ خرابوو لەو سەرى حەسارێ و پشيلەكەى تەنەكەشى دەكلكى خرابوو لەو سەرەى ديكەى حەسارێوە بەرامبەر يەكيان ڕاگرتبوون.

هەردوو دەرگاكەى حەسارێ داخرابوون، بۆيە نەمشك و نە پشيلەكە، نەياندەتوانى ڕاكەن و ڕوو لە جێيەكى دى كەن. هەردووكيان لەيەك ساتدا بەرهەڵداكردن. هەركە پشيلەكە چاوى بە مشكەكە كەوت، هەڵيكوتايەو ڕاياماشتێ. هەركە مشكەكەش چاوى بە پشيلەكە كەوت تێى تەقاند و هەڵات. بووە هەراو هات و هاوارو زەناو وەلوەلەيەك دەحەسارى زيندانێدا مەپرسە. پشيلەكە بەدواى مشكەكەوە بوو لە تەقەتەق و ڕەقە ڕەقى ئەو تەنەكەى كلكيەوە كە لە عەردى دەخشا زەندەقى چوو بوو و دەڕەوييەوە. مشكەكەش زراوى لە تەقەو ڕەقەى ئەو قوتووە بەتاڵەى چوو بوو كە دەكلكێى خرابوو و بەسەر عەرديدا بەدووى خۆيدا رادەكێشا.

پێشبڕكێيەكى دۆزەخيانە دەحەسارى زيندانێدا بەرپابىوو. ڕاستييەكەى ديار نەبوو كامەيان لەبەر كامەيان هەڵدێن.

پشیلەکە لەبەر ئەو هەراو زەناو تەقەو ڕەقەیەی خۆی نابوویەوە هەڵدەهات. مشکەش، هەم لەبەر پشیلەکە و هەم لەبەر ئەو تەقەو ڕەقەیەی خۆی و هەم لەدەنگی تەنەکەی کلکی پشیلەی هەڵدەهات و جێ نەبوو خۆی تێنێ.

هەردووکیان خۆیان بەدەرو دیوارو بێرەو بەویدا دەدا و بە چوار دەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە. ئەو شتە بۆ هەمووان شتێکی تازە بوو. هەراوزەناو هات وبات و قاو قیژێکی وا هەستابوو نەپشیلەکە ئاگای لە مشکەکەو نە مشکەکەش ئاگای لە پشیلەکە مابوو. هەریەکەیان لە دەربازکردنێ خۆی دەگەڕا. مشکە یەکجارەکی شێت ببوو و پشیلەکەش هەروەك سەی هاری لێهاتبوو، هەر دەیویست خۆ هەڵداتە سەر دیواری.

زیندانییەکان کە هەر چوار دەوری حەسارێیان گرتبوو و سەیریان دەکرد، لە پێکەنینان وەختە بوو بپسێن. دەو نێوەیدا دەنگێکی گڕ بڵند بوو:

- ئەوە چ هەرایەکە؟... بەڕاستی، ئێوە بەزەییتان دەدڵی دانییە؟ ئەوەی ئەو قوولەی کردبوو، زیندانییەکی تاوانبارکراوی فەرمان بە لە سێدارەدان دەرچوو بوو کە فەرمانی لە دار دانەکەی قۆناغی کۆتایی بوو و پەسەندکرابوو.

دەزیندانێدا هەموو بەو زیندانییەیان دەگوت ((ئیعدامی)). هەر ئەو کابرایە، کە دەبوو بەر لەمانگێك پێش ئێستا لە دار درابوایە، سەر لە نوێ قوولاندیەوە:

- یاڵلا، زوو ئەو قوتووانە لە کلکی ئەو بەستەزمانانە بکەنەوە.

کەس نەیوێرا قسەی دەقسێدا بکا. پشیلەکەیان گرتەوە. تەنەکەکەیان لە کلکێ کردەوە. پشیلەکە دەستی هەموو ئەوانەی ڕنییەوەو برینداری کردن کە دەیانهەویست تەنەکەکەی لە کلکێ کەنەوە. یەکێکیش پێی خستبووە سەر قوتووەکەی کلکی مشکەکە حەساری زیندانێ دەبێدەنگییەدا نقوم ببوو. زیندانییە ((ئیعدامی)) یەکە چاوێکی بەهەمووان‌د خشاندو لەنوێ پرسییەوە:

- ئێوە هەر بەڕاستی نازانن بەزەیی چییە؟

چاوەکانی زیندانییە ((ئیعدامی)) یەکە بە فرمێسکێ تەڕببوون.

چکەی دەستەوکەر

ڕۆژێکیان بارانێکی بە خوڕ دەباری.کوڕەکـەم بێـچووە پـشیلەیەکی بـچکۆلەی بـە بـاران تـەڕی لـە کۆڵانێوەهێنایەوە ماڵێ.ئەو بێچووە پشیلە هێندە وردیلانە بوو لەبەر وردیلەییانی ناومان لێنا ((چکە)).

چکە گەورە و گەورەتر بوو، وتا وای لێهات بووە پشیلەیەکی تا بڵێـی زلـە و قیرسیـچمە، زۆریش بە هەڵمەت. بووە پشیلەیەکی بە تەواوی مانا بەرهەڵداو دڕندە، گۆێیـەکی دەشـەڕێدا لە بنەوە هەڵقەنا بوو. هەمیشە پیس و چەپەڵ و بریندار بوو، هاوسەرەکەم دەیگوت:

لەسەر دیواری باغی دراوسێیەکەمان پێنج شەش دانە پشیلە خڕببوونەوە. چکەکەی مەش ڕوواوڕوو و لەسـەرەخۆ بـەرەو لای ئەوانـەوە هـات. لـە پـڕ سـەگە گـورگ خنکێنەکـەی دراوسێیەکەمان بەدەم وەڕینێوە بەرەو لای پشیلەکانەوە تاوی دا. لەچاو ترووکانێکـدا هـەموو پشیلەکان هەڵاتن و ونبوون.یەکێکیان چووە سەرداری. یەکێکیان خـۆی هاویـشتە ژێرابێـوە، یەکی دیشیان خۆی هەڵداو چـووە سـەربانی. سـەگەگورگ خنکێنەکـەش هـەر دەوەڕی و بـە تووڕەییەوە بەچەپ و ڕاستانیدا کلك ڕادەوەشاند ئەگـەر یـەك لـەو پـشیلانەی وەبـەر چـنگان هاتبایە، پارچەپارچەی دەکرد.

بەڵام وەرەو سەیری چکەی مە: چکەی مە هەروەك ئاگای لەهیچ نەبێ، لەسـەر دیواریـەوە بازیدایە خوارێ و زۆر بە ئارامی و خوێن ساردییەوە بـەرەو لای سـەگە گـورگ خنکێنەکـەوە هات.سەگەکە کەوتە سەر بـاری خـۆ ئامادەکردنـێ بـۆ هێـرش و پـەلاماردانێ، بـەڵام چـکە بـچووکترین گـوێی پـێ نـەدا.تـەنیا ئەوەنـدە نـەبێ تـۆزێکی خـۆ گـیف کـردەوەو هیـچی دی.سەگەگورگ خنکێنەکە تێگەیی کەچکە لەو پشیلانە نییە وگوێی لەو فرۆفیشاڵانە پڕبووە. سەگەکە تێگەیی کە ئەگەر خۆی تێنەگەیەنێ وگوێی نەداتێ. زۆر چاکترو سەنگینترو بـۆ وی بەرێز و لە بارترە.سەگەکە خۆی ڕاگرت و ڕاوەستا. چکەش هەرکە گەیشتە لایەوە، زۆر ئارام و بێ پەروا هات و هەڵتووتا و کەوتە بن کلك لێستنەوەی خۆی.

لەو ڕۆژە بە دواوە زۆر جارانم دەدیت سەگەکە پەلاماری هەموو پشیلەکانی دیکەی دەدا و تەفروتونای دەکردن، بەڵام هەرکە چکە پەیدا دەبـوو، بـۆ ئـەوەی خـۆی سـووك نـەکا، گـوێی نەدەدایە چکەکەی مەش هەرگیز ئەو سەگەگورگ خنکێنەی هەر وەك سە خوێڕیـەکیش سـەیر نە دەکرد. کاتێ کە ئەوی دەدیت، دەچووە لایەوە و هەڵدەتووتەکاو بە تەواوی گوێ نەدانەوە د زۆر بە ساردیەوە، دەستی دەکرد بە لێستنەوەی بن کلکی و ئەولاوئەملای.

پشیلەی زیندانیی سیاسی

دەڵێن سەگ گیانلەبەری سەردەمی کۆچەری و پشیلەش گیانلەبەری سەردەمی نیشتەجێ بوونە؛ چونکە سەگ پابەندی مرۆڤە و پشیلەش پابەندی جێ وڕێ و شوێن. پشیلە لە مرۆڤ زیاتر بەجێ و ڕێ و شوێنەوە دەنووسێ. ئەو ڕووداوەی خوارەوە گەواهی ئەم قسەیەیە:

ئەو دەمی کە زیندانیی سیاسی بووم، لە بەشەکەی مەدا پشیلەیەکی ڕەشی لێبوو.چاوە سەوزە جوانەکانی هێندەی دیکەشیان جوانتر دەکرد. دەیانگوت ئەو پشیلەیە هەر دەزیندانێدا هاتۆتە دنیایەو هەر لەوێشدا گەورە بووە.

لە تەواوی تەمەنی خۆیدا جارێکی جەرگ نەخواردبوو. ڕاستیەکەی هەر نەیدەزانی گۆشت وئەو شتانە هەر چیشن. ئەو پشیلە بێدەرەتانە دەزیندانێدا چ خواردووە؟ ئێمە، دەهاتین ناوە سەموتی ڕۆژانەی خۆمانمان بۆ تۆپەڵ دەکردو دەماندایە.ئەگەر ناوە سەمونەکانمان هەروا لەبەر دەمی دانابایە دەمی بۆ نەدەبرد و لێوی لێ نەدەدا. پشیلەیەکی یەکجار پاك و خاوێنیش بوو. لە تەواوی زستانێدا جارێکی دەست و پەنجەبەقوڕنەبوو. هەر شەوەی دەهاتە بن جێی یەکێکمان و سەری وەسەرینێ دەکرد و لێیدەنووست.زۆربەی شەوانە لەسەرگازی پشتێ دەنووست.

کاتێ کە فەرمانی لێبووردنی گشتی دەرچوو، هەموو زیندانییە سیاسییەکان بەربوون.

ڕۆژێکی پاسەوانەکەی زیندانێم دە ڕێیەدا دیت. هەروا بەدەم قسانەوە هەواڵی پشیلەکەی زیندانێم لێ پرسی.پاسەوانەکە زۆر بە داخەوە گوتی:

دوای ئەوەی زیندان چۆڵ بوو، هەرچییەکمان کرد پشیلەکە ئەوێی هەر بەجێ نەهێشت وهەر ئەوێ مایەوە. ئێمە نەماندەزانی کە برسییە. بەستەزمانە لەبەر بێ خواردنێ دەزیندانێدا مردبوو. ڕۆژێکی کەلاکەکەیان دەدالآنەکێدا دیتەوە.

سەگی وێڵ

خانمێکی ئاواڵم دەیگوت:

کاتێ باوکم مامۆستای گوندی بوو، دێڵە سەگێکی زۆر بچکۆلانەمان هەبوو. ناوی مەنجوق بوو.دەکۆتایی زستانێداکە سەگ بە با دێن و بەدوای یەکدا دەگەڕێن، گۆڵە سەیەکی بەرمەڕی زۆر زلە، لە دەور و بەری ماڵێ مە پەیدابوو. تەلدرۆێکی بەملیەوە بوو.چاوێکیشی کوێر بوو هەمیشە بە دوا مەنجوقیەوە بوو زۆری چاو لە دوو مەنجوقیەوە بوو. ئەگەر سەگێکی بە دەوروبەرێدا هاتبایە، ڕایدەکردێ و دەیخنکاند. ڕۆژێ بەلانی کەمەوە یەك دوو سەگ ئەجەلیان بە دەستی ئەو سەگە زلەی دەهات. ئێمە بۆ خۆمان شایەدی ئەو تاوانانەی بووین. پشتەملی سەگانی بە ددانی دەگرتن و پێیان دادەنووساو یەك دوو جارانی رادەوەشاندن و دەخولێی وەردەدان وملی دەشکاندن و ئەوجا تووڕی هەڵدەدان. ئەو سەگانەش هێندێکیان پەلەقاژە دەکرد، بەڵام چونکە ملیان شکابوو، پاش ماوەیك دەتۆپین.

ئێمەش نەماندەوێرا لەو سەیە دڕندەی نزیك بینەوە.هەمووی هەر لێ دەترسان.

ڕۆژێکیان هەر کە لە خەوێ ڕابووین، سەیرمان کرد سەیەی مل بە تەلدرۆوکەتە گۆڕی ونبووە و دیار نییە. ئێمەش لەبەروەی لە چنگانیمان رزگار ببوو شاییمان دەدلێدا دەگەڕا لە خۆشیان. مەنجوقەکەمان ئاوس ببوو و ترەکی. تووتکەکانی نە وەك داکیان وردیلەو نە وەك بابیان کەتە بوون. بەڵام چونکە لە ڕەگەزێ سەی بەرمەڕی بوون زۆر دڕو ئازا بوون.

ساڵی دوایە، هەمدیس کۆتایی وەرزی زستانێ، سەرو سەکوتی هەمان سەی بەرمەڕی پەیدا بۆوە. بە سۆراغێ مەنجوقیەوە هاتبۆوە.ئەو کاتی بوو کە ئێمە سەرگۆزەشتەی ئەو سەگەی بەر مەڕیەمان لە یەکێکی لادێیی بیست.ئەو سەگە لە دێیەکی چەند کیلۆمەتر بەولاترەوەی ئێرە، سەگی ئەربابی دێی بوو. ناوی سەڕەش بوو.پەلاماری ژنێ ئەربابی دابوو و

بەکوشتی بریندار کردبوو. ژنێ ئەربابی ماوەیەکی لە خەستەخانەی بوو و دوایەش لە مردنێ ڕاستبۆوە. هەموو لە هەموو دەیانهەویست بزانن کە ئەو سەیە بۆ داهاتۆتە ژنێ خاوەنەکەی گرتوویەتی و برینداری کردووە. بەڵام کەس هیچی بۆ ڕوون نەدەبۆوەو نەیزانی. دوای ئەوەی کە سەرەش پەلاماری ژنێ خاوەنەکەی دابوو و بە کوشتی بریندار کردبوو، لادێییەکان بەتفەنگەوە وەدووی کەوتبوون. زۆریان تەقەلێکردبوو، بەلاّم نەیانتوانیبوو سەرەش بکوژن. تەنیا گوللەیەکی بە چاوی کەوتبوو و چاوێکی کوێر ببوو، دوای ئەو ڕووداوە، سەرەش ئیدی نەلە دێی خۆیان و نەلە دێییەکی دی وەدەرنەکەوتەوە.

هەر ڕاست وەك هەلاّتوێکی تۆمەتبار، ناوارە و سەرگەردانی کێو و بەندەنان بوو و هاوین و زستانێ بە ڕاوێ دەژیا. تەنیا دە وەرزێکیدا کە سەگ بە با دێنەوە، دەهاتەوە گوندی و چەند ڕۆژێکان لەلای مەنجوقی دەمایەوەو دوایەش ون دەبۆوە. سێ چوار ساڵان ناوابوو.ڕۆژێکیان بەهەڵە خواردنی ژەهراویان هەڵدایە بەر مەنجوقی و مەنجوق مرد.

هەمدیس کۆتایی وەرزی زستانێ بوو. سەرو سەکوتی سەرەشی پەیدا بۆوە. زۆر بە دوای مەنجوقیدا گەڕا، بەلاّم نەیدیتەوە. دوایەش دەرکێ ماڵێ مەی بەرنەدا. وەك کوێرەکەی، هەر بەتەمای دوو چاوی ساغ بوو هەیوانێکی نزیکەی دوو مەتر بلند بەبەر ژوورەکەی مەوە بوو. ڕۆژێکیان دەگەڵ داکمدا لە هەیوانێ دانیشتبووین سەیرمان کرد ئەوە سەرەش لەبەر پێی مەوە نوستووە. منیش وەك بڵێی مەنجوق زیندووە، چەند جارێکانم بانگ کرد: ((مەنجوق، مەنجوق، مەنجوق .))

سەرەش دەستبەجێ ڕاپەڕی گوێی قیت کردنەوە، سەیرێکی ئەملاونەولای کرد، خولێکی دا، کە نائومێد بوو، چۆوە جێیەکەی خۆی و نووستەوە. من حەزم دەکرد بزانم سەرەش هەر بەڕاستی ناوی یارەکەی ((دەنکەکەی)) دەزانێ یان نا. بۆیە سەر لەنوێ بانگم کردەوە:

- مەنجوق، مەنجوق، مەنجوق.

سەرەش هەمدیس لە جێی خۆی ڕاپەڕیەوە و گوێی قیت کردنەوە.

سەیرێکی دەوروبەرێی کرد و سەر لەنوێ بەناکامیەوە چۆوە جێیەکەی خۆی و نووستەوە.

من بۆ جاری سێهەمیشم بانگ کردەوە:

- مەنجوق.

هەمدیس سەرەش لەجێوە ڕاپەڕیەوە، بەڵام ئەمجارەیان پەلاماری ئێمەی دا. من و دایکم بە زەحمەت بە پەنجەرەیدا خۆمان هاویشتە ژوورێ و پەنجەرەکەمان داخست. ئایا سەرەش هەستی کردبوو کە دەمانهەوێ هەڵیخەڵەتێنین و فێڵی لێبکەین؟

ڕۆژی دوایی لە ماڵێ هاتمە دەرێ و بەرەو قوتابخانە کەوتمەڕێ. بابۆڵەیەکی بە ڕۆنەکەرەم بە دەستەوە بوو لەپڕ قورساییە دوو دەستانم کەوتە سەرشانی. سەرەش خۆی بوو. زریکاندم و بابۆڵەکەم فڕێدا. سەرەش هەرلە هەواوەیرا بابۆڵەکە قۆستەوەو قوتی دا. ئەوجا سەر لەنوێ بەرامبەرم هەستایەوە سەر پاشوان و هەردوو دەستی بەشانییەوە نام. هەرکلکیشی ڕادەوەشاند. کە زانیم هیچ نیازێکی خراپی نییە، کەوتمە لاواندنەوێی.

سەرەش ئیدی ماڵێ مەی بەر نەدا. بەڵام هەر وەك خۆی ئازاو دڕ بوو. هەربۆیەش دوژمنی زۆر بوون. ڕۆژێکیان یەکێك — کە نەمانزانی کێ بوو — گوللەیەکی لە سەرەشێ داو کوشتی.

هەمووان جوانیان خۆشدەوێن

ساڵی ۱۹٤۹ عەسرێکیان دەگەڵ دۆستێکمدا چووینە ماڵی برادەرێکی هەردووکمان.خاتوو نادرینی هاوسەری، زۆر پشیلە دۆست بوو. هەر بۆیەش ئەو خانووە گەورە دوو نهۆمە، ببووە لانەی زیاتر لە بیست پشیلان.

چێشتکەرەکەیان خواردنی جودای بۆ لێدەنان. تێکڕای هەموو ئەو پشیلانەش بەشێوەیەك کە سەرنجی ئادەمیزادیان ڕادەکێشا، ناشیرین بوون.

دەنێو تەواوی هەموو ئەو پشیلانەدا، پشیلەیەکی تێدا نەبوو ئێسك سووك وخنجیلە و ژیکەڵانەبێ. خاتوو ئاردین، دیار بوو بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو پشیلە ناشیرینانە لە جێیەکی رەنجێکی زۆری داوە، و زەحمەتێکی زۆری کێشاوە. نەمتوانی لەوە زیاتر خۆم ڕاگرم. کە لەسەر سفرەی دانیشتین پرسیم داخوا:

- ئەو هەموو پشیلە، بەتایبەتی ئەو هەموو پشیلە ناشیرینانەیان چۆن لێرە کۆکردوونەوە؟

- سانا نییە.کۆڵان بەکۆڵان گەڕاوم تا ئەوانەم دۆزیونەوە. ئەو پشیلانەی لێرەش دەخولانەوە، یا کوێر بوون، یا شەل بوون، یا کزو لاواز و مردەڵۆك بوون.

لە خاتوو ئادرینێم، کە دەستە گوڵی ناشیرینترین پشیلەی دە ماڵێ خۆیدا خڕ کردبوونەوە، پرسی:

- باشە بۆ هەر نەبێ تەنیا یەك پشیلەی جوانیان تێدانییە؟

- خاتوو ئادرین وەڵامی دایەوە:

- چونکە پشیلە جوانەکان بێ خواردن نابن زۆربەی خەلکی پشیلەجوانەکان ڕادەگرن و بەخێویان دەکەن. بەڵام کەس ئامادەنییە ئەو بەدفەساڵانە ڕاگرێت و بەخێویان کا. هەربۆیەش کەمن کۆڵان بە کۆڵان دەگەڕێم و پشیلە ناشیرینەکان دەسکەنە دەکەم و دەیانهێنمەوە ماڵێ خۆمان.

مشكانی خۆشەویست

هێندێك گیانلەبەرمان بەلاوە بوونەوەرانێکی ساردو قێزەونن. وەك مار و مشك... من گەرچی وەك ژنانی دی لە مشك ناترسم، بەلام بێزم لێ دەبنەوە.

من چووزانم هەر ئەو مشکانەی کە هێندەم ڕق لێدەبنەوە و ئەوەندەشم بێزلێیانە، ڕۆژێك دێ هەر ئەو مشکانە دەبنە تاکە هاودەمی تەنیاییەم. دەزیندانی نیزامیدا گیرابووم. ژوورەکە هەرچێ قەرەوێڵەیەکی تێدا دەبۆوە. تابڵێی بچووك بوو. پەنجەرەشی تێدانەبوو. گڵۆپێکی کزی بەبن میچەکەیەوە بوو، لەسەرەوە ترووسکەی بوو.من ڕۆژ و مانگم دەوجێیە تەنگەبەرەیدا ژیان بەسەر دەبرد. کەسیش سەری لێنە دەدام. نەك هەر ئادەمیزاد، هەر هیچ بوونەوەێکی زیندووشم نەدەدیت.

ڕۆژم والێدەڕۆیی. کتێب وگۆڤارو ڕۆژنامەش ئەوە هەر هیچ.دەو ڕۆژە سەختانەدا، تەنیا مشکەکان بوون کە گەورەترین چاکەیەکیان پێکردم. ڕاستییەکەی هەرگیز نەیانهێشت تەنیابم و بەجێیان نەهێشتم و هەر دەگەڵمدابوون.

ڕۆژێکیان چاکم لەبیرنییە لەوانەیە شەویش بووبێ پەتووەکەم ڕاکێشابووە سەر ئەژنۆیاکەنم و دانیشتبووم.مشکێکی خۆڵە مێشی و تووکنی زۆر بچکۆلە و فندەقی هاتە سەر پەتووەکە. بەدوای ویدا دوو سێیەکی دیکەش پێ هەڵاهاتن... بۆ ئەوەی نەترسن و هەڵنەیەن خۆم نەبزاوت. لە نەرمە کۆکە و لە هەناسەیەکی قوولیش دەترسان و هەڵ دەهاتن.

حەزم لێبوو مشکەکان بێرە فێرکەم و ڕایان بێنم. وردە نان و شتی دیم بۆ بەگۆڕێ وەردەکردن. مشکەکانیش دەهاتن و دەیانخوارد. کاتێ کە خواردنەکەیان دەجوی، هەر زینەت بوو سەیری جوولەی دەم و سمێلانیان بکەی. ئەوجا وردە وردە، وردەنانەکەم نزیکتر و دوایەش بەسەر پەتووەکەم وەردەکرد. مشکەکان بۆ خواردنێ نانەکەی، تا سەر ئەژنۆیەکانم بە پەتووەکەیدا دەهاتنە سەرێ.نازانم ئەو مشکە وردیلانەی پێیان دەڵێن فندەقی دیوتانن، یا شارەزایانن یان نا. بەڕاستی گیانلەبەری هێندە شیرین و ئێسك سووك و خۆشەویست کەمن.چاوە ڕەشەکانیان هەر دەڵێی دوو دەنکە لەرزانەی ڕەشن بریسکە بریسکیانە.

کاتێ کە لەسەر هەست و بە چاوی ترسەوە دەستەکەن بە خواردنی شتێکی، دەموسمێلیان هەر مەپرسە چەند جوانن و مالّی تەماشا کردنێن.

ئەو مشکانە بستێکیش لە ئەژنۆم بەولاوەتر نەدەهاتن، چونکە تەنانەت سڵیان لە هەناسەدانیشم دەکردەوە لەوانەش بوو بتوانم وردە وردە وایان لێبکەم کە تەنانەت بێن و وردەنانی لەسەر لەپی دەستم بخۆن. بەلام ماوە نەبوو ولەو جێیە تەنگە بەرەیان ئازاد کردم.

ئاگاتان لە ڕەنگی سووربێ

یەکێك لەبرادەرەکانم دەیگوت: کاتێ کە ئەفسەری ئازووقە بووم، داوام لەفەرماندەکـەمان کرد ئەسپێکم بدەنێ. داوایەکەم جێبەجێ بوو. ئەوگروبانەی ئەسپەکەی دەدامێ گوتی:

- گیانلەبەرێکی ملکەچ و ئارام و بەگوێیە، بەڵام وریابە چاوی بە یەخەسووران نەکەوێ.

پێموابوو گاڵتە دەکا. گوێم نەدایە قسەکەی. بەڕاستیش ئەسپێکی بە گوێ بوو. ڕۆژێکیان سواری بووم و دەڕۆیشتم. پزیشکی پەلەکەمان ڕووبەڕووپەیدا بوو.

کاتێ چل هەنگاوێکمان مابوو بیگەینێ، ئەسپە ئارام و هێورە بەگوێیەکە کتوپڕی لە جێی خۆیەوە ڕاپەڕی و بایدایەوەو کەوتە غاردانێ و هەڵات دوای ئەوەی ماوەیـەکی غـاردا زۆر بـە زەحمەت توانیم جڵەوی بگرمەوە.

دوایە بیستم کە ئەو ئەسپە لەپێشدا لای بەیتاڵێکی پزیشکی ئـاژەڵان ـــ نیزامـی بـووە. گوایە ئەو بەیتاڵە زۆر دەگەڵ ئەو بەستەزمانەدا خراپ بووە و ڕۆژێکـیش زۆر خراپـی لێـداوە، لەو ڕۆژە بەدواوە هەرکاتێ ئەو ئەسپە چاوی بە پزیشك و بەیتاڵی نیزامی بکەوێ کـە یەخـەی کراسەکانیان سوورە، لە جێی خۆی ڕادەپەڕێ و هەڵدێ.

ئەو سەگەی حەزی لە کاڵباس بوو

یەکێك لە برادەرەکانم دەیگوت:

چەند برادەرێك بۆ شامێ لە ماڵێ محەممەدی برادەرمان بانگ کرابووین.ئەو برادەرەمان ڕەبەن بوو. هەریەکە لەبەر خۆمانەوە لە موغازەی خواردن فرۆشیە شتێکمان کڕی و دەگەڵە خۆماندا بردە ماڵی ئەوان. بەڵام دەبوو شتی دیکەشمان هەر کڕیبایە. ئەو کیسەو پاکەتانەی دەگەڵە خۆمان هێنابوون لەسەر مێزەکەمان دانان و دەگەڵ محەمەدی برادەرماندا چووینەوە دەرێ بۆ شت کڕینێ دی.

دوای کڕینێ هاتینەوە ماڵێ.کاتێ خەریکی مێز ڕازاندنەوێ بووین، سەیرمان کرد قوتووە کاڵباسێکی کە دەپێشدا هێنابوومان، نەماوە و دیارنییە. خەریکبووین لەیەکتریان دەپرسی:

- ناکا پاکەتە کالباسەکەمان لەبیر چووبێ.

محەمەد کەلە سوچێکەوە دانیشتبوو وخەریکی سەیرکردنی سەگە بۆڵدووگە کەتە زلەکەی بوو، گوتی:

- ئێستا من بۆتان دەدۆزمەوە.

بولدووگ بەچاوێکی کزەڵۆکەوە سەیری دەکرین و ملچەی بوو. محەمەد گوتی:

- ئەوە یەکەم جاری نییە کاڵباسی دەدزێ.

ئەوجا وەك دەگەڵ ئادەمیزادێکیدا بدوێ کەوتە تانەوتەشەران لە بولدووکی کە:

- کاڵباسەکە کوا؟ خێراکە بیڵێ، لە کوێت شاردۆتەوە، دەی وەڵام بدەوە!...بولدووگ کلکەقولەکەی دەگەلۆزێ ناو لەبەر پێی محەمەدی خۆی کرووشمەکرد.

- ئەدی هەر دوێنێ، نەبوو کە ٢٥٠ گرامم کالباس بۆ کڕی؟ دەك شەرمەزار بی !. دەی خێراکە چەپەڵی دز بلێ بزانم کاڵباسەکەت چ لێکردووە؟ محەمەد وەرگەڕایە لێدانێ بولدووگی. سەگەش دەیقرووسکاند.

- یاڵلا دەی بلێ کاڵباسەکەت چ لێکردووە، دەنا دەتکوژم...

بولدووگ لەسەرەخۆ بەرەو لای ئاشپەزخانێوە چوو. ئێمەشی بە دواوە. هەستمان ڕاگرتبوو بزانین چدەکا. سەگە بولدووگ چووە لای تەنەکەی خۆڵەکەوە. تەنەکەکەی هەڵڕشت و سەرەوخوونی کردەوە.بەپەنجەو قەپۆزی زبڵ وزاڵەکەی لاداو پاکەتە کاڵباسە بەتاڵەکەی لەبن زبل و زاڵەکەی دەرێنایەوە.

کاتێ ئێمە لە ماڵەکە چووبووینەوە دەرێ، بولدووگ بە هەلی زانیبوو و بەسەروەختی پاکەتە کاڵباسەکەوە چوو بوو و خواردبووی و بۆ ئەوەی سەرگومیشی کات. پاکەتە بەتاڵەکەی بردبوو دەبن تەنەکەی خۆڵەکەی ئاخنیبوو.

---

(١) کاڵباس: وشەیەکی رووسییە..بەمانای،گۆشتی ناوپاکەت یا قوتوو

ئەندامانی ئەنجومەنی ئاژەڵپارێزی

یەکێك لە برادەرەکانم کە هونەرمەندی شانۆیە دەیگوت: دەگەڵ تیپەکەی خۆماندا بۆ پێشکەشکردن و نیشاندانی شانۆ دەچووینە دێهاتان. من بۆ ئامادەکردنی کەل وپەلی نواندنەکە لە تیپەکەی خۆمان جودا ببوومەوەو چوبوومە مەڵبەندی پەخش و بڵاوکردنەوە.من لەوێ خەریکی ئامادەکردنی کەل وپەلەکان بووم و دوایین پاسیس ڕۆیشتبوو. نەمویست شەوێ لە کاروانسەرایە بنووم، لەلایەکی دیشەوە هەر دەبوو بگەمەوە تیپەکە.یەکێك گوتی: ((دوای نیوە شەوێ ستێشنێکی دەربەست ــ خسووسی ــ بەرەو دێی دەچێ، ئەوانەی گرتووشیانە، ئەمشەو لە قاوەخانەیەکی خڕدەبنەوە.)) منیشی بردە ئەو قاوەخانەیە.

قاوەخانە پڕبوو لە بۆن هەناسەو دووکەڵی جگارە. فانۆسێك بەتاقی قاوەخانەکەوە هەڵواسرابوو فانۆسە گڕگڕ دەسووتاو ڕووناکییەکی لەناوەڕاستی قاوەخانەیدا دروست کردبوو. ڕووناکییە فانۆسەکەی هەروا چاوی دەترووکاند. ئەوانەی کە لەدەرەوەی ئەو بازنەی ڕووناکییەدا دەتاریکیەدا بوون، دیار نەبوون. کاتێ کە دەو ڕووناکییە کزەدا بەرچاوم ڕووناك بۆوە، زانیم لە چ جۆرە جێیەکیم. ڕاست لە ناوەڕاستی قاوەخانێ، لە نێو بازنە ڕووناکییەکەدا، سەکۆیەکی خڕ هەبوو.لەسەر سەکۆیەکە قەفەزێکی داری گەورەیان دانابوو. ئەو قەفەزە دارەش نزیکەی دوو مەترێك بەرز بوو.

بەهەر چوار دەوری سەکۆیەکەشدا تەختی داریان ڕیزکردبوو و هێندێك لەسەر ئەو تەختانە بە چوار دەوری قەفەزەکەوە دانیشتبوون. هەموویان سمێڵیان هەبوو. ڕەنگ و ڕوویان ڕەش داگەڕابوو. چاویان سوور ببۆوە. هەمووشیان جگەرەیان بەجگەرە پێدەکردەوە.تەختێکیشیان بەمن نیشان دا. دانیشتم هەستم ڕاگرت. دەمویست بزانم ئەوانە چدەکەن. دووکەڵەبابیان هێنا. کەڵەبابی مل درێژو لەسەر لۆق و ڕووتاوە. کەڵەبابەکانیان هاویشتنەناو قەفەزەکەوە. کەڵەبابەکان تێك بەربوون و کەوتنە گیانی یەکتری. کەس متتەقی لێ نە دەهات.تەنیا هەر

دەنگی پرتەپرتی فانۆسەکەو پێك هەڵپرژینیێ کەڵەبابەکان دەهـات. کەڵەبابـەکان بـە پەنجـەو نینۆك و دەندووکان یەکتریان دەرنییەوە. ئەو شەرە کەڵەبابە نیو سەعاتێکی خایاند. کەڵەبابـە سوورە هیندییەکە کەڵەبابە سپییەکەی بەزاند.

ئەو پیاوەی کەڵەبابەکەی بەزیبوو، زۆر توورە ببوو. کەڵەبابە سپییە خوێناوییە بێ حـاڵ و حەوسەڵەکەی لە قەفەزەکەدەرکێشایەوە دەرێ و بەلاقیکیەوە بڵندکرد و بەدەوری سەری خۆیدا سووڕاندەوەو تا دەستی هێنای دەعـەردی کوتـا. کەڵـەبابی بێـدەرەتان و مانـدوو و برینـدار، هێندێکی باڵ پێکدادان و کەوت ومرد.

ئەوانەی کە بەرەنگ و رووی رەشەوە لەسەر تەختەکان دانیشتبوون و گرەویان لەسـەر ئـەو دوو کەڵەبابانەکردبوو، جزدانەکانیان دەرێنان و ئەسکەناسـیان وێـك دان و لێکیـان وەرگـرتن. ئەسکەناسی پەنجا لیرەیی، و سەد لیرەیـی و پێـنج سـەد لیرەیـی، ئەوانـەی کـە گرەوەکـەیان بردبۆوە، ئەسکەناسەکانیان دەتەنکەی جزدان و بەرکێ نا. دوایەش دوو کەڵەبابی دیکەیان تێك بەردانە گیانی یەکتری و دوای وانیش چەند جووتێکی دیکە. کەڵەبابەکان بە کوشت دەجەنگین و هێندێکیش دەدۆڕان.

لای بەیانی بوو هەستان. هەموو سواری ستێشنەدەربەستەکە بوون. منـیش سـوار بـووم. ئوتومبێل کەوتە رێ. دەتەواوی رێیەدا باس هەرباسی کەڵەباب و شەرە کەڵەبابی بوو. یەکێك باسی ئەوکەڵەبابەی دەکرد کەزوو هەیبووە

ئەویدیان ئەو شەرە کەڵەبابەی دەگێڕایەوە کە کۆن دیبووی. تەواوی قـسەکانیان هـەمووی لەربارەی کەڵەباب و شەرە کەڵەبابێ بوو، بە تایبەتی ئەو کەڵەبابانەی کە دەشەرێدا ڕیخۆڵـەیان هاتبووە دەرێ یا دەشەرێیاندا چاو کوێربوو، یا مێشکیان پرژابوو و مەیدانیان چۆڵ نـەکردبوو و نەبەزیبوون.

ئەوان هەر دەیانرست و ئەمنیش تا دەهات تێـك دەچـووم. چـونکە مـن هـیچ قـسەیەکم دەقسەکانیاندا نەکردبوو، هەستیان لێ ڕاگرتم داخواکێم و چکارەم. هەر ئەو پیاوەی کەکەڵەبابە بەزیوەکەی دەعەردی کوتابوو و کوشتبووی،

لێی پرسیم:

- ئێوە چکارەن؟ گوتم:

- من هونەرمەندی شانۆم. ئەگەر بی ئەدەبێ نەبێ دەکرێ بزانم سەرکار چکارەیە؟

گوتی:

- من سەرۆکی ئەنجومەنی پاراستنی گیانلەبەرانی پەخشم، ئەو ئاغایانەش هەموو ئەندامی ئەنجومەنەکەن.

هەتاو کەوتبوو کە گەیشتینە گوندی. رۆژی دواتریّ مەسەلەکە روون بۆوە: ئاغای پەخشدار ـ مدیر ناحیە ـ شەڕەکەڵەبابی قەدەغە کردبوو. کەڵەباب بازو هەوادارانی شەڕەکەڵەبابێش بۆ شوێنە ونییە، ئەنجومەنی پاراستنی گیانلەبەرانیان پێك هێنابوو و بەدڵێکی ئاسوودەوە، لە ژێر ناوی ئەندامانی ئەنجومەنی پاراستنی گیانلەبەراندا، کەڵەبابە بێدەرەتانەکانیان لە گیانی یەکتر بەردەدا.

نەریتی باڵندان

گەریدەی گەورە کاپتان ((گۆك)) دەفتەرێکی بیرەوەریانی هەیە. ئەم بابەتەی لەسەفەرێکی دەریایی خۆیدا لەئۆقیانووسی گەورەدا کە بۆ خـۆی دیویـەتی، دەدەفتـەری بیرەوەرییەکانیـدا نووسیوەتەوە. کاپتان ((گۆك)) دەنووسێ: لە دەوروبەری ((ئانام)) جۆرە باڵندیەك هەن کەڵـە چوێلەکە ـ کێشکە ـ ی بچووکترن. بە ملیۆنانی ئەم باڵندەیە دەکاتێکی دیاریکراوی ساڵێدا بۆ کۆچکردنێ بەسەر ئۆقیانووسی ئارامدا تێدەپەڕن.

کاتێ کە ئەو باڵندانە دەو ئۆقیانوسەیدا دەگەنە شوێنێکی یا نوختەیەکی دیـاریکراو لـەو جێیە و بەسەر ئەو شوێنەوە دەسـتدەکەن بەخولـدان و سـووڕانەوێ و زیقـە زیـق و باڵـەفڕە و ژاوەژاوێ و هەروا بەو حاڵەوە زۆر بەیان بەهۆی شەکەت و ماندووەتی لە ئەندازە بە دەریان لـە باڵەفڕە دەکەون و بەر دەبنەوە ناو ئۆقیانووسێ و تەنیا ژمارەیەکی کەمیان نەبێ کـە دەگەنـە ((ئانام)) ێ ئەو باڵندانەی رزگاریشیان دەبێ سەر لە نوێ زاو زێ دەکەنـەوەو زۆر دەبنـەوەو ساڵی داهاتوو هەمان کۆچی مەرگبار دەگرنەوەبەر.ئەم رووداوە سەیرەش کەکاپتان ((گۆك)) دە دەفتەری بیرەوەرییەکانیدا نووسیوەتەوە تا ئەم سەردەمەی ئەمڕۆش هەر بەردەوامـەو سـەرنجی جوگرافی زانان و پەیوەندی دارانی ژیانی باڵندانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوەو دانیشمەندانیش ئەو خۆ ـ کوشتنە بە کۆمەڵەی ئەو باڵندانەیان خستۆتە ژێر چاودێری خۆیانەوە.

بۆ چوونی تێکڕای هەموو کارناسانی ئەم بوارەش ئەوەیـە کـە بـە ملیۆنـەها جـۆری ئـەم باڵندانە هەموو ساڵێ لە وەرزێکی تایبەتیدا دوای فڕینێکی چوار هەزار کیلۆمەتری، لەنوختە شوێنێکی تایبەتی و دەستنیشان کراودا دەکەونە ناو ئۆقیانووسی ئارامـەوەو دەخنکـێن. ئـەم باڵندانەش کە پێکەوە دەفـڕن، دەئاسمانێـدا وەك پەڵـە هـەورێکی ڕەش دەردەکـەون کـە بـەم لاوئەولایانداو بەرزونزم دەبنەوە.کاتـێ کـە دەشـگەنە ئـەو نوختـە دیـاریکراوە تایبەتییـەش

دەستەدەکەن بە چەرخ و خولدانێ و دەکەونە باڵەفڕکان و ئەوانەی کە توانای باڵ و پەرلێکدانێشیان نییە ئەوا لەو بەرزاییەوە یەك بەدوای یەکدا دەکەونە ئۆقیانووسێوە و لەناودەچن. ژمارەیەکی کەمیان نەبێ کە دەمێننەوە، دەگەڕێنەوە و خۆیان دەگەیەننەوە ((تانام)) ێ.

دەو دواییانەدا لاوێکی جوگرافی زانی ئەمەریکایی هەوڵی داوە کەپەردە لەسەر ئەو نهێنییە هەڵماڵێ. ئەو جوگرافی زانە لاوە بە یارمەتی یەکێك لە ئەنجومەنەکان چەند ساڵێکی تەمەنی خۆی بۆ بەدواداچوون و تێ خوێندنەوەی ژیانی ئەو باڵندانە تەرخان کردووە و دوای چەندین ساڵ وردبوونەوە و بەدوا داچوون وتێ خوێندنەوە گەیوەتە ئەو سەرەنجامەکە لە نوختەشوێنێکی تایبەتی ناو ئۆقیانوسێدا کە ئەو باڵندانەی لێ لەناو دەچن، دوورگەیەکی ژێرئاوی نادیار هەیە کە ئەژدادو ئابادی ئەو باڵندانە پێش هەزاران ساڵ لەمەوبەر پێش نقوم بوون و ژێر ئاو کەوتنی ئەو دوورگەیە، لە ((تانام)) هوەهاتوونەتە ئەم دوورگەیەو وەرزێکی تایبەتییان تێدابەسەر بردووە و دوایەش گەڕاونەتەوە ((تانام)) ێ. واش دەردەکەوێ سەدەها ساڵ پێش ئێستا ئەو دوورگەیە لە ئەنجامی یەك بوومەلەرزە یا ڕووداوێکی سروشتی دیکە دا ژێر ئاو کەوتبێ.

بەلام ئێستاش کە ئێستایە ئەم باڵندانە هەروەك ئەژدادو ئابادەکانی خۆیان بۆ بەسەر بردنێ ئەو وەرزە تایبەتییەی بەرەو ئەو دوورگەیە وەڕێ دەکەونەوە و لەهەمان ئەو شوێنە دیاریکراوە تایبەتیەدا کە دوورگەیەکی ژێر ئاوکەوتووە بۆ دۆزینەوەی دوورگەکە ئاواشەکەت و ماندوو دەبن و لەپەل وپۆ دەکەون و یەکەیەکە بەردەبنەوە دەئۆقیانووسێ و دەخنکێن.

برادەرانی زیندان

باڵندەو سەگ وپشیلەو ئەو جۆرەگیانلەبەرە ماڵییانە چاکترین برادەرانـی زینـدانییانن، بـە تایبەتی کۆتر و چۆلەکەکان، هەروەك دەزانین کە رۆژی ١٩ شـوباتی ١٩١٩ شـوومترین رۆژە رەشـەکانی میـژووی تورکیایـە، کـە دەو رۆژیـدا هێزەکـانی دوژمـن لـە ئـەزمیر دابـەزین. رۆژنامەنووسێك بە ناوی ((حەسەن تەحسین)) یەکەمین خەباتگێرێك بوو کە یەکەمین گوللەی نا بە دوژمنەوە و هەر لەوێش شەهیدبوو

کاتێ کە((حەسـەن تەحـسین)) لـەرۆمانیا سـەربازی دەکـرد گیراوکەوتـە زینـدانێ. ئـەو دەنامەیەکیدا کەلە بەندیخانەی بوخارستەوە بۆ خوشکەکەی نوسیبوو برادەرایەتیە خۆی دەگـەڵ سەگ و چوێلەکاندا ئاوا باس دەکا:

خوشکە ئازیزەکانم:

ئەگەر نەمزانیبایە بێدەنگییەکەم دەبێتە هۆی نیگەرانیتان هـەرگیز دەسـتم بـۆ قەڵـەمێ نەدەبرد، چونکە هیچم نییە بینووسم. ئەو زیندانییانەی کە دەنێوان چوار دیوارانـدا ژیـانێکی رۆژانەی یەك نەواخت بەسەر دەبەن لەوەی زیـاتر ئـشك نابـەن کـە دەگـەڵ تـۆف وباوبارانێـدا نێوچەوان تێك نێن و بـەدەم تـاو وساویـشەوە پێبکـەنن و پێـشوازی لـەگزنگی هـەتاوی رۆژە خۆشەکان بکەن. چاکترین و خۆشترین برادەرایەتییە من لێرە ئەو سەگە بەهۆش و گۆش و ئەو چوێلەکانەن کەلەبەشەنانە رەشەکەی رۆژانەی خۆم پێشوازییان لێدەکەم.

هەموو رۆژێ دەگەڵ شەبەقی بەیانیدا چوێلەکە ئازیزەکانم لەسەر لێوی دیـواری ژوورەکـەم ریز دەبن وکۆنسێرتێ دەگێرن. بەجیکەجیك و قاووقریشکی خۆیـان لـە خـەوێم هەڵدەسـتێنن. هەموو رۆژێم بە دەنگی ئەو ئاوازخوێنە بچکۆلانانە دڵ و دەروون دەکرێنەوەو شاد دەبم.

چوێلەکەکانم لەسەرەتای ڕۆژەکانی هەوەڵێ کە دانم بۆ ڕۆدەکردن بە پارێزەوە و بەترس و لەرزەوە لێم نزیک دەبوونەوەو دوای هەڵگرتنەوەو چنینەوەی دانەوێلەکەم لەسەر دەستی هەڵدەگرنەوەو بەجیکەجیکەوە بەدەورو بەرمدا دێن و دەچن و باڵەفڕەیانە.

سەگەکەم پاسەوان و چاودێرمە. تەنانەت یەك دەقیقەشم لێ دوور ناکەوێتەوە.ئەوەی بەلای ژوورەکەمدا بڕوا پێی دەوەڕێ، دەیانترسێنێ.لای نیوەڕۆیەش کە ژەمە خواردنەکەی دەدەمێ شتی وا دەکا پێی دەمرم لە پێکەنینێ.

((هولتور)) ی سەگم هۆش و گۆشێکی سەیری هەیە.نان یا ئێسقانێکی کە لەبەر دەمێنێتەوەو لێی زیادە زۆر بە وردی و بە دڵە ڕاوکەیەکی سەیرەوە دەچێ لەلایەکی حەسارێوەی دەبن گڵی دەنێ و دەیشارێتەوە وگڵی بەسەردا ـ دەکاتەوەو دایدەپۆشێ و زۆر وریاشە کاتێ ئەو کارە دەکا هەوڵدەدا کەس دیارنەبێت و نەیبینن.

پشیلە جوانکیلەکەی مانگێك بوو بەخێوم دەکرد، دوێنێ دزیان. ئەو پشیلە جوانکیلە شەوان تاو دەنگییە من بوو و هەزار جۆرە گەمەو گاڵتە ودەستبازی دەکردو سەرگەرمیە من بوو.خۆ ئەگەر ئەو دزەی پشیلە خنجیلانەکەی دزیوم وەبەر چەنگانم کەوێ چما سەری لە گۆڕی بابی نانێم.

ئەو دزەی دەبێ بچێتە ناو مێژووەوە

کاتێ کەلەساڵی ١٩٤٧ دا زیندانی بووم، دەگەڵ زۆرێك لەو دزانەی دەگەڵەمندا گیرابـوون ببوومە ئاشنا وهەرچی رێ و شوێن و هێمای دزییە هەموویان لێوە فێر ببـووم: گیرفـان بـڕی، دەخیلە دزین، بە دیوار هەڵگەڕان، گەوهەر دزی، فەرش و رایـەخ و قـاڵی و قاڵیـچە دزیـن و جۆرەها دزیی دیکە. هەر جۆرە دزیەك بۆ خۆی رێ و شوێن و فێڵ وتەڵەکە و هونەر و هێمـای تایبەتی خۆی هەیە.

رۆژێکیان، دزێکیان بە ناوی ((تەحسین پشیلە)) وە هێنایە زینـدانێوە. مـن نەمـدەزانی جۆرە دزیەکیش بەناوی ((دزییە پشیلە)) وە هەیە.

رۆژێکیان لە ((تەحسین)) م پرسی کە ئەمەیان چ جۆرە دزیەکە. ئەو بۆی باسکردم:

((براله، دزییە پشیلە داهێنانی نۆکەری خۆتە. ئەگەر بێت و رۆژێك لە رۆژان مێژووی ئەم دزییەش بنووسرێتەوە، ئەوە ناوی دڵسۆزیشتان دەچێتە دەمێژووەوە. ئەو شـێوە دزیـە نۆکـەری خۆتان دایهێناوە...))

هەروەك کە ((تەحسین پـشیلە)) دەیگـوت: سـێ چـوار پـشیلەی دەسـتەمۆی هـەبووە و کارەکەشی ئاوابووە کەیەکێك لەو پشیلانە هەڵگرێ و بەناو کۆڵانان کـەوێ، لـە هەرجێیـەکی ببینێ، جل و بەرگ و رایەخ و بەڕەیەك و ئەو جۆرە شتانەی کە هەڵیاندەخەن تاوشك ببنـەوە ئەوا پشیلەکەی بەردەداتە هەیوانێ. پشیلەکە ئەو پاڵتۆ و جل و بەرگ و رایـەخ و ئـەو جـۆرە شـتانەی لـە هـەیوانێ هـەڵخرابوون، چـڕنووکی لێـدەدان وهەڵیدەدانـە دەرێ و بـۆ خۆشـی رایدەکردەوە ماڵێ، دوایەش تەحسین بۆ خۆشی دەهاتەوە وەك ئەو دەیگوت ئەم جۆرە دزیە ئەك

هەر لە هەیوانی نهۆمی یەکەم بەڵکە لە نهۆمەکانی دووەمیشی هەر کردووە. ((تەحسین)) دەیگوت:

- بەڵام پشیلەیەکمان هەبوو ناوی ((سارمان)) بوو. ئەوە هەر بەڵایەك بوو بۆ خۆی، ئەومیانم بەر هەڵدای نهۆمی سێهەمیش دەکرد... وەك تەحسین دەیگێڕایەوە، پشیلەکان را فێری ئەو کارەی دەکرێن کە تەنانەت دەتوانن مافووری زۆر قورسیش کەلەسەر قالدرمان هەڵدەخرێن ئەگەر بەسانی بەسەر پلیکانەکاندا نەخزێن و بەر نەبنەوە ئەوان هێندەی بەچنگ و نینۆکان راکێشن و ئەولاولای پێ بکەن تا لە دواییدا لەو جێیەبڵندەیرا بەردەبنەوە، تا بە تەواویش کارەکەیان تەواو نەکەن، واز ناهێنن و لە هەوڵ و کۆشش و تەقەللای خۆیان ناکەون تا نەگەنە ئەنجام.

ئەو پشیلەی ئیرەیی بە کەروێشك دەبرد

شەوێکیان چووبوومە ماڵە ناسیاوێکی، بە درەنگەوە هەستام بێمەوە، ناسیاوەکەشم تا بەر دەرکێ دەگەڵ هات کاتێ لەو جودا بوونەوێم چاومان بە پێچووە پشیلەیەکی ڕەش و بچکۆلانە کەوت. ناسیاوەکەم هەڵیگرتەوە و بردیەوە ماڵێ. ناوی لێنابوو ((پیتراك)). ئەو بێچووە پشیلەش کە هەر لە بنەڕەتدا مەمکی دایکی نەمژیبوو بار و دۆخێکی تایبەتی هەبوو.

هەمیشە مەمکی خۆی دەمژی و دڵی خۆی پێ دەدایەوە.

ناسیاوەکەم زۆری چێژ لە تەماشاکردنێی دەکرد.

ناسیاوەکەم ڕۆژێکیان کەرویشکێکی لە ناسیاوێکی خۆی دەستێنێ و دەیهێنێتەوە ماڵێ. چونکە پشیلەش دوژمنی بابە کوشتەی کەروێشکێیە، و بۆ ئەوەی ((پیتراك)) یش ئازار بەکەروێشکەکە نەگەیەنێ، دار بە دەستەوە، بەسەریانەوە هەڵدەوەستێ و دەیهەوێ پێکیان ڕابێنێ و بیانکاتە ئاشنا. کەرویشك و پشیلە پێك هەڵدەقرژێن.بەڵام بە پێچەوانەوە کەروێشکەکە پشیلە دەترسێنێ و ڕاوی دەنێ. دوای ماوەیەك پشیلەو کەروێشکەکە پێکەوە ڕادێن و پێکەوەش یاری دەکەن.

کاتێ ناسیاوەکەم جەرگ بۆ پشیلەکە دەکڕێ و لە پێشی دادەنێ کەروێشکەکە ئیرەیی (حەسودی)پێ دەبات و ڕادەکا جەرگەکە بخوا بەڵام کاتێ بۆنی جەرگەکە دەکات، دڵی تێکەڵ دێت و پاشەوپاش دەگەڕێتەوە.کاتێکیش کە گێزەر بۆ کەروێشکەکە دەکڕێ و لە پێشی دادەنێ پشیلەکە خۆی دەگەیەنێتە گێزەرەکە، بەڵام پشیلەکە گێزەرەکەی جوان و زەریف دەخواد. ئێمە بۆ خۆمان دوو جاران چووینەوە ماڵێ ناسیاوەکەمان و بە چاوی خۆمان دیتمان کە پشیلەکە گێزەری بەردەمی کەروێشکەی دەفڕاندو جوان و زەریف دایدەکرماند و دەیخوارد.

پینا و هەشت پای دەریایی

ئەو نووسینەی خوارەوە لە کتێبەوە دەگوازمەوە:

((پینا)) جانەوەرێکی دەریاییە ((پینا)) دەنێوانی دوو پێستی ئێسکی و لە وێنەی وەك کەوچك و سەدەفدا، لە قووڵاییە بنی دەریایەدا دەژی. ماڵەکەی ئەو دوو پێستە ئێسکیە وێنە کەوچکی و سەدەفەیە، کە لە سەدەف سپیتر و درێژیەکەشی دەوروبەری ۳۰ سی سانتیمەترەیە.

((پینا))دەنێو ئەو ماڵە وەك سەدەفیەیدا دەژی، بەڵام چوار جانەوەری بچکۆلەی دیش کە ((تکە)) یان ناوە، بەسەر لێواری ئەو ماڵەوە دەژین.

((پینا)) ئاگای لە دنیای دەرەوە نییە.ماڵەکەی پشت بەبنی دەریاوە نووساوە و لێوارەکانی ماڵەکەشی ڕوو بەرەو سەرەوە، وەك زارێکی داپچڕاو کراوەتەوە، خواردنی پینا ئەو شتانەیە کە دەدەریایەدا هەن.

هەشت پای دەریایی دوژمنی ((پینا)) یە. هەشت پا لە ژێر دەریاوە زۆر بەسپایی دەخشێ و لە ((پینا)) نزیك دەبێتەوە، یەکێك لە پێیەکانی درێژ دەکاتە ناو ئەو زارەکراوەی ماڵە سەدەفیەکەی ((پینا)) وە. دەو دەمیدا چوار جانەوەرە بچکۆلەکان کە ناویان ((تکە)) یە و دەگەڵ ((پینا))یدا پێکەوە دەژیەن، مەترسییەکە بە پینای ڕادەگەیەنن کە بێ خەم و خەیاڵ دەنێو ماڵە سەدەفیەکەیدا پاڵی داوەتەوە. ((پینا)) ش پێستەکەی وێك دەهێنێتەوە و پێیەکەی هەشت پا دەقرتێنێ. جاری واشە ((تکە)) کان ئاگایان لێ نابێ و هەشت پابەکە

هەلی بۆ دەرەخسێ و پێیەکەی هەتا بنی بنەوەی ماڵێ دەباتە خوارێ.بەو شێوەیە هەشت پـا دەتوانێ پینا راوبکات و بیخوا.

هەشت پا بۆ ئەوەی نەهێڵی پینـا پێـی بقرتێنـێ، فێڵێکـی تایبـەتی هەیـە: هەشـت پـا بەرلەوەی لە ((پینا)) نزیك بێتەوە، شتێکی ڕەق دەدەریایـەدا دەدۆزێتـەوەو دەگەڵـە خۆیـدا دێنێتە نزیك ((پینا)) یە.

هەشت پا ئەو شتە ڕەقە لەسەر لایەکی لێوی پێستی پینا دادەنێ کـە وەك زارێـك بـەرەو سەرەوە داپچڕاوە و کراوەتەوەو لەسەرەخۆ ڕۆی دەبا.تکەکان دەسـتوبرد هـەواڵی مەترسـییەکە دەگەیەنن. پیناش بۆ قرتاندنی پێی هەشت پایەکە دەیهەوێ پێستەکەی وێك بێنێتـەوە، بـەڵام ئەو شتە ڕەقەی هەشت پایەکە خستوویەتیە نێو دوو لێوەی پێستەکەوە، ناهێڵی پێستەکە وێك بێتەوەو پێیەکە بقرتێنێ.بەمجۆرە شەڕو هەرا لە نێوان هەشت پاو تکەکان و پینادا بەرپا دەبێ.

تکەکان کە دەگەڵ ((پینـا)) دا پێکـەوە دەژیـەن سەرسـەختانە دەگـەڵ هەشـت پـا یـدا دەجەنگن، بەڵام سەرەنجام سەرکەوتن هەر بۆ هەشـت پایـە و هـەر ئـەو دەیباتـەوە و پینـا و تکەکانیش هەر هەموو دەبنە خۆراکی هەشت پایەکە.

ئازادیی ناوەخت

ناسیاوێك دەیگوت کە:

بەر لە ئێستا لای خاوەن کارێك کە ماڵەکەشی هەر بە نزیك نووسینگەی کارەکەیەوە بوو ئیشم دەکرد. سەرەتا هاوین بوو سەرکاری خانووەکە ((کلك تەقێنە)) یەکی بەقەفەزەوە بۆ خاوەن کارەکەم کردبووە دیاری. ئەم بابەکەی ئێمە زۆری دڵ بەو دیارییە خۆش بوو. چەندی پێمگوت ((کلك تەقێنە باڵندەی ناو ماڵ و قەفەز و ڕاگرتنێ نییە)) نەچووە گوێی و کلك تەقێنەی ئازادو بەر هەڵدانەکرد. زۆرم داوا وتکا لێکرد کە کەنارییەکی - کە باڵندەی ناو ماڵ و قەفەزییە - بۆ بکرم و کلك تەقێنەکە بەر هەڵداکا. واش هەر نەیسەلماند کلك تەقێنەی بێ نەوا سەرەتای ڕۆژەکانی هەوەڵێ شێتانە خۆی بەو لاوئەملای قەفەزێدا دەدا و هەر باڵەفرکەی بوو. بەڵام دوای ماوەیەك، نازانم دەگەڵ بەندیخانەکەیدا ڕاهات یا چبوو کە وردە وردە هێور بۆوە وجارجارەش دەیخوێند.

ئیدی وای لێهات کە دان و ئاویشمان بۆ دەبرد، سڵ نەدەبوو و هەڵ نەدەهات. هاوین چوو، پاییزیش چوو، زستان هات. هەر دەگەڵ هاتنی زستانێشدا کلك تەقێنەکەش لە خوێندن و خواردن و خواردنەوە کەوت.

دانەوئاوی زۆر بە نابەدڵیەوە هەڵدەگرتەوە و دەیخواردەوە. دوای چەند ڕۆژێکان زانیمان کە کلك تەقێنەی بێنەوا نەخۆش کەوتووە.

من لەبەروەی کە ئەو باڵندە بێنەوایەپێش دیتنی ئازادی بمرێ زۆری بۆ بە پەرۆش بووم. بەفر دەباری بیرم کردەوە هەرچی دەبێ بابێ، واچاترە ئازادی کەم تا بە ئارەزووی خۆی چۆنی حەز لێیە با وابکا و کوێی پێخۆشە بچێتە وێ. دەرگای قەفەزەکەم کردەوە و لەپەنجەرەیرا فڕاندم و بەرهەڵدامکرد.

کلك تەقێنە فریە سەر لاخەدارێکی بەبەفر داپۆشراوی بەرامبەرێوە، بەلاّم لەو ناوەش دوور نەدەکەوتەوە. هەرچەندە کشەم لێدەکردو دەستم لێ هەڵتەکاند ئەو لاخەدارەی بە جێ نەهێشت وهەڵنەفڕی.

زیاتری بۆ پەرۆش بووم.کە بۆ بەو سەرماو سۆڵەی زستانەو بەو بەفرە ئەستوورە هاتم و بەر هەڵدامکرد. وای بۆ چوومەوە تۆ بڵێی بۆ خـۆی نەیـەوێ بفرێتـەوە وبێتـەوە نـاو قەفەزەکـە. قەفەزەکەم لەناو باغچەکەدا بەدەرگا کراوەیی بەجێهێشت.زۆرم هەوڵدا بیگرمەوە، بـەلاّم بـۆم نەکرا. هاتمەوە سەرکار.

عەسر بوو. هەوا بووڵێڵ ببوو.ئیشەکەم تەواو بوو، دەمویست بچمەوە ماڵێ، لە پـڕ کلـك تەقێنەکەم وەبیرهاتەوە. چوومەوە ناو باغچەکە. ڕەشاییەکم دەنێو قەفەزەکەیدا بەدیکرد.بەڵێ کلك تەقێنەکە هاتبۆوە نێو قەفەزەکەو لەسەر ئەو چڵە دارەی بۆیان لـەنێو قەفەزەکـە دانـابوو هەڵنیشتبوو. جووڵەی نەدەکرد، هەر کـە قەفەزەکـەم بلّنـد کـرد، کلکتەقێنـە، لەسـەر چـڵە دارەکەوە کەوتە ناو بنی قەفەزەکەوە بێنەوایە پەنای هێنابۆوە ناو قەفەزەکەی و هەر دەوێـشدا مرد.

دیموکراسی ده ژیانی قازه کێوییاندا

شانۆ نامە نووسی بەناو بانگی خۆمان ((گونگور دیلمان)) بـۆی گێڕامـەوە کـە: ساڵی ١٩٦١ لە ئەمەریکا بووم بیستم یەکێك لە مامۆستا دانا و زاناکانی زانکۆ لە بـارەی ژیـانی گیانلەبەرانەوە قسەدەکا. چوومە ئـەوکۆڕەوە. بابـەتی لێدوانەکـە باسـی قازەکێوییـان بـوو. هەروەك مامۆستاکە دەیگوت:

قازە کێوییەکان بەشێوەی تۆپەڵەیەکی قووچەکیانە هەموو پێکەوە دەفڕن. هـەروەك چـۆن لەك لەکەکانیش پێکەوە و بەکۆمەڵ بە ڕێنمایییە یەکێك لەخۆیان دەفڕن، قازەکێوییـەکانیش بە ڕێنماییە یەکێك لە خۆیان کەلە پێشەوەی هەمووانەوە دەفـڕێ، راسـت لەپێـشی پێـشەوە سەرنووکی ئەوقوچەکەوە دەفڕێ و ئەوانیدیش بە دواوە.

زانایان زۆر خەریکن و بـەردەوام دەیانـەوێ بـزانن تایبەتمەنـدی و چـۆنییەتیەکانی قـازە رابەرەکەی پێشەوە لە چیدایە. زانایان دەنێو فرۆکەی هالیکۆپتەرێڕا بـە دووربینـی زۆر بـە هێزەوە فڕینی قازەکان دەخەنە ژێر چاوەدێریەوە. دوای ئەوە بۆیان دەردەکـەوێ کـە لـە نـاو قازەکاندا، هیچ قازێکی تێدانییە کە نیشانەیەکی تایبەتی وای پێوەبێ بۆ رابەری ڕێنماییـە لەوانیدی جودابێ، بۆیان روون بۆوە کاتێ کەپێکـەوە و بەشـێوەی قووچـەکێك دەسـتدەکەن بـە فڕینێ ، بەردەوام جێ گۆڕکێ دەکەن، یانی ئەو قازەی کەلەسەر نووکی پێشەوەیە، دوای ماوەیەك جێیەکەی خۆی بۆ قازی دوای خۆیەوە جێدەهێڵێ ئەویش بەنۆرەی خۆی جێیەکـەی بـۆ قازەکـەی دوای خۆیەوە چۆڵ دەکات و شوێنەکانیان دەگۆڕنەوە.یـانی ئـەو کۆمەڵـە شـێوە قوچـەکیە، وەك فەنەری پێچ و لوولدراو لەکاتی بەرەو پێشچوون و خولدان بە دەوری خۆیاندا بەو ڕەنگە ئەوانـەی کە لە دوایی دواوەن بەو چەرخ و لوولدانەیان بەکاوە خـۆ جێیـەکانیان دەگـۆڕن و دێنـە پێـشەوە تابگەنە سەرنووکی پێشەوەی کۆمەڵەکەو ڕابەریە ئەوانیدی لە ئەستۆ بگرێ.

کاتێ کەلە دوورەوە سەیری ئەو قازانە دەکەین وامـان دێنـە بەرچـاوی کـە ئەمانـە هـەر هەموویان بەدوای یەك قازی رابەرەوەن و دەفڕن، بەڵام ئێستا دەرکەوتووە کە وانییە و قازەکان بەردەوام لە خولدان و بـەرەو پێشـچوونیاندا جێیـەکانیان دەگـۆڕن و بەسـپایی هەریەکـەیان ماوەیەك رابەریە ئەوانیدی وە ئەستۆ دەگرێ.

کەری بادار

ئەم چەند دێڕەتان لە زمانی ئەحمەد حەمدییەوە بۆ دەگێڕمەوە:

خزمێکی گێلۆکەم هەبوو. ماڵەکەی لەدەری شاری بوو، لە دەوروبەری ((توپکاپی))، کەرێکی هەبوو کەبۆ هاتوچۆی شاری سواری دەبوو. ڕۆژێکیان کە چوومە ماڵێیان، کەرەکە وەك جاران دەباغیدا نەبوو سۆراغم کرد.

گوتیان کەرەکەیان تووشی بادارییە بووە و ئەوە دە تەویلەیدا چارەی دەکەن دەرگای تەویلەم کردەوە دیتم ، کورتانیان سەروبن بەبن زگی کەرێوە شەتەك داوە و بەگوریسێکی کەرەیان بەحەواوە هەڵواسیوەو کەرەی بەستەزمان لەنێوەندی عەرد و عاسمانێ شۆڕبۆتەوە.ئەوان بەو جۆرەی دەیانەویست چوارپەلی کەرەکەی لە شێی زەویی ژوورەکە بپارێزن و لەسەرێکی دیشەوە قورساییە لەشی کەرەکەش کەم کەنەوە تا زووتر چاك بێتەوە. کەری بەستەزمان کە بە ژوورێدا شۆڕ ببۆوە و هەر چوار پەلیشی بە حەواوە بوون، تابڵێی شتێکی سەیر و سەمەرە بوو.لەپێشدا پێکەنین گرتمی، بەلام لە دواییدا نەمتوانی بەو دیمەنە پێبکەنم. دوای چەند ڕۆژێك کەرەی بێنەوا بەربۆوە، یانی خۆی کوشتبوو ! بە هەر فێڵێکی بووە خۆی لەو بەندایەتییەی ڕزگار دەکات و خۆی بەردەداتەوە.

سەلیم شەیتان

دۆستی شاعیرم ((ئۆمێد یاشار)) دەیگوت

لە ئەنکاراوە هاتبوومە ئەسلامبوڵ. لە ئەسلامبوڵیش گوزەرانم باش نەبوو. ژیانم ناخۆش بوو ئەو ئاشناو رۆشنایانەی دە هەبوونێمدا بەبەردەوامی دەهاتنەلام و سەریان لێ نەدەبڕیم، دەو رۆژە ناخۆش و دەو دەستکورتییە نالەبارەیدا لەبیریان چووبوومەوە. منیش لەبەر نالەبارییە ژیان و ئەو تەنگە تاوییەی تێیدابووم نەمدەتوانی سەرو سۆراغێکیان بکەم و لێیان بپرسمەوە. هەر چاوەڕێی ئەوان بووم بەبیریان بێمەوەو بێن بە سۆراغمەوە، بێ وەفایی و بێ ئەمەکی ئەوان رەشبینیان کردبووم.

لەگەڕەکی ((بۆمۆسی) لە نهۆمی چوارەمی ئاپارتمانێکیدا بووم.جووتێك کەناریمان هەبوو. رۆژێکیان منداڵانی گەڕەکێ هاتنە لام یەکێکیان جووجکە چوێلەکەیەکی بریندارى دەگۆلێ دابوو. دەیگوت: ئێمە ئەو جووجکە چوێلەکەمان لە چنگ و نینۆکی پشیلە ئەستاندۆتەوە.بەستەزمانە هێشتا باش فێرە فڕین نەبووە،هەربۆیەش پشیلە گرتوویەتی. ئێمە دەزانین کە ئێوە باڵندەتان خۆشدەوێن. هاتووین تکای ئەوەت لێبکەین ئەو جووجکە چوێلەکەی چاك کەیتەوە، داخوا دەڵێی چی؟

جووجکە چوێلەکەم گلدایەوە. برینەکەیم تیمار کرد. قەفەزێکی بەتاڵمان هەبوو جووجکە چوێلەکەم هاویشتە ناوێ.دوای سێ چوار رۆژان جووجکە چوێلەکە چاك بۆوە بەڵام جێ پەنجەو چرنووکی پشیلەکەی هەر بەسەرو چاویەوە مابوو. ئەو برینە هێندێکی رەزاگران کردبوو، بەڵام زۆر ژیکەڵە بوو. هێندەم ئۆگرببوو کە دان وئاوم دەدایە، جیکەجیکێکی وای دەکرد هەر دەتگوت ئەوە دەمدوێنێ و قسانم دەگەڵدا دەکا.

هەموو بەیانیان کە هەڵدەستام بچم ئاوێکی بەخۆم داکەم، بە بەردەمی قەفەزەکەی ویدا تێدەپەڕیم. هەرکە چاوی وێدەکەوتم دەکەوتە جیکەجیك و باڵ و پەڕ راوەشاندنێ لە خۆشیان.

منیش دەرگای قەفەزەکەم لێدەکردەوەو لەسەر شانی خۆمم دادەنا. وای خوو پێوە گرتبووم کە هەر کاتێ لار دەبوومەوە دەموچاوم بشۆم ئەو لەسەر شانمەوە فڕکەیەکی دەکردو دەچووە سەر سەرم وهەڵدەنیشت هەرکەلە دەستشۆرێش دەهاتمە دەرێ، ئەمدەخستەوە ناو قەفەزەکەی و هەر لە ژووریمدا بەرەڵلا دەکرد.

ناوم لێنابوو سەلیم. بەلاّم لەبەروەی زۆر چالاك و بزۆز و پڕ جووڵە بوو، کوڕەکانم هەر پێیان دەگوت ورروجەك.دوایەش وای لێهات هەر دوو ناوەکە بوون بە یەك و ناوەکەی بووە سەلیم ورروجەك وا ڕاهاتبوو بەیانیان بێت و بەسەر شانمەوە بنیشێتەوە، خۆ ئەگەر رۆژێك دەرگای قەفەزەکەم نەکردبایەوە و چووبامایە دەستشۆرێ، دەستی بە جیکەجیکێ دەکردو دەوقەفەزەیدا حەجمینی لەبەر دەبڕا و خۆی بێرەوبەوێدا دەدا و هەراسانی لێ هەڵدەگیرا.

رۆژێکیان بەتەنێ لەماڵێ بووم. سەرەتای هاوینێ و بەرەبەری نیوەڕۆیە بوو. سەلیم ورروجەك دەقەفەزێدا بوو. قەفەزەکەشی لەبەر پەنجەرەی سەر هەیوانێ بوو. رەوە چوێلەکەیەك لە هەیوانێ نیشتنەوەو دەستیان بەجیکەجیك و باڵەفڕەو فڕین و نیشتنەوێ کرد. سەیرێکی سەلیم ورروجەکم کرد. دیتم زۆر غەمبارو داماوانە سەیری هاوچەشنەکانی خۆی دەکات کە لە خۆشیان ئەو ناوەیان بەجیکەجیکێ پڕکردبوو و سەربەستانە بێرو بەوێدا دەفڕین و دەنیشتنەوە. کەدەشڵێم ((غەمبارو داماوانە)) چونکە من وام دەهاتە بەرچاوان، جا بەراستی غەمبارو داماو بوو ئەوەیان نازانم. زۆرم زگ بەسەلیم ورروجەکی دەسووتا.

چونکە ئەو فێرە قەفەزێ نەبوو.ئەو دەبوو ئازاد و سەربەستانە بفڕێ و هێلانەی هەڵنێ وجووتێکی پەیداکات و جوجکان هەڵێنێ لەقەفەزێم هێنایە دەرێ.لە هەیوانێم بەرەڵلا کرد. تا ماوەیەکی تێکەڵ ئەوانیدی نەبوو. سەیرم کرد نافڕێ و تێکەڵیان نابێ. دەستم لێ هەڵتەکاند.فڕی و ڕۆیی.

شەوێ کەمنداڵەکان هاتنەوەو ورروجەکیان دەقەفەزەکەیدا نەدیت زۆریان غەم خوارد.من دڵی منداڵەکانم دەدایەوەو دەمگوت ((قەفەز جێی چوێلەکە نییە، سەرەنجام هەردەبوو بەرەڵلای کەین...))

رۆژی دواتر کەلە خەوێ هەستام وەك جاران راستبوومەوە بچمە دەستشۆییە. کە بەلای قەفەزە چۆڵەکەیدا تێپەڕیم، ورروجەکم وەبیرهاتەوە. لە پڕ گوێم لە دەنگێکی بوو.وەك ئەوەی یەکێك پیتکە لە شووشەی پەنجەرەی هەیوانێ بدا. سەرەتا گوێم نەدایە، بەلاّم دەنگی لێدانەکە هەر دەهات و بەردەوامیش بوو کە ئاوڕم دایەوە و سەیرێکی پەنجەرەکەم

کرد، وروجەکم لە پشت پەنجەرەکەوە دیت، دەندووکی لە شووشەی پەنجەرەکـە دەدا. لـێم روون بوو کە دەیهەوێ وەك خووی هـەموو رۆژانـی بێـت لەسـەر شـانم بنیـشێ و دەگەڵمـدا بێتـە دەستشۆییبیە.

دەو رۆژە تەنیا بیبیانەی کە هیچ یەکێك لە دۆست و ئاواڵ و ئاشـناو ڕۆشـنایەکانم منیـان هەر لە بیر نەمابوو، وەفاو ئەمەکی ئەو چوێلەکەیە یەکجار زۆری دڵگیرکـردم. گریـانم هاتـێ. خێزانیشم هەستا و هاتە بەردەمم، کاتێ وروجەکی دیت تێگەیی بۆ دەگریم، ئـەویش گریـانی هاتێ. دوایەش منداڵەکان هاتن. وروجەك بۆ ئەوەی پەنجەرەکە بکەینەوە، بێ وچان دەنـدووکی لە شووشەکە دەدا. بەهەڵە نەچوو بووین، خۆی بوو، بەجێ پەنجەو چرنووکی پشیلەکەدا ئەومان لەناو هەموو چوێلەکەکاندا دەناسیەوە.

منداڵەکان سووربوون لەسەر ئەوەی پەنجەرەکە بکەمەوە و وروجەکی باوێمەوە ناو قەفەزێ. بەڵام پەنجەرەکەم هەر نەکردەوە. ژیانی نـاو قەفـەزو دوور لـە جـووت و هێلانـە کـەی ژیـانی چوێلەکەیەکی ئازادو رەهایە. ئەو درەنگ یا زوو هەر دەبایە ئێمە لەبیربکات و خوو بە ژیـانی سەربەستیەوە بگرێ. ئەوە هەر ئێمە بووین کەدەبوو غەمێی لێ بخۆین چـونکە ئێمـە هـەرگیز نەماندەتوانی ئەو لە یادکەین و لەبیر خۆمانی

ببەینەوە دیسانەوە کشەم لێکردەوەو هەڵمفڕاندەوە. سەلیم وروجـەك فـڕی و ڕۆیـی. رۆژ و مانگ تێپەڕین. ئیدی هەرگیزاو هەرگیز نەماندیتەوە.

هێلانەیەکی خاوێن

ئەم رووداوە موزەففەری برادەرم بۆی گێڕامەوە:

هاوین بوو.لەچایخانەی گوندی دانیشتبووین — چایخانەی ئەو گوندەش هەروەك خانووەکانی، بەقوڕو بەردو خشت و داربوو.

پەرەسێلکەیەك زۆر بەخێرایی و هەرهێنەدەی چاو تروووکانێك هاتە ژوورێ و هەردەو دەمیشدا ونبوو. هەر ئەو پەرەسێلکەیەچەند جارێکی دی هاتەوە ژوورێ و ونبۆوە.هەموو جارێ و بەخێرایی هاموشۆی ئەو هێلانەیەی خۆی دەکرد کە بەبن مێچەکەوە بوو.

پەرەسێلکەکان بەدەم نزیکیە ساپیتەکەوە هێلانەیان کردبوون و جووجکەیان هەڵێنابوون و دیار بوو بە دەندووکێ خواردنیان بۆ جووجکەکانیان دێنا.

جووجکەکانیش دەهێلانەیدا بەدەم جیکەجیکێوە خواردنەکەیان دەخوارد. هەرکاتێ داکانە و بابانەکانیان بە دەندووکی پڕەوە دەهاتنەوە، هەموو جووجکەکان وێکڕا زاریان دەکردەوە.

ئەو داکانە و بابانەیە، هەر خێرا خواردنەکەیان لەزاری جووجکەکانیان دەکردو دەستوبرد دەفڕینەوەو دوای ساتەوەختێك پەیدا دەبوونەوە.من کە هەروا چاوم بڕیبووە جووجکە پەرەسێلکەکان، یەکێکیان کلکی لە هێلانەکە هێنایە دەرێ و لەو حەوایەوە جیقنەیەکی بەردایەوە.ئەوجایەکێکی دیکەیان وایکرد، و دوای ئەویش یەك بەدوای یەکدا کلکیان لە هێلانەی هێنایە دەرێ و کارەکانیان تەواوکرد.

حەمەدی چایچی گوتی:

((پەرەسێلکە باڵندەیەکی یەکجار زۆر پاکوتەمیزن. ئەوکاتەی کە جووجکەکانیان یەکجار زۆر بچووکن، داکوبابەکانیان جیقنەی جووجکەکانیان بەدەندووکێ هەڵدەگرن و فڕێی دەدەنە دەرێ. پەرەسێلکە هێلانەکەی هەمیشە بە پاکوتەمیزی ڕادەگرێ. کە جووجکەکانیش کەمێك هەراشتر بوون،هەروەك دەبینی، کلکیان لە هێلانەی دێننە دەرێ و ئیشەکەی خۆیان دەکەن. بەلاّم من چی بکەم؟... هەرلەبەیانییەوە تا شەوێ گەسك بەدەستەوە جیقنەی پەرەسێلکان بماڵم. بەڕاستی هیلاکیان کردووم)).

من چاوم لەسەر هێلانە پەرەسێلکەکان هەڵنەگرتبوو. دووبارە یەکێك لە جووجکەکان کلکی لە هێلانەی هێنایەوە دەرێ و کارەکەی کردەوە و هەر دەو دەمیشدا پەرەسێلکەداکانەکە پەیدا بۆوە و جیقنەی جووجکەکەی هەر لە حەواوە قۆستەوەو دەچاو تروووکانێکیدا ونبوو.

ئەو پشیلانەی دوورگەیەکیان لە مشکان رزگار کرد

((ویلمون مونارد)) لە ژمارە ١٥ی جولای ١٩٧٢ ی ((مونترال ستار)) دا ئـەم رووداوە سەرنج راکێشەی مشك و پشیلانی، راڤەکردووە:

پزیشکی تەمەن بیست و هەشت سالەی خەلکی ((ئۆنتاریۆ))ی کەنەدی لە سالی ١٩٠٢ دا چووە هاییتی. ئەو یەکەمین پزیشکێکی دیپلۆمی ددانی ئەوێ بوو و دەگەل ((پومارە))ی فەرمانڕەوای ((پولی نزیا)) دابووە دۆست.

پومارە فەرمانی بە ویلیام دابوو بەسەر تەندروستی دەموددانی کـەس وکـارو ناسـیاوان و خاو وخێزانەکانیان ڕابگا. دەو سەردەمیدا کیفی زێڕ دە ددان گرتن زۆر بـاو و لـەبرەو دابـوو. فەرمانڕواو دەوروبەرەکانی زۆریان حەز دەکرد کە پێدەکەنن ددانەزێرەکانیان دەرکـەوێ.دکتـۆر ویلیام هیچ هەقدەستێکی ئـەو کارانـەی کردبـوونی، وەرنـەگرتبوو. ڕۆژێکیـان فـەرمانڕەوای پومارە، دکتۆر ویلیام بانگهێشتنی خواردنەوەی ((ئابسنت)) دەکاتە کۆشکەکەی و دەقساندا پێی گوتبوو:

- سالانێکە ددانەکانی ئێمەت تێ گرتووە، بەلام تا ئێـستا لـەربارەی هەقدەسـتی خۆتـت هیچ نەگوتووە.خەزێنەی فەرمانڕەوایانی تاهیتی هەمیـشە بـەتالی پارەیـە، بـەلام دوورگـەی زۆریان هەن. بۆیە لەبەرامبەر ئەو قەردانەی لەسەرمانە دوورگەی ((تتیاروا)) ت کەبیست و پێنج میل لە تاهیتیەوە دوورە دەدەمێ. ((تتیاروا)) ش یەکێك بوو لەو دوازدە دوورگانـەی کە دەکەوتنە هایتییەوە.گەورەترین دوورگەیان نزیکەی دوو

میل درێژبوو، ئەوانیدیش پانتاییـەکانیان هـەروا لـەو دەورو بەرانـەدا بـوون. بەرهـەمی ((نارگیل)) یان تێدا زۆر بوو، بەلام حەیف کە ئەو دوورگانە هەموویان لەبندەسـتی مـشکاندا بوون، مشکی دروجانەوەر. دیارە ئەو مشکانەش دەگەل ئەو کەشتیانە هاتبوون کە ئازووقـە و خواردن و خارویاریان هێنابوونە ئەو دوورگانەو لـەوێوە بـەو دوورگانـە وەربـوون و زاوزێـیان کردبوو و زۆر ببوون. ئەو مشکانەش هەرچی بەرهەم و بەرو بوومی نارگیل هەبوو دەیانخوارد و قرتەیان لێدەبری.تەنانەت قەد و قەوارەو توێکل و ڕەگەکانیـشیان هـەر دادەپاچـی لـە سـالی ١٩١٥ دا کەمن پازدە سالان بووم، دەگەل بابمدا چوو بووینە تاهیتی و دکتۆر ویلیام ئەوانـەی بۆ خۆی بۆگێڕاوینەوە.

دکتۆر ویلیام لە تاهیتی مەرگەمووش ـ دەرمان مشك ـ ئامادەکرد و بۆ دووگەکانی نارد، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە مشکەکان دەمیان بۆ خواردنە ژەهراوییەکان نەدەبرد و لێویان لێ نەدەدا. مشکەکان هەر بە جارێکی هاربببوون، تەنانەت پڕیان دەدایە خەڵکی. ڕۆژێکیان دکتۆر ویلیام کە هەر دەبیری ئەو مشکانە دابوو نێرە پشیلەکەی خۆی دەباوەشێ هاویشت.کاتێ کە دکتۆر ویلیام دەیویست پشیلەکە لە خۆی دوورخاتەوە، پەنجەی دکتۆر ویلیامی کەڕووت بوو، ڕنییەوەو خوێنی لێ هێنا. دەوساتە وەختەدا دکتۆر ویلیام بیرۆکەیەکی بەمێشکیدا هات و لەچەخماخەی دا. هەر دەستبەجێ سواری دوو چەرخەکەی بوو و بەرەو پایتەخت یانی ((پاپیتە)) وەڕێ کەوت. نێرە پشیلەی زۆر بوون. ئاگادارییەکی لە پێش عیادەکەی هەڵواسی کەلە سەری نووسیبوو:

((هەر پشیلەیەکی بەدوو فرانکان دەکڕین.))

بوومییەکان هەر زوو دووسەد پشیلەیان بۆ هێنا. جابۆ ئەوەی پشیلەکان بەچاکی لە هەق مشکەکان بێن، دکتۆر ویلیام چەند ڕۆژێکی بەبرسییەتی هێشتنەوە. ئەوجا هەمووی دەقەفەزان کرد و بردنییە دوورگەکان. دوورگەکان بەڕاکە ڕاکە و بگرە و بەردەی بێرەو بەوێی پشیلەکان جووڵەو جموجۆڵێکی هەراویان لێ پەیدا بوو.ژمارەی مشکی ئەو دوورگانە بەسێ هەزار مشك مەزەندە دەکرا. دووسەد پشیلە دەگەڵ سێ هەزار مشکی دڕ و هێرش بەردا شەریان دەست پێکرد و جەنگ بەرپا بوو. دوای ئەو شەڕە خوێناوییە، یەك مشك چییە دەو دوورگەیدا نەما. ئەو پشیلانەش نەك هەر لەبرسان، بەڵکە هەر لەبەر کۆنەکینەی ئەژادییە نێوان خۆیان مشکەکانیان کەت و پارچە دەکردن. پشیلەکان بە زوویی وەسەر زگ و زاکەوتن و ژمارەیان سێ ئەوەندی لێهات چونکە مشکەکانیش دە دوورگەکەیدا نەمابوون و لەکەمیەیان دابوو پشیلەکان دووچاری نەهامەتی وبرسییەتیە هاتبوون. ماسیگرەکانیش بۆ ئەوەی پشیلەکان زۆرتر نەبن، بێچووە پشیلەکانیان داویشتنە دەریایە بەڵام پشیلەکانیش بەسەر فێڵ کەوتبوون بێچووەکانیان دەکون و کەلێن و بنە بەردی دوورە دەست دەشاردنەوە، تا پێیان ڕانەگەن برسییەتی تینی بۆ پشیلان هێنابوو و هەموو شێت کردبوون.

دوای ماوەیەك پشیلەکان کەمتر بوونەوە، بەڵام بنبڕ نەببوون، وەك بڵێی زاوزێیان ڕەبەرچاوگرتبێ و،نەیاندەهێشت ژمارەیان زیادکا، وبۆ درێژەدان و بەردەوامی ژیانی خۆشیان، دەستیان کرد بەخواردنی ئەو مێروو و زیندەوەرانەی کەبەر لەئێستا هەر لێویشیان لێ نەدەدان.

دوایەش دەستیان کرد بە ڕاوەماسییە، دوای ئەوەی ئاوی دەریــا دەنیــشتەوە گۆمیلکــە ئــاوی کەناری دەریاکە بەجێ دەما.

پشیلەکان دەو گۆمیلکانەدا دەهاتن و ماسییەکانیان ڕاودەکرد.

لەو ساتەوە تا ئەورۆ، پشیلەکێوییەکانی تتیاروا، ئەوەیان لەبەر چــاوی خۆیــان گــرت کــە دەبێ زاوزێیان بە ئەندازەیەکی وابێ نەبهێڵن بەیەکجارەکی بنبڕبن و نەبشهێڵن ژمارەیــان لــە ڕادەبەدەر زیاد کات و لەمەشدا ســەرکەوتن،کە ئەوەشــی لێکەوتــەوە کــە نــەهێڵن تۆرەمــەو ڕەچەڵەکی مشکەکانیش بنبڕ ببێت و ژمارەی ئەوانیش تا ئەندازەیەك چاودێری بکرێ ولەوەش بەولاوە ماسیگرەکانی ئەو دوورگانەش، کە ماسییەکی زۆریان گرتبایە بەشی پشیلە چاوەڕێیە ڕەنگاو ڕەنگەکانی سەر بەردەکانیان لەبەر چاو دەگرت.

کەبەروبووم و بەرهەمی نارگیلیش زۆربایــە. باغەوانــەکانی ئــەوێ شــتێکیان لــە شــیرەی نارگیلێ بۆ هەر دادەنان. ئەو پشیلانەش هەرگیز ماڵی هەر نەبوون. ڕۆماننووسی بــەناوبانگی ئینگلیزی ((سومەرت موم)) بۆ نووسینی ژیانی هونەرمەندی بەناوبانگی فەرەنسی ((پــاول گۆگن)) هاتبووە ئەم دوورگەیە و هەر لێرەش ڕۆمانی ((مانگی شەش پەن))ییەکــەی خــۆی نووسی و مارلۆن براندۆ ئاواشی بەکۆتا هێناوە:

((دەتەنگانە و قات وقڕیەدا کە سەگ هەر دەبێ بتۆپێ، پشیلە دەتوانێ درێژە بــە ژیــانی خۆی بدا، و ڕەنگە هۆیەکەشی هەر ئەوەبێ کەپشیلەکان ئامادەگی کێوی بوونیان زۆر لەسەگان زیاتر تێدایە.))

ئەکتەری بەناوبانگی سینەمایی مارلۆن براندۆ، لە ساڵی ١٩٦٦ دا دوورگەی تتیاروای لــە کچەکەی دکتۆر ویلیامی بەگوژمی ٢٥٠ هەزار دۆلار کڕیەوە. مارلۆن برانــدۆش وای نیــازە، ئەو دوورگەیە بکاتە شوێنێکی حەوانەوە و هــیمن و ئــارام و جێــی حەســانەوەی هونەرمەنــدو ڕۆشنبیرو نووسەران.

بخۆ گیانەکەم بخۆ

خاتوو مامۆستایەك دەیگێڕایەوە کە: دەستە خوشکەکەم خاتوو تورکان، لەنهۆمی چوارەمی ئاپارتمانێکی گەڕەکی ((مەدا)) نیشتەجێیە. خاتوو تورکان تووتییەکی هەیە ناوی ((جاکۆ)) یە. ئەو خاتوونە هەر جارێکی کە خواردنی دەداتە تووتییەکەی دەڵێ ((بخۆ گیانەکەم بخۆ)) تووتییەکەش ئەو قسەیەی لەبەر کردووە و فێری بووەو هەر دەیڵێ و دەیڵێتەوە.

قەفەزەکەی ((جاکۆ)) دەدالآنەکەدا کەوتۆتە نێوان ژوور و مەتبەقەکەوە چونکە هەواش گەرم ببوو، پەنجەرەی هەیوانەکەیان کردبۆوە. چوێلەکەیەك دەفڕێتە ناو دالآنەکەوەو دەگەڵ ((جاکۆ)) یدا دەستدەکا بەجیکەجیك و بەسپاییەکەوە خۆی هەڵدەداتە سەر قەفەزەکەی جاکۆ و خۆی بەمیلی قەفەزەکەوە هەڵدەواسێ. ((جاکۆ)) ش بەهاتنی دۆستەکەی زۆر شادو شەنگوڵ ودڵخۆش دەبێت و لەخۆشیان دەستدەکا بەجووڵە جووڵ و پەڕوباڵ ڕاوەشاندنێ، دوایەش بە دەندووکی دەنکە دانان دەنێو قەفەزەکەیدا هەڵدەگرێتەوەو لەزاری

چوێلەکەکەی دەکا.چوێلەکەکە دانەکە دەخوا و ((جاکۆ)) ش هەر هەمان ئەو قسەیەی فێری بووە بەوی دەڵێتەوە ((بخۆ گیانەکەم بخۆ)).

گوێدرێژی بەڕێز

پوورم لەگوندی دەژیا.پیرەکەرێکی تەمەن بیست ساڵەی هەبوو... ئەو پیرەکـەرە وائـۆگری پوورم ببوو کە بە دەنگێکی تایبەتی ئەو تۆوە کەلە هیچ کەرێکی دی نەدەبیـسترا وەك قـسان دەگەڵ پوورێمدا بکا وابوو. هەر کاتێ پوورم چـارۆگەیەکی تـازەی لەسـەرکردبایە، کەرەکـەی دەچوو ئەو چارۆگەیەی بەددانی لەسەری دەکردەوە. چـونکە ئـەو وای حـەز دەکـرد هـەر ئـەو چارۆگەیەی بەسەریەوەبێ کە ئەو حـەزی لێـدەکرد و پێـی ڕاهـاتبوو. جـاری وابـوو پـوورم کەرەکەی وەدەر و دراوسێیان دەدا تا کاری خۆیانی پێ رایی بکەن و بـاری پـێ بێـنن. ئەگـەر دراوسێیەکیان باری قورسیان لێ نابایە، کەدەهاتەوە ماڵێ، هەر بەو دەنگە تایبەتیـەی خـۆی شکاتی لای پوورم لێ دەکردن. هەربەوەش وازی نەدەهێنا.

هەرکاتێ چاوی بەو دراوسێیە کەوتبا کە باری قورسی لێ نـاوە ڕایـدەکردێ وقـەپاڵی لێ دەداو جوتکەی داویشتێ وئیدی باری ئەو دراوسێیەی بەخۆنـەدەگرت ونەیـدەبرد، خـۆ ئەگـەر بەزۆریشیان لێ بارکردبایە، ئەو بارەکەی بەسەر ملی خۆیدا بەردەدایەوە و هەڵدەهات.

ڕۆژێکیان دەگەڵ پوورێمدا چووینە باغی کە چوار پێنج کیلۆمـەترێك لـەولاوەتری گونـدی بوو. کەرەکەشمان بردبوو. دوو (تا) هەرمێمان چنییەوە.عەسرێ هەردوو (تـا) هەرمێیەکـەمان لەکەرەی بارکردو منیش لەسەرەوە سواربووم. دیاربوو بارەکە زۆر قورس ببوو، چونکە کەرەکە هەر لەبەردەمی پوورێم راوەستابوو بەدەنگە تایبەتیەکەی خۆیەوە، شتێکی پێ دەگوت. پوورم گوێی نەدایە. کەرەش نـەڕۆیی. کـەپوورم ویـستی بـەتۆبزی و بـەزۆرەملێ لێـی خوڕێ،کـەرە دەیویست بەهەڵاویشتنێ بەرمداتەوە. بەناچاری دابەزیم.هـەر کـەمن دابـەزیم، کـەرە بـەرەو گوندی دەستی بەجرت وفرت وغاردان و هەڵاویشتنێ کـردو هـەردوو (تـا) یـە هەرمێیـەکانی

لەسەر پشتێ خۆی بەردانەوە. پوورم بەدواویدا شیڕاندی: ((ئافەرین، ئافەرین...چاکت ملی ڕێیە گرت؟ ئەوە بۆ کوێ دەچی؟... باشە ئەدی ئێستا ئەمن چیبکەم؟ ئەوە تۆ دەبێ ئاوا بەبەتاڵی بڕۆی و ئەمنیش لاباره هەرمێیان بەکۆڵێ دادەم وبیانهێنمەوە. وەنا؟... ئەوە تۆ تەریق نابیەوە، برۆ من بۆ خۆم (تا) یە هەرمێیەکان بەکۆڵێ دادەدەم و دەیانهێنمەوە. هەی ئافەرین بۆ تۆ...))

کەری تاین کە هەروا هەڵدەهات، کە گوێی لە دەنگی پوورێم بوو لەجێی خۆی راوەستا. وەك یەکێکی دەقسەکان گەیبێ، سەری وەرگێڕایەوە. دوایەش گەڕایەوە و وردە وردە هاتەوە لای پوورێم وەك ئەوەی گوناهو هەڵەیەکی گەورەی کردبێ، بەشەرمەوە سەری بەردایەوە وملی شۆڕکرد. پوورم (تا) یە هەرمێیەکانی لێ بارکردەوەو بۆ خۆشی لەسەرەوە سواربوو. کەرە بەبێ هیچ نارازی بوونێك بەرەو گوندی کەوتە ڕێ.کەگەیشتینەوە گوندی بە پوورمم گوت: بەڕاستی ئەو کەرە ڕێزی خەڵکی بۆ لای خۆی رادەکیشێ.

مراوی فریادڕەس

ئەم ڕووداوە لەگۆڤاری ((مۆنترال ستار)) ەوە دەگوازمەوە:

لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣٠ دا ئاشەوانێکی جحێڵ دەگەڵ ژن و هەردوو منداڵەکەیدا لە نزیکی ((کانزاس سیتی)) لە کەنار ڕووبارێکەوە دەژیان. ئەو ژن ومێردە هەر دەماڵێ خۆیاندا کۆمەڵێك مریشك وکەڵەباب و قەلەموون و قازو مراوییان بەخێو دەکردن. یەکێك لە مراویلکەکان زۆر خۆژی و ماڵی و دەستەمۆو خۆش بوو و هەرگیز لەبەر خاوەنەکانی هەڵنەدەهات وسڵ نەبوو. ئەو مراویلکە هەمیشە هەر دەناو ماڵێدا و زۆر بەئاسوودەییەوە دەهات و دەچوو و هەمیشەش ئەگەر لە دەرێ بایە لە پێش هەمووواندا دەهاتەوە.

مراویلکە وردە وردە فراژوو و گەورە بوو وای لێهات بووە مراوییەکی تەواو. ئەو مراوییە وەکو ئەوانیدی نەدەچووە کولانە وناو قەفەزێوە.هەروا بۆ خۆی جێیەکی دیبۆوە ولێی هەڵدەنیشت و خاوەنەکەشی خۆی تێ نەدەگەیاند.

شەوێکیان، لای بەرە بەیانی، مراوییە خۆی هەڵدایە سەرجێ نووستنی خاوەنەکەی، لەلایەکیەوە هەروا غاکەغاکی بوو، لەلایەکی دیشەوە بە دەندووکێ لێفەکەی سەرپشتێیانی گرتبوو و لەسەری لادەدان. ئاشەوان و ژنەکەی کە زۆر تووڕەببوون، ویستیان دەریکەن، بەڵام مراوییە هیچ گوێی نەدایە و تا دەهات بەهات و هاوارێکی زیاترەوە خۆی پێدا دەدانەوە.بەڵام ئاشەوان کە کفتی خەو بوو، بەقیڕەقیڕو هاوارەوە، مراوییەی گرت و دەبن هەنگڵێی نا تا بیباتە دەرێ.

ژنەکەی گوتی:

– زۆر بەناز بووە. بیهاوە قەفەزەکەوە، و دەرگاکەشی لەسەر داخە. بەڵام هەرکە ئاشەوان دەرکەی کردەوە، لەحەژمەتان هەر وشك بوو. ئەو ڕووبارەی کە بە تەنیشت ماڵەکەیانەوە تێدەپەڕێ ئەوە کۆلاوکۆل هەستاوەو کەفێ دەکاو خەریکە لە پلیکەکانەوە سەردەکەوێ. ژن و مێردە زۆر بەتەنگەتاوی و پەلەپرووزەوە هەر هێندەیان پێکرا منداڵەکان تاو دەنێ و خۆیان بگەیەننە ئەو تەپۆلکەی نزیکیانەوە. تومەز مراویی تاین هەستی بەو تەلەزگە و مەترسییە کردبوو، خاوەنەکەی لەمردن ڕزگارکرد.

دایکایەتی

ئەم هەواڵە هەروەکو خۆی لە رۆژنامەی ((گوین ئایدن)) ی بەرواری سێهەمی جولای ١٩٧٤ وە دەگوازمەوە.

لەسەرەوەی ئەم هەواڵەوە وێنەی ماینێکە کە بەسەر لاشەی جوانووە مردووەکەیەوە هەڵوەستاوە.

((کامیۆنێك کە دارو تەختەی بارکردبوو، لە شارێی ((بارتین)) جوانووە ئەسپێکی دەرۆژەی وە بەردا و کوشتی. ماینەکەی دایکی ئەو جوانووە چەندین سەعاتان لەسەر لاشەی جوانووەکەی لانەچوو و دوور نەکەوتەوە و هەر بەسەر سەریەوە دەیحیلاند و چەپۆکی لە عەردی دەداو هەروەك ئادەمیزادان لەپرسەی جگەرگۆشەکەیدا دەگریا و دەلالایەوە. ئەم دیمەنە سەرنجی هەموو ئەوانەی راکێشاکە بەوێدا تێدەپەرین و هەمووشیان لەو نارەحەتی و حیلەو سمکۆڵ وچەپۆك لەعاردی دانەی ئەو ماینەی سەریان سوورما بوو و هەوت ببوون، بەشێوەیەکی وا کە خاوەن ماینەکەش دڵی نەدەهات لەسەر لاشەی جوانووەکەی واوەبێنێ و دووری خاتەوە.

ئەوانەی کە ئاگایان لە رووداوەکە ببوو دەیانگوت: کابرای شوفێر دوای ئەوەی کەجوانووەکەشی شێلاو کوشتی، هاواری کردووە ((هەی کەری بەستەزمان، دە نەهاتبایتە سەر رێم)) و هەروا بەدەم جنێوانیشەوە لێیدا و رۆیی.))

ئەو سەگەی خۆی کردە قوربانی خاوەنەکەی

ئەم هەواڵە هەروەك خۆی لە رۆژنامەی ((حوڕییەت))ی بەرواری ٢١ جولای ١٩٧٢ وەردەگوازمەوە: ((یەکێك لە وەرزێرانی گوندی دەبرا، بەناوی ((نوری کایا)) دەمەزرایەکەی خۆیدا سەرقاڵی ئیشێ بوو. دوو وەرزێری دیکەی گوندی ئەولاوەتریان مەهدی و ئەمین، کە کۆنە دوژمنایەتییەکیان دەگەڵ نووریدا هەیە، غافڵگیری دەکەن و بە مەبەستی کوشتنێی وەردەگەڕێنێ. کە نووری دەکەوێ، دەمانچەی لێ هەڵدەکێشن.دەودەمودەستەیدا سەگە بە ئەمەکەکەی نووری دەگاتێ و دەگەڵ تەقەیدا خۆی داوێتە سەر خاوەنەکەی و گوللەکە بەو دەکەوێ و دەردەم گیان دەدات و دەکوژرێ.

دەودەمیدا خەڵکی ناوایی دەگەنێ و مەهدی و ئەمین هەڵدێن و نووریش دێنێ گۆڕێکی بۆ سەگەکەی هەڵدەکەنێ و ژێرگڵی دەکا و هەر چوار لای گۆڕەکەشی بە قوڕێ سواغ دەکا.

تۆڵەی قەلەڕەشەکان

لە رۆژنامەی ((حورییەت)) ی بەرواری سێهەمی ژۆیین ۱۹۷٤ وە:

ستوکهۆلم ـ سەگێك و خاوەنەکەی کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری هەزاران قەلەڕەشکەی داغدارو تووڕەوە. ئەو سەگە بەر لە چەند رۆژێك قەلێکی گرتبوو و کوشتبووی. هێرشی قەلەڕەشکەکان نەدەبڕایەوە. بەسەر هاتەکە گەییە پۆلیسی. هەرکە پۆلسیش گەییە گوندی، ئەوانیش کەوتنە بەر هێرش و پەلاماری قەلەڕەشکە تووڕەو داغدارەکان و ناچاری تەقەکردنێ بوون.

خانمی تەمەن چل ساڵەی سویسری کە خاوەنی سەگەیە، ودەکەوێتە بەر هێرش و پەلاماری ئەو باڵندە تووڕەو داغدارانەوە، قەڵەمی دەستوپێی دەشکێ و خۆی لەبیر دەچێتەوەو قەلەڕەشکەکانیش دایدێنی و هەر جلێکی لەبەردایە پارچە پارچەی دەکەن و هیچی لەبەردا ناهێڵن. پۆلیس بۆ بەرگریە هانا بۆ بەکارهێنانی چەتر دەبات و سەرەنجامیش بە تەقەکردنێوە، دەتوانن سەگ و خاوەنەکەی بەبن چەترەوە رزگاربکەن. لە سەرنجامی ئەو بەدوا داچوونەی بۆ ئەم کارە کرابوو ئەو ژنە ددانی بەوەدانا کەسەگەکەی چەند رۆژ لەمەوبەرەوە قەلەڕەشکێکی کوشتووە.

کۆتر

ئەم نووسینەی خوارەوە لە رۆژنامەی ((ینی ئەسلامبولّ)) ەوە دەگوێزمەوە، کە بەداخەوە بەرواری رۆژنامەکەم بیرچوو بینووسم. دەو رۆژنامەیدا، کە ئاغای فەخری جەلالەدین بابەتێکی کە لەیەکێك لە دۆستەکانیان بیستبوو ئاناوایان گێڕاوەتەوە:

پێنج شەش ساڵێك بەر لەمە، لە ((ئیسکۆدار)) لە تەنیشت زیندانێوە کەجاران ئەخۆشخانەبوو ـ رادەبوردم ـ لەسەر لێوی پەنجەرەیەکەوە کۆترێك هەڵنیشتبوو. هەستێکی تایبەتیم لێ پەیدابوو دەڵێن وەختێك پێغەمبەرمان (د.خ) کۆچ دەفەرموون لەرێیە لادەدەنە ئەشکەوتێکەوە و کۆتریکیش بەپەلە هات و هێلانەی لە دەرکی ئەشکەوتێ هەڵنا .هەمان ئەو کۆترەم وەبیرهاتەوە.هێلانەیەك کە هەموو ئەو دوژمنانەی فریودا کەبەدوای رەسوولی ئەکرەمەوە بوون و هەمووی بەهێرەبردن و لا رێی کردن.

دەدڵی خۆمدا دەمگوت: سەیرێ هەمان باڵندەی پێ بەخێر، ئەو رۆژش ئەوەتا بەو هەڵنیشتنەی بەسەر لێوی ئەو پەنجەرەوە، ئەو زیندانییە کلۆڵ و بەدبەختانە سەرگەرم دەکات و دڵنەواییان دەکات. دەو ناوەیدا کورێژگێکی تەمەن هەروا پازدەساڵانە، تیرو کەوانێك بە دەستەوە پەیدا بوو کۆترێکی دیکەش هەروا لە رێوە هات و دەیویست بەتەك کۆترەکەی دیکەوە بنیشێتەوە تا وەخۆم کەوتم تیروکەمانەی لە دەست کورێژگەی بستێنم، ئەو کۆترەی کە دەیەویست بنیشێتەوە هەر بەهەواوەی پێکا.

ئەو تیرەی هاویشتبوویە رێك چوو بوو بە دڵی کۆترەی کەوتبوو. کۆترەکە کەمێك لەولاوەترەوەکەوتبوو وگیانی دەدا. کورێژگە بۆ هەڵگرتنەوەی کۆترەکە ومنیش بۆ تەمبێ کردنی کورێژگەرامادەکرد. کە گەیشتینە سەر کۆترەکەی، شتێکی سەیرم دیت. دووپاکەتی بچکۆلەیان بەبن باڵی کۆترەکەوە بەستبوو. یەکێکیان هێرۆیین و ئەوی دیکەشیان تریاك بوو.

کەوتووینە چ رۆژگارێکیەوە ! من هەرگیز ئەوەم بەبیرو خەیاڵدانەدەهات باڵندەیەکی ئاوا بێ زەرەبێ وەی و پێ وقودووم خێر ئەو جۆرەشتانە بۆ زیندانێ بێنێ و ببێتە هۆی پێداناردنێی.

ئەوە ئێستا دەزانم بۆ ئەو باڵندەیە پەیام و نامەی ئاشتی وئاشتەوایمان بـۆ نـاهێنن. نـەفرەت لەوانەی کە ئەو بوونەوەرە بێ گوناهانە تووشی ئەو کارانە دەکەن.

ئێستاش کە هەر باسی کۆترانە، بانەوەش هەر بڵـێم: ئـەو کۆترانـەی کـە بەداخـەوە لـەم سەردەمەدا بەدەست قاچاغچیانەوە بوونەتە هۆی گواستنەوەو گەیاندنی مادەبێهۆشـکەرەکان، سەدان ساڵ نامەبەری مرۆڤ بوون و لەخزمەتی ئـادەمیزاددا بـوون. ئـەو باڵندانـە نـەك هـەر نامەبەر بەڵکە تـا ئـەو جێیـەی باڵەسـپی و بـچکۆلەکانیان بیانتوانیبایـە شـتی دیکەشـیان لەشارێکەوە بۆ شارێکی دیکە هەڵدەگرت و دەگواستەوە.

لەسەدەی چوارەمی کۆچی، یەکێك لـە فـەرمانڕەوایانی میـسر بـەناوی سـوڵتان عەبـدول عەزیز، دەگوڕەی بەهارێدا حەزی دەچێتە گێلاسی و دەیەوێ بۆ گێلاس خواردنێ بچێتە شامێ. دیاریشە کە ئەو چوونەش زۆرگران دەوەستا و هەر بـۆ چـوونە گـێلاس خـواردنێش ئەوەنـدەی ناهێنێ. یا قوبی وەزیری لە فەرمانڕەوا دەپرسێ: ((ئایـا سـوڵتان هـیچ مەبەسـتی دیکـەیان دەوسەفەرەیدا هەیە؟)) سوڵتان لە وەڵامدا دەڵێ: ((نەخێر، لەمەبەسـتی گـێلاس خواردنـێ بەولاوە هیچ مەبەستێکی دیکەمان نییە)).

وەزیر دەستبەجێ کۆترێکی نامەبەر بۆ والی شامێ دەنێرێ. نامەیەکی بەقاچـی کۆترێـوە دەکات. ئەو نامەیە، نامەیەکی فەرمانی بوو: ((سەدو بیست کـۆتر بـەرەو میـسر هەڵـدەن، هەریەکەیان دوو دانە گێلاسیان بە قاچەکانیانەوە بێ.)) دەڵێن دوای دوو سێ رۆژ کەیەك قاپە گێلاسی پڕیان لە گێلاسی شامێ لەبەر دەمی فەرمانڕەوای دانا، وازی لەچوونە شامێ هێنا.

شێوازی بەرگری بۆق لە بەرامبەر سەگدا

یەکێك لە دۆستەکانم دەیگوت:

لەپاشاباغچە، لەسەر گردی خانووێکم هەیە سەگێکیشمان هەیە. شەوانی هاوینێ چ لەدەوروبەری ماڵێ و چ لەباغی ناو ماڵێدا بۆق زۆرن، شەوانە سەگەکەمان پەلاماری ئەو بۆقانەی دەدا کە هەڵبەزو دابەزیان بوو یا بەسپایی بێرو بەوێدا بلاّودەبوونەوە.

شەوێکیان هەمدیس پەلاماری بۆقێکی دایەوە. بۆقی بەستەزمان هیچ ڕێگە چارەیەکی خۆ رزگارکردنێی لەدەست سەگەی نەما.

هەرئەوەندەی پێ کرا هەستایە سەر پاشوان وبێ جووڵە، قیت بەرامبەر سەگەی ڕاوەستا. سەگەش ماوەیەك هەروا لە بەرامبەر ئەو بۆقەوە کەبێ جووڵەو لەسەر هەردوو پاشوان قیت ڕاوەستابوو، چاوەڕێ ما، دوایەش ملی ڕێیەی گرت و لێیدا ڕۆیی.

شەوەکانی دیش زۆر بەوردییەکەوە کەوتمەوە سەیرکردنی بەزمی سەگ و بۆقەکان. دەبینم هەموو بۆقەکان کە تووشی سەگەکەی دەبن، لەسەر پاشوان ڕاستدەبنەوە و بێ جووڵە قیت ڕادەوەستن و دوایەش کە سەگەکە بەڕێی خۆیدا دەڕۆیشت، وردە وردەو بەسپایی هەڵدەهاتن. سەگەکە خۆی لەو بۆقانە نەدەگەیاند کە بێ جووڵە و قیت ڕادەوەستان. ئێستاش سەرم هەر لەو ڕەفتارەی ئەو بۆقانە سوڕماوە کە گیانی خۆیانیان پێ دەپاراست.

چونکە بێ تاوان بوو هەڵنەهات

شەوێکیان میوانی ماڵە دۆستێکی بووم. دۆستەکەم قابلەمەیەکی داپۆشراوی هێنایە سەر سفرە و داوای لەمن کرد سەرەکەی هەڵدەمەوە هەرکە سەرەکەیم لابرد، کەروێشکێکی لێ دەرپەڕی و منێکیش کە هیچ چاوەڕێی شتێکی وا نەبووم، زۆر ترسام. بەو گەنجەفەیە هەموو پێکەنین. ئەو دۆستەم پشیلەیەکی هەیە ناوی ((پتراك)) ە کە هەمیشە دەنێوماڵێدا دەڕیە و پیساییە دەکاو بۆیەش هەموو دەمێ هەر لێی دەدرێ دۆستەکەشم لەبەروەی بە زۆری لە دەرەوەیە و لە ماڵێ نییە، نەیتوانیوە ئەو پشیلەی وا ڕابێنێ بچێت دەست بەئاوەکەی دەنێو باغچەیدا ئەنجامدا.

بۆ پشیلەی بێچارە لەتێهەڵدانێ بەو لاوە هیچی دیکە نامێنێتەوە.

دۆستەکەم دەیگوت هەر کاتێ بزانێ کارێکی خراپی کردووە و منیش لێی دەدەم هەڵدێت و ڕادەکا و دەچێ خۆی دەشارێتەوە.

ڕۆژێکیان وامزانی کە لەمتبەقێ لەسەر کاشییەکانی ئەوکارە کردووە. زۆر تووڕە بووم و هەستام بکەومە لێدانێی، بەڵام ئەوەی سەیربوو ئەمجارەیان ((پتراك)) ڕاینەکرد. جگە لەڕانە کردنەکەشی هەر سەیری شتێکی دەکرد کە بەسەر کاشییەکانەوە بوو و ئەوجا ناوڕێکی لەمن دەدایەوە و تەماشایەکی دەکردم. وەك بڵێی ((پتراك)) سەری لەوەی سوڕمابێ کەبۆ لێی دەدرێ.

ناوڕێکم لەو شتەی دایەوە کە بەسەر کاشییەکانەوە بوو سەیرم کرد. ((پتراك)) بێ گوناه بوو، چونکە ئەو شتەی کە لەسەرکاشییەکان بوو پیسایی نەبوو، بیبەرێکی سوورهەڵگەڕاو بوو کە لەسەر کاشییەکان کەوتبوو.

گۆڕەپانی خوێناوی

ئەم نووسینەی خوارەوە لەکتێبی ((ڕێزی دۆستایەتی)) نووسینی ((سامی.ن. ئـوزەردیم)) ەوە گوازراوەتەوە.

لەگەڕەگی ((لونت ـ ئەسلامبوڵ)) سەگە بەرەڵلایەك کە خەڵکی گەڕەکێ بە ((بـوبی)) یان بانگ دەکرد،سەربەست و بێ وەی، بۆ خۆی دەژیا. بوبی خوشەویستی گەڕەکێ بوو برسـی نەدەبوو. پاشماوەی ئەو ماڵەوماڵانە تێری دەکرد.

یەکێك لە ژنە خاتوونەکانی گەڕەکێ سەگێکی ماڵی و دەستەمۆی ڕەسەنی هەبوو، چوو لە شارەداری شکایەتی لە بوبی کرد. گوایە بـوبی واز لـە سـەگەکەی ناهێنـێ.ڕۆژێکیـان سـەرو کەللەی دوو مەئموری شارەداری لە گەڕەکێ پەیدابوون. ئەوانە هاتبوون ئەو سەگەی لـە کـۆڵ کەنەوە. ئێمە چاوەڕێ بووین بوبی بگرن و ئەگەر نیازی کوشتنیشیان هەیە، لە جییەکی دیکە، دوور لە چاوی منداڵان و خەڵکی گەڕەکێ کارەکەیان ئەنجام بدەن.

هەر چونێك بێ کوشتن کارێکی چاك نییە، بەڵام کە هەر دەشکرێ بـا ڕێیـەکی ئاسـانتر و مرۆیانەتر وشارستانیانە تری بۆ بگیرێ.

مەئمورانی شارەداری بێ ئەوەی هیچ گوێ بدەنە تکاو پاڕانەوە و داواکارییـە ژنان،بوبیـان دەپەنایەکییەوە وەگـیر هێنـا و بەبەرچـاوی پڕتـرس و لـەرزی منداڵانـەوە، دەمانـچەیان لێ هەڵکێشا و سێرەیان لە تەپڵی سەری گرت.خۆزگە بوبی هەر ئـەودەمی تۆپیبایـە. بـەڵام ئـەو بەستەزمانە بێنەواو کلۆڵە نەمرد و بەبرینداریەوە تێیتەقانـد و هـەڵات و گـەڕەکی بـەخوێنی خۆی سوورکرد.

بەسەر دیوارانیدا بازدا، تا لە دواییدا مەئمورەکان ئەو بەستەزمانە نیوە گیانە بریندارەیان گرتەوە و هەروا کە خوێنی لەبەر سەریەوە دەڕۆیی، دە ئوتومبێلیان هاویشت و بردیان.

لە بەرابەر ئەو هەموو گریان و پاڕانـەوە و تکایـەی منـداڵ و ژنانیـشدا، وەڵامێکـی کـە دەیاندایەوە تەنیا ئەوە بوو کە ((ئێمە فەرمانبەرین)).

سەردەمێکی لە کالیفۆرنیا دەژیام. بەتەنێ بووم. پشیلەیەکم هێنایەوە ماڵێ. کاتێ خاوەنی خانووەکە کە زانی پشیلەم هێناوەتەوە. داوای لێکردم پشیلەکە وەدەرێ نێم. لەترسی ئەوەی گوایە مووبێلەکانی بەنینۆکان دەڕنێتەوەو دەیاندڕێنێ. لەوێش نەدەکرا گیانلەبەرێکی لە ناوەڕاستی شەقامێدا بەر هەڵداکەی و بڕۆی. پرسم بە هەندێك لەبرادەرە ئەمەریکاییەکانم کرد. یەکێکیان کە خانمە ژنێك بوو گوتی: ((ئەگەر دەتەوێ بمێنێ و چاوەدێری و بەخێوبکرێ ئەوە بڕۆبیبەرە فلانە دامەزراوە، و بەتایبەتیش لەو فۆرمەی بنووسە کە بۆی پڕدەکەیەوە، رازی نیم لەناوببرێ.))

پشیلەکەم بردە هەمان ئەو دامەزراوەی ژنەکە گوتبووی. دیاربوو ئەگەر لەو فۆرمەمدا نەنووسیبایە ڕازی بە لەناوبرنێی نیم لەوانە بوو بیانکوشتبایە، ئەویش نە بەنوێژی نیوەڕۆیە وبە بەرچاوی خەڵك و ژن و منداڵانەوە، وەك کەبوبیان پێ کوشت.

من هیچ بەدوای ئەوەدا نەچووم کە داخوا چوناوچۆن گیانلەبەران لەناودەبەن و نایهێڵن. بەڵام بڕوای تەواویشم هەبوو کە ئادەمیزاد ناچار دەبێ گیانلەبەرێك بکوژێ لە مرۆیانەترین شێوەی کوشتنەکە دەگەڕێ تا دەیدۆزێتەوە.

دە وڵات و مەملەکەتی مەشدا کۆمەڵەی پاراستنی گیانلەبەران زۆرهەن، بەڵام نازانم و ناگاشم لەوە نییە داخوا ئەو کۆمەڵانە چدەکەن و چۆناو چۆن کارەکانیان ئەنجام دەدەن و داخوا لە کارەکانیان شارەزان یانە نا.

دیارە گیانەوەر دۆستیەکەشمان هەر دەبێ وەك تەواوی کارەکانمان، شتێکی ئاڵۆزو بڵۆزو شێواو وتێك هەڵشێلدراوو بێ پایەو بناغەبێ.

هێندێکمان پیمانوایە کاتێ کەمرۆڤ بۆ خۆی هەزارو یەك ناخۆشی وتەنگوچەڵەمەی هەبێ و دووچاری سەدان ئاستەنگ بووبێتەوە، گیانەوەر دۆستیەکەی لەفانتازیایەك بەولاترەوە هیچی دیکە بێ. بەڵام واش نییە. سەرهەڵدانی هەستی گیانەوەر پارێزی بەرەنجامی بیرکردنەوەو هەست ونەستی مرۆیانەیە.

دەو کتێبانەی کەبۆ منداڵان، نووسراون و بەچاپدەگەن، هەوڵ دەدرێ هەستی بەزەیی دەناخی منداڵاندا بڕوێنرێ، و هەڵس وکەوت و رەفتاریان دەگەڵ گیانەوەراندا لە ڕووی میهرەبانی ونەرمونیانی وبەزەیی پێدا هاتنەوەوە بێ. دەبێ باوەڕیشمان بەوە بێت کە ((بەزەیی)) شتێکی هەمە جۆرەو ڕەنگ و شێوەنییە تەنیا هەستێکی مرۆیانەی تەواو و لێوانلێوە.

ناوی ئـەو کەسـانەی کـە گیـانی خۆیـان لـە ڕێـی خۆشـبەختی ئـادەمیزاد و بـەختیاری مرۆڤایەتیـدا کـردە قوربـانی، ناویـان چـۆتە نـاو مێـژووی شارسـتانییەوە. قارەمانـانی تاقیکردنەکانی پزیشکی و ئاسمانگەڕەکان هـەمووی هـەر گیانلەبـەرانن. هـەر بۆیـەش ئـەو قارەمانانە، وەك جارانی پێشوو هەروا بێناوونیشان نین، وێنەی ئـەو مـەیمون و سـەگانەی کـە یەکـەمین پـێش هـەنگاوانی سـەفەرەکانی دەرەوەی زەوی بـوون بەرەوبۆشـاییەکانی ئاسمـان، دەرۆژنامەو گۆڤارەکانی سەرانسەری جیهاندا چاپ و بڵاودەکرێنەوەو دەئارشیڤاندا هەڵـدەگیرێ و دەپارێزرێ ئەو قارەمانانە هیچ ئاگایەکیان لەو کارە گەورەوگرانانە نییە کە ئەنجامی دەدەن. بەڵام ئـەو بـێ ئاگاییـەیان ئـەوە ناگەیـەنێ کـەناویان لەمێـژووی ئەزموونـە زانسـتیەکاندا بسرێتەوەو نەنووسرێ و تۆمار نەکرێ.

ڕۆژی ڕابـوردوو، وێنـەی مـەیموونێك کـە ئامـادەی چـوونە بۆشـایی دەرەوە کرابـوو، دە ڕۆژنامەکاندا چاپ کرابوو، دەحاڵێکدا کە سەرپەرشتیارەکەی سێوێکی دەدایە. دیتنی ئەو وێنەیە منی خستە ئەندێشەوە. وام هاتە بەرچاو کە ئەم گیانلەبەرە بەسەرنجێکی وشیارانەو زیتەڵـەوە دەستی بۆ سێوەکە درێژ کردووە ولەو بەرپرسیاریەتیەی پێی سپێردراوە ئاگادارە. چونکە سەرنج و تێڕوانینەکانی وای دەردەخەن.

گێله ئەسپ

یەکێ لە دۆستەکانم دەیگوت:

کاتێ کە دەخزمەتی سەربازیدابووم ئەسپێکی گێلۆکەم هەبوو. هێندە گێلۆکە بوو، هەرکە سواری دەبووم، تاوێك ڕادەوەستا و ئەوجا پاشووی بۆ پێشاوێ لێك بڵاودەکردنەوە. جاری واش دەبوو هەرکە بیویستبایە میزێ بکا وا ڕێك دەکەوت ئەسپێکی دەهاتە پێشێ و ئەو ئەسپە دەستی دەکرد بەمیزکردنێ ئەسپە گێلەی منیش کە شوڕە شوڕی میزی ئەسپەکەی بەردەمی دەبیست وایدەزانی ئەوە خۆیەتی میزێ دەکاو بەبێ ئەوەش هیچی کردبێ دەکەوتەوە ڕێ.

ژیشکی دایك

چل و پێنج ساڵ پێش ئەمە لە ((تراکیا)) لە کەنار رووباری ((گالاتا)) وە پیاوێك ناوی حەسەن بوو ئاشێکی هەبوو. لەتەك ئەمێوە کار گەیەکی گەورەی رەزەترێ بوو: رەزە ترێیەکی گەورە. وەرزی ترێی بوو. چووبوومە ناو رەزێوە بۆ ترێ خواردنێ، دەنێو برکە مێوەکاندا گیانلەبەرێکم دیت کە لە یەکەم چاو پێکەوتنێمدا وەمزانی باڵندەیە.

کونجکاوبووم. چوومە پێشێ تابزانم چییە. سەیر دەکەم ژیشکە ژیشکەکە کە بە هەردوو پاشوانی خۆ بەبرکە مێوەیەوە هەلواسیوەو دەهێشووە ترێیەکیەوە ئاڵاوە و هەروا هەوڵ و تەقەلای هەڵوەراندنی بۆ لووە ترێیەکانییەتی. هەر بۆڵووە ترێ بوون و هەڵدەوە رینە سەر عەردی ئەو ناوە پڕببوو لە بۆڵووە ترێ ئەوجا ژیشکە لەسەر خۆ لەبرکە مێوەی هاتەوە خوارێ و دەستی بەخۆگەوزانێ ناو بۆڵووە ترێیەکان کرد، دڕکەکانی ژیشکەی دەبۆڵووەکان ڕادەچوون و بە پشتێوەی دەنووسان. هەر دوای یەك دەقیقەی دڕکەکانی سەرپشتێی هەموو بوونە بۆڵووە ترێ. ژیشکە کەوتە ڕێ. لە ڕەزێ چووە دەرێ ئەوە ئەمنیشی هەر بە دواوەم. کونەکەی سەد مەترێك بەو لاوەتری رەزەکەوە بوو، هەرکە بێچووەکانی دایکەکەیان دیت هەموو لە کونێ هاتنەدەرێ. ژیشکە مێیەکە خۆی بە عەردیەوە نووساند. بێچووەکانیشی بۆڵووە ترێیەکانیان زۆر بەسانایییەوە لە ترێی سەرپشتی دایکەکەیان لێ دەکردەوە و دەیانخوارد.

گەمە لەگەڵ گوێدرێژ

یازدە ساڵان بووم. هاوین بوو. چووبووینە کوێستانێ. ڕۆژی هەفتە بازار بۆ شت کڕینێ‌چوو بوومە شارۆچکەی. کاتێ کە دەگەڕامەوە، دەنیـوەی ڕێیـەدا، بارەکـەم لـە پـشتی کەرەکـەی کردەوە تا وەحەسێ و ئاوێکی بخواتەوە. ئەوجا کەرەکەم دە درەختێکی خست و بۆخۆشم چووم وەنەوزێکی بدەم و چاوێکی گەرم کەم. کە هەستامەوە، باقـە وێنجەیـەکم بـردە بـەر لـووتی کەرەی.ئیشی منداڵی، کاتێ کەرەکە ویستی دەم بۆ وێنجەکە بێنێ دەستم کێشایەوە. پێنج شەش جارانم واکرد. ئیدی لە پڕ ڕاپەڕی و پەلاماری دام و چەناگەی گرتم و هەڵیدام.

دوایەش هات یەك لوشکەی جانانەی تێ سرەواندم. من دەمەویست گەمەی لەگەڵ بکەم و پێی ڕابوێرم. ئیدی منداڵییە. ئێستاش جێ شوێنی گازەکەیم هەروا بە ڕوخساریەوەیە. ئیدی من لەو ڕۆژەوە لەکەرێ دەترسم.

ئەو گچکەی لەخۆی گەورەتر بەزاندو خواردی

زیندەوەرێکی کە خەڵکی پێی دەڵێن زیك زیکە - ترترۆکە - جیڕ جیڕە - زیندەوەرێکی مەیلەو سەوزە. ئەو زیك زیکەیەبە هەر میوەیەکی هەڵگەڕێ بۆنە ناخۆشەکەی خۆی بەسەرەوە بە جێ دەهێڵێ. بۆنی ئەو زیك زیکەیەش بە تایبەتی بەسەر ((تـوو)) ەوە یەکجار زۆر دەمێنێتەوە.

ڕۆژێکیان لەبەر پەنجەرەی دانیشتبووم و سەیری دەرەوەم دەکرد. چاوم بە زیك زیکێکی کەوت بە قەدی درەختێکی هەڵدەگەڕا. کەمێك هەورازتریش جاڵجاڵۆکەیەك تەونی تەنیبوو. زیك زیکە دە تەڵەی جاڵجاڵۆکە کە، کەوت و پێوە بوو. جاڵجاڵۆکە وردیلەکە، کە خۆی پەنا دابوو پەلاماری زیك زیکەی دا گەورەییە زیك زیکە کەی دوو هێندەی جاڵجاڵۆکەکە بوو. جاڵجاڵۆکەکە دەستیکردە تەون و پۆ چنینێ و هەڵسووڕو داسوور بە دەوری دەست و پەلی زیك زیکەیەوە. چونکە زیك زیکەکەش گەورەو بەهێزو بەخۆوە بوو، ئەوتاڵە باریکەلانەی کە جاڵجاڵۆکەکە لەدەست و پێیەکانییەوە دەپێچا هەمووی دەپساندن بەڵام جاڵجاڵۆکەکە ماندوو نەناسانە مەیدانی چۆڵ نەدەکرد و وازی نەدەهێنا، هەر داوێکی دەپسا دەستوبرد گرێی دەدایەوەو تاڵە داوی تازەی تێوە دەدا و دەیویست هەر چۆنێکی بووە لوس و باریك زیك زیکەی ببەستێتەوە و پرزەی لی ببڕێ. لە پڕ زیك زیکە کە لەو هەوایەیڕا داکەوتە خوارێ و نزیکەی دەسانتیمەترێك لە نێوان عەرد و ئاسمانێدا بە تالێکی تەونی جاڵجاڵۆکەیەوە هەڵواسرا.نازانم داخوا جاڵجاڵۆکەکە هەروا بە ئەنقەست هەڵیداشتبوویا زیك زیکەکە هەروا بەڕێکەوت واهەڵواسرا. زیکزیکەکە بە چ جێیانەوە نەبوو. جاڵجاڵۆکەکە هەروەك یەکەمێ جارێ، سەر لەنوێ کەوتەوە هەڵکێشان و تەنینەوەی تاڵە باریکەکان بە دەوری زیك زیکەکەیدا. جاکە بە تەواوی تارپێچ بوو، جاڵجاڵۆکەکە سەری دەنێو دوولینگی دواوەی نا و دەستی کرد بە پچڕینەوە و مژینێ...زیك زیکەکە دیاربوو زۆری دێشێ و گەلێك بە ئازارە. چونکە یەکسەر دەستی بەدەست و پەل راوەشاندنێ کرد. جاڵجاڵۆکەکە لەو هەوڵ وتەقەلاد

دەست وپێ راوەشاندنەی ترساو کشایەوە، بەڵام هەر زوو هاتەوە گیانی. هەندێ لە تاڵەکان لەبەر زۆر راتەکانێ پسابوون. جاڵجاڵۆکەکە دەستوبرد پێکیەوە گرێدانەوە. ئەوجا چۆوە لای پاشەڵی زیك زیکەکەوە و سەری بردەوە نێوان هەردوو لینگانی. زیك زیکەکە دەستی بە لەرزینێ کرد. جاڵجاڵۆکەکە وازی لێ نەهێناو هاتە لای پێشەوەی زیك زیکەکەو و دەستی بە تەماشای لەرزینێ کرد. هەمدیس چوو سەری بردەوە نێو لینگانی و دەسیکردەوە بە پچڕینەوە و مژینێی.

زیك زیکەکە نیوە مردوو ببوو. جاڵجاڵۆکەکەش هەر دیار بوو ماندوو ببوو، چونکە ئەو هەڵسووڕو داسووڕەی جارانی نەبوو.

بووە عەسر. بۆ سبەینێ هەر هەستام، چوومەوە پەیسەری جاڵجاڵۆکەو زیك زیکەی. جاڵجاڵۆکەکە توندی زیك زیکەکە شەتەك دابوو و سەروملەکەشی خواردبوو و چووبوو بستێك لەولاوەتری نێچیرەکەی، بەتێرو تەسەلیەوە خەریکی سانەوێ بوو. هەر چەند جارێکی هاتبامایەوە ماڵێ سەرێکم هەر لێ دەدانەوە. دەماوەی سێ چوار رۆژاندا، جاڵجاڵۆکەکە هەموو ناو زگو هەناوی زیك زیکەکەی مژی و خواردی و تەواوی کرد. هەر بەو چوار رۆژانە جاڵجاڵۆکەکە دوو ئەوەندەی خۆی هەڵیدا و گەورە بوو. ئیدی زیك زیکە لە قەپێلکێ بەولاوە هیچی دیکەی لێ نەمایەوە. هەر لەو جێیەش کەقەپێلکی زیك زیکەکەی لێ لە داوێ بۆوە، جاڵجاڵۆکەکە هەر لەوێ تەونێکی تازەی تەنییەوە.

رێنوێنی گوێدرێژان

لە ساڵی ١٩٣٠ دا لە کۆتایی پاییزێ چوومە یەکێك لە گوندەکانی کوهپایە، خەڵکی گوندی زۆر سادەو ساکار و سەرەتاییانە دەژیان. ئەوان ئەو گەنم و دانەوێڵانەی کە بەهاوینان بەرهەمیان دەهێنان، دە چاڵانیان دەکردن و دایاندەپۆشین. لە کۆتایی پاییزێشدا لە چاڵێیان دەردێنانەوە.

کاتێ کە چووبوومەوە ئەو گوندە. لادێییەکان چاڵەکانیان لێ ون ببوون و نەیاندەدۆزینەوە، چونکە گیاو گۆڵ هەموو جێیەکی داپۆشیبوو و هیچ نیشانەیەکیش نەبوو شوێنەکان دیار بکاتەوە، زۆر جێیان هەڵکەندبوونەوە، بەڵام چاڵەکانیان هەر نەدیتنەوە. من پێم گوتن:

- برۆن هەمان ئەو کەرانە بێننەوە کە هاوینێ بەرهەمەکانتان لەسەر خەرمانێوە پێ هێناوەتە سەرچاڵەکان. هەر لەوێوە بەردو گلیان لێ بارکەنەوەو بەرەڵلایان بکەنەوەو لێیان گەڕێن. ڕەنگە هەر بەپێی خوو وخدەی خویانەوە بچنەوە سەرچاڵەکان

لادێییەکان هاتن وایانکرد. کەرەکان ملیان لێناو دە دەشتێدا لە جێیەکی راوەستان. لادێییەکان ئەو شوێنانەیان لێدایەوە. کەرەکان بەهەڵە نەچووبوون. چاڵەکان هەموو لەو ناوەدا بوون.

شارەزایی سەگی راوچی

بۆ راوێ چووبووینە گوندی. لەوێ چووینە لای دۆستێکمان کە یەکێك بوو لە راوچییە هەرێ چاکەکان. گوتی ((ئەگەر تفەنگم هەبایە ئەمنیش دەهاتم.)) تفەنگەکەی خۆمم دایە تا دەگەڵماندا بێت. چونکە ئەو سەگێکی راوێی زۆر چاپووکی هەبوو ناوی ((نوچار)) بوو کەوتینە رێ. لە نزیك کانییەکەوە تووشی رەوە کەوێك بووین. دۆستەکەم کەوێکی ئەنگاوت. کەوەکە کوژراو بەربۆوە. نوچاربەرەو لای نێچیرە کوژراوەکەوە چوو. هەر دەو دەمیدا کەوێکی دی لە فڕکەی دا و دۆستەکەم هەر بە هەواوە پێکای. نوچار کە تازەگەیبووە سەرکەوە مردووە کوژراوەکەی هەوەڵێ، دەگەڵ تەقەی تفەنگێ سەری بۆ حەوا هەڵێنا و نێچیرە تازەکەی بەهەواوە دیت.

ئەمەیان تازە خەریك بوو بەربێتەوە، بەڵام نەمردبوو. باڵی ئەنگوابوو. نوچار زانی.کەوە مردووەکەی وازلێ هێناو بەرەو لای نێچیرە بریندارەکەوە چوو کە خەریکی بەربوونەوەێ بوو. نوچارکەوە بریندارەکەی بە دەمیەوە گرت و بردیەوە لای کەوە مردووەکە. ئەوجا کەوە بریندارەکەشی دانا و پێیەکی لەسەر دانا تا رانەکا.

خاوەنەکەی هات و هەر دوو نێچیرەکەی هەڵگرتنەوە.

نوچار ئەو جەفەنگانەی زۆر بوو. سەگێکی زۆر چاپووك و وریا بوو. بەڵام حەیف کە نوچاریان دزی. دۆستەکەم زۆری بە دوادا گەڕا. دێ بەدێ دەیپرسی. دواجار کە بەسۆراغیەوە چوو، ئەمنیشی دەگەڵ چووم.

تەنیا هیوایەکی بەو دێیە بوو. بەڵام لێرەش نوچاری هەر نە دۆزیەوە و وەگیری نەکەوتەوە.

من بە چاوی خۆم دیتم کەلێی بێ هیوا و بێ ئومێد بوو، هەر دووکانی پڕبوون لە فرمێسك.

سەگی لانە ساز

ساڵێك لە مەوبەر دوو دانە سەگی نێرو مێ سەریان بەدەرکێ ماڵمەوە نا. ئەو سەگانە چ کۆختە وجێیەکیان دەماڵێ مەدا نەبوو. دەنێو ڕاغیدا یان هەرجێیەکی دیبیان وەگیر کەوتبا لێی وەردەکەوتن. ڕۆژێکیان گۆڵەکە بەچنگ و نینۆکانی دەست بەهەڵکۆڵین و دانەوەی بەرزاییۆکەکی کرد کە دەنێو باغەکەیدا بوو. چووم و چغەم لێکرد و دەرمکرد. بەڵام هەر دوای چەند دەقیقان سەیە هاتەوەو دەستی بە هەڵکۆڵین و دانەوێ خۆم. عەسرێ کەهاتمەوە، سەیم کرد سەیەکە بەرزەکۆکەکەی هەڵکەندووە و قۆڵتێکی لێداوە. زۆر تووڕە بووم. قووڵتەکەم پڕکردەوە. بۆ بەیانی کە لە خەوێ هەستام. سەیرم کرد سەگەکە بە شەوێ گڵەکەی دەرداوەتەوەو قۆڵتەکەی شی قووڵترو لەبارتر کردووە. چوومە سەر قۆڵتەکە، دێڵە سەگەکە ترەکی بوو و حەوت تووتکەی بووبوون و دەنێو قۆڵتەکەیدا وەرکەوتبوون و چاویان لێك نابوون. ئەو دەمی زانیم گۆڵە سەگەکە زانیویەتی دێڵەکەی دەترەکی و ئەو بەرزە کۆکەی بۆ هەڵکۆڵیوە تا دەگەڵ تووتکەکانیدا تێیدا وەحەوێن.

شەیدای بێچارە

سەرۆکی بانکی شاری سامسۆن زۆر دۆستە مەل و باڵندەیە و خۆشیی دەوێـن، زۆری حـەز لە بولبول و کەناری و باڵنـدەی دەنـگ خۆشـە و لـەماڵێ رایانـدەگرێ و بەخێویانـدەکا. ئـەو بەسەرهاتە ئەو بۆی گێڕاومەوە:

دەنێو کەنارییەکانمدا ((شەیدا)) م لە هەمووان خۆشـتر دەویـست. شـەیدا لـە هـەمووان جوانتر و دەنگخۆشتربوو. پشووی هیچ یەکێك لە کەنارییـەکانم نەدەگەیـشتە پـشووی شـەیدا دەستبەجێ دەکەوتە پێشبڕکەی دەنگ و ئاواز هەڵدانێ هەمیشەش هەر ئەو براوە بوو. پشووی زۆر بەرز و نایاب بوو، دەگەڵ خوێندنێ دەنگی لە هەمووان دەبڕی، بەڵام بۆ خۆی قەت ماندوو نەدەبوو.

رۆژێکیان دەمی عەسرێ لە ئیشێ هاتبوومەوە، سەرێکم لە شەیدای هەڵێنا شـەیدا منـی دەناسی، هەرکە چاوی پێکەوتم، لە خۆشیان دەوقەفەزەیدا کەوتە هەڵبەزو دابـەز و خوێنـدنێ. یەکێك لە برادەرەکانم قەوانێکی دەنگی خوێندنی کەنارییانی هەبوو. منـیش هێنـام ولەسـەر نەوارێکی تۆمارم کردەوەو هێنامەوە ماڵێ. هەرکە نەوارەکەم هاویشتە سەرێ، شەیدا شـێتانە دەستی بە ستاندنەوێ و پێشبڕکەی خوێنـدنێ کـردەوە. دەیویـست لـەو پێـشبڕکێیەشدا هـەر سەرکەوتوو بێت و بیباتەوە. جا بۆ بەزاندنێ غەنیمەکـەی تـا دەهـات دەنگـی بلنـدو بلنـدتر دەکردەوە. تەواوی هەوڵ وتەقەللای ئەوە بوو بیباتەوە، بەڵام هەوڵەکەی بێ سـوودبوو چـونکە دەنگی کەنارییەکان تۆماری سەر نەوارێ بوون، نەکەمی دەکردو نـە تـەواویش دەبـوو و هـەر بەردەوامیش بوو، ئەوە منیش هەر چاوەڕێی ئەنجامەکەم. شەیدا هـەروا دەقەفەزێـدا شـێتانە هەڵبەز دابەزیەتی و دەخوێنێ و دەخوێنێ. بەڵام هەوڵ و تەقەللای وی بـە چ دەچـێ؟ کـەزانی دەنگی غەنیمەکانی نابڕێنەوە و شل نابن، نازانم هەستی بە بەزین و دۆڕانـی خـۆی کـرد، یـا چبوو کە لە پڕ دەنگی نەماو لە خوێندن کەوت و سەری بردەوە ناو قەفەزەکـەوە. دەسـتبەجێ رامکردو دەرگای قەفەزەکەم کردەوە. شەیدا چەند جارێکانی پەڕو باڵ لێکـدان. هـەر خێـرا بەغار چووم جامە ئاوێکی ساردم هێناو لێم پڕاند، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە شەیدا مردبوو. هەر خوا بۆ خۆی دەزانێ بۆ مرد، لەوانەشە لەبەر بەزین و دۆڕاندنێشی خۆ کوشتبێ.

ئەو ئازایەتییەی لەترسەوە پەیدا دەبێ

من لە ((تونـوز)) کـە دەکەوێتـە دەوروبـەری شـاری ((سـیواس)) هاتوومـە دنیایـە. سەگێکمان هەبوو ناوی ((زەردە)) بوو. زستانی گوندەکەمان تا بڵێی سەخت و درێژخایەنـە. لە یەکێك لەشەوە ساردەکانی زستانێ زەردە لە دەرەوەی ماڵێ مابۆوە. دەشەوانی زستانێشدا گەلە گورگ تا نێو کوچەو کۆڵانی گوندی دێن. ئەو شەوەش گورگێك تا بەر دەرکی ماڵێ مـە هاتبوو. سەگە بەدیتنێ گورگەی پشت دەرکێ، تا بڵێی زۆر دەترسێ ئیـدی دەیـەوێ هـەڵێ، بەڵام کە دەشزانێ رێی هەڵاتنێشی نییە، بەو ئازایەتییەی کەلەترسـانی لێ پەیـدابیوو، پـڕی دابووە گورگەی و ڕاست ددانی لە گونی گورگەی گیر دەکاو تابەیانی هەروا بـەریـنادا. بـەیانی کە باوکم دەرکی حەسارێ دەکاتەوە، زەردە وەك تیر گونی گورگەی بەردەدات و خۆ دەدیوی نێو ماڵێ داوێتەوەو دەچێ خۆی دەشارێتەوە کە سەیری گورگەمان کرد، هـەیهو هـەیهوو دەمێـك بوو مردبوو. بەڵام خۆ زەردە نەیزانیبوو گورگە مردووە، بۆیە تا بەیانی هەروا مابۆوە و بـەری نەدابوو. لەو شەوە بەدواوە، هەمیشە پێش نوستنان سەرێکمان لە زەردەی هەڵدێنا تا لە دەرێ نەمێنێتەوە.

فیلی ماکەوێ

من خەلکی یەکێك لە دێیەکانی ((دنیزلی)) م، پاسەوانم. کە قوتابی سەرەتایی بووم زۆر جاران دەگەڵ ئاوالەکانمدا دەچووینە راوەکەوێ. یەکێك لە شێوەڕاوی کەوی دێیەکەی ئێمە ئەوە بوو: کەوبارێکمان دەگرت و دەقەفەزێماندا گەورەو بەخێودەکرد. دە سەروەختی راوێدا کەوەکەمان بە قەفەزەوە هەلدەگرت و دەمانبردە لێڕەواری و قەفەزەکەمان بەلاخە دارێکیەوە دەکرد کەوبارەی کە هەلێدابوو و ببووە کەوێك بۆ خۆی،هەرکە هەوای داروبارو بەندەنێی دەگەییە لەوتی، دەستیدەکرد بەخوێندنێ. کەوەکانی دیکەی هەموو بە دەنگیەوە دەهاتن و ئێمەش ماشەی ساچمە زەنێمان لێ دەکێشان و پێمانەوە دەنا.

رۆژێکیان دەگەڵ ئاوالاندا چووینە راوە کەوباران، دەلێڕەواریدا تووشی ماکەوێکی بووین دەپازدە جووجکە کەو بەدواوە. رامانکردنێ بیانگرین ماکەوەکە هەلات. بەلام زۆر شەکەت و ماندووانەی رادەکرد. دەشەلی. وەك بلێی بالیشی شکابێ، نەیدەتوانی بفرێ. خلان خلانمان لێ وە دوور دەکەوت.

بیرمان لەوەی کردەوە مادامەکێ ماکەوەکە بالی شکاوە و شەلیشە و نا شتوانێ بڕواو بشفرێ، واچاکە لە پێشەوە بۆ خۆی بگرین، چونکە گرتنێ جووجکەکان شتێکی وانەبوو، ئاسان بوو هەردەمانتوانی بیانگرین.

وە دوای کەوتین، ئەویش هەروا دەشەلی و بالەکەی بە دوای خۆیدا رادەکێشا، و خۆی لە دەستەمە دەرباز دەکرد ئێمەش هەر بە دوایەوە، بەلام ئەو هەروا خلان خلان لەمە هەلدەهات. ماوەیەك هەروا بەخلەخل و بازە بازێوەمان لێ هەلات، تا بەتەواوی لە جووجکەکان دوور کەوتینەوە. کاتێ کەهەروا چەند هەنگاوێکمان مابوو بیگرین، لەپڕ فرکەی کرد و فری. ئێمەش هاتینەوە سەرو سۆراغی جووجکەکان، ئەوانیش بێروبەوێدا بلاو ببوون و خۆیان دەکون

و کەلێن وکەلەبەرو بن دارو بەردانددا شارد بۆوە. جووجکەکانیشمان هەر نەدیتنــەوە و بۆمـان نەگیران.

هەروا دوای چارەکە سەعاتێکی ماکەوەکە بەهەواوە پەیدابۆوە. هەروا فڕکەی باڵەکانی بوو قاچەکانیشی هــەردووك ســاغ وســەلامەت بــوون. ماکەوەکــە کــەمێك لــەولاترەوەی ئێمــەوە نیشتەوەو دەستی بەخوێندنێ کرد. جووجکەکان بەدەنگی خوێنــدنێ دایکەکــەیان لــەو کــون و کەلەبەرانە هاتنەوە دەرێ کەخۆیان تێدا حەشاردابوو و هاتنەوە لای دایکەکــەیان. ماکەوەکــە جووجکەکانی هەموو هێنانەبن باڵی. هەندێکیان نەبێ کە نەیاندەویــست بــچنە بــن باڵیــەوە، بەدەندووکێ و بەزۆر رایکێشانە بن باڵیەوە. ئێمە ئەو دەمی زانیمــان کــە ماکەوەکــە نەشــەل بووەو نەباڵیشی شکاوە. ئەو ئێمەی هەڵخەڵەتاند و فێڵی لێ کردین تا جووجکەکانی لەدەست ئێمە رزگار بکا. ئێمەش لەوە بەدواوە نەچووینەوە راوەکەوێ.

قەرقاوڵ، مەلی عیشق، مەیموون

جاران ((چایجوما)) ی دەوروبەری ((بارتین)) جێی هەزارەها قەرقاوڵ بوو، بەڵام حـەیف کە راوچییانی دڵ رەق و بێ بەزەیی، تۆڕەمەو رەچەڵەکیان بنبڕکردن و نەیانهێشتن، لە کاتێکدا کە ئەو بوونەوەرە جوانانە، دەیانتوانی ئەو ناوە بکەنە بەهەشتێك هەموو سـاڵێ ژمارەیـەکی زۆری گەڕیدە و تۆریستان بەرەو ئەو ناوەی راکێشن. کاتێ کەمن منداڵ بـووم پەپوسـلێمانکە یان دەگـرتن و دەیانفرۆشـتن. سـەرو ڕووی زۆربـەی زۆری ئـەو قەرقاوڵانـە دیبـوومن برینـدار بوون.نەمدەزانی سەرو رووی ئەو قەرقاوڵانەم بۆ بریندارن، هەتا بۆ خۆم هەشت دانە قـەرقاوڵم کری. قەرقاوڵەکانم خستنە ناو قەفەزێکی تۆڕیی گەورەوە دەو قەفەزە تۆڕییەیاندا دەکردە باڵـە فڕکەو خۆ بەولاولادادانی تۆڕێ و سەرو رووی خۆیان نەدەهێشت و هەموویان بریندار دەکـردن. هاتم دیوی ناوەوەی قەفەزە تۆڕییەکـەم دەقوماشـێکیەوە پێـچاو دامپۆشـی تـا سـەروکەللە و روخسارایان بریندار نەبن.

قەرقاوڵ باڵندەیەکی ماڵی ونی ناو قەفەزێ نییە. قەرقاوڵ ناتوانێ لە نێو خەلکی و دەگەڵ نادەمیزاد و دەنێو قەفەزێدا هەلکات و بژیەت. ئەو باڵندانـە تەنانـەت خـۆ بـەخۆش دەگـەڵ یەکتریدا پێکەوە ناژین. قەرقاوڵ حەزی لە ژیانی تەنیایی و سەربەست و نازادە.

دەماوەی ساڵێکیدا قەرقاوڵە هەموو مردن. دوو دانەیان کە دوای هەموو ئەوانیدی مردن، ناردم مۆمیایان کردن و لەنێو تاقەی ژووریم دانان. مـەلی عیـشق ((تـەیرول حـوب)) یـشم هەبوو. ئەو سەردەمی لە تەواوی ئەستەمبوڵێ تەنیا یەك کەس هەبوو ئـەو مەلانـەی بـەخێو دەکردن و دەیفرۆشتن.

ویستم هەر تەنیا دانەیەکی بکڕم. بەڵام فرۆشیارەکە گوتی یەك یەکەیان نافرۆشـێ چـونکە ئەو مەل و باڵندانە ئەگەر جووتە نەبن دیق دەکەن.

جووتێکی نێرەومێیەم کڕی. دووی ڕەنگاوڕەنگ و زیت و وردیلە. یەکیان مرد. ئەوەکەی دیکەش لەکەفوکوڵ و حەوسەڵە کەوت. ئەوانەی کە شارەزا بوون، گوتیان:

- ئاوێنەیەکی بۆ لەناوقەفەزەکە دانێ. گوتم:

((بۆ؟)) گوتیان:

- ئەگەر خۆی دەئاوێنەکەیدا ببینێ وا دەزانێ هاودەرد و هاودەمی هەیەو سەر لە نوێ دێتەوە جۆش.

وامکرد. مەلەکەم سەر لەنوێ هاتەوە سەرحاڵی جارانی و جاری واشە هەرچەندە بەدەنگێکی ناخۆشیشەوەبێ، شتێکی هەر دەخوێنێ. بەڵام حەیف کە ڕۆژێکیان چوومە سەری، لە چنگە پەڕێکی ڕەنگاو ڕەنگ بەولاوە هیچیدیم دەقەفەزەکەیدا نەدی. مشکێکی لێ پەیدا ببوو و پارچە پارچەی کردبوو و خواردبووی.

مەیموونێکیشم هەبوو. ئەو مەیموونەم لەکەشتییەوانێکی ئیتالیایی کڕیبوو. زۆرقوماربازو شەیتان بوو. هەرکە لە ماڵێ دەهاتمە دەرێ، ناچاربووم مەیموونەی بەزنجیری لە پێچکەی مێزەکەی خەم وببەستمەوە، دەنا ماڵەکەی ژێرەو ژوور دەکرد.

ڕۆژێکیان هەمدیس مەیموونەم بەزنجیری لە پێچکەی مێزێ بەستەوەو لە ماڵێ هاتمە دەرێ مەیموونەکە، مێزەکەی ڕاکێشابوو و بردبوویە لای مێزی تەوالێتی ژنەکەمەوە. سەری خۆی جوان داهێنابوو و هەرچی شووشە بۆن و لەوەنتە هەیە هەمووی بەسەرو لەشی خۆیدا کردبوو. لێوی سوور کردبوو. بۆدرەی لە خۆدابوو. کەهاتمەوە ماڵێ و ئەوم ئاوا بە ئارایشتەوە دیت، زۆر پێکەنیم. بەڵام ئیدی تاقەتی شەیتانییەکانی ویم نەما. چووم دامە دۆستێکی خۆم.

فریادڕەسی من

نۆ ساڵان بووم، لە ((خاوم کۆی)) لەلای مێردی پوورێم بووم کە ئەفسەرێکی سوپابوو.

مێردی پوورەکەم سەگورگێکی زۆر کەتەو زلەی هەبوو، نـاوی ((دیـك)) بـوو. دیـك ببووە ئەسپی من. سواری دەبـووم و بـە گـەڕەکێ ئەفـسەراندا پیاسـەم دەکـرد و دەگـەڕام. منداڵانی گەڕەکێ هەموو بە ئیرەییەوە سەیریان دەکردم و منیش شانازیم بەخۆمەوە دەکـردو خۆم پێوە بادەدا. شەوێکیان لەسەر پشتی دیك بەربوومەوە. ئیـدی پـوورم نەیهێـشت سـواری دیك ببمەوە ولێی قەدەغەکردم.

شەوێکیان یاریی کاوبۆێنمان دەکرد، یەکێك لە ئاوەلەکانمان لەبن ئەو ژوورەی کـە خۆمـان لێ شاردبۆوە و جێیەکی شێدار بوو، ئاگری کردەوە. زبڵەکە ئاگری گرت.

ئێمە بەسەر ژوورەکەوە بووین. کەزمانەی ئـاگریش بـەرەو لای ئێمـە هەڵکـشا، لەترسـان خۆمان هەڵدایە سەر ئەو باقە کایانەی کە دەژوورەکەیدا لەسەریەك هەڵچنرابوون.

دەماری قاچم بـادراو پـێم لـە جـێ چـوو. منداڵـەکان هـەموو ڕایـان کـرد. بـەڵام مـن نەمتوانی.کە باقە کایەکانیش ئاگریان گرت. ژوورەکە داوەستا لە دووکەڵێ. بە دوای دەرکـی ژوورەکەیدا گەڕام، بەڵام نەمدۆزییەوە.

لە پڕ دەنگی شکانی شووشەیەك بەرزبۆوە. پەنجەرەی ژوورەکە شکابوو، دیك بەسەر سەری منەوە بوو، دیك زانیبـووی مـن لـە ژوورەوەم. شووشـەی پەنجەرەکـەی شـکاند بـوو و خـۆی گەیاندبووە من. سواری دیك بوومەوە. پەنجەرەکە هێندە بەرزنەبوو. دیـك بەئاسـانی بەسـەر پەنجەرەکەدا ئاودیو بوو. بەمجۆرە دیك فریام کەوت و ڕزگاری کردم.

مار و باڵندەی زەردەواڵە خۆر

لە گۆڕەپانەکەی بەردەمی مزگەوتی گوندەکەماندا، درەختێکی ئاقاقیای لێ بوو زەردەواڵە خۆرێك لەسەر یەکێك لەلقەکانی ئاقاقیاکـە هێلانـەی کردبـوو. زەردەواڵـە خـۆر باڵندەیـەکی بچکۆلانەی کەمێك لە چۆلەکە گەورەترە. زەردەواڵە خۆر سێ جووجکەی هـەڵێنابوون. ئێمـە دەندووکی جووجکەکانمان لە خوارێوە دەهێلانەکەیدا دەدیتن.

ئێمە چەند کەسێك هەروا لەبەر سێبەرێ لە گۆڕەپانەکەی بـەر مزگـەوتێوە دانیـشتبووین کەدیتمان ئەوا زەردەواڵە خۆر فڕکە فڕك و پەلەقاژەو ژاوەژاویەتی. کە وردەبووینەوە. سەیرمان کرد ئەوا مارێك بەرەو لای هێلانەکە بەدارەکەی هەڵدەگەڕێ.

زەردەواڵە خۆرە داکانەکەش، بەهەرچوار دەورەی مارەکەیدا دەسووڕایەوە و ژاوەژاوی بـوو. یەکێك لە برادەران کە داسێکی بە دەستەوە بوو، رایکردە لای درەختەکەوە تا مارەی بکـوژێ. یەکێکی دی لەبرادەران هاواری لێکرد:

- نەچی. وازی لێ بێنە با مارەکە بگاتە لای هێلانەکەوە، بزانین داکانەکـە چـدەکا. ئـەوە ئێمە تەماشا دەکەین، زەردەواڵە خۆری داکانەش هـەروا فڕکـەفڕك وژاوەژاویـەتی. وەك بڵێـی هانامان بۆ بێنێ و داوای یارمەتیمان لێ بکـا. چـەند جارێکـان بـە خێراییـەوە سـەری لـە هێلانەکەی دایەوە. ئەوجا لەو دوورکەوتەوە و دوای چەند ساتە وەختێك هاتەوە.

کەهاتەوە زەردەواڵەیەکی بەدەندووکێوە بـوو. هـەروا بـەدەورو خـولی مارەکەشـەوە بـوو. مارەکە گەییە هێلانەکـە و دەمـی داپـچڕی. هـەر دەوودەمیـدا زەردەواڵـە خـۆری داکانـە، زەردەواڵەکەی هاویشتە ناو دەمی مارەکـەوە. دیـاربوو زەردەواڵەکـە بـەنێوزاری مارەکەیـەوە داوە، کە مارەکە لە حەژمەتان لەو هەواوەیڕا شل بۆوە و تەپەی لەعـەردی هێنـا. زەردەواڵـە خۆرەکەش کەلە خۆشیان دەنگیکی خۆشی لێوە دەهات، چۆوە نـاو هێلانەکـەو جووجکـەکانی وەبن باڵی دانەوە.

دەڵێن گورگ

لە گوندی ((زیرە)) ژەندرمەم. پازدە رۆژم مۆڵەت وەرگرتبوو هاتبوومەوە گوندەکەی خۆمان. بۆ ئەوەی یارمەتی بابیشم بدەم. گاوگۆل وکەرو ئەسپەکەمانم بۆ ناودانێ بردنە دەم رووبارێ. دوو کەرمان هەبوون. کەرەکان لەوانیدی جودا بوونەوە وچوونە ئەو بەری رووبارێ و دەستیان بە لەوەڕێ کرد. تازە سەرەتای بەهارێ بوو گیا سەری لەبن ئەو تەنکەبەفرەی دەرێنا بووکە هەرمابۆوە. ویستم بچم کەرەکان بێنمەوە. بەڵام نەموێرا لاقان هەڵکەم و خۆ لە ساردیە ناوەکەی دەم. گایەکانم بەرەومالّ کردنەوە. یەك دوو سەعاتێکی وەخراند کە ژنە هاوسێیەك هاواری لێ هەستا:

((گورگ خەریکن کەرەکان بخۆن.))

لەسەر سفرەی بووین. دەستبەجێ راپەریم و بەرەو رووبارێم راکرد. گورگەکان دەورەی دووکەرەکانی مەیان دابوو. کەرەکان هەروا بەرگریان دەکرد. دەمانچەکەمم راکێشاو تەقەم لەگورگەکان کرد. گورگ هەڵاتن. کەرەکانم رزگار کردن، بەڵام هەردووکیان برینـدار بووبـوون. کەرەکانم وەپێش خۆم دابوون و دەمهێنانەوە ماڵێ، چاوم بە بێچووە گورگێکی کەوت دەقوڕو لیتەی دەم رووبارێ چەقیبوو و هەروا هەوڵ و تەقەللای هاتنەوە دەرێی بوو. دیارە کە گەورەکان هەڵاتبوون ئەو نەیتوانیبوو بەسەر ئەوەندە قوڕولیتەی دەم رووبارێدا بازداو تێ کەوتبوو.

هێندێکم خڕکە بەرد هێنان و دەنێو قوڕەکەمدا کردنە بەردەباز وچوومە سەر بێچووە گورگەکەی.پێموابوو هەر دەستی بۆ بەرم پەلامارم دەدا. هەر بۆیە پێش ئەوەی دەریهێنمەوە، قەپۆزیم بە دەستەسڕەکەم توند شەتەك دا. ئەوجا لە قوڕێم هێنایە دەرێ.سەیرم کرد لاقێکی شکاوە. لەوانەشە هەر یەکێك لە کەرەکان لووشکەی لێدابێ و لاقی شکاندبێ.هەڵمگرتەوەو هێنامەوە گوندی. دەرو دراوسێ گوتیان بەرهەڵدای کە باسەگ بیخۆن، بەڵام من بەرهەڵدام نەکرد. لاقەکەیم هەڵبەستەوە. بەڵام مۆڵەتەکەم تەواو ببوو ومن دەبایە بگەڕێمەوە.

بابم نەیدەهێشت بێچووە گورگەکە دەمالێدابێ تا لاقەکەی چاك دەبێتەوە. منیش گورگەم دەگەڵە خۆمدا بردە ((دیزە)) ی جێی ئیشەکەم. لاقی بێچووە گورگەی چاك بۆوە. ئۆگری من ببوو، بەلاّم دەرو دراوسێ هەر دەترسان و پێیان خۆش نەبوو ئەو گورگە دەمالێدابێ.

دوای چەند مانگێکان کە دەهاتمەوە گوندەکەی خۆمان، گورگەم دەگەڵە خۆمدابردەوە. بابم نەیهێشت و رێی مالێی نەدا. ناچار چووم گورگەم لە لێڕەواری بەرهەلدا. وەکو سەگان بە دوام کەوتەوە.کەبەر هەلدام کرد نەیدەویست بڕوا. بەڕاکردن هاتمەوە گوندی.

دوو سالێ تێپەڕی. زستان بوو. سەروەختی جرت وفرتی گورگان. مـن بـۆ سـەردانێ خـزم وکەسان چووبوومە ئەو گوندەی کە دوو سەعاتێکان لە گوندەکەی خۆمانەوە دووربوو. خەریکی هاتنەوەی گوندەکەی خۆمان بووم.

دەلێڕەواریدا نزیکەی دەگورگم لێ پەیدابوون. دەستبەجێ هەلمکێشایە دەمانـچەی. بـەلاّم نازانم چبوو و بۆ ئیشی نەکرد. بەسەر نزیکترین دارکاژدا هەلگەڕام، بەلاّم دارکاژەکە نـەمام و یەکجار زۆر شلك وناسك بوو. هەرچەندە هاواریـشم بـەگوێی کەسـیش رانەدەگەیـشت، بـەلاّم لەترسان هەر دەستم بەهاوارکردنێ کرد. هاوارم دەکرد بمگەنێ. گورگەکانیش لـەبن دارەکەیـدا کەوتبوونە گیانی یەکتری وپێك وەربببوون دەمانچەکەم دەرێنایەوەو هێندێکم دەسـت تێـوەرداو چاکبۆوە. چەند تەقەیەکم لـە گورگـەکان کـرد. هـەموو لـە دەنگـی دەمانـچەکەی ترسـان و هەلاّتن،بەلاّم لەو گەلەگورگەی یەکێکیان مایەوەو نەڕۆیی. ئـەو گورگـە هـەر بـە دەوری ئـەو دارکاژەوە بـوو و دەسـووڕایەوە کـەمن زۆر بەئەسـتەمەوە خـۆم بەسـەرەوە گرتبـوو و هـەروا بەدەنگێکی ناسك و باریکەوە دەیلووراند. ئیدی فیشەکیشم پێ نـەمابوو تـا تەقـەش بکـەم، هاتمەوە بیری ئەو گورگەی کەلە قوڕێم رزگار کردبوو، گوتم ناکا ئەوە خۆی بێ. زۆر بە پارێزەوە لە دارکاژەکەی هاتمەخوارێ گورگەکە هەستایە سـەر هـەردوو پاشـوان و هـەردوو دەستیـشی بەسینگیەوەنام جێ شکاوەکەی هێشتا هەر بەدەستیەوە دیاربوو. هەو بوو، خۆی بوو. هـەمان ئەو گورگەی کە چاوەڕێم کردبوو و گەورەم کردبوو. لە هاوار هاوارەکەمـەوە منـی ناسـیبۆوە. ئەدی بۆ دەلێن گورگ دەستەمۆ و مالی نابـێ. زۆرم سـەر سـوڕما. ماوەیـەکیش هـەروا بـە دوامەوە بوو. کەهەوا تاریك بوو ئەویش ونبۆوە.

ئەسپی شارەزا

خاتوو مامۆستایەك نوسیویەتی:

لەگوندی دەژیاین. سەرەتاییم تەواوکردبوو. رۆژی ٢٤ ئەیلوول، لە پێشدا چوومە حەمامێ، دوایەش گەواهێنامەی سەرەتایی وناسنامەکەمم ئامادەکردن. ئەو وردەوالانەی پێویستی خۆشم بوون هەمووم دەتوورەگێکیەوە ئاخنین.

هەر لە ئێوارێوە چوومە ناوجێی و نووستم. نیوە شەو بوو بابم هەڵیستاندم، گوتی: ((بابڕوین، ئەسپەکە ئامادەیە.))

توورەگەکەم تاودایەو بەوشەوە کەوتینە رێ. لە گوندی (ئاکوس) ەوە بۆ خوێندنی ناوەندی دەچوومە (نیکسار). بابم دەرێیەدا گوتی:

((ئەگەر خوابکا پارەی فرۆشی ئەم بارەدارە رووپۆشێکی قوتابخانە و پارەی تۆمارکردنی تۆی پێبێ، ئیدی هیچیدیکەم لەخودای ناوێ.))

من هیچم نەگوت، دوای ساتەوەختێك بابم گوتی:

((هەفتەی لیرەیەکت بەش دەکا؟))

گوتم:

((چووزانم بابە، من ئەوە یەکەمجارمە بچمە نیکسار))

برایەکی گەورەترم هەیە. ئەویش هەر بەو جۆرەی ناوەندی تەواوکرد، و ئێستا چۆتە ئەنکەرەی ئیشێکی پەیداکا.

باب وکچ بەدەم رێوە قسەمان دەکردو دەشرۆیشتین. دەنگەدەنگی چەند کەسێکمان هاتە گوێ.

بابم گوتی:

((حیسابمان تەواو ! ئەوانە جەنگەڵبانن

رێی هەڵاتنێ نەبوو. جەنگەڵبان پێشیان پێ گرتین. بابیان دەناسی. گوتیان:

((بارەدارەکەت بخە.)) بابم دەستیکردبە پاڕانەوێ:- سەفوەت خان، توخودا لێمان گەڕێ و وازمان لێ بێنە. بە پارەی ئەو دارانە دەمهەوێ کـچەکەم لـە قوتابخانـەی ناوەنـدی نـاونووس کەم.))

خۆ ئەگەر وازیان لە بابم نەهێنابایە، بابم نەیـدەتوانی نـە رووپۆشـم بـۆ بکڕێـت و نـە لـە قوتابخانەش ناو نووسم کا. جەنگەڵبانەکان بۆ هەڵڕشـتنێ دارەکـان دەورەیـان لـە ئەسـپەکەی دابوو. بابیشم هەروا چەنگەچڕەی بوو.

دەوودەمیدا جەنگەڵبانێکیان بابمی وەبەر کوتەکان دا. ئەوودەمی زانیم بابە بێنەوایەکەم بە چ دەردەسەرییەك ئێمەی ناردۆتە قوتابخانە پێمان بخوێنـێ. ئـەمن دەگریـام. بابیـشم پـەلاماری جەنگەڵبانەکانی دایەوە. تێکەوەگلان. بەڵام جەنگەڵبانەکان سێ کەس بوون. منـیش جڵـەوی ئەسپەکەم بەدەستەوە بوو و بەدەم گریانێوە لەلایەکیەوە راوەستابووم.

دەویگرەو بەردەیدا ئەسپەکەش وەخۆ کەوتبوو. دەیویست جڵەوەکەیم لەدەسـتی دەربێنـێ. دواییەکەی لەدەستی هەر دەرهێنام و هەڵات و بەوتاریکە شەوەی چووە دەجەنگەڵێوە.

جەنگەڵبانەکان وازیان لە بابم هێناو وەدووی ئەسپەکەی کەوتن. بابیشم دەستی منی گرت و ئێمەش تێمان تەقاندو هەڵاتین. جەنگەڵبانەکان زۆریان تێوەخوڕین راوەستین، بەڵام ئێمە هەر رامان کرد و دوورکەوتینەوە. جەنگەڵبانەکانمان نەگەیشتنەوەێ.

دەگەڵ مـەلا بانگـدانێ بەیانیـدا، گەیشتینەنیکـسار. لـە بـابم پرسـی ((ئێـستا دەبـێ ئەسپەکەمان چی بەسەر هاتبێ؟)) بابم گوتی:

((تۆ واز لە ئەسپەکە بێنە، ئەو شارەزایە، رێی خۆی دەزانێ.))

چووینە گەڕەکێکی پڕ لە خانوو وبـەرە. لـەپڕ لەبـەردەمی یـەکێك لەماڵـەکان چـاوم بـە ئەسپەکەمان کەوتەوە. زانیم کە، بابم هەمیشە بارەداری قاچاغ بەخاوەنی ئەم ماڵە دەفرۆشێ، وئێستاش ئەسپەکە وەك خوو پێوەگرتنی خۆی هاتبۆوە و لەبەر دەرکی ئەم ماڵە ڕاوەسـتابوو. من زۆرم سەر لەو ئەسپەی سوڕما.

بابم هەر ئەو رۆژە بارەدارەکەی فرۆشت، رووپۆشی قوتابخانەی بۆ کڕیم و لـە قوتابخانەشـی ناو نووس کردم.

بزنه کێوی کاراداغ

بزنەکێوییەکانی کاراداغ لەتۆرەمەو ڕەچەڵەکی ((شـوور)) ن. ئـەو کێوییانـە لـە چـیا بەرزەکاندا بەگەلەی گەورە یان بچووك پێکەوە دەژین. تەنیا شاخێکیشیان هەیە.

ناوچاوانیان لە دوورەوە سپی دەچـێتەوەو دیـارە. لەبـەروەی زۆر لەسەرهەستیـشن و چـاو وگوێشیان زۆر سووکە، زۆر بەگرانی ڕاو دەکرێن. پیرەکانیان، بەنۆرەلەسەر بەردێکی رادەوەستن و نێشکەی دەگرن. کەئەمیان نۆرەی تەواو بوو دەڕوا و یەکێکی دیکـەی دێتـەجێ. هـەرکاتێ کێوییە نێشکگرەکە هەستی بە تەلەزگەو مەترسییەك کرد، دەنگێکی وەك فیتووی لێوە دێ و پێکۆڵێ دەکـا. دەو دەمانـەدا هـەموو گەلەکـە چـاو دەبڕنـە ئێـشکگرەکەو ئـەو بەکوێیـدا داقەڵاشت، ئەوانیشی بەدووادا دەچن. مـن ڕۆژێکیـان تفـەنگێکم لـە ئێـشکگرەکەیدا. بزنـە بریندارەکە لەسەر بەردەکەیڕا تەلاسابوو، ئەوانیدیش هەموو بەلای ویدا هەڵاتن. دەدانە زیـاتر بوون.

مانگی یازدە وەرزی جووتبوونێیانە. دەو مانگەیدا نێرییەکان بە قەسدی کوشتنێ دەکەونە گیانی یەکتری و شەڕە قۆچێ. ئەو نێرییەی سـەردەکەوێ، گـونی ئەویـدی بـەددانی دەگـرێ و هێندەی با دەداتا دەیخەسێنێ. دەنێو ئەو نێرییانەی کە ڕاوکراون زۆری خەسیوتێدان.

شاخی ئەو بزنانە تا بڵێی بەرزوڕەق و سەختێ. جاری وایە، دە وەختی ڕەوکردن و هەڵاتنێدا شـاخی یـەکێکیان بەلاخەدارێکیـەوە گـیر دەبێـت و ناتوانـێ دەربازبێـت. دە جەنگەڵـەکانی کاراداغدا ناوە ناوە پەیکەرەئێسکی کێوییەکی بەدارێکیەوە بەرچاو دەکەوێ.

تا شیر بخوا

لەساڵی ١٩١٧، من کوڕێکی حەڤدە ساڵانە بووم. لەلای ماڵێك بەردەستی و شوانیم دەکرد. بەیانیان گاو گۆلم دەبردنە لەوەڕێ و عەسرێش دەهاتمەوە. مانگایەکیان تازە زابوو. گوێلپارەکەی لە ماڵێ دەمایەوەو دایکەکەشیم دەگەڵ ئەوانی دیدا دەبردە لەوەڕێ. عەسران کە دەهاتمەوە، گوێلکەکەی بۆ مژینی گوانی دایکەکەی هەر بەراکردنەوە بەرەولای وییەوە دەچوو، بەڵام من دایکەکەیم دەبردەتەویلەو دەرکەکەم لەسەر دادەخست. چونکە دەبوایە لە پێشدا بدۆشرێ. رۆژێکیان عەسرێ هەروا وەك جاران مانگایەکانم لە لەوەڕێ هێنابوونەوە ماڵێ مانگایەکە لەوانیدی جودابۆوە و بەراکردن بەرەو لای تەویلێوە چوو تا خۆی بگەیەنێتە گوێلکەکەی وشیری بداتێ. بەڵام من دەبوو گوێلکەکەم لە تەویلەی هێنابایە دەرێ و دایکەکەیم داکردبایە و دەرکەم لەسەر داخستبایە تا لەپێشدا بیدۆشن. مانگایەکە بەرلەمن خۆی گەیاندە دەرکی تەویلێ. ئەگەر زووی پێ رانەگەیشتبامایە گوانی داکەکەی دەگرت و ئەو دەمیش هەڵاوێرانی هەروا ئاسان نەبوو. مانگایەکە دەرکی تەویلەی گرتبوو و شاخەکانیشی روو پێ لەمن کردبوو و یەك دوو قۆچیشی هاویشتمێ. نەیهێشت دەرکێ تەویلەکەی داخەم، دوایەش بەقۆچان منی دەپەنایەکی تەویلەی پەستاوت. منیش تا تینم تێدابوو هاوارم دەکرد بمگەنێ، بەڵام کەس لە ماڵ نەبوو. ئەو هیچ کاتێ، کە هەموو لەماڵ بوون کارێکی وای نەکردبوو. دوایەش هەرلەو پەنایەی کەمنی تێ پەستاوتبوو، هاتەوە گیانم و هێندەی دیشی تێهەڵدام، ئەوجا چووە لای گوێلکەکەی و کەوتە شیردانێی.

گاوگۆلی ئاشق

ڕۆژێکیان عەسرێ کەگاڕانم لە دەشتێوە دێنایەوە، گایەك و مانگایەك ونبوون. هەموو جێیەکم کرد، بەلاّم نەمدیتنەوە. وارێك دەکەوت هەندێ جار، گاو مانگای وا دەبوون وەپێش گاڕانێ دەکەوتن و دەهاتنەوە مالێ و دەچوونەوە تەویلەی. گوتم لەوانەیە ئەو دووانەش ئەوڕۆ لە پێش گاڕانێوە چووبنەوە مالێ. بەلاّم نەهاتبوونەوە. هەربەو شەوەی هەموو جێیەکمان لێکردن، بەلاّم نەماندیتنەوە ونبوون هەر ونبوون. بەیانی زوو راستبووینەوەو کەوتینەوە سەرو سۆراغیان.

گایەکە ناوی ((یوردان)) بوو.گوتم بەلکەئێ ناوەکەی خۆی بناسێتەوە.هاوارم کرد ((یوردان)) کەبەو ناوەوەمان بانگ کرد. یوردان دەنگی بەرزبۆوە. هەرجارێکی کە بانکمان دەکرد، ئەویش بەهەموو تینی خۆیەوە وەلاّمی مەی دەدایەوە. بەرەو لای دەنگەکەیەوە چووین. دۆزیمانەوە. دوو بەدوو دەنێوگیاوگۆلێدا پالّ کەوتبوون ولمبۆزیان پێکەوەنابوون.

شەڕی کۆتر و قەلەڕەشە

بەمندالّی لە گوندی بووم. جووتە کۆترێکم هەبوو. کۆترەکان جووجکەیان هەلّێنان و زۆر بوون. کۆترەنێرەکەیانم دوازدە سالّەبوو. زۆر شەڕکەر وئازابوو.

کۆترەکێویلەی فریو دەدان وبەدواخۆیدا دەیهێنانەوە مالێ. سلّی لەمن نەدەکردەوە.هەر کەمنی دیبایە بەفڕکانێکی دەهات و بەسەر شانمەوە دەنیشتەوە. رۆژێکیان لە مالێ بووم، هات وبات ودەنگە دەنگ لە هێلانە کۆترەکانەوە هەستا. رامکرد بزانم چییەو چ باسە. قەلەڕەشێکیان هاتبووە هێلانەیەوە. کۆترە جەنگییەکەی من دەگەلّ تێك ئالآبوو، بەلاّم هەر چەندی دەکرد بەو قەلە کەتەو زلەی نەدەوێرا و دەروەستی نەدەهات. هەرکە گوێی لە دەنگی مەبوو، غیرەتی بزووتەوە و لەپڕ لە هێلانەی دەرپەڕی وهاتە بەردەمی هێلانەکەی و بەری بەقەلێ وپشت بەهێلانەی تا قەلەکە نەتوانێ بێتەوە دەرێ و هەلێ بالّەکانی لێك بلاّوکردن بەر هێلانەکەی بەتەواوی گرت. قەلەکە نەیدەتوانی لە هێلانەکەی بێتەوە دەرێ.کۆترەکەشم چاوەڕێی من بوو بیگەمێ و بەهانایەوە بچم. قالّدرمە (پەیژە)م پێوەناو وەسەرکەوتم. دەستم دە هێلانەکەی نا و قەلەم گرت. کە قەلەگیرا، کۆترە جەنگییەکەم بای دەغەبغەبەی خۆی کردو دەستی بە بغوبغو و هەلّسووڕان و ئیفادەلێدانێ کرد.

ناوبژی

یازده سالان بووم. سەگێکم هەبوو ناوی ((تونی)) بوو. ڕۆژێکی هاوینێ بوو برایەکەم زۆری شەیتانی دەکردن. دایکم، برایەکەمی وەبەر کوتەکان دا. تونی کە لەپەنایەکیەوە وەنەوزیدەدا، لە پڕ لە جێیەکەی خۆیەوە دەرپەڕی و خۆی گەیاندە دایکم و بە ددانی دامەنی کراسەکەی گرت و کەوتە ڕاکێشانێی.

دایکم هەر وازی نە دەهێنا. هێندەی لێ توورەببوو، مەپرسە. تونی کەزانی ئاوا ناتوانێ دایکم و برایەکەم لێك بتەکێنێتەوەو برایەکەم رزگارکا، هات خۆی هاویشتە نێوانیانەوەو لێکی تەکاندنەوە. دایکم ئیدی ناچاربوو واز لە برایەکەم بێنێ.

له سوێی بێچوو و لانه

پێنج ساڵ پێش چوونه ئەستەمبولێم، خوشکم کەروێشکێکی دامێ. کەروێشکەم هێنایە ئەنکارای. دەنێو باغچەکەماندا لانەیەکم بۆ لێدا. ماوەیەك دواتر، کەروێشکە دەنێو لانەکەیدا چاڵێکی دیکەی بە قووڵی دەسانتیمەتری دیکە لێدا. ئەوجا کـولکی خـۆی رنییـەوە و دەنێـو چاڵەکەیدا راخست. ئەو دەبوو هەر بەوزووانە بـزێ. ئەوجێیـە نەرمونۆڵـەی بـۆ بێـچووەکانی سازدابوو. کەروێشکەکەم نۆ دانە بێچووی بـوو. بێـچووە کەروێـشکەکان لەبـەر وردیلـەییان هەمووی دەتگوت جووچکە مشکن. هەموویان پێکڕا دەوجێیە نەرمو نۆڵەیاندا جێ نەدەبۆوە. یەکێکیان تەریك کەوتبوو. منیش هەروا بەدەستی هێندێکم پاش و پێش بە بێچووەکان کـردو جێی ویشم دەنێو لانەکەیدا کردەوە کەدایکەکەی بۆی دروست کردبـوون. رۆژی دوایـی هـەروا چووم سەرێکم لەلانەکە خوارکردەوە. سەیرم کرد هەر نۆ دانە بێچوو ئەوە لە دەرەوەی لانەکـەن و هەمووشیان مردوون. هەموومان هەوت بووین. یەکێك لە ئاشـنایەکانمان کـە زۆر شـارەزای ژیـان و رەفتـاری کەروێـشکان بـوو، دەیگـوت ((کەروێـشکەداکانە هێنـدە بەرچـاو تەنگـە، هەردەستی ئادەمیزادێکی بەر بێچووەکانی بکەوێ، بۆ خـۆی دەیـانکوژێ)) ماوەیـەك چـوو. دووبارە وەرزی زانێ هاتەوە. کەروێشکەکەم هەمدیس چاڵێکی هەڵکەندەوەو کوکی خۆی تێـدا راخستەوە. بەڵام چونکە کەروێشکە نێرمان نەبوو، ئاوس نەبۆوە. چووم نێرە کەروێشکێکم بـۆ هێنایەوە. نێرە کەروێشکێکی سپی و کەتە. کەروێشکەکەی خۆشم خۆڵەمێشی و وردیلە بوو.

هەردووکیانم هاویشتنە لانەکەوە. سەرەتا یەکتریان بۆن کـرد. نێرەکـە رێـك دوو هێنـدەی کەروێشکەکەی خۆم بوو. کەروێشکەکەم پەلاماری نێرەکەیـداو بەقەسـدی کوشـتنێی پردایـەو ئیدی کەوتنە گیانی یەکتری. بەپەنجەو چرنووکان کولکیـان بەیەکتریـەوە نەهێـشت. کۆلکیـان بەهەوایدا وبێرو بەوێدا فرکان فرکانی بوو. سەیرم کرد ئەوانە ئاوالێك نابنەوە. نێرەکەم گرتەوەو بۆ خاوەنەکەیم بردەوە. کەروێشکەکەی خۆشم کە زۆر بریندارببوو دەرمانم کرد. کەروێشکەکەی خۆم ئەوە پێنج ساڵە بەتەنیایە. هەموو ساڵێ لـەوەرزی زانێـدا، هـەروەك ئـاوس بـێ، لـەناو چاڵەکەی کولکی خۆی رادەخاو ئامادەی دەکاتەوە. ئەوەتا هـەموو سـاڵێ ئێمـە ئـەو دیمەنـە غەماوێزو دڵتەزێنەی بە چاوی خۆمان دەبینینەوە.

ئەو ئەسپەی سوارەکەی رزگارکرد

من سوارچاکێکم. لەساڵی ١٩٦٥ وە تا ئەورۆ زۆرم ئەسپ عەملاندوون. بەڵام لە نێوهەموواندا ((شەونم)) م کەلە ساڵی ١٩٦٩دا عەملاند، تابڵێی لەبەر دڵانە. چونکە ((شەونم)) منی لەمردنێ رزگارکرد.

شەونم هێندەگوێڕایەڵە کە هەرکەسێك بانگی کا، دەستبەجێ بەدەنگیەوە دەچێتە بەردەمی. بەڵام بە دەستی من نەبێ بەدەستی کەس قەندی ناخوا. کەنەخۆش بێ زۆر بەنارامییەوە خۆی بۆ بەیتاڵی رادەگرێ. تەنانەت ملیشی درێژدەکا تا بە ئەسپاییەکەوە دەرزی لێدەن. تاهێشتا لەقەیەکی لەکەس نەداوە. خراپەیەکی دەگەڵ کەسدا نەکردووە. کاتی نالکردنێی، بچووکترین سەرکێشیەناکا. هیچ پێویستی بەدەست و پەل بەستنەوێ و لەواشەکردنێ ناکا. ئیدی ((شەونم)) ئەو جۆرە ئەسپەیە.

لەدواینێ پێشبڕکەی ئەسپ غاردانی ئەستەمبوولێ، کاتێ کە شەونم دەیویست وەپێش ئەو ئەسپەی پێشەخۆی کەوێتەوە، پێی وەبەر پاشووی ئەسپەکەی پێشەوەی کەوت و شەونم کەوت. منیش بەسەریەوەگلام. من بێ هۆش ببووم، کە وەهۆش هاتمەوە و چاوم هەڵێنانەوە، شەونم بەسەرمەوە هەڵوەستابوو شەونم بۆ پێشبڕکەی ئەسپ غاردانی ((ئادانا)) ئامادە دەکردەوە. ڕۆژێکیان دوای راهێنانێ، لێی دابەزیم و وەك جاران کلکیم گرت و لەسەرەخۆ بەرەولای مەیدانێمەوەم برد لەپڕ چاوم بە چەمووشترین ئەسپی مەیدانێ کەوت کە تەقڵەکوت بەرەولای منەوە چوارناڵەی بوو. رێی هەڵاتنێم نەبوو. چونکە بەلای پلیکانەکانی مەیدانێوە بووم. ئەسپی تاین هەروا چەندهاوێك لەولاوەتری من بوو. ئەگەر خۆی پێدادابام دەستبەجێ دەیکوشتم، بەڵام شەونم، ئەو ئەسپە گوێڕایەڵ و ئەجیبە، کتوپڕ جووتەیەکی ترسناکی داوەشاندێ، بەڵام هەروا لە خۆوە، چونکە من لەپشتەوەی شەونم بووم و دەستم بەکلکیەوە

بوو. جووتەکەی شەونم دەیکوشتم. بەڵام وای داوەشاندێ کە بەرمن نەکەوێت و وەئەسپەکەی کەوت. ئەسپی تاین وەك برووسکە لێیدابێ، رەویەوەو هەڵات، شەونم ئاوای لەمردنێ رزگار کردم.

شەونم خۆشەویسترین ئەسپی مەیدانەکانی پێشبڕکێی تورکیایە. لە دوای هەر پێشبڕکێیەکەوە دەپارێمەوە کەس نەیکڕێ. لە چواردە پێشبڕکێیانم دەگەڵ شەونمیدا هاوبەشی کردووە. سوپاس بۆ خوا کەس نەیکڕیوە.

کاتێ کە نەخۆش بووم یا گیرابووم. سوارچاکێکی دی شەونمی بۆ پێشبڕکەکە مەشق دابوو، بەڵام لەهیچ لەوپێشبڕکێیانە نەیبردەوە. بەڵام هەرکاتێ من سواری بم شەونم باڵ دەگرێ و پێشبڕکێیەکە دەباتەوە.

ئەو ئەربابەی چاوی بڕیبۆ بەرانی کەسانی تر

دوازدە ـ سێزدە ساڵان بووم. پەزم بردبووە دەشتێ بۆ لەوەڕێ. لەولاترەوەش پیاوێک ڕانەمەڕێکی نزیکەی دوو سەدو پەنجا سەرێکی دەلەوەڕاند.

دەگوندەکەی مەدا ڕانەمەڕێکی دوو سەدو پەنجا سەری سامانێکی یەکجار گەورەیە.

من تەنیا پازدە سەرمەڕم پێبوو. تومەزکابرا چاوی بڕیبووە بەرانەکەی من و دەیویست بیدزێ. بانگی کردم. چوومە لای. گوتی: ((دانیشە عەلی یار)). دانیشتم. دەستی بەقسەی نێرو ئەوێیان کرد. من منداڵ بووم، ئەویش زەلامێکی کەتە. بەناچاری هەرچی دەیگوت، منیش دەمگوت وایە. هەروا دەقساندا گوتی: ((عەلی یار، ئەو بەرانەی تۆ یەکجار زۆر بەرانی چاکە، زۆری لێ وریابە، نەکا بیدزن)) ئەوجا گۆزەیەکی دامە دەستێ بچم ئاوی بۆ بێنم.

سەرچاوەکە نزیکەی بیست دەقیقەیەکمان لێوە دوور بوو. گۆزەکەم لێ وەرگرت و کەوتمە ڕێ.

هەرکە گەیمە سەر کانییەکە سەگەکەم بە وەڕە وەڕەوە خۆی گەیاندمێ. هەروا بەحەپەحەپ و وەڕینەوەش بایدایەوە لای لەوەرگای مەڕەکان و بە ڕاکردنەوەش خێراخێرا ئاوڕی لێ دەدامەوە. لەو وەڕین و ڕاکە ڕاکەو ئاوڕدانەوانانەیەوە دڵم خورپەی کرد. گوتم دەبێ پەزەکان شتێکیان هەر بەسەر هاتبێ و تووشی مەترسییەك بووبن. هەر بەڕاکردن بەرەو لای مەڕەکان بوومەوە. گەیمەوە لای مەڕەکان، بەڵام کە سەیرم کرد بەرانەکە دەنێو مەڕەکاندا نەمابوو. هەمدیس سەگەکەم کەوتەوە وەڕە وەڕێ و بەولاولاوبێرو بەوێدا ڕاکردنەوێ وتا خۆی دەنێو زەمەندی کرد. منیش کەوتمە دووی. لەپڕ دیتم ئەوە هەمان پیاو ـ واباشترە ناوەکەی نەڵێم ـ ئەوە بەرانەکەی لە عەردی داوە و خەریکە کلکی دەبڕێ. بەوەی باش بوو تازەی دەمە تیغێك

گەیاندبوویەکە بە گۆچانەوەم پەلاماردایە. بەلاّم مــن منـداڵ کارێـك و ئـەو کەتـە پیاوێـك. گۆچانەکەی لیّ ئەستاندم و وەرمگەڕایە بەلێدانێ. دەستم بـەگریان و هـات و هـاوارو قیـژەی کرد. لەپڕ سەگەکەم ئامبازی بوو.

بەمەبەستی کوشتنێوەی کەوتە گیانی. پیاوەڵە لەعەردی تەخت بوو و دەستی بە پاڕانەوێ کرد کە ((عەلی یار، بیکە لەڕاهی خوا، سەگەکەت دەنگ دە، ولێم دوورخـەرەوە دەنـا هـەر ئێستالێکم دەکاتـەوە)) مـن زۆر بەزەحمـەت تـوانیم سـەگەکەی لەسـەربتەکێنمەوە پیاوەڵـە راستبۆوە و شلان شلان ملی رێی گرت و ڕۆیی. بیست ساڵ بەسەر ئەم رووداوەدا چووە، بـەلاّم لەو رۆژە بە دواوە، ئیدی ئەوپیاوە نەیتوانییەوە پڕ بەچاویم تەماشاکا.

ورچی چاو لەدەر

سەرباز بووم.جێیەکەم لە دەوروبەری ((بولو)) بوو. هاوین بوو. هەوا زۆرگەرم بوو. کارو چالاکییەکی زۆری ڕێگا دروستکردنێ بەناو لێرەواری ((بلدیبی)) دا دەستی پێکردبوو. شەوێ زۆر گەرمابوو. هەروا داوەستابوو و خەوم لێ زڕابوو. دەنێو دارستانێدا، هەروا بەقەراغ ڕووبارێوە دەستم بە ڕاوێچکان کرد. گەیمە جێیەکی ئاو لایدابوو و ببووە گۆمیلکە. دەنگێکم هاتە گوێ. مانگە شەو بوو هەموو جێیەك ڕووناك بوو. ورچێکم دیت. تفەنگم ئامادەکرد. بەڵام حەزم نەکرد هەروا لە خۆوە ورچەی تووڕەکەم. ورچەمنی نەدیبوو. و هیچ ئاگایەکی لە من نەبوو. هەروا دووراودوور لێی وریابووم. ورچە چووە دەزەمەندێوەو ڕاوەستا. دوایەش دەو ئاوەی کەلایدابوو و ببووە گۆمێلکە دەنگێکم بیست. کە سەیری گۆمیلکەکەم کرد، چاوم بەژنێکی کەوت خەریکی مەلەو ئاو بەخۆداکردنێ بوو وردە وردەش دەستی بەنارەناری گۆرانییەکی کرد. من و ورچە هەردووکمان بێ جووڵە ڕاوەستابووین ومتتەقمان لە خۆبڕیبوو. ورچە بە تەواوی هەست و نەستیەوە دەداوی ئەو ژنەی کەوتبوو کەمەلەی دەکرد، منیش تفەنگ بەدەستەوە، وبەترس ولەرزەوە هاییم لە ورچەیە نەك چاوی پێم کەوێ و بێتە خزمەتم.

دوای ماوەیەك ژنە لە گۆمیلکەکەی هاتە دەرێ. خۆی سڕیەوە و جلەکانی دەبەرکردنەوەو تفەنگەکەی دەشانی کرد و لێیدا ڕۆیی. ورچەبە چوار چاوانی تەماشای ژنەی دەکرد، بەبێ ئەوەی بجووڵێ یا دەنگێکی بچکۆلەشی لێوەبێ. کەژنە دوورکەوتەوەو لەچاوی ورچەی ون بوو، ورچەش لەو جێیەی کەلێی ڕاوەستابوو و چاوی دەلەوەڕاندن، هاتە دەرێ و ملی لە ڕێیەنا و ڕۆیی. ورچە وا دە داوی ژنەی ڕووت ئاڵابوو، کە هەر هیچ ئاگایەکی لەمن نەبوو. منیش هێواش هێواش بەرەو لای چادرەکەی خۆمان کەوتمەوە ڕێ.

یەکمین هێلانە

لە دووەمین نهۆمی یەکێك لە خانووەکانی گەڕەکی ((کاراکۆی)) دا دەژیاین.

شەش ساڵ لەمەوبەر جووتێك جووجکە کۆتری ماڵی رەسەنمان کڕی.ئەوجووجکە کۆترانەش لە جۆرەکۆتری ((بانکۆ)) بوون. ئەو کۆترانە باڵ سوورن. منیش ناوم لێنـابوون ((قرمـزی)). قرمزییەکان گەورەبوون و جووجکەیان کرد و زۆربوون، بەڵام من لەبەر هەندێ هۆ نەمـدەتوانی رایانگرم و بەخێویانکەم بۆیە ناچاربووم بیانفرۆشم.

قرمزی و جووجکەکانیـشیانم هـەموو فرۆشـتن. دوای مانگێـك سـەیرم کـرد یـەکێك لـە قرمزییەکان هاتۆتەوە و چۆتەوە ناو هێلانەکەی. هەفتێکم هێشتەوەو سەر لەنوێ فرۆشـتمەوە. مانگ و نیوێك دواتریش کۆترەباڵ سوورەکەم سەر لە نوێ پەیـدابۆوە. خۆشـحاڵ بـووم، بـەڵام نەشمدەتوانی رایگرمەوەو بەخێوی کەم. سەر لەنوێ فرۆشتمەوە. ناوونیشانی کابرای کۆترەکەشم پرسی. لە شوێنێکی دووری دەورووبەری ئەستەمبوڵێ بوو. کۆترەکەی کڕی و بردی. من ئیـدی هیچ کاتێك سەیری هێلانەکەم نەدەکرد، تا ئەگەر هاتیشنەوە نەیانبینم، دوایەش هێلانەکەشـم هەرتێك دا.

دوو ساڵ چوو. رۆژێکیان عەسرێ دەگەڵ میوانان لەبەر هـەیوانێ دانیـشتبووین و چـامان دەخواردەوە. دووکۆترم بەتاقی ئاسمـانێوە دیـتن. زۆربـەرز دەفـڕین. ماوەیـەك هـەروا فـڕین و چەرخیان دا ودوایەش هاتن لەسەر تابلۆیەکی موغازەی بەرامبەرمانەوە نیشتنەوە. کۆترەبـاڵ سوورەکانم ناسینەوە، ئەمجارەیان قرمزی و جووتەکەی پێکەوە هەڵاتبوون، هاتبوونەوەو منـیش دڵـم لێیـان نـەبۆوە، دانم بـۆ رۆکـردن و بـانگم کردنـەوە. هێلانـەم بـۆ کردنـەوە وخـەیاڵی فرۆشتنەوەشیانم لەسەر دەرکرد. تائێستاش ئەو کۆترانەم هەرماون.

ئەوە چ خزمەتێك بوو؟

سەگێکمان هەیە ناوی (تارزان) ە. زۆر وریاو زیتەڵەیە. ئەگەر یەکێك لە منداڵەکان کاتی یاری پێڵاو یاجلەکەی لە کۆڵانێ لەبیربچێ، تارزان دەچێ و دەیهێنێتەوە. سێ ساڵ لەمەوپێش، سەرەتای بەهارێ ماڵمان هەڵگرتبوو. جل و جۆرمان هەموو شوشتبوون و دەنێو باغچەیدا بەتەنافێمانەوە هەڵخستبوون. دەمەو عەسرێ باران دایدا. ناچاربووین جلەکان لێ کەینەوە. بەڵام هەر دەو دەمیدا چەند کەسێکی دەرو دراوسێ هەروا بۆ قسان وەژوور کەوتن و کارەکەمان بەنیوە چڵی مایەوە. کەوتینە قسان. لە بیرمان چۆوە کەنیوەکەی دیکەی جلەکانیش لێ کەینەوە. نانی ئێوارێمان دەگەڵ میوانەکاندا خوارد و چامان خواردەوە. لای نیوە شەوێ بوو میوانەکان ماڵئاواییان کردو رۆیشتن. کە میوانەکانمان بەرێ دەکردن، لەپڕ دیتمان کە تارزان هەموو جلەکانی خڕکردوونەوەو هێناونییەوەو لەپشت دەرکەی کەڵەکە کردوون، و بۆ ئەوەی نەشیان دزن، هاتبوو لەسەر جلەکان لێی وەرکەوتبوو.

هەرکە چاویشی بە ئێمە کەوت، وەك بڵێی کارێکی زۆر گرنگی ئەنجام دابێ. بەفیزێکەوە هەستاو دەستی بەکلکە لەقێ کرد. هەموو لەهەموو پێدەکەنین. تەنیا من نەبێ چونکە ناچاربووم سەر لەنوێ جلەکان بشۆمەوە.

مانۆش

ده ساڵان بووم. لەشارۆچکێکی بووین. ئەوده‌می ئەو شارۆچکەیە کارەبای نەبوو. شەوانە بۆ شەو بەڕێکردنێ هاوسێ و دراوسێیەکان دەچوونە لای یەکدی.چونکە کوچەو کۆڵانەکانیش تاریك بوون، خەڵکی بە چرافانۆسێوە دەهاتن و دەچوون. ئێمەش سەگێکمان هەبوو ناوی مانۆش بوو. شەوانە کەبمانویستبایە بچینە جێیەکی، مانۆش دەسکی فانۆسێی بە ددانییەوە دەگرت و وەپێشمان دەکەوت.

شەوێکیان لە ماڵان دەهاتینەوە. مانۆشیش فانۆس بەدەمەوەو لە پێشمانەوە. لەپڕ نەمانزانی چ قەوما کە مانۆش لە جێوە دەرپەڕی و دەستیکرد بە غاردانێ. خۆی گەیاندە جۆگە ئاوێکی ئەو نزیکانەی ئەوێ. ئێمە نەمانزانی چبووە. رامان کرد تا بزانین چییە. مانۆش چەند جارێکانی خێرا خێرا سەر دەناوی جۆگەکەی ناو هێنایەوە دەرێ. ئەوە فانۆسەشی هەروا بە دەمیەوەیە. فانۆسەکەی بەرنەدەدا. دوایەش بە فانۆسی کوژاوەوە رایکردەوە لای ئێمە. ئێمەش دوایە زانیمان کە چبووە:

بەوبایەی لە فانۆسەکەی دەدا، گڕی فانۆسەکەی گەیاندبووە دەسکەکەی و گەرم داهاتبوو. دەسکی فانۆسەکەی سوور ببۆوە و دەمی مانۆشی دەسووتاند.

مانۆشیش نەئامادە بوو واز لە فانۆسەکە بێنێ و نە بەرگەی سووتانی دەمیشی دەگرت. هیچ رێیەکی نەدیبۆوە ئەوە نەبێ کە فانۆسەکە دەئاوێ هەڵکێشێ و بیکوژێنێتەوە. بەڵام بەهەر نرخێکیش بووە، ئامادە نەبوو فانۆسەکە فڕێ دا. مانۆشی بێنەوا پاررزستانێ، گورگان خوارد.

ئیریش، راوچی رێوی شین

بابم لە دێیەکی، دوکانی سەوزەی هەبوو. سەگێکی مـەڕیمان هـەبوو نـاوی ئیریـش بـوو. ئیریش دوژمنی بابە کوشتەی گورگان بوو. شەوانی زستانێ کە گەلەگورك بـەدێی وەردەبـوون، ئیریش یەکێکی هەر لی گلدەدانەوەو دەیخنکاندو کەلاکەکەشی رادەکێشایە بەر دەرکێ مالـێ. ئەربابی گوندی هەر جارێکی ئیریش گورگێکی خنکاندبایەوە، گۆشتی تەڕو تازەی بۆ دەنارد.

ڕۆژێکیان بۆ تەڵە نانەوەی کەوان، لە گوندی وەدەرکەوتم و ئیریشیشم دەگەڵە خۆمدا برد و ڕۆیشتم. دەکەلاوەی کۆنە کەنیسێکیدا، تەڵەکەم نایـەوە. بـەلام لـەبیرم چـووبوو شـتێکی بـۆ تەڵەکەی بێنم پێوەی کەم یان پێی وەرکەم. کە لە مالێش دەهاتمە دەرێ نان و پـەنیرم دەگەڵـە خۆمدا هەردێناو پێم بوو. من و ئیریش هەر بەرێوە نان و پەنیرەکەمان خواردبوو، بەلام هـەروا تۆزێکی مابۆوە، جا چونکە چ گەنم وجۆو دانەوێڵەیەکم نەهێنابوو، ئەو نان و پەنیرەی مـابۆوە هاتم بە تەڵەکەم وەرکردو بەرەو مال بوومەوە.

بەیانی بەر لە چوونە دەرێ، لە دەرکەی دەدرا. دەرکەم کردەوە. ئیریش بوو و شـتێکی وەك کەلاکە پشیلەشی بەدەمیەوە گرتبوو کەمن نەمدەزانی ئەوە چ گیانلەبەرێکە بەلام دایکـم کـە باوکی راوچییەکی چاپوك بوو، ئەو گیانلەبەرەی ناسی. گوتی:

((ئەوە جۆرە رێوییەکە کە لادێییەکان پێی دەڵێن رێویی ئاوی.))

گوایە گیانلەبەرێکی بەنرخیش بوو، بەلام ئەو رێوییە دەبن شتێکی زۆر قورسدا پلیشابۆوە.
من بە سۆراغی تەڵەکەوە چووم. تەڵەکە هەر لـە جێـی خـۆی بـوو، بـەلام تـەقیبوو و نـان و پەنیرەکەش نەمابوو. تێگەیشتم:

ئیریش بۆ خواردنێ نان و پەنیرەکەی، چـووبۆوە سـەر تەڵەکـەی. دیتبـووی ئـەوە رێوییـە ئاوییەکە بـە تەڵەکـەوە بـووە. قاچـی رێوییـە ئاوییەکـەی بـە ددانـی گرتـووە ویـستوویەتی رایکێشێتە دەرەوە و لە تەڵەکەی بکاتەوە، بەلام بەردی دەرگای تەڵەکـە بەسـەر رێوییەکەیـدا دەکەوێ و دەیپلیشێنێتەوە.

ئیریشیش هەروەك خووی پێوەگرتبوو کە لاشەی ئەو گورگانەی دەیخنکاندن بێنێتـەوە بـەر دەرکی مالـێ، دوای ئـەوەی کـەنان و پەنیرەکـەی خواردبـوو، لاشـەی رێـوییـە ئاویەکەشـی راکێشابوو و هێنابوویەوە دەرکی مالێ.

دایك و جووجیلەكەی

سی لەسەدی زەوییەكانی ((قەدیرلی)) دەكەنە مەرەزە — چەڵتووك — دوای بەرهەم هەڵگرتنەویٚ و وشك بوونەوەی زەوییەكان، بەتراكتۆرانی دەكێڵن.

باڵندەیەك لێرە هەیە پێی دەڵێن ((ئویك)) ئەو باڵندانە وەدوای تراكتۆران دەكەون و دەكێڵگەكەیدا بەدوای دەنكە دانەوێڵەو شتی وادا دەگەڕێن و دەیچننەوە.

((ئویك)) باڵندەیەكی كەمێك لە چوێلەكەی گەورەترە. بن باڵ وزگیان سپییە. كەمێك مل درێژن. یەكجار زۆر جوانن، بەڵام هەرگیز لە ئادەمیزاد نزیك نابنەوە. سڵۆكن.

من رۆژێكیان مەزرایەكەم بە تراكتۆری دەكێڵایەوە. ئەو باڵندە ئویكانەش بە هەر چواردەورەی تراكتۆرەكەوە باڵەفڕەیان بوو. لەپڕ یەكێكیان دەستیكرد بەفڕكەفڕك و زیكەزیك و پەلەقاژەو ئەوانیدیش هەموو كەوتنە تێكەوەدانێ. ئەو یەكەیان بە جۆرێكی وا پەرێشان بوو مەپرسە. تا تراكتۆرەكە دەچووە پێشتر ئەوپەلە قاژەكەی زێتر دەبوو. تراكتۆرەكەم راگرت و دابەزیم. لەبەر دەمی تراكتۆرەكەوە چاوم بە جووجكە ودایكانە ئویكێك كەوت، كەدیاربوو فێرە فڕین و دان هەڵگرتنەوەی دەكرد. تراكتۆرەكەش هەر دەچووە پێش و جووجكە ((ئویك)) ەكەش نەیدەتوانی بفڕێ. دایكانەكەش ئامادە نەبوو جووجكەكەی بەجێ بێڵێ.

ئەوجا تێگەیشتم كە ئەو هەموو تێكەوەدانەش هەر بۆ ئەوەی بووە من تراكتۆرەكە راگرم تا دایكانە ((ئویك)) ەكەو جووجكەكەی نەكەونە ژێر تراكتۆرەكەوە.

جووجكەكەم هەڵگرتەوە بیبەمەوە ماڵێ و گەورەی كەم. تراكتۆرەم وەڕێ خستەوە. دایكەكەی هەر بەسەر سەرمەوە باڵەفڕكەو پەلە قاژەی بوو. زانیم دایكەكەی بەجێی ناهێڵی و دڵی لێی بەرنابێ. زگم پێی سووتا. جووجكەكەم بردو لەسەر لێوە كەندەڵانێكیم بەرهەڵداكرد ئەوجا دایكەكەشی چوو لە تەنیشتیەوە نیشتەوە.

شەڕی هێلانە

هەروا بەتەنیشتمانەوە کەلاوەیەکی جێماو و داتەپیو هەبوو. چوێلەکە هێلانەیان تێدا کردبوو. هاوین هات. پەڕەسێلکە هاتنەوە گوندی. پەڕەسێلکەکان کەوتنەوە هێلانە دروستکردنەوێ. رۆژێکیان سەرگەرمی سەیرکردنی هێلانە دروستکردنەوەی پەڕەسێلکان بووم. لەپڕ دوو پەڕەسێلکە پەلاماری هێلانە چوێلەکەیەکیان دا کە نزیك بن مێچەکەوە بوو. هێلانە چوێلەکەکە پڕ لە جووجکە بوو. چوێلەکە داکانەکەش هەروەتر بە پەڕەسێلکە شەڕانییەکان هەڵپڕژایەوە. چوێلەکە داکانەکەش هەروەتر بە پەڕەسێلکە شەڕانییەکان هەڵپڕژایەوە. چوێلەکەکە بەپەنجە و نینۆك و دەندووکانەوە دەگژ ئەو جووتە پەڕەسێلکانە ڕادەچۆوە و شەڕی بوو.

پەڕەسێلکەکانیش بەچنگ و نینۆك و دەندووکانەوە ئەوە پەڕوباڵی چوێلەکەکەیان دەرنینەوە. چوێلەکە داکانەکەش بەهیچ شێوەیەك درێغی لەبەرگری ئەو هێلانەی نەدەکرد کە جووجکەکانی تێدا بوو و بەجێی نەدەهێشتن. شەڕی چوێلەکە وپەڕەسێلکان زۆری وەخراند. پەڕەسێلکەکان تێگەیشتن کە هەروا بەئاسانی ناتوانن هێلانەیەکی حازرو ئامادە داگیرکەن، ئەوە بوو یەك دوو خولیان بە دەوری هێلانەکەدا، داو لەو ناوە دوورکەوتنەوە. رۆژی دوایی، هەمدیس هەردەو سەعاتەیدا، ژاوەژاوی پەڕەسێلکان بڵند بوو. چوومە سەیرێ. ئەورۆ سی چل پەڕەسێلکە هاتبوونە سەرهێلانە چوێلەکەکە. ئازاو چاپوك و چالاك و خێراو دەستوبردانە بەدەورو خول و سەر هێلانەکەیدا باڵەفڕەیان بوو و دەهاتن و دەچوون و هەویەکەش قوڕ بەدەندووکێوە و دەیانهێناو بەسەر هێلانەکەیان دادەکرد و دووبارە وسێ بارە بەردەوامی ئەو کارەی بوون و زۆر بەخێرایی ودەستوبردیشیان ئەوکارە ئەنجام دەدا. تا لە دواییدا هێلانە چوێلەکەکە بەقوڕێ سواغ درا و دەبن قوڕێدا ونبوو. ئەوکارە نزیکەی نیو سەعاتێکی خایاند. کە پەڕەسێلکەکان لە خۆبوونەوە. هەموو پێکڕا لە جووتە باڵانیان داو ڕۆیشتن.

لای عەسرێ، گوتم بابچم پەیژەیەك بێنم و سەرێك لەو هێلانە چوێلەکەیە خوارکەمەوە. پەیژەم پێوەنا و وەسەرکەوتم. هێلانەکە بە تەواوەتی دەبن قوڕێدا ون ببوو و کونە بڕکرابوو.

گڵە وشك بووەوەکەم بە زەحمەت شکاند. داکانەو جووجکەکان زیندەبەچاڵ ببوون و هەموو مردبوون. پەڕەسێلکەکان ژەهری رق و قینەی داخ لە دڵی خۆیان رشتبوو و کاری خۆیان کردبوو، بەڵام چوێلەکە دایکانەکە زیندەبەچاڵی خۆی لای جووجکەکانییەوە پێ چاکترببوو لەوەی هەڵێ و بەتەنیا خۆی رزگارکا.

تەنیا تارەتی نەدەکرد

سالی ١٩٦٢ مێردەکەم خانەنشین بوو. بڕیارمان دابچینە جێیەکی دەوربەری شاری و لەوێ بژین. پشیلەیەکمان هەبوو. ئەویشمان سواری ئوتومبێلێ کردو هاویشتمانە سەرباری، بەلام پشیلەکە دەنیوەی ڕێیەدا خۆی هەلدابوو و هەلاتبوو. لە مالی تازەدا جێ گیربووین. جل وجۆرم شوشتبوون و بەتەنافێمدا دابوون دوای نیوسەعاتێکی مندال هەوالیان هێناکە بێچووە پشیلەیەکی ڕەشی بچکۆلانە، ئەوە لەسەر تەنافەکەی خەریکی جرت و فرت و گەمەو گالتەو تەناف بازییەیە.چوومە سەیرێی. بێچووە پشیلەیەکی زۆر خنجیلەو جوان و ئێسك سووك و بچکۆلانە بوو.

گرتم. ناقۆلایە هەموو جلەکانی بە پەنجەو نینۆکان قوڕاوی کردبوونەوە. سەر لەنوێ جلەکانم بسمیل کردنەوەو هەلمخستنەوە. ناومان لە پشیلەکەماننا ((ئالیەکی)) ئالیەکی لە سووچێکی ژوورێی دەست بەناو گەیاند بوو. دەستبەجێ شوێنەکەم پاك کردەوەو شوشتمەوە. جێیەکی تایبەتیم بۆ دانا و هێندێکیشم گل لێ ڕۆکرد تا لەمەودوا لەوێ دەست بەناو بگەیەنێ. بەلام ئالیەکی هەر ئەوەی لا باشتر بوو لە ژوورێ کاری وابکا. هەرچییەکم کرد خووی بەو جێیەوە نەگرت کەبۆم دانابوو. کە هەر زانیمان دەروەستی نایەین، دەگەل مێردەکەم دانیشتین و کەوتینە قسان و بڕیارمان دا شەوانە کەس نەزانێ ئالیەکی وە دیوی دەرێ نێین. لای عەسرێ بوو. ئێمە تازە ئەو بڕیارەمان دابوو. لەپڕ هات و هاواری ئالیەکی بلندبوو. بە سۆراغیەوە چووم.ئالیەکی لەپێش دەرکی ئاودەستێوە هەرمیاوە میاوی بوو. نەمزانی مەبەستی چییە. دەرکی ئاودەستێم کردەوە. پشیلەکە چووەتێ. ئەوەمنیش هەر سەیردەکەم. ئالیەکی لینگە باریکەلەکانی لێك کردنەوەو ئەوەی پێی بوو دەکونی ئاودەستەکەی کرد، دوایەش وەك بلێی خۆلی بەسەرداکا، دەستێکی بە ناو لەپی ئاودەستەکەیدا هێنا. ئەو شەوە دەرکەی ئاودەستێمان بەنیوە کراوەیی هێشتەوە و ئالیەکیشمان دەرنەکردە دەرێ.

ئێستا ئەوە یازدە سال بەسەر ئەو ڕۆژەیدا ڕادەبرێ کە ئالیەکی هاتۆتە مالێ مە. لە تەواوی ئەو هەموو سالانەدا، تا ئێستا، تەنانەت بۆ جارێکیش پیسایی دەژووڕێدا نەکردەوە. ئێستاش ئالیەکی هەموو سالێ بێچووی جوان جوانی دەبن. بێچووەکانی ئالیەکی هێندە جوان و نازدارن کە هەریەکەیان دەرو دراوسێیەك دەیبا

بێچووە ورچەکان

ئێمە لە دێیەکیدا دەژیاین. ڕۆژێکی سەرەتای هاوینێ بۆ داران چوو بوومە لێڕەواری کوێستانێکی. من بەبەزرییەکیەوە بووم. لە خوارەوەش، چاوم بەورچێك و دوو بێچووی ورچەی کەوت. باران باریبوو. ئاوی ڕووبارێ قوڕاوبوو. ورچەو بێچووەکانی لە قەراغ ڕووبارێوە هەر سەرو خواریان بوو و دەهاتن و دەچوون. زانیم دەیانەوێ لە ڕووبارەکە بپەڕنەوە. ئەوە هەر سەیریان دەکەم. ورچەکە هێندەی ئەولاولا کرد تا بوارێکی دۆزیەوە. ئەوجا بێچوێکیانی هێناو لە سەر عەردی درێژکردو هێندێکی دارو پەردوو و چیلکەو چەوێڵ و پووش و پەلاش لەسەر داناو بەردێکی مەیلەو قورسیشی هاویشتە سەرێ،بەشێوەیەکی وا بێچووەکە نەتوانێ لەبنی بێتە دەرێ. ورچە هات ئەو بێچووەکەی دیکەی تاودایە و لە ڕووبارەکە پەڕیەوە. کەگەیشتە ئەو بەرێ بێچووەکەی دانایە عەردی تا بگەڕێتەوەو ئەویدیکەش بێنێ.

ورچە گەییەوە ناو ڕووبارێ، و بێچووەکەی بەدواداهاتەوە. ئاوی ڕووبارەکە زۆر بە تەوژم و خێرابوو و بێچووە ورچەی ڕاداوبردی. هەرکە ورچەش چاوی بە بێچووەکەی کەوت ناو دەیبا، کەوتە هۆڕە هۆڕو هەوڵ وتەقەللادانێ. ورچە خۆی گەیاندەوە قەراغێ و دەستیکرد بە سەرو خوارکردنێ و غاردان بەدەم ڕووبارێدا. بەڵام نەیتوانی بێچووەکەی رزگارکا.ئاوەکە زۆر خوڕ و تیژڕەو بوو. لەو لاشەوە چاوێکی هەر بەلای ئەوبێچووەکەی دییەوەی بوو کە لەبن ئەو دارو بەردو پەردووەیدا شاردبوویەوەو نەیدەتوانی هەروای بەجێ بێڵێ و وازی لێ بێنێ و بەدوای ئەویدی کەوێ.

بێچووە ورچ گەییە قوولاییە ڕووبارێ و لافاوی هاروهاجیش تا دەهات هەر ڕایدەداو دەیبرد. ورچە داکەکەش هاوار هاوارو دەنگێکی وەك گریانێی لێوە دەهات. ئەوجا وەك نادەمیزادان هەستایە سەر دوو پاشوان و هەر بەردی هەڵدەگرتنەوەو بە ڕووبارێی دادەدان، وەك دوژمنێ بەردباران کا. نیو سەعات زیاتری ڕووبار بەرد باران کردو ئەوجا چۆوە سەرو سۆراغی ئەو بێچووەی دیکەی. ئەویشی لەبن دارو پەردووێ هێنایەوە دەرێ و لەباوەشێی وەرێنا و لە ڕووباری پەڕیەوەو دەلێڕەواریدا ونبوو.

سەگی خوێندەوار

پزیشکی ناوەندی تەندروستی ((گرزە))بووم. تولە سەگێکی شیرە خۆرەم هەبووکە بۆ خۆم گەورەم کردبوو.

سەگێکی وردیلە وتوکن بوو. تووکەکەی دەموچاوی وا دادەپۆشی چاوی دیار نەدەما. ناومان لێ نابوو تۆپ. دوکاندارێکمان لێوە نزیك بوو کە هەموو بە ((مامەمین)) مان بانگ دەکرد. مامەمین تۆپی زۆر خۆشدەویست.

زۆرجارانی بسکویت دەدایە. تۆپ وابەنازونوز ببوو کە هەموو جۆرە بسکویتێکی نەدەخوارد. هەرتەنیا حەزی لە بسکویتێکی تایبەتی خۆی بوو و ئەو نەبایە نەیدەخوارد.

لە ئاهەنگی تەواو بوونێ خزمەتی پەخشداری ((گرزە)) یدا بەشدار بووین. لەسەر سفرەی نانخواردنێ ئێواریَ قسە هاتنەسەر باسی سەگان. هەرکەسەو لە سەگی خۆی دەدوا. منیش کەوتمە سەر باسکردنی سەگەکەی خۆم. گوتم سەگەکەی من هەموو جۆرە بسکویتێکی ناخوا و ئەوانە نەبێ کەلەنێو تەواوی بەستە بسکویتەکاندا ناوی کارگەکەی دەخوێنێتەوەو ئەوەی دەدۆزێتەوە کە حەزی لێدەکاو جیای دەکاتەوەو دەیخوا. یەکێك لە میوانەکان گوتی:

((شتی وا هەرگیز نابێ.))

لەسەر پەنجا لیرەی گرەومان کرد. هەموومان چوینە دوکانێ مامەمینی. مامەمین حەوت هەشت بەستە بسکویتی چەندین جۆرەکارگەی جیاوازی خستە بەردەمی تۆپ. لەسەر هەریەك لەو بەستانە ناوی کارگەکەی بەسەرەوە بوو.

تۆپ وەك بلێی خوێندەوارە و خەریکە ناوی کارگەکانی سەربەستە بسکویتەکان دەخوێنێتەوە، بەستە بسکویتەکانی ئەو دیوە ودیوکردن و ئەوجا ئەوەی حەزی لێی بوو لەنێو ئەوانیدیکەی هێنایە دەرێ و شکاندی و خواردی.

هەموو گوتیان:

((بەڵێ، ئەو سەگە مارك و ناوی کارخانەکان دەدۆزێتەوەو دەستنیشانیان دەکا.))

منیش گرەوەکەم بردەوەو پەنجا لیرەم وەرگرت.

سەگی شارەزا

ڕۆژێکیان بە ئوتومبێلی یەکێك لـە دۆسـتەکانم لـە ((سـینۆپ)) ەوە دەچـووینە ((ئـاك لیمان)).

ڕێیەکانی سینۆپ زۆر تەنگەبەرو تەسك و پڕ پێچ و گەوەیە. هەرکە لە پێچێکی زۆر تونـد تێپەڕین، دەنێوە ڕاستی ڕێیەدا چاومان بەسـێ گوێلکـان کـەوت پاڵیـان دابـۆوە. دۆسـتەکەم نیستۆپێکی کردو هۆڕنی لێدا. ئێمەش هەموو کردمانـە هـات و هـاوار و هـەراو هوریـا تـا گوێلکەکان ڕاستبنەوە و ڕێیەکە بەردەن. بەڵام گوێلکەکان هـەر گوێـشیان نەدایـە و هـەروەك دەگەڵە وانیشمان نەبێ. تەنانەت هەر ئاوڕێکیشیان نەدایەوە سـەیرێکمان بکـەن. لادیییـەکان لەبەر ڕێیەوە گێرەیان دەکرد. هاوارمان لێکردن تا گوێلکەکانیان لەسەر ڕێیە لادەن. یەکێکیان بانگی سەگەکەی کرد. سەگە وەك فیشەکێ دەرپەڕی و بەرەولای ئێمـەوە هـەر بـەغار هـات. بەدەم وەڕینێوە دەگوێلکێکیەوە ئالأوتێی بەربوو تا هەڵینەستاند وازی لێ نەهێنا.

سەگە وەپێشە خۆی دابردیە لاڕێیە. دوایەش هەر بەوەڕینەوە هاتەوە سۆراغی ئەو یەکـەی دیشیان و بەهەمان شـێوە ئـەو دووانـەی دیـشی هەسـتاندن و لـە ڕێـەی لادان و بـەرەولای خەرمانەکەیەوە بردن. ئەودەمی کارەکەشی تەواو بوو، چووە سەر بڵندایییەکی و زۆر بە فیزەوە سینگی دەرپەڕاند. کاتـێ کـە بەئوتومبێلـەوە بەبـەردەمیا ڕەتـدەبووین، چـاوەکانی دەمـەوە بڕیبوون و تا دووریش کەوتینەوە چاوی هەر بە دوامانەوە بوو.

ئەو غەریبەی سەرتاشەکەی دەناسی

من سەرتاشم.سەرتاشخانەکەم لەگەڕەکی ((پندیك)) ە. یەکێك لە مشتەرییەکانم کلك تەقێنەیەکی هەیەو دەقەفەزێیدا ڕاگرتووەو بەخێوی دەکا. ڕۆژێکیان پشیلەیەك هاتبووە سەرو سۆراغی قەفەزەکەو چنگ و نینۆکی ژەنیبووە ناویەوە و پەڕوباڵ و لەشی کلك تەقێنەکەی هەموو ڕنیبۆوەو برینداری کردبوو.

ئەو مشتەرییەش لەترسێ پشیلەی کلك تەقێنەکەی بە قەفەزەوە دایە من.منیش قەفەزەکەم بەلایەکی سەرتاشخانەکەوە هەڵواسی. برینەکانی کلك تەقێنەکەشم دەرمان کرد.

هەر کاتێکیش بمویستبایە ناو قەفەزەکە پاك کەمەوە، دەرگای قەفەزەکەم دەخستە سەر پشت. کلك تەقێنەکە دەهاتە دەرێ و دەنێو سەرتاشخانەکەیدا دەستی دەکردە باڵەفڕەی.

دانم لەسەر لەپی دەستم دادەنا. دەهات و دەیچنییەوە. ناویشم لینابوو ((غەریب)). دانم لەسەر دەستم دادەنا و بانگم دەکرد: ((وەرە غەریبی خۆم، وەرە کوڕەکەم.))

هەرکە گوێی لە دەنگم دەبوو، لەهەر جێیەکی بایە دەفڕی و دەهاتەوە لام و لەسەردەستم دەنیشتەوە و دەکەوتە دان خواردنێ. ئەگەر بەبێ دانەی سەردەستم بانگم کردبایەوە، دڵگیرو لا لووت دەبوو و تاماوەیەکیش ئەگەر بانگیشم کردبایە نەدەهاتەلام. پێی ناخۆش بوو هەڵی خەڵەتێنم. وردە وردە مشتەرییەکانیشم ئۆگری ((غەریب))ی بوون. هەر دەهاتنە ژووری سەرتاشخانەی، یەکسەر لە((غەریب)) یان دەپرسی.

منیش بانگم دەکرد:

((وەرە غەریبی خۆم، وەرە کوڕەکەم.))

دەستبەجێ لەهەر کوێیەکی بایە بەفڕکانێکی دەهاتەوە لام. ڕۆژێکیان هەروا یەکێك لە مشتەرییەکانم هەواڵی غەریبی پرسی. منیش بانگی غەریبم کردەوە. دیارنەبوو. چوومە کۆڵانێ و بانگم کرد. هەمدیس غەریب هەواڵێکی نەبوو. زانیم کە دەرگای سەرتاشخانەکە کراوەتەوە و غەریب ڕۆیشتووە. لە کۆڵانێ سەرم بیروبەوێ و ئەولاولای کۆڵانێدا کرد. چەندی بانگم کرد نەبوو هەر نەبوو.

دوای دووسەعاتان بەرەبەری نیوەڕۆیە کە دوکانم هەڵگرت، هەمدیس چوومەوە کۆڵانێ ودەستم بە بانگ کردنێ غەریبی کردەوە:

((وەرە غەریبی خۆم، وەرە کوڕەکەم.))

من دە درەختەکانم هەڵدەڕوانی و بەناوی خۆیەوە بانگ دەکردەوە.

هاتوچۆکەران بە هەوتییەکەوە سەیریان دەکردم. وردە وردەش لێم کۆبوونەوە قەڵەباڵغیەکە تا دەهات زیاتر دەبوو.

دەدڵی خۆمدا دەمگوت کە غەریب، دەسەرتاشخانەیدا هەمیشە منی بەبەروانکەی سپییەوە دیوەو خووی پێوەگرتووە.دەستبەجێ چوومەوە سەرتاشخانەی و بەروانکە سپییەکەم دەبەرکردو هاتمەوە. دووبارە لەبن دارەکان راوەستامەوەو بانگی کلك تەقێنەم کردەوە:

((وەرە غەریبی خۆم، وەرە کوڕەکەم.))

خەڵکەکە پێم پێدەکەنین. خۆ ئەگەر غەریب بە دەنگمەوە نهاتبایەوە، یەکسەرە بەشێتیان دەزانیم.دەو دەمیدا کلك تەقێنەیەك هاتە سەر لقێکی بەرزی ئەو درەختەی لە ژێریدا وەستابووم. هێندێك هەرزنم لەسەر دەستی خۆم رژکردبوو. دەستم بەرەو لای وییەوە درێژ کردو بانگم کردەوە:

((وەرە غەریبی خۆم، وەرە کوڕەکەم.))

کلك تەقێنەکە فڕکەیەکی کردو لەسەر لقێکی خوارترەوە نیشتەوە.

یەك دووجاری دیشم بانگ کردەوە. لەسەر لقەکەوە فڕی و هاتە سەر دەستم نیشتەوەو دەستی بەدان هەڵگرتنەوێ کرد. ئەو خەڵکەی لە دەورم کۆببوونەوە قیژاندیان کە:

((بیگرە، بیگرە،بەرەڵدای مەکەوە.))

دووبارە بانگم کردەوە. سەر لەنوێ لەسەر دەستم نیشتەوەو کەوتەوە دان چنینەوێ.گرتمەوە، بردم و خستمەوە ناو قەفەزەکەیەوە.

هەموو گەڕەك، غەریبیان دەناسی. من و غەریب هەردووکمان پێکەوە دەگەڕەکێدا بەناوبانگ ودیاربووین. خەڵکی گەڕەکێ ناویان لەسەر تاشخانەکەی نا:

((سەرتاشخانەی غەریب))

غەریب چوارساڵان دەسەرتاشخانەکەی مندا ژیا. بەڵام رۆژێکیان پشیلەیەك دەقەفەزێیدا گرت و خواردی.تەنیا مشتێك پەڕ دەقەفەزەکەیدا لە پاشی غەریبەوە بەجێمابوو.

ساڵ دێن و دەڕۆن. کەچی هێشتاش سەرتاشخانەکەی من هەر سەرتاشخانەی غەریبە.هێندێك لەکۆنە مشتەرییەکان کەنازانن غەریب چی لێ بەسەرهات، ئێستاش هەرکە سەرم لێدەدەن، بەر لە هەموو شتێك لە غەریبی دەپرسن.

ورچێك كه وانەی مرۆڤایەتی دادا

کێلگەیەکی هەرزنێمان دە دێیەکەی خۆماندا هەبوو. بۆ ئەوەی شەوانەش بەرازی لێ نەداو نەیشێلێ، کەپرێکمان لەسەر کردبووو ئێشکمان لێ دەگرت. بابم رۆژانـە بـۆ راوەکەروێشکێ دەچووە لێرەواری. رۆژێکیان هەروا بابم چوو بووە لێرەواری. شەوێ درەنگ هاتەوە ماڵێ. جل و بەرگی هەموو قوڕاوی و دەموچاو ڕووشاو و بریندار.

بابم گێڕایەوە کەچی بەسەر هاتووە، دەیگوت:

تفەنگم بەدارێکەوە هەڵپەساردبوو و خەریکی جگەرە داگیرساندنێ بووم کە سەرو کەڵلـەی ورچێکی پەیدابوو. ورچە نزیك بۆوە و تفێکی لە تفەنگەکەی کرد.

ئەوجا ملی رێیەی گرت و رۆیی. منـیش تفەنگەکـەم تاودایـە و کەوتمـە رێ تـا ورچـەی بدۆزمەوە وبیدەمە بەر تفەنگێ. بەڵام تۆمەزانە کە ورچەم لەپێش نییەو لە پشتمەوەیە. هەرکە تفەنگم تاودایە، ورچە لە پشتەوە لەسەر دووپاشوان هەستایە سەرپێ و لەپـشتەوەڕا هـەردوو دەستی تێوەرێنام و لە ئامێزێی گرتم.

ئەوجا زۆر چـاکی کوتـام و دوایـەش چـاڵێکی هەڵکەنـدو هاویـشتمیەوە نـاوێ و خـۆڵی وەسەردام وکشایەوە. مـن لەســەرە خـۆ گڵەکـەم لەســەر دەموچـاوی خـۆم لادایـەوەو سـەرم بەرزکردەوە تا بزانم ورچە رۆیوە یانەنا، بەڵام هەرکە سەرم بڵندکرد، تومەز ورچە بەسەرمەوەیە و ئێشکەی دەگرێ، تاتوانی زللەیەکی جانانەی لە دەموچاوی دام و دوایە ملی رێیەی گـرت و لێیدا ڕۆیی. منیش بەئەسپایی هەستامە سەرپێ و هاتمەوە ماڵێ.

هەر ئەو رۆژە حەکیمی گوندیان هێناو سەرو روخساری بابمی شوشتەوەو برینەکانی دەرمان کرد. نینۆکی ورچەی سەروپەڕەی لووتی بابمی کون کردبوو.

دوای ئەو هەموو ساڵانەش ، ئەو کونەی کە ورچە لـە لـووتی بـابمی کردبـوو هـەر خـۆی نەگرتەوەو قەپات نەبۆوە. ئێستاش کە باوکم جگەرە دەکێشێ دووکەڵی جگەرەکەی لەو کونـە دێتەوە دەرێ کە ورچە تێی کردبوو.

بەزمی کولی

سەگێکی ژیکەڵە و جوان و چکۆڵەمان هەبوو بەناوی کولی. ئـەو سـەگە هێنـدە جـوان و ڕەسەن بوو وەك بڵێی تێکچووبێ، هاتبووە ئەو ماڵە پەڕپووتەی مـە. هـیچ کاتـێ لـە دایکـم جودانەدەبۆوە. لەسەر مەزراو لەماڵێ و لەهەرجێیەکی بایە ئەوە هەر بەدوای دایکمـەوە بـوو، کـاتێکیش دایکـم پێڵاوەکـانی لەبـەر دەرکـێ داکەندبایـە و هاتبایـە ژوورێ، کـولی لەسـەر پێڵاوەکانی دایکم وەردەکەوت و ئاگاداری دەکردن. ئێمەش کەکەوشەکانمان دادەکەندن، دەهات هەمووی کۆدەکردنەوەو لەسەریان وەردەکەوت. تا نەیاندزن

ڕۆژێکیان ماڵێ هـەموو لـە هـەموو بـۆ ئیـشێ چـووبوینە بـاغی. کـولیش وەك جـاران دەگەڵەمەدا هاتبوو. عەسرێ شەکەت و ماندوو هاتینەوە ماڵێ. دایکم چەند گـەڕا، کلیلـەی دەرکی مـاڵێی کـە بەزنجیرێکیـەوەکردبوو و هەمیـشە لـە جێیـەکی دیـاریکراوی دەشـاردەوە نەدۆزییەوە. هەموو هەر بە دوای کلیلێدا دەگەڕاین. بەڵام نەماندۆزییەوە. هێنـدە گـەڕابووین شل وکوت ببووین. لە پڕ برایەکەم قریشکاندی. سەیری کولی کەن. سەیرمان کرد. ئەو کلیلەی ماڵێ کە بەزنجیرێکیەوە بوو، ئەوە زرینگە زرینگ خەریکە بەسینگی بەرهەیوانی ماڵێوەی کا.

قوربانی غەریب بم

رۆژێکیان مێگەلم بردبووە لەوەڕێ. تووتکە سەگێکم دیتەوە. بەستەزمانە خەریك بوو لە برسان بمرێ. توێشەبەرەکەم خواردنی تێدابوو. تێرم کرد. عەسرێش دەگەڵە خۆمدا هێنایەوە ماڵێ. منداڵەکان زۆریان کەیف بە توتکەکەی هات. ناویشمان لێنا((غەریب))

غەریب رۆژ بەرۆژ گەورتر بوو و سەگێکی زۆر گەورەوکەتەی زلە. غەریبم هیچ کاتێ لێ دوور نەدەکەوتەوەو بەتەنیا جێی نەدەهێشتم. وەرزی گەلاڕێزانبوو. دوو ساڵ بەسەر دۆستایەتییەکەماندا دەچوو. چونکە کارو بەرخیش زۆریان حەز لە گەڵا تووێیە، بردمنە ناو دارتووان.

من چووبوومە سەر دار تووێکی، بەو گۆچانەی بە دەستمەوە بوو لقەکانم دەتەکاندن تا گەڵا تووەکان هەڵوەرنە سەر عەردی. ئەو لقەی ژێرپێم شکا. کەوتمە خوارێ، بەڵام چۆن کەوتنێك، زۆر خراپ. لەتاو ئازارێ گینگلم دەدا. نەمتوانی هەستمەوە. غەریب هاتە سەرم و دەستی بە وەڕینێ کرد. من لەهۆش چووم. کە چاوم هەڵێنایەوە لە ماڵێ بووم. من نەمدەزانی چۆن و چ کەسێ منی هێناوەتەوە ماڵێ. بەڵام دوایە بۆیان باس کردم:

کەمن بێهۆش دەبم، غەریب ماوەیەك بەدیارمەوە هەر دەوەڕێ. چوار پێنج کێڵگە بەولاترەوە کەمنی لێ بێهۆش کەوتبووم، کێڵگەچەوەندەرێك بوو.

غەریب خۆی دەگەیەنێتە ئەو کێڵگەیە و دەستدەکا بەوەڕینێ. جوتیارەکان سەرەتا هیچ گوێ نادەنە وەڕینەکەی. بۆ ئەوەی دووریشی خەنەوە چەند خڕکە بەردێکیشیان پێ دادابوو. کە غەریب زانیبووی ئاوایە، تویشەبەرەی نان و پێخۆری یەك لە جووتیارەکان کەلەبن دارێکی دەبێ، دەفڕێنێ و هەڵدێ.

غەریب هەروا کە تویشەبەرە بەدەمەوە غاردەدا، خێرا خێراش ئاوڕ لەوانە دەداتەوەکە بەدوای دەکەون، هەر غەریب هەڵدێ و جووتیارەکانیشی بەدواوە تا تویشەبەرەکەی لێ بستێننەوە. کاتێ غەریب گەیبۆوەلای من، تویشەبەرەکە بەتەك منەوە دادەنێ و بۆخۆی هەڵدێ و چەند هەنگاوێك لەولاترەوە ڕادەوەستێ. هەر ئەو جووتیارە هاوسێیانە دەبن کەمنی بێهۆش کەوتوو، لەکۆڵ دەکەن و دەمهێننەوە ماڵێ.

ئاوازی شادی

چونکە من دەرو دەشتم زۆر کردوون، زۆرم رووداو و بەسەرهاتی مارانیش دیون. وەختی دروێنەی بوو. لە پەرێزێ دەگەڵ کوڕەکەمدا دروێنەمان دەکرد. پەرێزێ مە هەروا بە تەنیشت رووبارێوە بوو. دارهەرمێیەك دەنێوە ڕاستی پەرێزەکەیدا بوو. لەسەر یەکێك لە لقەکانی دارهەرمێیەکە، باڵندەیەك کەناوی ((ئاسما)) یە، هێلانەی کردبوو و چوار جووجکەشی تێدا هەڵێنابوون. دایکانەکە بەباڵە فرکێوە بەرەو لای ئێمەوە هات و هەر دەورووخولی دەداین و ژاوە ژاو و زیقەزیقی بوو. خۆی گەیاندەوە هێلانەکەی و هەمدیس زۆر بەخێرایی بەرەولای ئێمەدەبۆوە و باڵی لێك دەدان و دەیزیقاند.دەگەڵ کوڕەکەم بەغار بەرەو لای درەختەکەوە چووین. لەبن دارەکە چاومان بەمارێکی کەوت، کە لەو ناوە پێیان دەگوت ((ئەمژەك)) ئەمژەك لەمارە هەرە ترسناکە گەورەو زەبەللاحەکانە. ئاسماکان، لەو جۆرە شوێنانە هەمیشە هێلانەکانیان هەر بەسەر لقی ناسك و باریکەڵانەوە هەڵدەنا، تا ئەو مارانە نەتوانن بیانگەنێ، ئێستاش ئەو مارە بە درەختەکە هەڵگەڕابوو و خۆی گەیاندبووە هێلانەکە، بەڵام لقەکە لەبەر ناسکی و باریکیان، قورساییە مارەکەی رانەگرتبوو و شکابوو.

مارە لەو بەرزاییەیرا کەوتبووە خوارێ و لقەدارەکەش بە هێلانەوە لەپەنا مارەکەوە کەوتبوو.

تاگەیشتینێ، مارەکە جووجکێکیانی قوتدابوو و خەریکی ئەوەی دووەمیشیان بوو. مارێکی ئەمژەکی وا لە تەواوی ئەو ناوچەیدا نەبوو. خواردنی ئەو مارانەش هەر باڵندەو بۆق و ئەو جۆرە گیانلەبەرانەیە. خەلکی دەوروبەر دەڵێن ئەو مارە زۆر جاران مەڕو بزنانیش دەمژێ، ئەوان بەچاوی خۆیان دیویانە، دەڵێن بۆ ئەوەی بزن یا مەڕەکەی لەدەست ڕانەکات، خۆی توندو بەند لەهەردوو پاشووەکانیان دەئاڵێنێ و دەمیان دەگوانی دەنێ و دەیانمژێ، هێندەیان دەمژێ تا خوێنیان لە گوانان دێ. هەر پەزێکیش ئەو مارە بیمژێ گوانی کوێر دەبنەوەو جارێکی دی شیریان تێڕانایەتەوە.

باڵندە دایکانەکە، هەروا بە دەورو خولی مەدا چەرخی دەدان وباڵە فرەو زیقەی بوو. مارەکەمان کوشت و هێلانەکەمان لەسەرلقێکی دیکەی هەروا گونجاو دانایەوە و ئەو جووجکانەی مابووشن خستماننەوە ناو هێلانەکە. دایکانەکە فڕیەوەو چۆوە لای جووجکەکانی. ئەو رۆژە تا عەسرێ ئێمە دروێنەمان کردو ئەو باڵندە دایکانەیەش بەردەوام بەسەرسەرمانەوە باڵە فرکەی بوو و ئاوازی خۆشی وشادی دەخوێند.

مەنجوق

لەساڵەکانی ١٩٢٧ دا ئەنکارا شارێکی بچکۆلانەبوو. زۆربەی دانیشتوانەکەی یەکتریان دەناسی. عەسرێکی وەرزی هاوینێ بوو. دەمەیخانێکیدا دەگەڵ دۆست و ئاواڵاندا لێك خڕببووینەوە. یەکێك لەو دۆستانەمان کەناوی ((کاك ئیسماعیل)) وکاری باجگری بوو، بەتەنیایی لەسەر مێزێکی دیکە دانیشتبوو. دیاربوو شتێك هەر رووی دابوو بۆیە ئاواڵەکەی سەر مێزی هەمیشەییەمان ئاوا کەناری گرتبوو و دوور لە ئێمە بەتەنیا دانیشتبوو، بۆیەش چووینە لایەوەو هەواڵ پرسیمان کرد. ئەویش ئەو بەسەر هاتەی لێی روودابوو بۆی باس کردین و گوتی:

((سەگێکم هەیە ناوی مەنجوقە. هەرکاتێ من سواری ئەسپ دەبم و بۆ پارەی باج کۆکردنەوێ بێرو بەوێدا دەسووڕێمەوەو دێم و دەچم ئیدی ئەوە مەنجوقیشم هەر بە دواوەیە.))

سەگێکی زۆر بەسۆزە ئەم هەفتەیە بۆ باج کۆکردنەوێ چووبوومە گوندی چوبوك. هەر ئەو رۆ عەسرێ کارەکەم تەواو بوو ملمان لە ڕێیە نایەوە. هەوا دەهات تاریك ببێ و هێشتا بولێڵ بوو، ئێمە گەیبووینە سەرچۆمی چوبوك. لە پڕ نازانم چبوو وچ ڕوویدا و چ قەوما، مەنجوق دەستی بە وەڕین و قرووسکە و نووسکە نووسك و پەلەقاژەی کرد. بەهەر چوار لای ئەسپەکەیدا غاردەدا و دەوەڕی.

سەرەتا هیچ گوێم نەدایە، بەڵام مەنجوق وابەناو چوار پەل وبن زگی ئەسپەکەیدا دەهات و دەچوو، سەری ڕۆینێی لێ تێك دابوو و نەیدەهێشت بڕوا. لێم قریواند، هەر بێ سوود بوو. پێشی بە ئەسپەکەی دەگرت. پڕی دەدایە چوار پەلی ئەسپەکە. منیش دەبوو تا زووەبگەمەوە شاری، چونکە هێندێکم پارەی دەوڵەتی دەخورجێنێدا پێبوو، ئی وەی نەبوو شەوێ بەڕێوەبم.

سەیرم کرد بەهیچ شێوەیەك ناتوانم مەنجوقی لەئەسپەکەی دوور خەمەوە، شەیتان زەفەری پـێ بردم و دەمانچەم ڕاکێشا و تەقەم لەو بەستە زمانەی کرد.

مەنجوق بریندار بوو و هەرواش بەدەم وەرینێوە هەڵات. منیش بەرەو شاریم کوتا و هاتمەوە ماڵێ. کە ژنەکـەم لـە حەسـارێی چـاوپێکەوتم بەهـەردوو چـەپۆکانی بەسـەری خـۆی دادا و قریشکاندی ((ئەوە چبووە، ئەوە چییە؟)) لایەکی خورجێنەکـەی کـەپارەم تـێ هاویـشتبوو دڕابوو، دوو بەستە ئەسکەناس دەجێ دڕاوەکەیدا گیر ببوون، بەڵام من سێ بەستە ئەسکەناسم خستبوونە خورجێنەکەوە. دیاربوو بەستەیەکیان دەو — قەڵشتەیڕا کەوتووە، بەڵام ئەو دووانەی دی گیربوو ون و نەکەوتوون.

ئەودەمی زانیم مەنجوق بۆ وا بەبەر دەست وپێی ئەسپەکەوە هاتووەو چووە و نەیهێـشتووە بڕوا. دووبارە سواری ئەسپەکەم بوومەوەو چوارناڵە کوتام. هەوا تاریـك بـوو، بـەڵام دەمزانـی مەنجوقم لەکوێ ئەنگاوتووە.چوومەوە هەمان جێ. مەنجوق دیار نەبوو. کەوتمە بەدوادا گەڕانێی و دیتمەوە. بەستەزمانە زۆر دوور نەکەوتبۆوە. بەڵام حەیف تازە تۆپی بوو. لاشەکەیم هەڵگرت تا لەسەر ڕێیەکەی لابەم. بەڵام هەرکە لاشەکەیم بڵندکرد، بەستە ئەسکەناسەکەشـم دیتـەوە. مەنجوق لەسەر بەستە ئەسکەناسەکە کەوتبوو و هەر لەوێش چاوی مەرگی لێك نابوو)).

کاك ئیسماعیل هەر ڕاست دوای گێڕانەوەی ئەم بەسەر هاتە، دەستیکرد بەگریانێ.

ئەو بەرازانەی چاوەڕێی یارمەتی ئادەمیزاد بوون

من شوفێرم.کارم شوفێریی نێوان شارەکانە. دەرێی هاتوچۆیەمدا زۆرم رووداو دیون. رۆژێکیان، هەرکە گەیە دێیەکی، دەنگی هەڵهەڵەو قسەو دەمەتەقێ و پێکەنینم بەدەنگێکی بەرزەوە هاتە بەرگوێ. لەو لادێییانەی کە بەلای ئوتومبیلەکەمدا رادەبردن پرسی داخوا ئەو دەنگ و هەراو زەنایە چییە. دیاربوو:

دوو هەرزەکاری دێ کە ئەسپیان بەرد بوونە لەوەڕێ، چاویان بەدوو بەرازان دەکەوێ. بەرازەکان دەمەزرای پەمۆیەدا بەلمبۆزان عەردەکەی دەکێڵن و پەمۆیەکەی دەشێلن و خراپی دەکەن. هەرزەکارەکان خۆ هەڵدەدەنە سەرپشتی ئەسپان و بەرازان ڕاو دەنێن و لە دەشتێوە بەرەو لای گوندیان دەڕەتێنن. هەرکە بەرازەکان دەگەنە گوندی، لەتاو گیانیان خۆ داوێنە کەلاوەی عەمبارێکی بێ سایبتەو ڕووخاو. لادێییەکانیش دەرك و پەنجەرەکانی عەمباری کلۆم دەدەن و بۆ خۆشیان دەچنە سەرتیغەی دیواری عەمباری بۆ تەماشایە. خاڵ مستەفا کە ریش چەرمگێکی گوندیە دەڵێ: ((کوڕینە، بچن سەگێکی ملەستووری دڕێنن و بیهاوێنە عەمبارێوەتا ئەو واوالیکراوانە بخنکێنێ.)) چەند کەسێك دەچن و سەگێکی تابلێی کەتەو زل و ملەستوور دێنن و دەیهاوێنە عەمبارێوە، هەرکە سەگە چاوی بە بەرازان دەکەوێ لە ترسان دەستدەکا بە قرووسکە و نوسکە نوسکێ و خۆ دەپەنایەکیەوە دەئاخنێ. بەرازەکانیش هەروەتر لەترسی سەیەکەی لەولاوە لەپەنایەکی دەستدەکەن بەمرخە مرخێ. خاڵ مستەفا لەو سەگە ترسنۆکەی تابلێی وەتەنگ دێت، هەر لەسەر دیواریەوە بەتێلایەکی درێژ وەردەگەرێتە سەگەی بەلێ بەلێدانێ کە: ((هەی سەگبابی مفتەخۆر، هەر لەوەی ئازای بخۆی وبنووی؟ ئەوە دوو بەرازمان بۆ هێناوی، کوا، ئەدی بۆ پارچە پارچەیان ناکەی و نایانخۆی؟ دەی یاڵلا، هەر دەبێ پارە پارەیان کەی و بیانخۆی، دەنا دەبێ گۆرت ونکەیت و لەو دێیەی نەمێنی و برۆی.))

ئێستا لادێییەکان ئەوە سەگەیان لە عەمبارێ هێناوەتە دەرێ و ڕۆیون و چوونەتە لای ئەو مەرِدارانەی ڕەشماڵیان لە دەوری گوندی هەڵداوە تا دوو سەگی گورگ خنکێنەی زۆر دڕی بەرمەڕی ئاڵچاغ بگرن و بیانهێنن و بیانهاوێنە ناو عەمبارێوە و دەگیانی بەرازەکانیان بەردەن.

ئەو لادێییانەی کە ئەو ڕووداوەیان بۆ دەگێڕامەوە، گوتیان:

- ئەگەر تۆش دەتەوێ وحەزت لێیە بچۆ سەیرێ، زۆر خۆشە.

منیش ڕووی ئوتومبێلێم بەرەو لای ئەو گۆڕەپانەی بادایەوە کە عەمبارەکەی لێبوو. کاتێ گەیشتمێ سەگەکانی بەر مەڕیان هێنابوون و خەریك بوون دەیانهاویشتنە عەمبارێوە، منیش چوومە سەر لێوە دیواری و لەتەك ئەوانی دییەوە دانیشتم

سەگەکانیان هاویشتنە عەمبارێوە. هەرکە بەرازەکان چاویان بەو دوودانـە سـەگە نـەڕە دێوانە کەوت، بەرەو ئەولایەی کـەخاڵ مـستەفای لێبـوو هـەر بـەغاردان چـوون و هەسـتانە سەرپاشوان و دەست بە دیوارییەوە کەوتنە فیشکە فیـشك و مرخـەمرخێ و چـاویان لـە خـاڵ مستەفای وەرنەدەگێڕا.

خاڵ مستەفاش جێی لەسەر لێوی دیواری بە خـۆی نـەدەگرت و هـەر ئێـرو ئـەوێی بـوو. بەرازەکانیش هەر بەڕاکە ڕاکەوە خۆیان دەگەیاندەوە خاڵ مستەفای.

خاڵ مستەفا دەچووە ئەولا، بەرازەکانیش هەروەتر، خاڵ مستەفا بۆ هەر لایەکی چووبایە، ئەوانیش بۆ ئەو لایەی دەچوون، چۆن چوونێك هەر بەغار... خاڵ مستەفا ڕووی لە لادێییەکان کرد و گوتی:

- گیانلبەرانێکی سەیرن ! چاکیان سەیرکەن. نـەڵێن گیانلەبـەران هەسـتیان نییـە. ئـەو زۆڵانە، چونکە سەگی هەوەڵێم دارکاری کرد و لە عەمبارێم وەدەرنا، پێیان وایە من هـاوڕێ و پشت و پەنایانم. ئەوە ئەوەیە کە وازم لێ ناهێنن و دەچـمە هەرجێیـەکی هـەر بـەڕاکردن بـە دواوەمن. هەمووتان شایەدبن. ئەگەر ڕۆژێکی ئەم مەسەلەیەم لە جێیەکی گێڕایەوە، خـەڵکی پێیان وانەبێ ئەوە فیشاڵ و درۆ وهەڵبەستە. هەمووتان دەبـێ بەشـایەدبن. ئێـستا سـەیرکەن جێیەکەم دەگۆڕم، سەیرکەن داخوا زۆڵانە چۆناوچۆن بەرەولای منەوە ڕادەکەن. دوای ئەوەی خاڵ مستەفا ئەو قسانەی کردن دووبارە هەستایەوە سەرپێ و بەسەر لێـوە دیواریـدا کەوتـەوە ئـەم لاولا کردنێ، بەرازەکانیش بەردەوام جێیەکانیان دەگۆڕی و بەرەو ئەو لایەوە دەچوون کـە خـاڵ مستەفای لێبوو، دەست بەدیوارەوە لەسەر پاشـوان و چـاویان دەچـاویەوە دەبـڕی و دەسـتیان دەکردەوە بەفیشکەفیشکێ و دەنگێکی سۆزناکیان لێوە هەڵدەستا.

لە دواییشدا جووتـە سـەگی نـەڕە دێـو کەوتنـەگیانی بـەرازەکان و بـە دەم هەڵـچوون و کەفوکوڵی خەلکەکەوە لێك وپێکیان کردنەوەو کوشتیانن.

دوو گاجووتی ئاشنا

شەش حەوت ساڵان بووم. ڕۆژێکیان باوکم پێی گوتم گاجووتـەکان بەرمـە لـەوەڕێ. چـەند ڕۆژێك پێشتر لە هاوڕێیەکانم بیستبوو کە وێنجەی پیر زیان بە ماڵاتی ناگەیەنێ.ئەو قسەم هەر لەبیر بوو. گاجووتەکانم بردنە مـەزرای دراوسـێیەکەمان. گاجووتـەکان تـا توانیـان لـەوەڕان. بەهەڵپەوە وێنجەی پیریان خوارد. دوای دووسێ سەعاتان گاجووتـەکان ورگیـان وەك دەهـۆڵی لێهات و هەڵاوسان. بەرەو ماڵم کردنەوە. هەرکە دایکم چاوی بە گاجووتەکان کـەوت، بـانگی باوکمی کرد.

دەرو دراوسێش خڕبوونەوە. ورگی گاجووتەکان وا هەستا بـوو کـە بەسـتەزمانانە خـەریك بوون دەتەقین. هەموو لە هەموو بۆ رزگارکردنی گاجووتەکان کەوتنە خۆ. نەوتیان بە گەروێـدا کردن و غاریان پێدان و ئاوی ساردیان پێداکردن، بەڵام هەر چییەکیان دەگەڵ کردن ورگیان هەر نەنیشتنەوە.

هەردووکیان خەریك بوون دەمردن. باوکم داوای چەقۆ و قیمەکێشی لە دایکم کـرد. نـاوی گاجووتێکیانمان تۆرۆن بوو. تۆرۆن بێ جوولە لەبەر پێی باوکم تخێڵ بـوو. بـاوکم سـەری بـڕی. بۆنی خوێنێ ئەو ناوەی هەموو داگرت. نازانم بۆنی خوێنێ بوو یـا شـتێکی دیکـە، کـە ئـەو گاجووتەی دیکە لە گابۆڕی دا و کەوتە پەلە قاژەو دوایەش خۆی لەدەستی دەرو دراوسێیەکان رزگار کردو هەڵات. چەند ڕۆژێك تێپەڕی. چەند گەڕاین گاجووتەی هەڵاتوومان نەدیتەوە.

ڕۆژێکیان چوو بووینە سەر شینایییە، گاجووتە پەیدابۆوە. هاتبۆوە سەرخۆ و چاك ببـۆوە. ورگەکەی نیشتبۆوە. هـەموو لـە هـەموو چـووینە سـۆراغیێ. عەسـرێش دەگەڵـە خۆمانـدا هێنایەوە ماڵێ.

بەڵام هەرکە گەیشتینەوە ئەو شوێنەی باوکم سەری تۆرۆنی لێ بڕیبـوو ئـەو بەسـتەزمانە سەر لەنوێ لە گابۆڕی دایەوە. دەیویست ڕاکاتەوە. زۆر بە زەحمەت بەربەستمان کردەوە.

بەڵام هەر جارێکی کە گاجووتەکە چاوی بەو جێیەی دەکەوتەوە کە سەری دۆستەکەیان لێ بڕیبوو، سەر لە نوێ لە گابۆڕی دەدایەوە و هەڵدەهات. توانای بیستنی گابۆڕەکـەیمان نـەبوو و خۆمان لەبەر ڕانەدەگرت. باوکم ناچاربوو بیفرۆشێ.

چاکە بە چاکە

سی ساڵ لەمەوپێش لە دوایین پۆلی قوتابخانـەی ناوەنـدی بـووم. مـن و هاوڕێیەکـەم کـە گەواهینامەی دەرچوونێمان وەرگرتەوە، لە خۆشیان کەوتینە ڕاکردنێ. لە دێـی وەدەرکـەوتین. هێندێکیشمان خواردن دەگەڵە خۆماندا بردبوو. دەنگی قرووسکە قرووسکی سەگێکمان هاتـە گوێ. بەدوای دەنگەکـەدا چـووین. بەسـتەزمانە لـە هەڵـدێرێکی حـەوت هەشـت مەتریـەوە هەڵدێرابووە خوارێ و لەبن تاشە بەردێکیەوە دەیقرووسکاند.

لەنزیکترین ماڵێکەوە گوریسێکمان هینا. هاوڕێیەکەم گوریسەکەی لـەخۆی تونـد کـرد و خۆی گەیاندە سەگەکە و هەڵمان کێشایەوە سەرێ. برسی بوو. تێرمان کرد. من دەمهەویـست سەگەکە بۆ من بێ، هاوڕێیەکەشم هەر دەیویست بۆ وی بێ. شێرو خەتمان لەسـەرکرد. سـەگە بووە ئی من. دەگەڵە خۆمدا بردەوە ماڵێ. ئۆگرم بوو. چووباما یە هەر جێیەکی بـە دوامـەوە بوو. دەوەرزی هەنجیر چنینەوەیدا چوو بوومە ڕاوێ کلاوکوڕەی، سەگەکەم هـەر بـەدواوە بـوو. ئەو دەمەی سێرەم لە باڵندێکی سەرداری گرتبوو سەگەکەم خۆی دەلاق و لەتەرمەوە ئالاندو بۆ دواوەی ڕادەنام. من زۆر تووڕە ببووم، چونکە نێچیرەکەم لە دەست دەچوو. چەند پێ لەقەیەکم لە سەگەکەدا، بەڵام ئەو هەر خۆی بەلاق ولەتەرمەوە دەئالاندو نەیدەهێشت کاری خۆم بکـەم. ئاوڕم دایەوە تابیبنم و بزانم چ مەرگێکیەتی. سەیرم کرد ئەوە دەگەڵ مارێکی تابڵێی نەگریس تێك ئالاوە، مارەکە دەیویست خۆی تێوە لول دا و مارپێچی کا. ئەویش دەیەویـست مارەکـە بگرێ و ببکوژێ منیش دەمەویست بە تفەنگێ لە مارەکـە دەم، بـەڵام دەترسـام گوللەکـە وە سەگەکەم کەوێ. دوایەش سەگەکە مارەکەی هەر کوشت، بەڵام مارەکە کاری خۆی کردبـوو و بەزگی سەگەکەیەوە دابوو. سەگەکەم چەند دەقیقەیەك دواتر لەبەر پێیانم کەوت و مـرد. مـن جارێکم ئەو لەمردنێ رزگار کرد بوو. ئەوەتا ئەویش ئێستا بە قوربانیی گیانی خۆی منـی لـە مردن رزگارکردەوە.

تووڕەیی ورچ

ئەودەمی ئێمە لە گوندی دەژیاین. خواردنمان بەکەوچکی دار دەخوارد. باپیرەم، سەرەتای هەموو زستانێکی، هێندێکی کەوچك و ئەسکوێ و هیباری دار لەو دێوەرەی سالآنە دەهاتە گوندەکەمان دەکڕی. ئەو سالە بەپێچەوانەی سالەکانی دیبەوە، دێوەرە نەهاتە گوندەکەمان.
سالی دواتر کەهات، باپیرەم هۆی نەهاتنەکەی پرسی. ئەویش باسەکەی بۆ باپیرەم گێڕا بۆوە و گوتبووی کە:

پارپاییزێ وەك هەموو پاییزی سالەکانی دی بۆ دروستکردنێ هیباری داری و ئامادەکردنێ کەرەستەی ئیشێ چوو بووینە لێرەواری. لە جێیەکی گونجاومان کۆل و بارخستبوو. بۆ ئەوەی لە گیانلەبەرانی دڕندەش بە دووربین، هاتین لەنێوانی چوار درەختاندا کەپرێکمان دروستکرد بلند. شەوانە لەسەر کەپرێ دەنووستین. هەروا کەمێك بەولاترەوە کونە ورچێك بوو. ئاگادار بووین کە رێوییەك بە بێچووی ئەو ورچە فێربووە و گالەیان پێدەکات و ئازاریان دەدا. رۆژێکیان دەستمان لە ئیشێ هەلگرتبوو و خەریکی چا خواردنەوێ بووین. دەنگی نالەیەك هات. سەیری لای دەنگەکەمانەوە کرد. دیتمان ورچە، رێوییەکەی گرتووە و خەریکە دێت. دەستوبرد هەموومان چووینە سەرکەپرێ و پەیژەکەشمان هەلکێشایەوە سەرێ. ورچە رێوییەکەی هێنایە لای ئاگردانێوە. ئەوجا سەلکە بزووتێکی لە ئاگردانەکەی دەرکێشا و دەبن کلکی رێوییەی کوتا و هەر پالیشی پێوە دەنا تێی بڕێ. رێوییەش هەروا نالەو سۆزو ویڕەی بوو. کە ئەو سەلکە بزووتە کوژایەوە، ورچە دەستی برد سەلکە بزووتێکی دیکەی لە ئاگردانێ دەرکێشایەوە دەرێ و دەبن کلکێ رێوییەی کوتایەوە. تا دوایی رێوییەکە مرد. ئێمە نەماندەتوانی خۆمان ڕاگرین لەبەر پێکەنینێ. لەسەر کە پرێوە دەستمان بە قاقای پێکەنینێ کرد. ورچە سەرێکی بلندکرد و چاوێکی پێدا خشاندین.

دیاربوو کەلەو پێکەنینەی مە وە زاڵە هاتبوو، چونکە هەر یەکسەر هەستاو بەرەو لای کارو کەرەستەکانی مەوە چوو، وتەواوی ئەو کەوچك و ئەسکوێ و هیبارەدارانەی کە دروستمان کردبوون هەمووی کۆکردنەوەو بە ئامێزێ هێنانی و ڕۆیکردنە ناو ئاگردانەکەوە. تەنانەت یەك دانەشی لێ نەهێشتنەوە هەمووی بەئاگریەوە نان و سوتاندنی. کاتێ کە دوایین پارچە هیباری هاویشتە سەر ئاگرەکە، ئەوجا وەك بنیادەمان هات لەتەك ئاگردانێوە دانیشت و کەوتە تەماشاکردنێ. کەتەواوی هەموو کەوچك و ئەسکوێ و هیبارەکان سووتان و بوونە خۆڵەمێش، چاوی دەچاوی مەوە بڕی و لەسەر چیچکان دانیشت وتێ ڕیا. بەوەی چاك بوو بەدارەکە هەڵ نەگەڕا.دەنا بەتفەنگێم لێ دەدا. لە هەزار دانە زیاتری کەوچك و ئەسکوێ و هیبار سووتاندبوون. ئیدی ئێمەش ماوەی ئەوەمان نەما بێین سەر لەنوێ ئەو هەموو شتانە دروستکەینەوە و هەر لە سەرەتای زستانێشەوە بیانهێنینەوە گوندی. ئەوە بوو کە زستانی رابردوو نەهاتینەوە گوندەکەتان.

کینەی وشتر

یەکێك لە ڕیش چەرمگەکانی گوندەکەمان کە وشتردارە، هەموو تەمەنی هەر بەدەرو دەشت وکێوو بەندەنانەوە بووە و وشترباری نێرەو تەوێی کردووە دەیگوت کە:

ڕۆژێکیان دەگەڵ چەند وشترەوانێکاندا، وشترمان بارکردبوون و دەبوو وەڕێ کەوین، بەڵام وشترەکەی من لەجێی خۆی نەجوولاً. هەموو وشترەکان وەڕێ کەوتن، بەڵام هەر کارێکم کردو کۆشام وشترەکەی من هەنگاوێك لەجێیەکەی خۆی نەجوولاً. ناچار بووم بیکوتم. لیسێکم تاو دایە و کەوتمە گیانی. پێموابێ تێلایەکەی وە سەر وچاوی کەوتبوو، چونکە تفنکی کەمێك خوێناوی بوو. وشترەکەم دوای لێدانێ ڕاستبۆوە و کەوتە ڕێ و گەیشتینەوە ئەوانیدی. بەیەکێك لەوشترەوانەکانم گوت کە چۆنم دارکاری کردووە تا هەستاوەو وەڕێ کەوتووە. ئەو وشترەوانە بە ئەزموونە گوتی:

((کارێکی خراپت کردووە و خۆڵت لەدۆی خۆت کردووە. نەدەبایە لێیدەی. لە وانەیە ئەو لێدانە بەگیانی خۆت تەواوببێ.))

شەوێ لە کاروانسەرایەکمان خست. کاتی نووستنێ هەر ئەو وشتردارە پێی گوتم:

((ئەمشەو نابێ دەناوجییەکەی خۆتدا و بەلای وشترەکەتەوە بنووی. جەواڵە گەنەکەت بخەرە ژێر پێخەفەکەتەوە و لێفەکەی بەسەر دادە.

پێخەفەکەت والێبکە وەك خۆتی دەنێودابی، ئەو دەمی بۆ خۆت بچۆرە تەویلێوە پەنایەکی بگرەو لێی بنوو.))

منیش وامکرد. لای بەیانی لەهەراو زەنایەکی لەخەو ڕابووم. رامکردە لای پێخەفەکەمەوە. وشترە لیفەکەمی بەددانی دەحەوا کردبوو و بەدەرو دیوارانی دادەدا و دوایەش دەچووە سەر دۆشەگەکەو بە پێلەقانی وەردەگەڕایە. وشترە لیفەکەمی پارچە پارچە کردبوو. جەواڵی گەنەکەشی هەر لەبەریەك بردبوو و گەنەکە بەگۆڕێ وەربوو. دۆشەگەکەشی هەر پارچە پارچە کردبوو.

هاوڕێیەکان ناوی خوایان لێ هێناو هەموو پێکەوە دەست لەناو دەست وشترە تووڕە و تەنگاوەکەیان هێور کردەوە. خۆ ئەگەر ئەو شەوە دەتەویلێدا نەنووستبام ئێستا ببوومە قوربانیی کینەی وشترێ.

ئیدی لەو ڕۆژەوە تۆبەم کرد کە جارێکی دی ببڕای ببڕای لەو وشترەکەم نەدەمەوە.

سەگیش مەرد و نامەردی هەیە

دەتەمەنی ١٧- ١٨ ساڵیدا، لە گوندی ((یواجیك)) شوانی بابم بووم. سەگێکی مەڕی زۆر وریا و زیتەڵەمان هەبوو، گورگ و ڕێوی لەترسانی نەیاندەوێرا لەمەڕی نزیك ببنەوە. خۆ ئەگەر نزیکیش ببانایەوە ئیدی ئەوە کوژرابوون. مەڕیان چاك پاس دەکرد.

ڕۆژێکیان بەرەبەری خۆراوایە کە دەمەویست مەڕی بەرەو دێی کەمەوە، سەیرم کرد بزنێك کەمە. ئەو بزنە ئاوسیش بوو. چەندەی لێ گەڕام نەمدیتەوە. دوای ئەو گەڕان و سووڕانەوەیە سەگەکەشمان ونبوو. مێگەلم هێنایەوە گوندی، بەڵام سەگ و بزنەکەمان بێ سەرو شوێن، ونبوون هەر ونبوون. ڕاست بیست و دوو ڕۆژی تەواو بوو کەسەگ و بزنەکە گورگ لێیداون و خواردوونی.

ڕۆژێکیان بەیانی زوو کە دووبارە پەزم دەبردەوەدەری دێی بۆلەوەڕێ، سەگەکەمم لەسەر چەقی ڕێیە دیتەوە، بەلۆژە لۆژ خۆی گەیاندەوە من و لەبەر پێیانم وەرکەوت.

لەبەر برسییەتی و کزو لاوازیە پەراسووەکانی هەموو دەرپەڕیبوون. من هەر هەوت بووم. لەپڕ سەگە بێنەوایەکەم کە توانای ڕۆینێی نەمابوو، وەك تیر لەجێی خۆی دەرپەڕی. لەسەر پێچی ڕێیەکەی بایدایەوە و دوای چەند دەقیقێکان پەیدابۆوە، بەڵام ئەمجارەیان تەنیا نەبوو، بزنە ونبووەکەمان و کاریلەیەکیشی دەگەڵدابوون. سەگەکەم بزن و کاریلەکەی وەپێش خۆ دان و بەرەو لای منییەوە لێخوڕین.

تێگەیشتین کە ئەو ڕۆژەی لەکێویم مێگەلەکە دەلەوەڕاند، ئەو بزنە ئاوسە دوورکەوتبۆوە و لەوێ زاوە، بەڵام لەبەر وەی کاریلە تازە زاوەکە نەیتوانیوە بڕوا، ناچار بووە لەلایان بمێنێتەوە و دوای بیست و دوو ڕۆژان کەکاریلە شیرە خۆرەکە وردە وردە پێ دەگرێ، وەپێش خۆیان دەدات و بەرەو لای گوندیانەوە وەڕێ دەخا. دە ماوەی ئەو بیست و دوو ڕۆژەیدا سەگەکەم وا لاوازببوو نەیدەتوانی بەڕێیەدا بڕوا.

دەستبەجێ گەڕامەوە گوندی، چووم نانم بۆ هێنا. ڕۆژ بە ڕۆژ چاکتر بوو و وەك جارانی لێ هاتەوە.

دوای چوار ساڵان سەگەکەم کتوپڕ نەخۆش بوو لەسەر لێوی کانییەکی لێی کەوت و هەڵنەستایەوە، تومەز ئیفلیج ببوو و خۆی لەسەر پێیەکانی نەدەگرت و نەیدەتوانی ڕاوەستێ. هەموو ڕۆژێم لەماڵێرا نان بۆ دێنا. ڕۆژی چوارەم کەنانم بۆ هێنا بوو، سەگەکەم تۆپی بوو.

ئەو سەگەی گوێلکەکەی رزگار کرد

لە ساڵی ١٩٤٨ دا شازدە ساڵە بووم. لە گوندی ((مەردانی)) دا دەژیام. جووتەمانگایەك و گوێلکێکی هەشت مانگەو سەگێکم بەناوی((کاراباش)) ەوە هەبوو. هەموو رۆژێ ئەو مانگاو گوێرەکانەم دەبردنە لەوەڕێ. جۆرە مێشێك لەو دەورو بەرانەدا هەن، ئەگەر بەو ئاژەڵانەوە بدا، ئەوە کلافە دەبێ و شێتانە خۆی بێرو بەوێدا دەدات و دەکەوێتە جرت وفرتان. ئەو مێشەش لەناوەڕاستی مانگی بەهارێدا وەجووڵەو بە ئاگادێتەوە. خەڵکی ناوچەکە بەو مێشەی دەڵێن ((بوولك)).

بەیانییەکیان، لە لەوەڕێ، ئەو بوولکە بە گوێلکەکەمیەوەدا. گوێلکەکەم دەستی کرد بە بۆڕە بۆڕو هەڵاتن و شێتانە خۆ بێرو بەوێ دادانێ. کاراباشیش کە هەمیشە چاوی تێوەی بوو و وریا بوو کەوتە دووی. تا عەسرێ چەندی چاوەڕێ بووم کەچی هەر دیار نەبوونەوە. پێموابوو سەگەکەم گوێلکەکەی بەرەو ماڵ کردۆتەوە و بردوویەتیەوە، بۆیە گوێم نەدایە و کەمێك ئاسوودە بووم، بەڵام کەشەوێ چوومەوە ماڵێ سەیرم کرد هیچ کامیان نەهاتوونەتەوە.

شەو درەنگان بوو. ئیدی نەمتوانی بەدوا پەیسەریاندابچم. بەرە بەری بەیانی بەدەنگی لێدانێ دەست و پەنجەی دەرکێ لە خەوێ ڕابووم. بەرەو دەرکێوە چووم. دەرکەم کردەوە. هەرکە دەرکەم کردەوە کاراباش ئامبازم بوو و دوایەش چمکی شەرواڵەکەی بەددانی گرتم و هەر رایدەکێشام.

وە دوای کەوتم. کاراباش ماوەیەك ڕایدەکرد و دوایەش هەمدیس دەگەڕایەوە و خۆی دەگەیاندنمەوەێ و دووبارە وەپێشم دەکەوتەوەو دەستیدەکردەوە بەڕاکردنێ. ئەو هەر سەیری لای چۆمی دەکرد و دەیقرووسکاند. گەیشتینە سەرچۆمی کاراباش خۆی بەچۆمی داداو پەڕیەوە ئەو بەری. چۆمەکە لێرەوە زۆر بەرین بوو. من بۆ وەی لەجێیەکی باریك و تەنگەبەرترەوە وەپەڕم، ناچاربووم سەد مەترێك هەورازتربچم. کاتێ کاراباش دیتی منیش بەدوای ویدا نەچووم و نەپەڕیمەوە. سەر لەنوێ خۆی بەناوێ دادایەوە و خۆی گەیاندەوەمن. چمکی شەرواڵەکەی گرتمەوە و بە زۆر بەرەو لای چۆمیەوە ڕاکێشامەوە، منیش هەروا بەدەست ئەو جێیە تەنگەبەرە باریکەم پێ نیشان دەدا تا بزانێ دەمەوێ لەوێوە بپەڕمەوە. پێکەوە لە چۆمیمان داو بە تەنگەبەراییەکەیدا چووینە ئەو بەرێ. کاراباش لە پێشەوە و من بەدواوە،

سەعاتێکی تەواو ئەو دەشت وگردو تەپۆلکانەمان بڕین. گەیشتینە قامیشەڵێنێکی کە ئەغڵەب دەو وەرزەیدا وشکە. بە چاوساغیە کاراباشی بەرەو پێش دەچووین.

لەپڕ چاوم بەگوێلکەکەم کەوتەوە کەهەر دوو پاشووی دەقوڕولیتەیدا چەقیبوو و تابنەوە ڕۆچوو بوو، بەڵام دەستەکانی دەوشکانییەدا بوون. لەشەکەت و ماندوویەتییە گوێلکەکەمرا دیار بوو زۆری پەلەقاژەو هەوڵ وتەقەلا بۆ دەرباز بوون و رزگارییە خۆی داوە، بەلام تا جوولاوەتەوە پاشووی زیاتر ڕۆچووە. کاراباش خێرا خۆی گەیاندەوە گوێلکەکەم.

چاوی گوێلکەکەم هەمووی هەر قوڕ و لیتە بوو. کاراباش دەستوبردانە سەروچاو ولمبۆزی گوێلکەکەمی لستەوە و قوڕ ولیتەکەی لێ پاك کردەوە. زۆر بەزەحمەت تا گوێلکەکەم لە قوڕ و لیتەی هێنایەوە دەرێ.

بەڵام نەمدەزانی پاشووی چیان لێ هاتووە کە بەستەزمانە نەیدەتوانی لەسەر عەردیان دانێ و خۆیان لەسەر ڕاگرێ و ڕێ بکا. کاراباشیش ئەوە هەر بەدەور و خولیدا دەهات و دەچوو و دەیلێسیەوەو پاکی دەکردەوە. دوای سەعاتێکی گوێلکەکەم هاتەوە سەرخۆو کەوتەوە سەرپێ و توانی وەڕێ کەوێ. هەر سێکمان هاتینەوە ماڵێ. کاراباش لەمن و گوێلکەکەم شاد و بەکەیف و خۆشحاڵتر بوو.

ئەو سەگەی دزێکی پێشینەداری هێنایەوە سەر ڕێ

من پاسەوانم. ڕۆژێکی گەرمی هاوینی ١٩٦٥ بوو. ڕۆژێکیان دەگەڵ هاوکارەکانمدا دەنێویاغی کەلانتەریی ((ئەنتاکیا)) لەسەر حەوزێ دانیشتبووین و جەفەنگمان لێدەدان. لەپڕ تولە سەگێکی ڕەش و چووکەڵە لە دەرکی کەلانتەرییەوە بەخێراییەکەوە هاتە لامانەوە و بەدەوری حەوزەکەدا کەوتە خولدانێ. وام هەستکرد تولە سەگە چووکەڵەکە تینووبێ. ئاوی حەوزەکەش زۆر نزم بوو. چونکە حەوزەکە هەروا لە قولانجێکی ئاو زیاتر تێدانەبوو. تولە سەگەم هەلگرت و هاویشتمە ناو حەوزەکە تابەکامی دڵی خۆی ئاوێ بخواتەوە و تینوایەتییە خۆی بشکێنێ. تولە سەگەکە زۆر تینوو بوو. هەرکە چاکیش تێراو بوو لە حەوزەکەی هاتەوە دەرێ و لەتەك ئێمەوە چوو لەبن سێبەرێ لێی کەوت و خۆی خڕکردەوە.

دەو ناوەیدا هات و هاوارێك لە دەرێوە هەستا. چوومە دەرێ. چەند کەسێك خەریکی شەڕ وهەرایە بوون، گرتن و هێنامنە کەلانتەری - پۆلیسخانە — هەرکەپێم دەکەلانتەری نا، توولە سەگە بەڕاکردنەوە بەرەو منەوەهات و هێندێکی خۆ دەلاق و لەتەریەوە هەڵسووم و ئەوجا چۆوە جێیەکەی خۆی و وەرکەوتەوە. ئەو توولە سەگە یەك مانگە چونکە تێراوم کردبوو، نیدی لێم نەدەبۆوە و دەچوومە هەر جێیەکی ئەوە هەر بەدوامەوە بوو. منیش لەلای قەسابان وردە گۆشت و لەچێشتخانان پاشماوەی خواردنی زیادەم بۆ دێنایەوە.ناوم لێنابوو ((ڕەشە)) لەشەوگەڕانێشمدا شەوانە هیچ کاتێك بەجێی نەدەهێشتم ولێم دوور نەدەکەوتەوە. ئەویش بە نێشکگری کەلانتەری دادەنرا. شەوانی ساردی زستانێ لە ژوورێکی گەرموگوڕی تەوقیف خانەی کەلانتەریم دەکرد. خۆ ئەگەر تەوقیف خانەکەش تاوانبارێکی لێبایە، ئەو لەو ژوورۆکەی بن تارمەکەی وەردەکەوت.

هەر ئەوان ڕۆژانە یەکێك لەکۆنەدزە زەبردەستەکان بەناوی ((مسیم کاف)) لە زیندانێ ئەسکەندەرۆنەی هەڵاتبوو و ئاگاداربووین کەهاتۆتە شارۆچکەکەی ئێمە. بوومە مەئموری گرتنەوەی وی. کەوتمە شوێنی و دەشەوێکی باراناویدا کە لەماڵێ ژنێکی دۆستی بوو، نابلۆقەی ماڵەکەمان دا. دەوێمدادیتەوە. چوومە کادێنێ، بەلام هەرچییەکم کردو کراند دەرکی

کادێنێ نەبۆوە. لە کڵاورۆژنەی سەردەرکێوەم بەچرایە، دیوی کادێنێ رووناك کردەوە. سەیرم کرد میم کاف لەپشت دەرکێوە دەست بەخەنجەرێوە ئەوە چاوەڕێی منە. دەستبەجێ کشامەوە دوایە. خۆ ئەگەر سەرم لەو کڵاو رۆژنەیڕا بردبایە ژووری بێ مەکەمەکە کاری دەدیتم. منیش دەمانچەم بەدەستەوە بوو. بەڵام ئەو دەست پێشخەری کرد و پێش ئەوەی من بەدەمانچە ڕاکێشانێ ڕابگەم،خۆی پێدادام وتێکەوە گلاین، بەو هونەری جۆدۆیەی کەفێری ببووین، توانیم بێ ئەوەی هیچ زیانێکم پێ بگا، دەستگیری کەمەوەو دەست و پێیانی ببەستم. میم کافم هێنایەوە کەلانتەری.

ئێشکگری شەوێ دەتەوقیف خانەی کەلانتەری کرد. منیش خەریکی ئامادەکردنی ڕاپۆرتێ بووم کە لەپڕ هات وهاوارو بڕۆ یەك هەستاو لەجێوە دەرپەڕیم. وەك بڵێی دەنگەکە لە دەرەوەڕابێ. دەرپەڕیمەدەرێ. دیار نەبوو ئەو هات و هاوارو واوەیلایە دەنگی چبوو و لە کوێڕا دەهات. هەموو بەرەو لای دەرکی کەلانتەریە مانەوە ڕاکرد. پاسەوانەکان دەستیان بەفیتفیتە و شاور لێدانێ کرد. هەر ئەو دەنگە کەوتە نێو کوچە وکۆڵانێوەو دە هەموولایەکی دەگەڕا و دیاریش نەبوو لەکام لاوە دێت.

دوای ماوەیەك زانیم لە کوێوە دێ. مەسەلەکە ئەوابوو: ڕەشە لە ژووره تاریکەکەی تەوقیف خانەی نووستبوو. هاوکارەکەی من کە دەتاریکیەیدا ڕەشە نەدیتبوو، کۆنە دزە جەربەزەکەی دە هەمان جێ ئاخنیبوو. میم کاف دوای ئەوەی بەرچاوی بەتاریکیە ڕاهاتبوو. شتێکی ڕەشی دەلایەکی ژوورەکەیدا وەبەرچاوان هاتبوو و پێیوابوو ئەوە یا سەرینە یا لێفە. دەستی ڕاداشتبوو سەرینەکە ڕاکێشێت و وەبن سەری دا لە پڕ ڕەشە بەترس ولەرزێکی زۆرەوە دەردەپەڕێ و خۆی پێدا دەدا.

میم کافیش کە هیچ چاوەڕوانییە ئەوەی نەبوو سەرینێك پەلاماری دات. لەترسان دەستی کردبووە ئارەتە لێدانێ. حەپە و مڕەمڕی ڕەشە و هات و هاوارو ئارەتەی میم کافی تێکەڵ دەبن و هەراو زەنایەکی لێ پەیدا دەبێ کەس نازانێ چییە.

کاتێ کە دەرگای تەوقیف خانەمان کردەوە، ڕەشە وەك تیر لەجێوە دەرپەڕی و خۆی گەیاندە حەسارێ کەلانتەری. میم کافیش بیهۆش کەوتبوو و ڕەنگی پێ نەمابوو. ئاوی ساردمان بە دەموچاویدا کرد. بۆن و گوڵاومان لەلا جانگانی دا، تا وەهۆش هاتەوەو بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕاینەوە. دەیگوت:

((گفتی نامووسێ دەدەم کە ئەگەر بەر هەڵداشم کەن هەڵنەیەم. جارێکی دیش دزییە نەکەم. تازەش نامەوێ لە زیندانێ بڕۆمە دەرێ. دەمەوێ ماوەی گیرانەکەم وەك خۆی تەواوکەم و بچمە سەربازییە.))

دوای چەند دەقیقێکان مەئمور هاتن و میم کافیان بردە زیندانێ. ساڵی ١٩٦٧ کەچوو بوومە شارێکی دیکە، میم کافیش لەوێ بوو. هەواڵیم پرسی. دیار بوو کە میم کاف ئەو سۆز و بەڵێنەی دابووی بردبوویە سەر. دوای تەواوکردنی ماوەی گیرانەکەی، خزمەتی سەربازی تەواو کردبوو و ئیدی ببڕای بڕای نەچوو بۆوە سەر دزییە. ڕەشەی من بەو ترس و لەرزو دڵە خورپەی ئەو شەوە بەرپای کردبوو ئەو دزە پێشینەدارەی والێکرد کە ئیدی جارێکی دیکە بیر لە دزییە نەکاتەوە.

داوی پشیله بۆ مار

ڕۆژێکیان لەبەر پەنجەرەی دانیشتبووم و خـەریکی تەماشـاکردنی دەرێ بـووم. چـاوم بـە پشیلەی دراوسێیەکەمان کەوت کە دەباغیدا دەنێوچاڵێکی تەنگی بن گژوگیایـەکی زۆر خـۆی مەڵاس دابوو. وەك بیەوێ ڕاوێ بکا. زۆر لەسەر هەست و گوێ قوڵاغ بوو. جارجارەش بەچنگ و نینۆکان چاڵەکەی زیاتر دەدایەوە و قووڵتری دەکرد. ئەوجا زۆرچاکی خۆمـات دەکـرد. مـن هەروا خەریکی تەماشا کردنێی بووم، کە لە پڕ وەك تەرەقەی لە جێوە دەرپـەڕی و پـەلاماری مارێکی دا. پشیلەکە ملی مارەکەی بەددانی گرت و بـەرەولای چـاڵەکەی هێنایـەوە، سـەری مارەکەی دەنێو چاڵەکەیدا بوو، بەڵام بەشەکەی دیکەی لەشی هەموو لـە دەرەوەی چـاڵەکەوە بوو و خەریکی پەلە قاژە بوو. مارەکە بۆ ئەوەی لەدەست پشیلەکەی ڕزگار بـێ، هـەر پـێچ و لوولی دەخواردو تەپەتەپ خۆی بەعەردیدا دەدا. بەڵام هەرچییەکی دەکرد لەبـەر تەنگەبەریـە چاڵەکەی وگیرانی ملی بەدەم پشیلەکەوە، هیچی بۆ دەگەڵ پشیلەکەی نەدەکرا.

پشیلەکەکە هەروا ملی مارەکەی بە دەمیەوە بوو دەچـاڵەکەیدا کەوتـە خـول و سـووڕانێ بەهەر چوار دەوری خۆیدا، مارەش تا دەهات بەتاوتری خۆ بەعەردیـدا دەدا. ئـەوجا مارەکـە جووڵەی لێ بڕا و مرد. کەمارەکە مرد، پشیلەکەش ملی بـەردا و لەچـاڵەکە هاتـەوە دەرێ و کەوتە گەمەو گەنجەفان بەلاشەی مارەکە.

له چاوەڕێی خاوەندا

لەگوندی دوکانێکی بەقاڵیەم هەبوو. نێوان ماڵێ و دوکانەکەم نزیکەی کیلۆمەترێك بوو. سەگێکم هەبوو. هەموو رۆژێ بەیانیان سەگەکەم لەبەر دەرکێ دەچاوەڕوانییەدا هەڵدەتووتەکا. هەر کە لە ماڵێ دەهاتمەدەرێ، ئەویش بەدوامەوە تا دوکانێ دەهات و کەمنیشی دەگەیاندە دوکانێ، بۆ خۆی دەگەڕایەوە ماڵێ. هەر دەگەڵ خۆرئاوایەشدا دەمی دوکان هەڵگرتنێ بەدوامدا دەهاتەوەو پێکەوە دەچووینەوە ماڵێ. ئەوە رۆلی رۆژانەی ژیانی ئێمە بوو. رۆژێکیان زووترم دوکان هەڵگرتبوو و چوو بوومە جێیەکی. لای نیوە شەوێ بوو دەهاتمەوە ماڵێ، بەڵام وام بەخەیاڵداهات سەرێکی لە دوکانێ بدەم و ئەوجا بچمەوە ماڵێ. کەگەیمە بەردەمی دوکانێ، سەیرم کرد سەگەکەم ئەوە لەوێ هەڵتووتەکاوە و چاوەڕێی منە. بەدیتنی من یەکجار زۆر شاد و شەنگوڵ و خۆشحاڵ بوو، هەردوو پێکەوە وەك جاران هاتینەوە ماڵێ.

فیڵی ورچ

دەلاوەتییە دا نێشکگر بووم، شەوێکیان بۆ سەردان و دیدەنییە دۆستێکم چوومە دێیەکەی ئەوان. دۆستەکەم گوتی:

- ورچێکمان بە مەزرایە فێربووە و هەموو شەوێ دێت. ئەوە تۆ تفەنگت پێیە، هەستە بابچین بیکوژین.

تفەنگم ئاودایە و چووینە مەزرایە. دۆستەکەشم تفەنگی هێنا. لەمەزرایە خۆمان پەنادا. دوای نیوسەعاتێکی سەرو سەکوتی ورچەی پەیدابوو.دۆستەکەم سێرەی لە ورچەکەی گرت و پەنجەی لێ کێشا. ورچە نەمرد، بەڵام بریندار ببوو و هەر بەبرینداری هەڵات و رۆیی. رۆژی دواتر چووینەوە مەزرایە. خوێنی ورچەی دەمەزرایەدا گۆمیلکەی بەستبوو و بێرو بەوێدا پژاو و مەیی بوو. ئێمەش هەر بەشوێن رێچکە خوێنەکەیدا چووین تا بیدۆزینەوە. گەیشتینە نزیك چۆمیەوە. دۆستەکەم نزیکەی بیست مەترێك لە پێش منەوە بوو لەناکاو هاواری لێ هەستا:

- راکە، راکە ورچە ئەوەتا لێرەیە.

کەمن گەیمەوێ، سەیرم کرد دۆستەکەم کەوتۆتە چۆمیەوە و هەروا پەلان دەکوتێ، من سەیرم پێ هات دۆستەکەم لەچۆمی هاتەوە دەرێ و مەسەلەکەی ئاوابۆ گێرامەوە:

- ورچە لەقەراغ چۆمی کەوتبوو. هەر نەدەجووڵاو هەناسەشی نەدەدا. دڵنیا بووم مردووە. چوومە پێشێ وپێلەقەیەکم بەلاکەلەکێ دادا. بەڵام هەرکە پێلەقەکەم لێدا کتوپڕ لەجێ دەرپەڕی و گرتمی و هەلیدامە ناوەڕاستی چۆمیەوە. تومەز نەمردبوو. خۆی کردبوو بەمردوو تا لێی بچمە پێشێ و ئەوودەمی بەحاڵم رابگا.

ورچە کەمنی هەڵدایە نێو چۆمی، بۆخۆشی تێی تەقاندو هەڵات. زۆر سوپاس بۆ خوا کە هەر نەشخنکام، بەڵام قوڕی کوێ بەسەری خۆمداکەم تفەنگەکەم لێ بەناوێداچوو.

دەگەڵ دۆستەکەمدا چووینە چۆمیەوە تا تفەنگەکەی ببینینەوە، بەڵام چەندی گەڕاین نەماندۆزیەوە. تفەنگەکەی ئاوبردبووی.

ئەو پشیلەی بکوژەکەی پێوە کرد

من ئەفسەری پۆلیسی خانەنشینی شاری ((ماراش)) م.چل ساڵ لەمەوبەر ئەم هەڤپەیڤینە سەرنجڕاکێشە رۆژنامەییەم دەگەڵ زیندانییەکیداخوێندبۆوە.با بەتەکەم وەك چۆن لەبیرماوە ئاوام بۆ رۆژنامە نووسەکە باس کردبوو:

کەژنم هێنا، هاوسەرەکەم پشیلەیەکی کەهەر لەماڵێ بابیەوە هەبوو، دەگەڵە خۆی هێنایە ماڵێ من. هاوسەرەکەم ئەو پشیلەیەی زۆر خۆشدەویست. شەوانە دەنێو جێیدا دەگەڵە خۆی دەنواند. ئەو پشیلە هێشتاکە بچووك بوو خووی پێوە گرتبوو شەوانە لەپێش ویدابنوێ. خۆ ئەگەر هاوسەرەکەم نەیهێنابایە ناو جێی و لەپاڵ خۆی نەنواندبا، ئەوە ئارامی لێ هەڵدەگیراو ئێمەی لە خەو دەکرد و نەیدەهێشت بنووین. من ببوومە دوژمنی، چونکە پێم ناخۆش بوو هەموو شەوێ پشیلەیەکمان دەپاڵدا و دەنێوانێدابێ. لەسەر ئەوە زۆر جاران لێمان دەبووە ناخۆشی، ساڵی حەوتەمی هاوسەریەمان بوو کە شەوێکیان بانگهێشتی ئاهەنگی ژن گواستنەوێکی بووم. ئەو شەوە لەخۆمم زۆر زیاتر خواردەوە.

دەمەو بەیانی کە هاتمەوە بەتەواوی سەرخۆش بووم. چوومە ژووری نووستنێ، خۆم ڕووت کردەوە. وەك جاران پشیلەکە دەباوەشێ هاوسەرەکەمدا نووستبوو. ویستم پشیلەکە لابەم و بیخەمە لایەکی دییەوە. ژنەکەم توند دەستی گرتم و نەیهێشت. هۆشم لەکەللەیدا نەما. ڕاستیەکەی نەمدەزانی چبکەم. پەنجەرەکە کرابۆوە.

گۆزەی ئاوەکەش بۆ ئەوەی ساردبێ، لەسەر لێوی دیوی دەرەوەی پەنجەرەکەی دانابوو— گۆزەکەم هێناو تاتوانیم بەسەری ژنەکەمم دادا. ژنەکەم خەڵتانی خوێنێ بوو. چەندی بەدوای پشیلەکەشدا گەڕام تا ئەویش بکوژم، بەڵام نەمدۆزیەوە. هێندە سەرخۆش بووم کە هەر دوای ئەو کارە لە پەنا جێی نووستنەکە لێی کەوتم و لەهۆش چووم. بەیانی کەلە خەو هەستام، چاوم بە تەرمی ژنەکەم کەوت. نەمدەزانی چ لەو تەرمەی بکەم. لەنێو حەسارێ سندووقخانەیەکمان هەبوو. تەرمی ژنەکەمم لەنێو نوێنەکانەوە لوول دا و بردمە سندووقخانەکەوە. دوایەش پێشی سندووقخانەکەم بەخشتەی هەڵناو گرتم و ئەوجا هێنام گەچکاریم کرد. دوایەش ڕووی

گەچکارییەکەم هێندێك ڕنی و شێواندم تا پێوەی دیار نەبێ ئەو گەچکارییە بەم دواییانە یا تازەکراوە. هەرچی نیشانەی تاوانە لە ژوورەکەم سڕییەوە. خوێنەکەیم شووشتەوە. ڕۆژ ڕابردن. ژنە دراوسێ لەژنەکەمیان دەپرسی، منیش هەر دەمگوت:

((چۆتەوە ماڵێ بابی، وهێشتا نەهاتۆتەوە، دوای چەندین ڕۆژی دی دراوسێیەکان وەگومان کەوتن و پۆلیسیان ئاگادار کرد.

ڕۆژێکیان بەیانی پۆلیسم هاتنە سەرێ. سۆراغی ژنەکەمیان دەکرد، بەوانیشم هەر گوت:

((ژنەکەم چۆتەوە لای دایکی)). بەڵام ئەوان لەپێشەوە چووبوونە ماڵێ خەسووم.ماڵەکەیان زۆر بەوردی پشکنی. هیچ مۆرك ونیشانەیەکیان نەدیتەوە.کاتێ دەیانویست لە حەسارێ بچنە دەرێ، هات و هاواری پشیلەکی بەرزبۆوە. پشیلەی تاین وا دەنووزایەوە و وای دەمیاواند کەپۆلیسەکان لاقیان نەبوو بڕۆن. ویستیان پشیلەکە بدۆزنەوە و بزانن ئەو بەستەزمانە چی لێ قەوماوە وا هاوار دەکا. دەنگی پشیلەکە وەك لە چاڵێکیەوە ڕابێ. بۆ خۆی دیار نەبوو، هەر تەنیا دەنگی دەهات.دوایە زانیان کە دەنگەکە لە پشت ئەو دیوارەوە دێ کە پێشەکەی گەچکاری کراوە. پۆلیسەکان شەبەقە کونێکیان لە دیوارەکەی کرد. لە پێشدا بۆ گەنیوێك هات. دوایەش پشیلەی ژنەکەم وەك تیر لەکونەکەوە دەرپەڕی و هەڵات.

تومەز کەمن تەرمی ژنەکەمم هێنابوو و لێرەمدا شاردبۆوەو پێشەکەیم هەڵچنیوە، ئەو پشیلە بە دزی منەوە، بێ ئەوەی بیبینم وپێی بحەسێم خۆی بەتەرمی ژنەکەمەوە نووساندووە و خۆی شاردۆتەوە. ناچاربووم دان بەتاوانەکەمدا بنێم و بە پازدە ساڵ زیندانی تاوانبارکرام.

توندترین سزا

یەکێك لە خوێنەرەکانم کە لەنامەیەکیدا لەشاری ((سامسۆن)) ەوە بۆی ناردووم، بەسەرهاتێکی بۆ نووسیوم کەمنیش هەر ڕاست وەك خۆی دەگوێزمەوە:

لەیەکێك لە گوندەکانی کەنار دەریای ڕەش. پیاوێك هەبوو هەر بە دینامێت ڕاوە ماسی دەکرد. ئەو پیاوە لەماڵێش پەلەوەری بەخێو دەکرد. ڕێوییەکی بەماڵێ فێرببوو و هەر شەوەی یەك دوو دانە مریشکی دەبردن و دەیخواردن. ڕاوچییەکە چەند شەوێکان بە تفەنگەوە کێشکەی دەگرێ تا ڕێوییەکەی بکوژێ، بەڵام سەرناکەوێ. دوایی دێنێ تەڵەیەکی لەبەر دەمی کولانەی مریشکەکان دادەنێتەوە و ڕێوییەی بە زیندوویی دەگرێ. ڕێوییەی توند بە پەتێکی بەدارێکیەوە دەبەستێتەوەو دەیهێنێتە ناو دێی. خەلکی ئاوایی کە هەموویان لەو ڕێوییەی داخ لە دڵ بوون، هەریەکە و سزایەکی بۆ پێشنیار دەکەن.

هەندێکیان لایەنگریە ئەشکەنجەدانێی دەکەن. هەندێك پێشنیار دەکەن هەر بە زیندوویی بیگوروون. هەندێکیش دەیانگوت هەروا چاکترە تفەنگێکی لێدەن و تەواوی کەن و بڕێتەوە. یەك لەدێهاتییەکانیش پێشنیار دەکا چاوی دەرێنن و بەرهەڵدای لێڕەواری کەن. ئەو ڕاوچییەی ڕێوییەکەشی گرتبوو، ئەو پێشنیارانەی کەسی قبووڵ نەبوو و دەیویست هەر بۆ خۆی بەتوندترین سزای بگەیەنێ:

دەچێ لەماڵێ یەك پەنجە دینامێت دێنێ و دینامێتەکە لە کونی بن کلکی ڕێوییەکەوە دەکوتێ و فتیلەکەی ئاوردەدات و ڕێوییەکەی بەرهەڵدا دەکا.

ڕێوییەکە بەترسەوە تێ دەتەقێنێ و هەڵدێ، بەڵام بەر لەوەی بگاتە لێڕەواری دینامیتەکە دەتەقێ و ڕێوییەکە پارچە پارچە و هەپروون بە هەپروون دەبێ.

چەند ڕۆژێك دواتر، هەر ئەو پیاوە بۆ ڕاوە ماسییە دەچێتە سەر چۆمی، لەسەر بەردێکی رادەوستێ و فتیلەی دینامیتەکەی ئاگر دەدا. بەڵام کاتێ دەیەوێ دینامیتەکە هەڵداتە چۆمیەوە، دینامیت دەنێو دەستیدا دەتەقێ و قۆڵی ڕاستی لە شانییەوە لێ دەبێتەوە دیارە کە ئەم ڕێکەوت و ڕووداوە هیچ پەیوەندییەکی بەکوشتنی ڕێوییەیەوە بە هۆی دینامیتەوە نییە، بەڵام خەلکی گوندی هەر پێیان وایە کە ئەو ڕووداوە بێ هۆنییە. دەڵێن ئەگەر ئەو پیاوە ئەو کارەی بە ڕێوییە نەکردبایە، ئەو بەڵایەی بەسەر نەدەهات.

خۆشەویستی دایکان

ئەم بابەتەی خوارەوە پرۆفیسۆر ((خالیـد ئۆزکـوت)) نووسـیویەتی کـە هـەروەك خـۆی دەگوازرێتەوە: لەساڵی ١٩٤٦ دا پزیشکێکی لاو بووم ولە ((بـالی کـسیر)) ئیـشم دەکـرد. هاوسەرەکەم ئاوس بوو. بێچووە پشیلەیەکم لەو جۆرە پـشیلە سـپییە مـوو درێژانـەی ئـەنکا ڕاگرتبوو. ڕۆژێکیان لەڕێیە بێچووە پشیلەیەکی ڕەشم دیت. موو کورت، بەڵام زۆر بەبریـسکە دەمێشکی خۆمدا گوتم ئەو بێچووە پشیلە ڕەشە دەگەڵ بێـچووە پـشیلە سـپییەکەدا پێکـەوە ڕەونەقێکی دی دەدەنە ماڵێ.

ئەو بێچووە پشیلەشیانم هەلگرتەوە و هێنامەوە ماڵێ. هـەردووکیان مـێ بـوون. کلکـی پشیلە ڕەشەکەمان باریك و ڕووتاوە بوو. ئەو دوو پشیلانە بەهیچ شێوەیەك ئەوەندەی کردمـان و کراندمان ئۆگری یەکتری نەبوون و پێکەوەیان هەڵنەدەکرد. کاتێ کە خـواردنم بـۆ دادەنـان، پشیلە ڕەشەکە کە زۆر وریا و زیتەڵـەو چـاپوك بـوو، زووتـری خـۆ دەگەیانـدە خواردنەکـە و نەیدەهێشت پشیلە سپییەکە دەم لە خواردنەکەوە بدا. پشیلە سـپییەکەکە زۆر مـاقوڵ و جـێ گەورە و ماڵی بوو، بۆ خواردنێی دەنقاند، بەڵام زۆر جـارانیش ناچـاربوو پاشمـاوەی خـواردنی پشیلە ڕەشەکە بخوا. هەرچییەکم کرد ئەو دوو پشیلانە ئۆگری یەکتری نەبوون و پێك ڕانەهاتن. جاری واش هەبوو بەشەڕ دەهاتن و سەر و پۆتەلاکی یەکتریان دەڕنییەوە.

هاوسەرەکەم یەکەمین کوڕی بوو. ناچار پـشیلەکانمان بردنـە ژوورێکـی دیکـەوەو دەرگامـان لەسەر داخستن. هەردوو پشیلەکانیش ئاوس بوون. سەرەتا پشە سپی زا، چـوار بێـچووی ڕەنـگ خۆڵەمێشی بوو، دوای چەند ڕۆژێکانیش پشەڕەش زا، چوار بێـچووی ڕەشـی بـوو. دوای ئـەوەی پشیلەکان بوونە دایك ڕەفتاریان دەگەڵ یەکتردا گۆڕا. پشیلە ڕەش بێچووەکانی پشیلە سپییەکەی شیردەدا. پشیلە سپیش بێچووەکانی پشیلە ڕەشی شـیردەدان. هـەردووکیان، هـەر هەشـت دانـە بێچووی بەئی خـۆی دەزانـی. هەریەکـەیان زۆر بەسـۆز و بەتـەواوی میهرەبانییـەوە هـەم هـەم بێچووەکانی خۆی و هەم بێچووی ئەویدیکەی شیردەدا. دوای ئەمە ئـەو دوو پـشیلانە بەتـەواوی میهربانییەوە پێکەوە دەژیان، ئیدی هەموو بێچووەکان ببوونە خوشك و برای یەکتری.

بەڵام دەبێ ئەوەش هەربڵێم: هاوسەرەکەم نێوانی دەگەڵ پشیلەکاندا خۆش نەبوو.دەگەڵیان نـەرمونیان نـەبوو، بـەڵام ئیـدی دوای ئـەوە، ئـەویش ڕەفتـاری دەگـەڵ پـشیلەکاندا گـۆڕاو خۆشەویستیەوانی دەدڵ گەڕا.

تۆمبیك

ئەمەی خوارەوە یەكێك لە خوێنەرانم، لە شاری ((مەرسین)) ەوە بۆی ناردووم:

رۆژێكیان كە لە قوتابخانەوە دەهاتمەوە ماڵێ، گوێم لـە دەنگـی تفـەنگێك بـوو. دوای دەنگـی تفەنگەكە دەنگی قرووسكەیەكی دڵتەزێنی سەگێكم هاتە گـوێ. كەچـەند سـەد مـەترێك چـوومە پێشتر، دەنێوتەڕاشەكاندا دەنگی نووزەی چەند تووتكە سەگێكم بیست. دەنێـو تەڕاشـەكاندا پێـنج تووتكە سەگی بچكۆلانەم دیتن. ئەوانەش هەر تووتكەی هەمان ئەو سەگە بوون كە كوژرابـوو. زۆرم خەفەت خوارد. یەكێكیانم تاودایە و بردمەوە ماڵێ. تاماڵێ سێ كیلۆمـەتر دەبـوو. بەدەسـتێكی جانتاكەمم هەڵگرتبوو و بە دەستەكەی دیشم تووتكە سەگەكەم بە باوەشەوە نابوو.

ئەو سێ كیلۆمەترەم ئاوا بەڕێ كرد. كە گەیشتمەوە ماڵێ لە مانـدووەتیان هەناسـەم لێبڕابـوو. كاتێ دایكم ئاوای دیتم، گوتی:

– ئەو بێوەڵە ورچەت لە كوێ دیوەتەوە؟

راستیەكەشی هەر دەتگوت بێوەڵە ورچە. كە باوكم هاتەوە، كۆختەیەكی بۆ تووتكـە سـەگەكە دروستكرد. ئێمە حەوت خوشك و براین. هەمووشمان تێكرا سەگمان خۆشدەوێن. بـرا گەورەكـەمان ناوی لەو سەگەی نابوو ((تۆمبیك)) دایكم تۆمبیكی خۆش نەدەویست. بەڵام ئەوانیـدی هـەموو خۆشمان دەویست. تۆمبیك گەورە وگەورەتریش بوو. تا وای لێهات بووە گورگ خنكێنەیەك هێندەی یەكانێكی.

تۆمبیك شێتی قەندو شرینییە بوو. مـنیش دەسـتم لێ نەدەگێڕایـەوە. كـاتێكیش قەنـدی زۆر خواردبایە، لیكاوێكی بێ ئامانی بەدەم و لاشەویلاكاندا دەهاتە خوارێ.

تۆمبیك تەنیا گوێ لەمشتی دایكم بوو و هەر بە قسەی ئەوی دەكرد. هـەر گوێـشی نەدەدایـە قسەی مەو لە جێی خۆشی نەدەبزووت. كە ئێمە بانگمان دەكرد خۆی گێل دەكرد، بەڵام كە دایكم چاوی دەچاویەوە بڕیبایە، دەفیتی خۆی دەگەیی، دەیزانی چ دەكا. هەركاتێ كە تۆمبیـك بەقـسەی نەدەكردین، دەچووینە لای دایكمان شكایەتمان دەكـرد. كـە دەمـانگوت ((دایـە، شـتێكی بـەو تۆمبیكەی ناڵێی؟)) تۆمبیك خێرا هەڵدەستاو دەردەپەری.

هەندێ جاران، كە دەرو دراوسێمان بەمیوانی دەهاتنە ماڵێ، دەیاندیت تۆمبیك لە پەنا دەركـێ وەركەوتووە و هەڵناستێ، ئەوانیش راست وەك ئەوانەی خۆمان دەیانگوت: ((دایە، شـتێكی بـەو تۆمبیكەی ناڵێی؟)) هەركە تۆمبیك گـوێی لـەو قـسەیەی دەبـوو، لەپـەنا دەركـێ هەڵدەسـتا و ڕێیەكەی بەردەدا.

ڕۆژێکیان برا بچکۆلەکەم دەگەڵ هاوڕێیەکی خۆی بەشەر هاتبوو. تۆمبیك گەیبوویە و ڕزگاری کردبوو. دەگەڕەکێ مەدا کەس نەیدەوێرا دەگەڵ برا بچووکەکەم بەشەڕبێ. کارێکی دیکەی تۆمبیك ئەوە بوو کە پێڵاوی هەر کامێکی خۆمانی لە جێیەکی دیبایە، هەڵیدەگرتەوەو دەیهێنایەوە ماڵێ.

هەندێك شەوان کە بەمیوانی دەچووینە ماڵان، پێڵاوەکانمان لەبەر دەرکێ دادەکەندن.

تۆمبیك هەموو پێڵاوەکانی بەددانی دەکێشانەوەو دەیبردنەوە ماڵێ، و ئێمەش زۆر جاران بە پێخواستی دەهاتینەوە ماڵێ. باوکم سندووقداری کۆمپانیای هەرەوەزیی دێ بوو. کە پارەی دەسندووقێدابایە، بەتۆمبیکی دەگوت ((تۆمبیك لێرە وەرکەوە.)) تۆمبیك بەقسەکەی بابی دەکرد. نەیدەهێشت کەس لە سندووقەکە نزیك بێتەوە. تەنانەت نەیدەهێشت ئێمەشی لێ نزیك کەوینەوە. دۆستێکمان کەروێشکێکی داینێ. تۆمبیك و کەروێشکەکە زۆر زوو بوونە هاوڕێ. کاتێ کە کەروێشکەکەمان دەباخچەیدا سەوزە وگێزەری دەخوارد، تۆمبیکی لێ دوور نەدەکەوتەوە و بەجێی نەدەهێشت. ڕۆژێکیان بڕیار بوو میوانمان بێت، تۆمبیکمان بەستبۆوە. هەر ئەو ڕۆژە کەرویشکەکەشمان ونبوو. شەوێ تۆمبیکمان بەرەڵڵا کردەوە. تۆمبیك ئەو شەوە نەهاتەوە ماڵێ. ڕۆژی دواتر، سەر لە بەیانی تۆمبیك هاتەوە ماڵێ و کەوڵی کەروێشکەکەی بەدەمەوە. ئێمە سەرەتا پێمان وابوو تۆمبیك کەروێشکەکەی گرتووە و خواردوویەتی، بەڵام دوایە زانیمان کە کەروێشکەکە بە چەقۆ کەوڵ کراوە و تۆمبیك چووە کەوڵەکەی دیوەتەوە و هێناویەتەوە ماڵێ. ڕۆژێکی دایکم خەریکی چێشت لێنانێ بوو. هێندێکی گۆشت لەسەر مێزێ دانابوو، دوایە بۆ شتێکی دەچێتە دەرێ. کەدێتەوە دەبینێ گۆشتە نەماوە. یەکسەر گوێی لە وەڕینی تۆمبیك دەبێ لە باغیرا. چوو بووە سەرو سۆراغی تۆمبیکی. گۆشتەکە لەوێ کەوتبوو، تۆمبیکیش ئەوێی گرتبوو و دانیشتبوو و پشیلەی دراوسێکەش بەسەر درەختەکەوە بوو. تۆمبیك بە دوای پشیلەکەی گۆشتەکەی فراندبوو کەوتبوو. پشیلەکەش گۆشتەکەی فڕێدابوو و چوو بووە سەر درەختەکە، تۆمبیکیش هەروا بە پشیلەکە دەوەڕی.

ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانێ بوو. هێندەیان شیرینی دابووە تۆمبیکی ئاوی بە دەمولەوسانەوە ڕانەدەوەستا. باوکم دەیگوت تۆمبیك هاربووە. من هەر چەندی گوتم بابە قەندو شیرینی هێندەخوار دووە بۆیە ئاوی بەشەویلاکانەوە بەند نابێ، بابم نەچووە گوێی و نەیسەلماند. داوای لە یەکێك لەو دراوسێیانەی تفەنگیان هەبوو، کرد بیکوژێ. دراوسێیەکەمان تفەنگێکی لێدا. دوایەش باوکم و ئێمەش هەموومان بەتەك کەلاکەکەیەوە دانیشتین و دەستمان بە گریانێ کرد.

دیسان قەدر زانیی سەگ

پزیشکێکی نەخۆشی دڵ، ئەم بەسەر هاتەی بۆ دۆستێکم باس کردبوو. منیش بـۆ ئێـوەی دەگێڕمەوە:

بارانێکی بەلوزەو دەباری. من خەریك بـووم بـە ئوتومبیلەکەمـەوە بـە ((کـاراکوی)) دا تێدەپەڕیم. کەسانێکی زۆر لەبەر بارانێ چاوەڕێی تاکسی بوون. من لەناو هەموو ئەوانەدا دوو ژنم سوارکردن. سەگێکیشیان دەگەڵ سوار بوو. سواربوونی سەگەکەم زۆر پێ ناخۆش بوو، بەڵام چارەیەکیشم نەبوو. نەمدەتوانی بەژنەکان بڵێم سەگەکەیان داگرن.

ژنەکان و سەگەکەیان لە دواوە دانیشتبوون. سەگەکە دەستی بەلستنەوەی پـشتەملم کـرد. تێکـڕا بووم. سەرم واوە دێنا و بەملاولامدا دەسـووڕاند. سـەگەکە دەسـتیدەکرد بـە لـستنەوەی دەموچـاوم. نەمدەزانی دەبێ چبکەم. دیاربوو سەگەکە دەیویست قەدر زانی و پێزانین و سوپاسی خۆی پێشان بـدا، بەڵام من ئەو سوپاس وپێزانینەم نەدەویست. دەموچاوم بەلیکاوی دەمی سەگەکەی هـەموو تـەڕببوو. سەرم لەوەش سوڕما بوو، هیچ کامێکیان شتێکیان بە سەگەکەی نەدەگوت و خۆیان تـێ نەدەگەیانـد. بارانەکەش هێندە بەخوڕبوو نەمدەتوانی لەبەر سەگەکەی ژنەکان دابەزێنم. دوای ماوەیەك ژنەکان تکایان کرد رایگرم داببەزن. ئوتومبێلم راگرت. بەڵام نەشمتوانی خۆ لە چەند قسێکان هەر ببوێرم. گوتم:

- دەبوورن، خۆ ئەگەر بمزانیبایە سەگتان پێیە سوارم نەدەکردن. مـن هـەرگیز حـەز لـە سەگ ناکەم. سەیرکەن، سەگەکەتان هەموو سەروچاوی بەلیکاوێ تەڕکردووم، کەچـی ئێـوەش هەر بەخەیاڵتاندا نەهات. هەرنەبایە دەبوو نەهێڵن.

ژنێکیان وەڵامی داوە:

- بەرێز ئێمە چ گوناهێکمان نییە. ئەوە سەگی ئێمە نییە. ئێمە هەر بۆ خۆمـان لەسـەگ دەترسین. ئێمە چونکە وامان دەزانی ئەوە سەگی ئێوەیـە، لـە رووی شەرموشـکۆوە دەنگمـان لێوەنەهات تا ئێوە نارەحەت نەبن...

بەڵێ، بارانەکە زۆر توند بوو، ئەو سەگەش ئەو دوو ژنانەی بەهەل زانیبوو و دەگەڵ وانـدا خۆی خزاندبووە ئوتومبێلەکەمەوە و بۆ سوپاس و پێزانینێش لەوەی زیاتر لەدەسـت نـەهاتبوو کە دەموچاوم بلێسێتەوە.

رۆژی چوارشەممە بەرواری ١٦/٤/ ٢٠٠٨ تەواوبووە.

@Muhammad N Hassan

وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی
رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە
بەڕێوەبەرایەتی بڵاوکردنەوەی هەولێر

مەڵبەندی توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
MUKIRYANI ESTABLISHMENT
FOR RESEARCH & PUBLICATION
www.mukiryani.com

٢٠١١

چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری